زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ
ژمارە (١٢)

گەشتنامە

گەریدە بەرنامەی نییە، هەر مل دەنێت!؟

ئەحمەد کوڕە جووتیار

٢٠١٢

ناوی کتێب: گەشتنامە
کوڕە جوتیار لە گەشتەکەیدا بە دوای دۆزی نەتەوەکەیدا دەگەڕێت.
بابــەت: گەشتنامە
نووسەر: ئەحمەد حەسەن مەعروف
ناسراو بە : ئەحمەد کوڕە جوتیار
دیـزاین: حیکمەت مەعروف (ئالین دیزاین)
هەڵەچن: میروان احمد حسن
تیــــراژ: ٧٥٠

ژ. سپاردن: لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گــشتییەکان ژمارە (١٦٢٥) ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە.

نووسەر

پێڕستی بەشی یەکەم

١. گەشتنامەی کوڕە جوتیار و ناسنامە
٢. پێشەکی نووسەر
٣. شیعری ڕێبوار بۆ پشتگیری و هاندانی نووسەر بۆ گەشتەکە
٤. گوندی بێستان سوور لەنێوان دیرۆك وشارستانیدا لەسێ قۆناغدا:
أ. زستانی ساڵی ١٩٧١ز
ب. دوای ڕاگوێزان ج.دوای ڕاپەڕین
٥. گەششتێك بە چیای گۆیژەو دەورو بەریدا بەهاری ساڵی ١٩٧١
٦. گەشتێك بە چیاکانی خراپەو چەناخچیان و دەوروبەریدا بەهاری ١٩٧١
٧. گەشتێك بە گردەکانی شارەزووردا هاوینی ساڵی ١٩٧١
٨. گەشتێك بۆ گوندی باخچە پایزی ١٩٧٢، هەرلەو گەشتەدا بیرەوەریەکانی ڕێپێوانی سەردەمی پێشمەرگەیی کە دە گەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان، وە هەرئەم بیرەوەریانە لەگەڵ گەشتەکەی وارماوادا یەکی گرتەوە
٩. گەشتێکی ناوچەی شارەزوور بەری وارماو، بەهاری ١٩٧٣ز
١٠. شارۆچکەی نەوسود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان زستانی ١٩٧٤ز
١١. ناوچەی تانجەرۆ لەرووی مێژووییەوە
١٢. گەشت و کورتە باسێکی کەرکوك، لەپێدەشتی گەرمیانەوە لە بەر کۆوە تا کەرکوك، دوای پرۆسەی ئازادی
١٣. ژمارەی کورد لەنێوان ڕاستی و دەم بڕدا
١٤. سەرچاوەو سوپاسگوزاری
١٥ . چالاکیەکانی نووسەر

تێبینی:

١. گەشتێكی ناوچەی هەڵەبجەم لە گۆڤاری ژمارە ٢٨ ی سۆشیالیستدا بڵاوكردەوە، نەمویست ئەو گەشتە تێكەڵ بەم كتێبە بكەم.

٢. ئەم گەشتە لە رۆژانی پشوو و مۆڵەتەكاندا ئەنجامدراوە.

٣. ئەوانەی كە كەڵكم لێ وەرگرتوون هەریەك لە بابەتەكانی گەشتەكەدا دیاری كراون.

گەشتنامەی کوڕە جووتیار

ناوبراو نووسەرو شاعیرو فۆلکلۆریست، لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی بێستان سوور، خوێندنی هەتا پەیمانگای هەرەوەزییە کشوکاڵیەکان تەواو کردووە، هەروەها پێشمەرگایەتیشی کردووە بۆتە خاوەنی ماڵ و منداڵ و لەکۆتایشدا توشیاری کۆمەڵێك نەخۆشی و نابینایی هاتووە، بەڵام ئەوە دەستی لە نوسینەکانی پێ هەڵنەگرتووە و زیاتر لەسەری بەردەوام بووە، فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتووکاڵ بووەو بەهۆی باری کوردایەتی یەوە وەك گواستنەوە (نقل) دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عیراق دوای گەڕانەوەی بە لێبوردنی گشتی هەتا سەردەمی ڕاگوێزان کە هەربەهۆی باری کوردایەتییەوە بوە بەزۆرەملێ ساڵی فەرمانبەرێتی بۆ کراوە بە (١٥) ساڵ و خانەنشینکراوە بە مووچەیەکی ئێجگار کەم، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی ژێواری کاری کشتووکاڵی و تەنانەت دوکانداریشی کردووە.

پێناسەی گەشت:

گەڕانە بەدوای ون بوویەکدا، (جوگرافیا، میژوو، کەلتور).

پێشەکی نووسەر

وەك دەردەکەوێت، لە پشکنین ولێکۆلینەوەکان و گەڕان بەدوای ئاسەوار و کەلەپوری باو باپیرانماندا، لە گۆڕستان وقەلاّو گردو هەرشوێنێك، کە جێی گومان بێت کۆنینەیان تیایە وەك (پەیکەر – شوێنەواری دەزگاو خانوبەرەو کۆشك، پەرستگا، دراو، کارە گڵکارەکان. ... هتد) کە سیمای شارستانی باپیرانمانن و ئاوێنەی ڕووی گەشی مێژوو و فەرهەنگ وکەلتوری نەتەوایەتیمانن، بێگومان ئەو کارانە کاری هەرسەدەم و قۆناغێکی مێژوویی بن،. .هونەری بن یان هەر ڕوونکردنەوەیەکی تری مێژووی، زادەی بیروهزری کۆمەڵگەی کوردەواریمانن.

کەچی سەیر لەوەدایە، هەر بە دۆزینەوەی یەکێك لەو شتانە، لەبەر ئەوەی تەنها. مۆرێك یان نیشانکردێکی سەردەمی دەوڵتێك، یان پاشایەکی لەسەر بێت، ئیتر بێ سێ و دوو دەدرێتە پاڵ ئەوان بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە کاری کوردەواری سەردەمی ئەو پاشاو دەوڵەتەیە و هیچیتر، چونکە ئەوان وەك داگیرکار بەزۆر دەستیان گرتووە بەسەر هەبوو و نەبوی گەلەکەماندا و هەرچی ڕەوتی شارستانی و پێشکەوتنە زەوتیان کردووە بەلای خۆیاندا و مۆرکی خۆیان خستووە تەسەر.

بەوکارە ویستویانە ڕەسەنایەتی دیرۆکی ولاّت و نەتەوەکەمان بسڕنەوە و بیانشێوێنن دواتر بیکەنە موڵکی خۆیان بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژووەکەیان.

لێرەدا و بۆ سەلماندنی دەستبەسەراگرتنەکانی ڕابردوو نموونە لەسەر ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەهێنینەوە، کە چۆن شارستانییەتمان کەوتوەتەژێر کاریگەری داگیرکاران و بە شارستانییەتی خۆیانی دادەنێن!! ئەوەتا ئێران دەڵێت کلتوری ناوچەی ڕۆژئاوای دەوڵەتی (ئێران زەمین) لە تورکیاش دەڵێن فەرهەنگی ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی تورکیا، تەنانەت دەشڵێن فەرهەنگی (تورکە چیا نشینەکان).

لە سوریا و عیراق و ئەو شوێنانەی کە کوردیان تیایە هەمان بۆچوونیان هەیە، ڕێگەش نادەن دراوێکی خەرجی بودجەیەکی خۆمان هەبێت و (دراو) یان (سکە) ڕەواجدارەکەی ئەوانیش نەبێت، ئێمە ناژین، بەو شێوازە و دەستپێداگرتنە هەموو شت موڵك و مێژووی ئەوانە.

ئەمە ڕۆژگاری ئێستا کەواتە، ڕابردووش - سەخت و چەواشەتر بووە. نموونەیەکی تر، هەر سەردەمێك ئازادی هەبووە چ کۆن و چ ئێستا، موڵکایەتی شارستانییەتیش گەڕاوەتەوە بۆ خۆمان.

ئەوەتا لە باشوری کوردستان ئازادییەك هەیە و توانیومانە مێژوو ئیرادەی خۆمان پیادە بکەین، ئەگەرچی داگیرکاران و زۆرداران هەردەم ویستویانە لەباری بەرن. کەواتە ڕاستە بڵێین کەلتورمان لە ژێر زەبری کاریگەری دوژمناندا بووە، زادەی هزری ڕەسەنی خۆمان بووە و ئەوان مۆرکی خۆیان خستووەتەسەر بە گوێرەی بارودۆخ و قۆناغ، بۆیە لە خاکی خۆماندا هەرچیمان دیتەوە لە بیانییەوە دوورە هی هەر سەردەمێك بێت - پێناسەی کەسیی وڵات و نەتەوەکەمانە و دەبێ چاك بیناسین و لە دەستی درزێو و ئاودیوکردنیشی بپارێزین.

❊❊❊

ڕێبوار

ئەحمەد کوڕە جوتیار

ڕێبوارێکم ماندونەناس تا دوندی کێو ناوەستمەوە
ئەڕۆم هەتا پەرچەمی هەور نەئاڵێنم بە دەستمەوە ناوەستمەوە

بە شەو و ڕۆژ هەر ملدەنێم بەسەر گاشە و بەستەڵکدا
هەتا کۆچی کاروانەکان نەدۆزمەوە ناوەستمەوە

ئەڕۆم هەتا تروسکەی ئەستێرە کۆچەرەکان
لە تاریکی شەوەزەنگدا نەکەمە وانەی بەرخۆدان

ئەڕۆم هەتا چەخماخەی تۆڵەی نویَ نەبیستم بنرکێنیَ
هەتا کەزێی شەفەق نەبینم تارمایی چیای وڵات و نەتەوەکەم داگیرسێنیَ

بەبیَ وچان ئەڕۆم ئەڕۆم لەگەڵ ڕەوتی کاروانی شەو
هەر مل ئەنێم ئەڕۆم ئەڕۆم لەگەڵ بەستەی گۆرانی شەو

هەتا پرچی گزنگی شەو نەکەمە سەر ناوەستمەوە
هەتا سروودی سنگی خۆر لەبەرنەکەم ناوەستمەوە

❊❊❊

گوندی بێستان سوور لە نێوان دیرۆك و شارستانیدا

سەرەتا كورتەباسێكی مێژوویی و جوگرافی ئاسەواری ئەم گوندە وەك پێشەكییەك.

له رووی جوگرافییەوە

له دیرۆكدا ڕوبەری ئەم گوندە لە گردی گۆمە ڕەشەوە دەستی پێكردووە، كە گردێكی ئاسەواری كۆنە كە پێدەچێت بنەماكەی لە گۆتی و لۆلۆیی یەكانەوە دەست پێبكات، لەبەری ڕۆژهەڵاتی ئەم گوندەوە سەرچاوەی گۆمە ڕەش هەڵدەقوڵێت كە لە دواوە باس كراوە، ئەم گۆمە یەكێكە لەو ئاوانەی كە لە پێكهاتەیەكی كانزایی دەچێت چونكە ڕووەكی گوش كە ڕووەكێكە تویكڵەكەی بۆ ڕستن و چنین بەكەڵكە و داركەكەشی دوای لێكردنەوەی تویكڵەكەی كە سپی و تەبەدۆریە لە باتی بەكارهێنانی نەوت بۆ ئاگركردنەوە زۆر بەكەڵكە، تۆوەكەشی لەلایەك بۆ برێشكە لەباتی چەرەسات و لە لایەكیش بۆ دەرهێنانی ڕۆن زۆر بەكەڵكە، جا ئەگەر ئەم ڕووەكە بخرێتە ئاوی گۆمە ڕەشەوە بۆ ماوەیەك زیاد لە (٢٥ڕۆژ) ڕووەكەكە نە بەڵخ هەڵدەهێنێ و نە ڕەش دەبێتەوە، وە بە ئاسانی لەپاش ئەو ماوەیەی كە لە ئاوەكە دەر هێنرا بەرگەكەی لێدەبێتەوە كە بۆ ڕستن و چنین بە كەڵكە.

لە باكوری گردەكەشەوە گۆڕستانێكی كۆنینە بە تەنیشتی گۆڕستانە تازەكەی ئێستاوە كەناسراوە بە گۆڕستانی دارە ڕەش

مێژووه کەی دەگەڕێتوه بۆ سەردەمی دەست پێکی بێستان سوور لە زۆر کۆندا.

ئیتر ئەگەر بەرەو ڕۆژهەڵاتی گوندی گۆمەڕەش بڕۆین بەرەو ئاوێك کە ناسراوە بە حەوزی (سەیدە) لەوێشەوە بەرەو (گەرمکی قاسم) و لە دامێنی گردی سەراکۆن کە لە دواوە باسمان کردووە، لەوێشەوە بەرەو گۆمی بێستان سوور هەتا گردی کاژاو، لەگردی کاژاو بەرەو ڕۆژئاوابگەڕێینەوە تا دەگەینە ئەو شوێنەی ئێستا پێی دەڵێن بەربەستی پشتی ئاوەڕۆکەی بێستان سووری گەورە کەلە بەر بەستەکەدا شوێنەواری خانووبەرە دەر کەوت، لەوێشەوە هەر بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆین تا دەگەینە ئەو شوێنەی کە ناسراوە بە دۆڵەکە کە دەکەوێتە پشتی گوندی ناوبراوەوە، لەوێشەوە هەر بەرەو ڕۆژئاوا بەوشوێنەدا کە پێی دەڵێن کلکەو یاڵەکە بڕۆین تادەگەینە گردی گۆمەڕەش، ئائەم نێوانە کەوەك هێڵێك ئیشارەتمان پێی داوە و هەردوو گوندی بێستتان سووری ئێستاو گردی سەرا کۆن دەکەونە ناوی.

لەم نەخشەیەدا لەدیرۆکدا هەمووی گوندێك بووە کەبە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە هەر قۆناغەی شارستانیەت و ناوی تایبەتی خۆی هەبووە وەك لە دواوە باسکراوە.

ئەم گوندە وەك بەدەماودەم باس دەکرێت هەتا هەنوکە نۆجار کاولکاری و ئاوەدانی بەخۆیەوە بینیوە، ئەتوانین دەست نیشانی ئەوەش بکەین کە (سەردەمی گۆتییەکان بەدەستی نارامسین، سەردەمی ئاشوریەکان، سەردەمی داگیرکاری عەرەب/ئیسلام،

سەردەمی ئەسکەندەر، سەردەمی تەیموری لەنگ، سەردەمی عوسمانیەکان، جارێك بەسووتان، دووجاریش لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی دا بەچۆڵ کردن وکاول کردن).

بۆ هەندێك لە سەردەمەکانیش ئاسەوار دەردەکەوێت زیاتر وەك سەردەمی ئەسکەندەر کە گردێك هەیە لەم گوندەدا بەناوی گردی کچان کەسەر لەشکری ئەو هێزەی ئەسکەندەر کەئێرەی داگیر کردووە لەسەر ئەو گردە خانووی بۆ کچێکی هندی کە بە غەنیمەت هێناویەتی درووستی کردووە ئەو گردە بەو سۆرخەوە ناونراوە گردی کچان، کچەکە شەو لەناوێك دووپشك پێوەیداوەو مردووە و پیاوەکەشی لە داخاندا خۆی کشتووە، کە گۆڕستانێکی کۆنینە بە تەنیشت گۆڕستانە تازەکەوە هەبوو کە بە گۆڕستانی بەرامبەرەکە ناسراوە ئاسەواری گۆڕی ئەو دوانە کە بەدەماودەم دەگێڕنەوە پێوەی دیارە، کێلەکانی لەبالای پیاوێك بەرزترە کە بە کێلەقوچەکان دەناسرا.

هەرچەندە وەك سەرچاوەیەکی ڕوون شتێکمان لەبەردەستدا نیە بۆ مێژووی ئەم گوندە، بەڵام ئاسەوارەکان و کەرەسەی سەرجەم ئاسەوارەکان وەك خشت و شتی تر هەموویان کۆنی ئەم گوندە دەگێڕنەوە ...

ئەم گوندە لە سەردەمی نوێدا دووجار بووەتە مەڵبەندی هەڵایسانی بزوتنەوەیەکی کوردایەتی، یەکەمیان لە سەردەمی شیخی نەمردا لەدیوەخانی (فەقێ علی) ڕیشسپی ئاوایدا بیرۆکەی بزوتنەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی خواروو بەسەر کردایەتی مەلیك مەحمود، هەموو سەرۆك عەشیرەت و ڕیشسپی

یەکانی دەورو بەر لەویێ کۆبونەتەوە و ڕاوێژی بزوتنەوەکە کراوە، کە لەدواوەش کەمێك باسمان لێوەکردووە.

دووهەمیشیان سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول هەموو ڕیشسپی و سەرۆك عەشیرەتەکانی دەوروبەر لەگەڵ حاجی ابراهیمی چەرمەگادا لەماڵی عومەری فەقێ علی لەم گوندەدا بیرۆکەی بزرتنەوەکە ڕاوێژی لێوەکرا ...

بە پێویستمانزانی باسی ئەوە بکەین کە توویەکی کۆنەساڵ زۆر زۆر گەورە کەلەدواوە باسمان لێوەکردووە لەگەڵ تووەکەی بەردەم ماڵی عومەری فەقێ عەلی، تووە گەورەکە ناسراوە بە بەتووی مزگەوتەکە. ئەم تووە زەبەلاحە بەشی هەرەخوارووی بەردار بوو، سەرجەم بەشەکانی تری زربوون بۆیە لە دووبەینی دەستپێکی پەلەگەورەکانەوە بەشوێنێکی شێوە دۆڵی قەدی دارەکەوە دۆشاوێك دەهاتە خوارەوە و ڕێچکەی دەبەست، بۆئەم مەبەستە جارێك لە کاروانچییەکی هەورامیم پرسی کەناوی لالۆ حەمە کەریم بوو، هۆی پەیدا بوونی ئەم دۆشاوە لەم دارەدا چی یە و بۆچی باشە ؟ لەوەڵامدا ووتی: ئەوە هۆکاری بەهێزی دارەکەو بڕۆینی شوێنی دارەکەیەو دارەکەیش زرە لەجێی ئەوەی بەر بگرێ دەیکاتە دۆشاو، ئەو دۆشاوە ئەگەر چاك بکرێت بۆ خۆشکردنی هیزە و ئەو شتانە بۆ دان ئێشەش بە کەڵکە.

گۆڕستانی کۆنینەی بەرامبەرەکە و گۆڕستانی کۆنینەی تەنیشتی (ڕۆژهەڵاتی دارەڕەش) و گۆڕستان و مەزاری باشوری دارەڕەش و ڕۆژئاوای گردی گۆمەڕەش و گۆڕستانی کۆنینەی

بەرامبەر ئاشی خەرگە ڕەش و گۆڕستانی کۆنینەی گۆڕی گەوری و کێلە سپی باشوری ڕۆژهەڵاتی گوندی بێستان سوور و گۆڕستانی کۆنینەی تاڵە عارەبان گۆڕستانی کۆنینەی دارەکە لەسەر جادەی گشتی کیلۆ مەترونیوی باکوری بێستان سوور لەپردی چەناخچیان دوو کیلۆ مەتری ڕۆژهەڵاتی بێستان سوور گۆڕستانی هەرە کۆنینەی یاسین تەپە، ئەمانە هەموو بەڵگەی هەموو قۆناغەکانی مێژوون لە گۆتی یە کانەوە بگرە تا ئەسکەندەرو عەرەب و دواتر بۆ کۆنی قۆناغەکانی ئەم گوندە، واتە گوندی بێستان سوور، هەڵبەت لەڕووی ئاسەوارەکانیشەوە لەدواوە باسمان کردووە، هەرچی لەڕووی ئاین و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی ئەم گوندە لە ئاستی زانست دا لە دواوە باسمان کردووە وەك مزگەوت و مەلا و حوجرە وتەفسیر و دراسات، ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە حەزرەتی مەولانا خالید کەخۆی شارەزووری بووە و سەروبەندی لەگەڵ مزگەوت و دراساتی ئەم گوندەدا هەبووە چونکە خۆی لە هۆزی عێل بەگی جاف بووە و لەگەڵ ڕیش سپی گوندەکەدا (حاجی ئەمین) تێکەڵاوی زۆریان هەبووە، حەزرەتی (نالی) یش (خدری شارەزووری) کەلە عێڵ بەگی جاف بووە خزمایەتی نزیکی لەگەڵ ڕیش سپی ناوبراوی ئەم گوندەدا هەبووە و نالی خۆی لە گوندی گردی خاك و خۆڵ کەدەکەوێتە سەرڕۆخی تانجەرۆ لەنزیك پردی تانجەرۆ. هەرچی مەلا محەمەدی برای نالی بووە و مەلای مزگەوتی گەورەی حاجی ئەمینی بێستان سوور بووە کە مدەڕیس و موفەسیرێکی بەتوانابووە و ئێستا گۆڕەکەشی لەنزیك کۆی گۆڕەکانی عێڵ بەگیەکانە لە گۆڕستانی دارەڕەش.

ئەم گوندە لەرووی پەیدا بوونی قوتابخانەی فەرمی یەوە دوای ئەوەی کە هەر لە دێرزەمانەوە حوجرەی هەموو قۆناغەکانی فەقێیانی تیابووە، ئەوەتا لەساڵی (١٩٥٣، ١٩٥٤) یشدا قوتابخانەی کوڕانی سەرەتایی کراوەتەوەو منداڵانی گوندەکانی دوروبەر دەستیان بەخوێندن کردووە، وە قوتابخانەی کچانیش لەساڵی خوێندنی (١٩٥٦,١٩٥٧) کراوەتەوە، کەدەتوانرێ بووترێ جگە لە قەزا و ناحیەکان یەکەم گوند بووە کە قوتابخانەی کچانی تیا کراوەتەوە، لەدواوە باسی ئەم قوتابخانەو حوجرانەمان کردووە، ئەوەی شایەنی باسە بەندە نووسەری ئەم چەند دێرە وەك قوتابیەکی پێشکەوتووی زیرەك بەبەڵگەوە لەکاتی دواکەوتنی مامۆستای کچەکاندا بەتایبەتی ڕۆژانی شەممە بۆ دواکەوتنی وانەیەك یا دوو وانە بەندە ئەو بۆشاییەم پڕکردۆتەوە بۆ ووتنەوەی وانە بە پەیڕەو کردنی تەواوی مەنهەج و گوێ ڕایەڵی قوتابیە کچەکانەوە، هەروەها دەرسم بە کچ و کوڕەکانی ڕیش سپی ئاوایی یەکەمان مام عومەری فەقێ عەلی ووتوەتەوە لەڕۆژانی هەینی وپشودا بەداوای مام عومەر لە دایکم و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، منیش بەو کارە هەڵساوم و بەتواناوە بەبێ بەرامبەر بەبەڵگەوە، ئەمانە جێی شانازی منن کەدەوری مامۆستایم بینیوە.

ئەوەمان لەیاد نەچێت کە هەر لە ڕووی کۆنی ئەم گوندەوە باسمان کردووە گۆڕستانی گۆنینە و مەزاری وەیس لە نیو کیلۆمەتری باشوری بێستان سووردا لە ناوباخان لەسەر جۆگەی ئاشی کاك أحمد لە بەرامبەر ئاشی خەزگەڕەش هەڵکەوتووە کە

ئەمیش کۆنی ئەم گوندە دەگێڕێتەوە بۆ هاتنی سەردەمی عەرەب – ئیسلام و پێشتریش.

هەردەم ئەم گوندە لە مێژوودا لە پێنجسەد ماڵ و چەند هەزار کەسێك کەمتر نەبووە، هەروەها لە سەردەمەکانی نوێشدا هەردەم لە سەدوبیست هەتا سەد و پەنجا ماڵ و دانیشتوانی لە پێجسەد تا حەوتسەد کەس کەمتر نەبووە، وا لەخوارەوە بە کورتەباسێك ئەم گوندە دەخەینەبەر دیدی خوێنەران و نامەخانەی کوردی.

وێنەی مەزاری وەیس

گوندی بێستان سوور چۆن جارێکی تر دامەزرایەوە

وەك لە بابەتەکەدا وتومانە ئەم گوندە بۆ چەندینجار بەدرێژایی مێژوو هەر لەسەردەمی کۆنەوە هەتا سەردەمی ئەم نوسینە چەندین جارو بەچەندین هۆوە بەر کاولکاری کەوتووە، پێش ئەم ئاوەدان کردنەوەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەین کەلە سەردەمی ئیسلامدا گوندەکە لەناوچووە، ئیتر هەروا بەخاپوری ماوەتەوە هەتا سەردەمی ڕێکەوتننامەی زەهاو لە پێنج سەدەکانی ڕابردوودا لەنێوان فارسە سەفەویەکان و تورکە عوسمانیەکاندا ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی کوردستان بەدوو پارچەوە کە هەریەك پارچەیەکیان برد.

هەڵبەت کوردەواری بەزۆری لەو سەردەمەدا بە جافایەتی و گەرمیان و کوێستانەوە خەریك بوون، بەڵام ئەو ڕێکەوتنە بووە هۆی ڕاگرتنی ئەو کۆچبارە، بۆیە هەر لە وەچەکانی بنەچەڕابردووەکانی ئەم گوندە بەسەرۆکایەتی (حاجی أمین کریم) ڕیش سپی هۆزی عێڵ بەگی جاف، ئیتر وازیان لە جافداری هێنا بەو هۆیانەی سەرەوە جارێکی تر گوندی بێستان سووریان ئاوەدان کردەوە.

ئەگەرچی ئاوەدان کردنەوەکە لەلایەن هەندێ هۆزی جافەوە بوو، بەڵام بەسەر پەرشتی و ڕیش سپێتی حاجی أمین لەژێر چاودێری عێڵ بەگی جافدا نیشتەجێ بوون و گوند ئاوەدان کرایەوە، بەژن و ژنخوازی و تەبایی هۆزەکان لەو سەردەمەوە هەتا هەنوکە لەم گوندەدا دەژین لەژێر چاودێری ڕیش سپێتی بنەماڵەی (حاجی ئەمین) دا، ئەگەرچی هۆزەکان جیاوازیشیان هەبووبێ، بەڵام هەر وەك عێل

بەگی جاف گوزەراندویانە. سەرەتا ئەم گوندە لە دۆڵی قزلەردا ئاوەدان کراوەتەوە کە دەکاتە بێستان سووری کۆن بۆیە بە بێستان سووری کۆن ناودەبرێ ئیتر دەگوێزنەوە شوێنی بێستان سووری گەورەی ئیستا. بەش بەحاڵی بنەماڵەی خۆم، ئەحمەد کوڕە جوتیار نووسەری ئەم چەند دێرە لەم گوندەدا لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا هاتوون کە بنەماڵەیەکن لە هۆزەکانی عێلی جاف.

هەر وەك نمونە لە سەردەمی (ڕەیف، ڕەیف) کە واتە (سەفەربەرلك) کە تورکە عوسمانیەکان لەژێرناوی جەنگی جیهانی یەکەم دا هەرچی لاوی کورد هەیە ئەنفالیان کردووە، بەڵام کەروویان کردۆتە ئەم ناوچەیەی عێل بەگی جاف (حاجی أمین) هەرچی لاوان هەیە چەکداری کردووە و هانی داون بۆ بەرگری خۆبەدەستەوە نەدان بەجەندرمەکانی تورك، حاجی امین سەرپەرشتی ئەو ڕاپەڕینەی داوە بەدەست یەکێك لە لاوەکانەوە کەناوی (حەمە) بووە و ئازاوچالاك بووە، بەندە لە بنەماڵەی ئەو لاوەیە، ڕۆژی بەرگریەکە بەفرێکی زۆر باریوە کە ئەمبەروبەری یاڵ و نیمچەچیاکانی بێستان سووریان لە دوژمن گرتووە ڕچەیان لەبەفرەکە شکاندوە و سەنگەریان گرتووە، لەکاتی ڕاوەدونانی دوژمندا ئەوکەسەی کە پاشتر بووەتە باوکی من بەناوی (حەسەن) کە خزمی حەمەی ناوبراو بووە مێرد منداڵ بوە پێی لەبەفرەکە هەڵخلیسکاوە و لولەی تفەنگەکەی لە قوڕو بەفرەکە چەقیوە، نەیزانیوە لولەکەی گیراوە کەتەقەی پێکردووە لولەی تفەنگەکەی تەقیوە، ئیتر هەتا دەستی گەیشتوە بە گروپەکەی خۆی قاچی بریندار بووە و هەتا مردنیش پێوەی دیار بووە.

دوای سـەرکەوتنیان حـاجی امـین بـەهۆی دەسـت و تفـەنگ و توانـای حەمـەوە کەلـە سـەرەوە ناومـان هێنـاوە کەئـەو کاتـە پێدەچـێ بەدەمانـچەو هەنـدێ سـیلاح ووترابـێ (وەروەر) جابۆیـە حـاجی امـین نازناوی حەمە دەکاتە (حەمە وەروەر) و ڕێزلێنانی پێدەدات، کە هەتا هەنوکـەش بنەماڵەکـەمان بـەو نازنـاوە ناودەبرێـت[1]، ئیـتر ئـەم گونـدە دەبێتـە گونـدێکی ئاوەدانی خـاوەن بـەروبومی کشتوکاڵی، دێمـەکارو ئاژەڵداری زۆربەرفراوان هەروەها ئاژەڵداری لەژێر چاودێری بنەماڵـەی حاجی ئەمیندا وەك یەك هۆز خەڵکی ئەم گوندە پێکەوە دەژین.

ئەگەرچـی ئـەم گونـدە دەکەوێتـە (٢٠کـم) ی ڕۆژهەلاتـی سـلێمانیەوە بەسـەر ناوچـەی خـەراجیان و عەربەتـدا دەڕۆیـت تـا دەگەیتە بێستان سوور، بەلاَم هەرلە دروست بوونی سلێمانیەوە هەتا ئێستا وەك گەڕەکێکی سلێمانی وابووە بەهۆی بەروبومە زۆرەکەیـەوە چـونکە سـەرمایەدارو بازرگانەکـشتوکاڵی و ئاژەڵییـەکانی سـلێمانی هەردەم وەك ئەڵقەیەکی پێگەیاندن لەم گوندەدا بنەو شێوە نوسینگەو تەنانـەت ماڵیـشیان هەریـەك لـە کەشـی خۆیـدا لێرەدا هـەبووەو لەگـەڵ خەڵکی ئێرەدا لەگوندو شار سەرو ماڵی بوون. وەك نمونە:.

١. ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشایی ساحێبقران لێرە خانوو و مـاڵی هـەبووە و بـیر و بـاخ و زەوی هـەبووە کـە شـوێنەواری ئـەو شـوێنانە هـەتا پـەنجا کـانیش هـەرمابوون و خانووەکـەی لەسـەرەتادا قوتابخانەی گوندەکەبووە لەکڕین و فرۆشتنی بەروبومی گوندەکەدا و پـارەی پێـش وەخـتی داوە بـە جوتیارەکـان کـە بووەتـە هـۆی تێکەلاَوییەك.

٢. بەکری حاجی فتاح کەئەو بنەماڵەیە مەخزەنی توتنیان لە گومرکە سوتاوەمەی بەر خانەقادا هەبووە هەردەم لەکاتی توتندا شێوە نوسینگەی لێرەدا هەبووە و پارەی پێشوەختی داوە بەجوتیارەکان و بووەتە هۆی تێکەڵاوی گوندو شار.

٣. بنەماڵەی حاجی صاڵحی ڕیش، عەلوەچی لە کاتی ووشکەداندا لەماڵی حاجی ئەحمەدی محە براگەورەی حەمەی محە بنەی هەبووە و ووشکەدانی ئێرەی کڕیوەتەوە کە ئەمیش تێکەڵاوییەکی ترە.

٤. بنەماڵەی حسینی حاجی وەلی، کە هەردەم لە ماڵی کوێخا عومەری فەقێ علی لە وەختی مەرەزەدا بنەی هەبووە و تێکەڵاوی گەرم بووە(٢).

٥. بنەماڵەی حاجی مەلا علی ناسراو بە مەلا علی مایاوای لەکاتی بەروبومی لۆکەدا هەردەم شێوە نوسینگەیان هەبووە و پارەی پێش وەختی داوە بە کشتیارەکانی لۆکە ئەمیش تێکەلاوی یەکی نزیکی گوندو شاری پێك هێناوە و مەخزەنەکەی لە خانەکەی بەر خانەقادا هەبووە.

٦. شێخ محمدی بەرزنجی صابونکەرانی ناسراو بە کاکەی تەتە بەهۆی ئاشەکانی (خەرقە ڕەش) بەرزنجی و کاك ئەحمەدی شێخەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەردەم بنەی هەبووە لەماڵی قادری حەمەی عارف کە وەکیلی بووە لەم گوندەدا، ئەویش بوەتە هۆی تێکەڵاوییەك لە شارو گوند.

هەڵبەت وەستا (حەمە چەپە) ی ئاسنگەری کاروباری کشتیاری سەروبەندی زۆری لەگەڵ خەڵکی ئەم گوندەدا هەبووە، هەروەها خاڵە عەبدە خاوەنی گەراجی عەبدەو لۆریەکانی بەهۆی گواستنەوەی بەروبومە زۆر و زەوەندەکانی خەڵکی ئەم گوندەوە ئەویش هەمیشە سەروبەندو ئاشنایی و سەرو ماڵی بوە لەگەڵ خەڵکی دا.

***

هەواڵنامەی کتێب

بەستی دووەم

عەشرەتی بێستان سوور

گوندی بێستان سوور لە ئاستی مێژوو و جوگرافیادا

أ. پێناسە: (بێستان سوورا)، کوێیە و چییە؟

ئەم (گوندە) (دێ) (ئاوایی) یە: لە قوڵایی مێژووەوە گوندێکی ئاوەدان و ئابوری و (ستراتیجی) سیاسی و سەربازی ناوچەی شارەزوور بووە، هەتا ئێستاش، وەك لەسەرەوە باسمان کردووە بەگوێرەی قۆناغەکان، لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا ناوێکی تایبەتی هەبووە. وەك:

١. شار گشتی: کە ئەمە بەناوی ناوچەی تانجەرۆ و یاسین تەپەوە بووە.

٢. ساسموا: کە ئەمەش بە سۆرخی ناوی سەردەمێکی شارەزوورەوە بووە لە ناوچەی یاسین تەپەدا.

٣. شوتیرا: ئەمەش بەناوی نشێویەکانی ناوچەی شارەزوورەوە بووە وەك ناوچەی یاسین تەپە و سەراکۆنەوەبووە.

٤. سوراکۆ: ئەمەش ناوی سەردەمێکی سەراکۆنەوە بووە.

٥. گوڵی سورخ: بەناوی جوانی و پیت و بەرەکەت و باخ و بۆلاخەوە بووە.

٦. بێستان سوور: هەر لەسەر گوڵی سورخەوە وەرگیراوە و هەمان مانای هەیە لە (هور)(نور)(خۆر) خواوەندی ڕۆژ و نور و ڕوناکی یەوە هاتووە کە گەوەترین خواوەندی پەرستیاری ناوچەکانی شارەزوور بووە لە کۆندا. .. بەمانای شارستانیەت و گەورەیی و ئاوەدانی و ملك داری و فرمانداری هەرێمیش هاتووە.

ئەم گوندە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەزوورەوە لەسەر باری درێژی وە لە ڕووی ئیداریشەوە سەربەناوچەی (تانجەرۆ)(٣) یە و

سەربە قەزای مەرکەزی شاری سلێمانییە، لە ڕووی شوێن و جێگا و موقعی جوگرافیشەوە کەوتۆتە چەقی[٤] ناوەڕاستی چوارڕێیانەی شاروشارۆکەو دەڤەرەکانی دەوروبەری و بۆتە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵی شارۆچکەکان و گوندەکانی دەوروبەر، بەم پێ یە ئەم گوندە هەرلەکۆنەوە شوێنی دیار بووە لە شارستانێتی ناوچەی شارەزووردا.

ب. بێستان سوور: لە ڕووی تۆبۆگرافییەوە

سنوری ئەم ئاوایی یە لە باکورەوە زنجیرە نیمچە چیاکانی (خراپە) و (چەناخچیان) ە و جادە[5] گشتی یەکەی (سلێمانی. هەڵەبجەی شەهید) ە لەباشوورەوە (نیمچە زێی تانجەرۆ) و گوندی (خاك وخۆڵ و نیسکەجۆ) یە، لەڕۆژهەڵاتەوە سنوری ئاوای (زێریجۆ) و زەویەکانی تەپە(عارەوان) ە کەسەربە گوندی (کانی پانکە و زێڕین جۆ)یە دیارە ئەم ناوە (عارەوان) لە (تاڵەوان)ەوە هاتووە، چونکە ئەو دەشتە جۆرە بنە بنچکێکی تیایە تاڵە، بار تیرەی جافەکان زۆرجار لەو دەشتەدا هەڵیانداوە کەلە (عور)ەوە خێڵ، هاتووە...

لە ڕۆژئاواشەوە بەشێکی ناوچەی (عەربەت)[6]ەو بەشێکی دەشتی شێخ لالەیە و سنوری زەویەکانی گوندی (باریکە) یە هەرهەمان دەشتەو (جادەی گشتی عەربەت. دەربەندیخان) ە، لە ڕۆژئاواوە. .. ئەم گوندە کەوتۆتە سەر پانتایەك، کەبەشی خواروی زۆر نشێویە، نیوەی ڕاستی زەویی وزاری گوندەکە زەوی بەراوە، بۆ ئاودێری پشت بە چەم و جۆگاکان دەبەستێ کەلەدواوە باسیان

دەکەین، هەرچی نیوەکەی تریش هەیە لە زەوی و زاری ئەم گوندە، کەوتونەتە بەشی باکوری گوندەکەوە دێمە و بۆ ئاودێری پشت بە باران دەبەستێ، کەلەدواوە باسیان دەکەین. .. زەویە بەراوەکان نزیکەی (٢١٥٠) دەبن، کەنزیکەی (٧٥٠دۆنم) زەوی تایبەتە[٧]... نزیکەی (١٤٠٠دۆنم) پەیوەستی فەرمانگە کشتوکاڵیەکانە[٨]..

زەوییە دێمەکارەکانیش نزیکەی(٢٥٠٠) دۆنم دەبن، نزیکەی (١٠٥٠) دۆنم پەیوەستە و نزیکەی (١٣٠٠) دۆنمیش زەوی تایبەتە. .. هەمووی بە دێم و بەراو و ملك و پەیوەستەوە نزیکەی (٤٥٠٠) دۆنم دەبێ جگە لە زەوی چەم و گرد و بەردەڵان ئەوانەش بونەتە لەوەڕگا، لە دوارۆژدا دەگونجێ ببنە پرۆژەی ئاوەدانی و ئابووری. .ئاو و هەوای ئەم گوندە تێکڕا بە مام ناوەندی دەژمێرێ، چونکە لە زستاندا زۆرساردنی یەو لە هاوینیشدا زۆرگەرم نی یە پایز و بەهاریش زۆرخۆشەو بۆتە نیمچە هاوینەهەوارێك لەناوچەکەدا. .

ڕەشەبا و بای شەماڵ و کەمێك وەشتەبا و زۆر کەمیش پێچەبا دەیگرێتەوە.. بارانی زۆرلێ دەبارێ و بەفری زۆرکەمە، چلەی زستان کەمێك زیاد لە سنوری ساردە و چلەی هاوینیش گەرمە.

جۆگا و کانیاو و ئاوەکانی بە زستان گەرم و بە هاوین ساردن.

لە بەشی باکوری ڕۆژئاواوە زنجیرە گردۆلکەیەکی سروشتی هەیە کە لەسەرجادە گشتی یەکەی (عەربەت. سیدصادق) ەوە دەست پێدەکات و بەرەو ناوەڕاستی هەردوو گوندی بێستان سوور شۆڕدەبێتەوە، لەسەر گردی سەراکۆنی شوێنەواری (ئەکەدی) لە ناوەڕاستی دێکەدا کۆتایی پێدێ ئەم زنجیرە گردە نزیکەی بە (٢٠٠م.٦٠٠پێ) بەرزە و

(٥کم) درێژ و بە کلکەی عەربەت - بیستان سوور ناسراوە دوای باسی دەکەین لە ڕووی شوێنەوارەوە... لە ڕووی ڕێگاوبانیشەوە، ئەم گوندە بە ڕێگای خۆڵ و قیرتاوبەستراوە بە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری یەوە بۆتە هۆکارێکی ستراتیجی و ئابوری باش لە ناوچەکەدا (دوای باسیان دەکەین)، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی شارۆچکەکانی دەوروبەر لەم گوندەوە سەرچاوەدەگرن، ئەمەی سەرەوە باری جوگرافی ئەم گوندە بوون.

ج . لە ڕووی مێژوی و کەلەپورییەوە (باری مێژوویی)

لە باری مێژووی گشتی کوردستان و شارەزوور لە پێناسەی گوندەکەشدا تاڕادەیەك باسی باری مێژوویی (بیستان سوور) مان کردووە بە گوێرەی قۆناغ و سەردەمەکانی شارستانیەتی شارەزوور و یاسین تەپەدا، ڕۆڵی سیاسی و ئیداری لە شارەزووردا، هەرلە قولایی مێژووەوە هەتا ئێستا یان زیاتر بڵێین هەتا دەوروبەری کۆتایی سەدەی (١٧) کەبوو بەم بێستان سوورەی ئێستا کەلەسەرەوە باسمان لێوەکردووە، ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا لە ڕوی مێژوویی و کەلەپوریی یەوە بیڵێین ئەوەیە ئەم گوندەی ئێستا چۆن دروست بووە؟، ئەو کەلەپور و ئاسەوار و شوێنەوارانە کوامانەن لەم گوندەدا؟، لە خوارەوە لێی دەدوێین :

١. بێستان سوور چۆن دروست بوو؟!

وەك وتمان لەدوای ڕێکەوتننامە شومەکەی زەهاوی ساڵی (١٦٣٩) ز لە نێوان ئێران و تورکیادا، ئیتر جاف هەندێکی نیشتەجێ بوو، لەنزیکەی (٣٦٠) ساڵ لەمەوبەر بوو.. سەرەتا بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەسەر گردی (قەڵای کچ) کەناسراوە ئێستا بە (گردی گۆمە ڕەش) لەبەشی ڕۆژئاوای گوندی بێستان سووری ئێستاوە ئاواییەك دامەزراوە، کە هۆزی (عێل بەگی جاف) ڕیش سپییان (قەرە وەیس کوڕی وەیسی مستەفای عێل بەگی جاف) نیشتەجێ بوون، چەند ماڵێك لە عەشیرەتەکەیی و سێ کوڕی بەناوەکانی (حسین، شاوەیس، قارەمان) گوندی خاك و خۆڵ ئاوەدان ئەکەنەوە کە بە چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە ڕۆژئاوای گردی (قەڵای کچ) لە نزیك پردی قەرەگۆل بە (١٥٠م)، کەبە بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵەوە سەرقاڵ دەبن، بەڵام بەهۆی باج و سەرانەی (تورکە عوسمانلی یەکانەوە) کۆمەڵێك لە کوڕ و براو عەشیرەتەکەی ڕەودەکەن بۆ ناوچەکانی (قەرەداغ، گەرمیان، دۆڵی جافایەتی) وە چەند کوڕێکی قەرەوەیس[٩] دوای لەگەڵ چەند ماڵێکی عەشیرەتەکەی درێژە بە ژیان دەدەن.

هەتا نزیکەی دەوروبەری (٣٥٠) ساڵێك لەمەوبەر (حاجی امین قەرەوەیس) ڕیشسپی هۆزی (ئێڵ بەگی جاف)، لە بنەماڵەی ناوبراو بووە، گوندی (بێستان سووری کۆن) بنیاد دەنێ لە ڕۆژهەڵاتی گردی گۆمەڕەش، ئەمە لەسەردەمی پەیدابوونی هەڵەبجەدا لەسەرەتای سەدەی (١٧) دابووە، وە مزگەوتێکی گەورە دروست دەکات بەناوی مزگەوتی (حاجی ئەمین) ئەم پیاوە حەجی بە (٧) ساڵ کردووە

(قورئانێکی) هێناوەتەوە بە خەتی ئاڵتون نووسراوەتەوە هەتا ئێستا ماوە، وە مەلای مزگەوتەکەی (مەلا محمدی ئەحمەدی شاوەیسی قەرەوەیس) برای (حەزرەتی نالی) بووە کە مودەڕیس و موفەسیرێکی بەتوانابووە خاوەنی حوجرە و فەقێ بووە، ئێستا گۆڕەکەی لە نزیك کۆی گۆڕەکانی (ئێل بەگییەکانە) لە گۆڕستانی دارەڕەش.

دروستبوونی گوندی (بێستان سووری گەورە)

دوای وەفاتی (حاجی ئەمین کریم)، (فقێ علی قاسم کریم) برازای هەڵئەبژێرن بەڕیش سپیی گوند و هۆزەکە.

پاش ئەوەی کەسەیردەکات ئاوی گوندی بێستان سووری کۆن ناسازە و ئەو ماسی و بۆقەی کە تێدا دەژی کوێرن بۆیە[10] (بێستان سووری گەورە) ئاوەدان دەکاتەوە، لە سەدەی (١٨) ز واتە لە هەشت سەدەکانەوە (بیستان سوور دەبێتە دوو بێستان سوور) مزگەوتێك بەناوی مزگەوتی حاجی ئەمین لە بێستان سووری گەورەش دەکاتەوە پاشان وەستای ئێرانی دێنێت و باڵخانەیەکی دووقات بە درێژایی (١٠٠م) دروست دەکات، کە قاتی خوارەوەی تایبەت بووە بە میوان و دەست و پێوەندەکانی وە قاتی سەرەوەی بۆ خێزانەکانی (خاتوون، پەری خان، مەنیج، پیرۆز) کە (دایکە خاتون) خاوەن دەسەڵات و قسە بووە زۆر سیفەتی پیاوانە و جوامێری تێدا بووە و لە کاتی غیابی (فقێ علی)دا خاوەن دەسەڵات و فرمان بووە ئیش و کارەکانی گوند و عەشیرەتی ڕاپەڕاندووە.

ئاسەواری باڵەخانەكە تا ئەم دوایەش كە نیشانەیەك بوو بۆ دەسەڵات و هونەری ئەندازیاری ئەوكات و سەردەمە، هەر مابوو. لە قاتی خوارەوە كە تایبەت بووە بە میوان و پێش وازی لە چەند بەشێك پێك هاتبوو:

- دیوەخان: شوێنی پێشوازی و كۆبونەوەی پیاوماقوڵان بووە.
- پێشوازی: شوێنی دەست و پێوەندەكان بووە بۆ پێشوازی.
- وەجاخ: شوێنی چالێنان و سەماوەر و قاوە برژاندن بووە.
- مەخزەن: شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە و خۆراك.
- ژوری ئیسراحەت و نوستن و حەرەس و دەست و پێوەندەكانی دەكەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی باڵەخانەكەوە.
- تەویلە: دەكەوێتە بەشی باكوری ڕۆژهەڵاتی باڵەخانەكە و دور لە ژوورەكانی تر ئەمەش بۆ جێگەی وڵاخی سواری واتە (ئەسپ و ماین).
- هەروەها شوێنی تانجی ڕاویش جیابووە.

هەموو خزم و كەس و عشیرەتی خانویان كردووە تەوە لەدەوری تەبا و گیانی برایەتی هاوكاریان هەبووە ناوی هەندێ لەو بنەماڵانەی كەلەو سەردەمە لە بێستان سوور بوون (بنەماڵەی حمە سعید ڕەمەزان، حمەی عارف، محمود قاسم، كەرەم وەیس، عبدالكریم سلیمان، محمد عبدالله، عبدالرحمان وەلی، فرج، حمەامین قالە عاسێ، حمەخان، مام ڕەحمان، ڕەحە پیوە، قادر حمە شریف قیتول، سعید صالح قول قەوی، صاڵح مارف، خواكەرەمەشەل، ئەمین شریف، حمە

سید ئەولا، مەولو کریم، عبدالکریم حمە صالح، قالە پینەچی، کریم مۆتە، حمەخان حسین، حاجی علی، خەجێ زلە، قادر زلێخا، محمود گوڵ حمەشانە، عبدالرحمان گوێزدەم، مام یوسو بەڵجیقا، حسێن، مچە چەتە، کریم دەروێش، ئەحمەدی فقێ صالح، مامەوەیس، کوێخا عارف گزیر فقێ علی، ڕۆستم کریم مایلی، بنەماڵەی وەروەر (بنەماڵەی نووسەری ئەم کتێبە)،عەزەی خونچە،محە دونان.

دوای ئەو ژنە شەنگە ئازا و بە جەرگە کە وەك پیاو خەنجەر ڕەزنەی فیشەك لە خۆی داوە ناسراو بە (دایە خاتوون).

مزگەوت و باڵەخانە و خانوو دروست کراوە بۆ ساڵەهای ساڵ لەگەڵ ئەو هۆزانەدا کەباسمان کردن نیشتەجێ بوون نووسەری ئەم چەند دێرە لەبنەماڵەی (وەروەر) ە کەباسیان لەدواوە دەکرێ، خەڵکی ئەم گوندە بەئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریك بوون و (حاجی ئەمین) ڕیش سپی گوندەکە بووە و زۆر پیاوێکی ئاینی و لەسەرخۆ و عادل و بەمشور و خاوەنی لاودیوەخان و ڕاوێژ بووە.

ئەم هۆزانەی کە باسمان کردن گەرچی جاروبار ساردی یەکی هۆزایەتی لە نێوانیاندا ڕویداوە بەڵام لەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا و هەمووکاتێك وەك یەك خێزان بۆ یەکتر بەپەرۆش بوون هەتا ئێستاش، ئەم گوندە یەکەم گوندبووە لەسەردەمی نوێدا واتە لە سەدەی (١٧) بەدواوە خاوەنی مزگەوت و مەلا و فەقێ و فەتواو خوێندن بوو لە دوای شاری هەڵەبجە و خورماڵ.. (حاجی حمەمراد) تەمەن (١٣٥) ووتی یەکەم مختاری ئەم گوندە (حمەخان) بووە لەبنەماڵەی وەروەر لەسەر فەرمانی حاجی ئەمین.

لاوی تـازە هەڵکـەوتوو (عمـری فقـێ علـی) بـووە بـە یەکێـك لەناودارانی هـەموو ناوچەکەو بگرە لەدەوروبەریشدا، ئـەملاوە (کچی حاجی قادری وەیسی) مارە کردوە کەیەکێك لە بنەماڵـە ناودارەکانـی (هۆزی ڕۆغزای) بووە و ناوی (فەیمەی حاجی قادر) بووە بەڕاستی کەبە دادە فەیم ناسرابوو هـەر خۆی (دادە) وەك پیاو مامەڵـەی دەکرد لـەماڵ و دیوەخـان و ڕاوێـژدا، وەك کەسـایەتیەکی سـاکار و بەسـیت خۆی نیشان دەدا، ئیتر ئەم پیاوە ناودارە (عمری فقێ علی) مختار بووە هەتا پەنجاکانی ئەم سەدەیە و لەوەودوا فرمانی مختاری داوە بە براکەی کە ناوی (حاجی ئەحمەد) بووە ناسراو بە کوێخا ئەحمەد، لە سـەرەتای شەسـتەکاندا کۆچـی دوای کـردووە، فەیمـەخانیش ڕۆژی ڕاگوێزانەکـەی گونـدی بێـستان سـوور لەلایـەن ڕژێمـی بەعـسەوە لەهەشـتاکانی ئـەم سـەدەیەدا لەگـەڵ ڕوخـانی خانووەکـانی تـەکێ و دیوەخانە تایبەتی یەکەیدا یەکسەر سوێندی خوارد کە ئەو گوندە بـەجێ نـەهێڵێ مەگـەر بە مـردن، دارێك کەبە پێوەمابوو لـە حەوشـە ڕوخاوەکەدا دەچێتە ژێردارەکەو دوای نوێـژی نیوەڕۆ سـەر دەنێتـەوە بەسەر خشتێکی خانووە ڕوخاوەکەدا ئیتر پێی زانرا گیانی بە گوندە وێرانەکـەی سـپاردبوو سـوێندەکەی بـەجێ هێنـاو لـە گۆڕسـتانی دارەڕەشی باوباپیرانی دوابارەگای گرت و ڕاگوێزنەبوو.

ئەم گوندەی بێستان سوور وەك باسمان کرد دوای دامەزرانی هەتا هەشتاکان ڕاگوێزان وەك خۆی مایەوە، لە ڕاگوێزانیشدا کە کاول کرا دوای ڕاپـەڕین زۆر بـەخێرایی ئاوەدان کرایـەوە، لـە ڕاگوێـزدا دوا مـاڵ کەهـەر خۆی گـرت بۆ چـەند مانگێك و چـەند ژورێکی بە پێوە

مابوو هەتا دوبارە شۆفڵ تەختی کرد ماڵی (محمد حسن) برای نووسەری ئەم چەند دێرە بوو وە بەبەڵگەشەوە لەگەڵ ماڵی حمەی اورەحمان، یەکەم ماڵیش کە گوندەکەی ئاوەدان کردەوە پێش چەند مانگێك لە پێش خەڵکی دا هەرهەمان ماڵ بوو هەم بەبەڵگەوە چەند مانگێك دوای ڕاپەڕین و ئەم کەسە لە بنەماڵەی (وەروەر) ە، ئێستاش ئەم گوندە یەکێکە لە گوندە خنجیلانەوناودار و زەوی و زاری بەپیت و ئاژەڵدار و شارستانیەتی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا[11].

٢. کەلەپور و شوێنەوار و ئاسەوارەکانی بێستان سوور

أ. گردی یاسین تەپە: ئەم گردە یەکێکە لە پانترین و بەرزترین و گەورەترین و کۆنترین گرد و ئاسەوارەکانی ناوچەی شارەزوور، لەسەر شێوازێکی لاکێشەیی بەرزوپان داڕێژراوە ڕوبەری سەر گردەکە (٨دۆنم) پانە و بە لاکێشەیی کەبەرزییەکەی نزیکەی (٢٥م) درێژییەکەی (٢٠٠م) پانی یەکەی (١٠٠م) ڕووبەری سەرەوەشی نزیکەی (٨دۆنم) دەبێ.. لای باشوری گردەکەوە بەئاوی زێی تانجەرۆ دەورەدراوە، سێ لاکەی تری بەبەربەندێك[12] لە ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا، باکوری گردەکەوە دەورەدراون، کەئەم بەربەندە کاتی خۆی ئاوی لە چەمە ڕەشەوە بۆ هەڵگیراوە پڕکراوە لە ئاو بۆ کاتی تەنگانە و هێرشی دوژمن، ئاسەواری جۆگەی ئاوەکە، کەبۆی بڕاوە لە چەمە ڕەشەوە لەناوەڕاستی چەمەکەدا ئێستاش ماوە کەبە ماددەیەکی وەك قسڵ وایە دروستکراوە دیارە ئەو بەربەندەی سەرەوە وەك پردی هاتوچۆبووە لەمەرکەزی (یاسین تەپەوە) بۆ گرد و خاڵەکانی و

گونـدەکانی بەشـی بـاکور. .. ئاسـەواری ڕێگاکـەش هەرلەمەرکـەزی قەڵای یاسین تەپەوە کە کەوتۆتە بەشی باکوری سەربانی گردەکەوە دیـارە تـا بەربەسـت و پردەکـە و لەوێـشەوە بـۆ گـردی سـەرا کـۆن، گۆڕستانە کۆنینەکەش کەهی سەردەمی مەرکەزی قەڵا و نیشتەجێ پاشا نشینەکەیە لە باکوری بەربەندی یاسین تەپەوەیە. .. ئەم گردە وەك لەسـەرەوە باسمـان کـرد، مەرکـەزی نیـشتەجێی پاشـا نـشینی هـەموو قۆناغـەکانی شـارەزوور بـووە لـە مێـژوودا جگەلـە سـەردەمی پەیدابوونی ناوی شارەزوور لە(هاشمار) نیشتەجێی پاشا نشین بووە لای هەڵەبجـەدا وەك لەسـەرەوە باسمـان کـردووە، ئـەم گـردی یاسـین تەپەیـە چـەند خـاڵێکی سـەربازی هـەبووە بـۆ پاراسـتنی لـە هێرشـی دوژمـن لـە هەرچـوارلای گردەکـەوە بـەدوری یـەکی مامناوەنـدی وەك: لەباشـورەوە گـردی (مـالوان) لـە باشـوری ڕۆژهەڵاتـەوە گـردی (مـارف) لەڕۆژهەڵاتـەوە گـردی (مـوان\کـانی پانکـە)، لـەباکورەوە گردەکانـی (کـاژاو، بێـستان سـوور، سـەراکۆن) لـە گونـدی بێـستان سووردان لـە ڕۆژهـەڵات و بـاکور و باشـوری ڕۆژهەڵاتـەوە گردەکـانی (دسـکەرە، خـاکوخۆڵ، عەربـەت)، سـەراکۆن مەرکـەزی ئییـداری و سـەربازی ناوچەکەبووە لە گوندی (سوراکۆ)(١٣).

گردی گۆمەڕەش کە بەبەربەندێکی گەورە دەورە دراوە و ئاوی لەسەرچاوەی گوندی بێستان سوورەوە بۆ ڕاکێشراوە هەم بۆ کاتی تەنگانە بەربەندی دەوری گردەکەی پێ پڕکراوە، هەم بۆ ئاودێری دەشـتەکانی دارەڕەش، بەربەنـدی سەرچـاوەی بێـستان سـوور کەبەهەمان مادده قسڵیەکەی بەربەندی چەمەڕەشە و لەگۆمی بەردەم

ئاواییەکەوە ڕاکێشراوە کە ئەو شوێنە[١٤] بە (سەترەکە) ناسراوە، دوای ئەوەی لە دەوری گردەکە هەڵکەنراوە و زۆرقوڵکراوە ئاوێکی لێپەیدابووە لە زووەوە بە گۆمەڕەش ناسراوە و تا ئێستاش ئاوەکە ماوە، بەڵام گۆمەکە پڕبووەتەوە کە کاتی خۆی زۆرقوڵ و تەنورەیی[١٥] بووە ئاسەوارەکانی ماوە، گۆڕستانی کۆنینەو نوێی ئەو گردە و گوندەکانی کەبە گۆڕستانی دارەڕەش ناسراوە هەتا ئێستاش شوێنەواری ماوە و بووە بە گۆڕستانی نوێی گوندەکانی دوروبەر.

دیارە گردی گۆمەڕەش وابەربەند و پارێزگای هەبووە جێگای ئیداری و خاڵی پشکنین و گومرك بووە بۆ ناوچەکە، گردی گۆری (گەوری) یش کەگردێکی بچوکە خاڵێکی پشکنین بووە و گۆڕستانەکەی لە دەشتی خۆیەتی و زۆرکۆنە و دیارە لەماوەی شەوێکدا کاول کراوە و ئەو پەیکەرە ئێسکانەی کەبەدەم جوت کێلانەوە دەردەکەون لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەچێ کەهەر لەوێدا دوای شەڕوپێکدادان بوون بەژێر خانوو و گردەکەوە و بەگۆڕی گەوری ناسراوە[١٦] بەڵام من بۆ گۆڕی گەورەکان دەچم، چونکە ووشەی گاور لەدوای مەسیح و ئیسلامەوە پەیدا بووە، دەشبێ گۆڕی سەردەمی شەڕەکانی ئەسکەندەریش بێت لە شارەزووردا.

شوێنەواری (سێ ئاشە) کەکۆمەڵێك ئاشی ئاو بوون لەسەر ڕۆخی چەمەگەورە (چەمەڕەش) لەنێوانی گوندی بیستان سوور و یاسین تەپەدا، کەبەهەمان قسڵی بەربەندەکانی تر کەناومان بردوون دروست کراون، دیارە ئەمانە ئاشی ئەو سەردەمەی ئەو فەرمانڕەوایانەبوون.

گۆڕستانی سەراکۆن کە بە(بەرامبەرەکە) ناسراوە، گۆڕستانێکی زۆر کۆنە کە باسمانکرد. هەتا ئەم دواییانەش کێلی زۆر و بەردی چەند مەتری تێدا بەدی دەکرا کە ئاسەواری کۆنیان پێوەبەدی دەکرا، بەداخەوە کاولکاری و ڕاگوێزان ئاسەواری ئەم گۆڕستانەی نەهێشت و سەر گۆڕستانەکە بوو بە ماڵ و ساحە و هتد... بەڵام شوێنەواری گۆڕستانەکە هەر ماوە و بەشی باشوری گۆڕستانە کۆنەکە بووەتە گۆڕستانێکی نویٚ کە ئێستا مەزاری خاتوو فاتمە و شێخ مستەفای تیایە. ئاسەواری (دوودۆڵە) کە ئەم دۆڵە دۆڵێکی کۆڵەکەییە نزیکەی ٢,٥ تا ٣ کیلۆمەر دەبێت و لەناو گوندی بێستانسوورەوە دەست پێدەکات هەتا بەشی باکوری گوندەکە بۆ زەویەکانی کە هی بنەماڵەی کەرەم وەسییەکانە و ئێستا بەدەشتی تەیارەخانەکە ناسراوە. لەوێدا بەم شێوەیە(دوودۆڵە) و کۆڵەکەییە و دوو لقی لەبەشی سەرەوەدا هەیە بەسراون بە لقێکی درێژەوە کە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو گوندەکە کە ئێستا بەربەندێکی بۆکراوە بە پشتی گوندەکەدا بۆ بەرگری لافاو لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەکە کە باسمان کرد، بەرەو گردی کاژاو. دەڵێن کاتی خۆی سەرچاوەی بێستانسور لەم دوو دۆڵەدا بووە. بوومەلەرزە بەناوبانگەکەی ساڵی (٢٢٦)ی زاینی کە لە ناوچەی شاربازێڕ و پێنجوێنی داوە، هێڵێکی ئەو بوومەلەرزەش بەهەورەگرمەیەکەوە بەرناوچەی شارەزور کەوتووە و لە گوندی بێستانسوری ئەو سەردەمەی داوە و ئاوی سەرچاوەکە لە دوودۆڵەوە هێڵی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەم سەرچاوەی ئێستا و ئاسەواریش دیارە، هەتا دەوروبەری ئەم سەردەمەی پێشوش دوودۆڵە ئاو و قەڕەم و

ژاژی هەر ماوە و ڕاوە ماسی تێداکراوە و خەڵکی پیر و ئەو سەردەمە دەیانوت لە دوودۆڵەدا ڕاوەماسیمان کردووە و قامیشمان بۆ توتن بڕیوە لەوانە (حاجی حمەئەمینی قالە عاسیٚ، تەمەن ١٣٥) کە لە حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا کۆچی دوایی کرد، هەروەها (مام رحمان) تەمەن(١٢٥)ساڵ و (حاجی حمە موراد) تەمەن (١٣٥)ساڵ هەر ئەمەیان دەوت، دیارە بومەلەرزەکە گەر لە پلەی رەختەردا شارباژێڕی گرتووە بەقورسی بووەتە هۆی ڕەوی دانیشتوانی شارەزوور. بۆیە ئەو سەردەمە شارەزوور ئەوەندە قەڵەباڵغ بووە کە شارەزوور بە کویستار واتە شاخ نشینەکان ناوبراوە، واتە خەڵکی شارباژێڕ کە ڕەویان کردووە بۆ شارەزوور وە هەر لە هەڵەبجەوە بۆ خورماڵی ئەو سەردەمە و بە خەتی سەیدصادقدا بۆ سەراوی سوبحان ئاغا خانوو ئەوەندە چڕبووە دەڵێن گوێرەکە بەسەربانذا ڕای کردووە لەوسەر بۆ ئەمسەر، جا ئەو بومەلەرزەیە بەهەورەگرمەیەکی گەورەوە بەسەر بێستانسور کەوتووە گەرچی بومەلەرزەکە هێزی رەختەری کەم بووە بەڵام هەورە گرمەکە زۆر بەتەوژم بووە توانیویەتی هێڵی ڕێڕەوی سەرچاوەکە بگۆڕیٚ بۆ ئەو جێگایەی ئێستای.

لە ناوچەی بێستان سوریشدا لە دەشتەکانی تەیارەخانە و دەشتی زریسکەکە لەبەرەو ڕێگای چاڵەپان دەڕوات بەناویدا، بەردی (گۆئاسن) کە جۆرە بەردێکە ٤/١کیلۆ، ٢/١کیلۆی (قورس و ئاسنین)ە مەیلە و قاوەییەکی ڕەش و باوە کە دەڵێن ئاسنی خۆی لە قۆناغەکانی مێژوودا بومەلەرزە و نیمچە گڕکانێك(بورکان) لە (یاڵی مامە رحمان) لە شوێنێك بەقەڵبەزەکان ناسراوە، بە دەماودەم دەڵێن لەوێوە وەك

نیمچە بورکانەکە سەریهەڵداوە و ئەو پارچە بەردانە کە بە گۆئاسن ناسراون پزیسکەکەی ئاگرینی ئەو بورکانەن. (یالْ) واتە لوتەی نیمچە چیا، لوتکەیەك لە ڕیزەگردۆڵکەکانی کلکەی عەربەت/ بێستانسور هەیە ئەو لوتکەیە نزیکەی ٢ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ئاواییەکەوەیە، ڕێگەیەك لە گوندەکەوە ڕەت دەبێت و بە بناری لوتکەکەدا دەڕوات بۆ سەر زەویە دیمەکارەکانی شێخ لاڵە و بۆ شارۆچکەی عەربەت کە لە کۆندا ئەو ڕێگەیە، ڕێگەی هاتوچۆی گوندەکانی بێستانسور و دەوروبەری بووە بۆ عەربەت و هەروەها کشتیارەکانی دەشتی زەویەکانی شێخ لاڵەش لەو ڕێگەیەوە هاتوچۆیان کردووە، جا لە ڕۆژهەلاتی لوتکەکەوە دۆڵێك هەیە لە پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی چاك و فراوان ئەو زەویە لەدێر زەمانەوە بەدەست بنەماڵەی (مام رحمان)ەوە بووە. بۆیە زەویەکە و گردەکە و قەڵبەزەکانی کە گوایە شوێنی بورکانن هەمووی بەناوی (مام رحمان) ەوە ناسراوە، مام رحمان پیاوێکی بچکۆلانەی وچاخ کوێری بەتەمەن بوو، زۆر قسەخۆش بوو، کشتیارێکی زۆر چاك بوو، گەلێك دەنگوباسی کۆنی ئەو دەوروبەرەی دەزانی چ خۆی بینی بووی و چ لە باوباپیرانیەوە بیستبووی، بەلاّم بەداخەوە کەمێك ڕادەی زانستی لاواز بوو بۆیە بەسەرپێیی باسەکانی دەزانی، گەرچی هەندێ شتی دەربارەی بوونی دارستان لەو یالاّنەی خەرابە و کلکەی چەناخچیان و عەربەت و دەربارەی دوودۆڵە و ئاوی دوودۆڵە و بێستانسور و گۆئاسنەکان و تیرەکانی ئەو ناوچە و ئەم شتانەی بەسەرپێیی و کتوپڕ دەزانی.

٣. هەر لە کەلەپور و ئاسەواردا: گەلێ ئاسەواری تر کە تەمەنیان نوێیە لە بێستانسوردا هەن وەك: بیرەکانی ئاغا، کە ئەمانە ڕیزە بیرێك بوون لە باکوری گوندەکەوە کە کاتی خۆی عبدالرحمان ئاغای ساحب قران هەڵیکەندوون. کارێز ئاوی بۆ ئەو زەویانە لێدەرهێناوە کە دەکەونە بەردەمی کارێزەکان و بەزەوی ڕێگەی دارەکە ناودەبرێت، مزگەوتی گەورەی بێستانسور کە بە مزگەوتە کۆنەکە ناسراوە و شوێنەواری ماوە، مزگەوتێکی دووقات بووە کە لەزستاندا لەناو دیوارەکەدا بۆشایی هەبووە و تینی گەرمی تەنورە ئاگرێك بەستراوە بە بۆشاییەکانەوە کە ئاگردراوە ژوورەکان گەرم بوون. ئەم مزگەوتە لە هەیوانێك و ژوورێکی گەورەی جومعە و جەماعەت و جێگای مردوو شۆرین و حوجرەی فەقێ و ژوور و ماڵی مەلا و هەورەبان پێکهاتووە، لەم مزگەوتەدا مودەریس و خەتیب و فتوازان و هتدی تیابووە. جا گەر مەلایەکی زانابووبێ یان هەندێ جار زیاد لە مەلایەك هەیئەتی تایبەتی هەبووە بۆ ڕاوێژ و مشاوەرە، ئەم مزگەوتە حاجی ئەمین دروستی کردووە و مەلا و حوجرە و فەقێش بەشی زۆر لەسەر حاجی ئەمین بووە و خەڵکی گوندەکەش هاوکارییان کردووە. مەلا بەناوبانگەکانی ئەمانە بوون: مەلا محمدی قەرەوەیسی برای حەزرەتی نالی ،(مەلا کاکە حەمە) دەڵێن سکەی لێداوە، (مەلا عبدالرحمان. بێ لوت) تۆزێ منگ بووە بە بێ لوت ناسراوە و زۆر زانا بووە، (مەلا شێخ تۆفیق بەرزنجی) کە زۆر زیرەك بووە.

مەلایەکی تری سنەیی کە مدەریسێکی زۆر بەتوانا بووە بەداخەوە ناوی نازانین. (مەلا عبداللەی هەجیج) کە فتواوێژ و

مدریسێکی زۆر بەتوانا بووە. (مەلا شێخ عوسمانی دۆڵپەموو)، (شێخ حسین شێخ رەحیم) کە زاهیدێکی گەورەی دینی بووە، (مەلا قادری سۆفی) زانا و مدەریس... هتد، ئەمانە لە مەلا کۆنەکانن کە ناویانمان بیستووە و هەندێکیشمان بینیوە.. هەر لە ڕووی ئاسەوارەوەئاشی کاك ئەحمەدی شێخ ئاشی(خەرقەڕەش. خەرگەڕەش) ئاشی باوەحاجی کە دەڵێن خاوەنداربووە(واتە خێوی تیابووە و لە بێ وەختدا کەس بەتەنیا نەیتوانیوە بەوێدا بڕوات)، (مامە ئەحەی ئاشەوان) کە بە ئەحەشەل ناسرابوو دەیوت من خێوەکەم دیوە سەرەتا لە شێوەی بزندا و دوایی بووە بە مرۆڤ و داوای خۆراکی کردووە و مسوڵمان بووە و بێ زیان بووە. بەڵام ئەگەر کەسێك بەکاری خراپە لەوناوەدا بجوڵایەتەوە ئەوا زیانی پێدەگەیاند، دیارە ئەمە ئەفسانەیە و لەوانەیە ئەوە بۆ ئەوە دروستکرابێت کە کەس نەتوانێت دزی و شت لەو ناوەدا بکات یان هەر کارێکی خراپ بەڵام مامە ئەحە زۆر بە ڕاستگۆیانە دەیگێڕایەوە، مامە ئەحە پیاوێکی شەل بووە وە دەرویشێکی مسوڵمان بوو وجاخی کوێر بوو لە بنەچەدا هەورامی بوو بەڵام لە باوباپیرەوە هاتونەتە ئەو گوندە و بەئاشەوانیەوە خەریك بووە، زۆر قسەخۆش بوو هەمیشە پێدەکەنی ... منداڵی زۆر خۆشدەویست .. خێرۆمەنیش بوو بەسەر موچەی خرەئاشەکەیەوە. گردەپیاوێکی بەتەمەن بوو لە نزیکی ٨٥ساڵ زیاددەبوو.. ئاسەواری ئاشی کوێخا عومەر کە بە (ئاشی خەندەك) ناوەبرا هی بنەماڵەی عمری فەقێ عەلی بوو. لەڕووی بەڵگەنامەی بوونی مزگەوت و مدرەسەی دینی و تەکێ و خانەقاوە هەروەها مەلای بەرز و مدرس و

موفـتی و شـێخی زاهیـد و موریـدەوە گونـدی بێستانـسور لـە دێـر زەمانـەوە خـاوەنی ئـەو شـتانەی سـەرەوە بـووە و مێژوویـەکی قـوڵ و بەرچاوی لـەڕووی ئـاینی و ڕۆشـنبیریەوە هـەبووە بـۆ بەڵگـەی ڕاسـتی ئـەو مەبەسـتەی لـە دەسنوسـێکدا کـە بەچـەند دێڕێکـی زانایـەك و چامەیەکی شـیعری شـاعیرێکی دەیـان سـاڵ لەمەوبـەر لـە بنەماڵـەی شـێخی نێرگزەجاڕ لـە لای (مامۆسـتا شـێخ حـسین شـێخ عوسمـان) نێرگزەجاڕی دەستمکەوت ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنن ئەمەش هۆنراوە و نوسراوەکەیە. لە کەشکۆڵەکەدا بەم شێوە هاتووە:

دیمەنێك لە گوندی بێستانسور

(مەلا ئەحمەد بۆ مەلاّ محمد ئەمینی نوسیوە)

هاتگە بێسانسوور.. هاتگە بێسانسوور
ماموٚستا! شێخن هاتـگە بـــێسانسوور
هەرچی مشایخ هاتگە ئەم نــــــــاوە
وەك هیچ كام نیە ئێجگـــــــار تەواوە
فرە حەز ئەكەم تۆیش دلّــــــت نەرم وێ
موخلیس بوی و ئامشۆت گـــــــەرم وێ
ئەر قولاو بدەن لە كـــــــــاسەی چاوم
شێخ وەها نەوێ موخلـــیسی نــــــاوم
لە ڕۆم تا عەجەم لە خـــوار تـــاوەژوور
هەرگیز شێخی وا نەهاتـگە شـــارەزوور
خەلّقە ئەیوت ئەحمەد زۆر دلّــــی ڕەقە
بێ تۆبە ئەمرێ جێگــــــەی دۆزەقـــە
بنازم بە صنع پادشای غــــــــــەفوور
تەواو ڕووی دنیا پڕبووگە لە نـــــوور

مەلا محمدی ناوجافیش بەم چامە درێژە وەڵامی مەلا ئەحمەد ناو ئەداتەوە کە من لێرەدا تەنها گوڵبژێرێکی دەخەمە پێشچاو:

وەك شابازنەویٚ .. وەك شـابازنەویٚ
مەلا! مشایخ وەك شـــــــابازنەویٚ
لە پێنج تەریقەت خۆشەویســـت نەویٚ
پەسەندی مەعقول کل مجلیس نەویٚ
حاکمی دنیاش تـــــــا تەواو نەویٚ
روتبەی حـــوکمەتی بـــۆ ڕێناکەویٚ
ئەوســـا لایقە بێینە ســــــەرتەخت
وەلیٚ کـەس نایکا وەحاکمی وەخت

لـە کەلەپورەکانـدا باسـی گۆمـەڕەش و قەبرسـانەکانمان کـردووە لەسـەرەوە.. ئاسـەوارێکی تـر کـە ئـەویش گـەرمکی قاسـم بـووە و ئەفسانەی خاوەندار بووە هەروەك ئاشی باوەحاجی ئەم شتە ئەفسانە و خورافیانـەش بەشـێکن لـە کەلـەپوری بێستانـسور بۆیـە ناچـارین باسـیان بکـەین ئیـتر ڕاسـتی و ناڕاسـتیان تـا چـی ئاسـتێك بێـت: (دارەکـەی قـادری حەمەشـەریف) یـەکێك لـە شوێنەوارە ناسـراوەکانی ئـەم گونـدەبوو، کـە داربەڕوویـەکی ئێجگـار سەروکەشـك جـوان بـوو بەپیرۆز ناسرابوو لە بناری چیاکەی چەناخچیان و نزیك گۆڕستانێکی کۆنینەبوو، تەمەنی زۆر کۆن بوو بەدەماودەم دەیانوت ئەو دارە هـەر هـەبووە، ئـەو دارە کـەوتبووە نزیـك پارچـە زەویەکـەوە کـە بەدەسـت (قادری حەمەشـەریف)ناوێکـەوە بـووە لـە بنەماڵـەکانی بێستانـسوور و

لـە هـۆزی ئـاڵی بـەگی. ئـا لێـرەدا ئـەوەمان لـەبیربێت ئـەو ئاسـەوار و کەلەپور و شوێنەوارانەی کە باسمان کردوون بەو ناوانەی ئێستاوە ناومـان بـردوون بـە مـروری زەمـان بـەگوێرەی شـوێنهەڵکەوتنیان و خاوەنـداریان ئـەو ناوانـەیان وەرگرتـووە.. خـۆ بـاس تووەکـەی عارفـە گزیر ناکرێت ئەم تووە کۆنە لە (١٥٠)ساڵ تێپەڕیوە قەدەکەی (٤مەتر) ئەستورە و بۆجاری چوارەم لە بوونیدا سەدان پەلی بۆ کۆڵەکە و نیرگە ودارەدا و سوتان لێکراوەتەوە... ئەم تووە دەڵێن پیاوێکی سمێڵ قیت و قسەخۆش و قسەزان نێژاویەتی کاتێك کە خۆی مێردمناڵێك بووە ئـەو پیـاوە (١١٠)سـاڵ تەمـەنی گوزەرانـدووە و هـەردەم ڕاوێـژکاری گوندەکە بووە، وەك وتمان لیژنەی پیاوماقوڵی ڕاوێژکار گوندەکەیان بـەڕێوەبردووە لـەکاتی خۆیـدا جـا ئـەو پیـاوەش واتـە (مـام عـارف)ە یەکێك لە هەرە ڕاوێژکارە گرنگەکانی بووە و بە عارفە گزیـر ناسـراوە. ئێستاش وەچەی ماوە و لـە بنـاری هـەورامانن.. (کـانی خەرقـەڕەش) ئەویش سەرچاوەیەکی ڕوون و شیرین بەزستان زۆر گـەرم و بەهاویـن زۆر سـاردە و بـە پـیرۆز ناسـراوە مێـژووی زۆر کۆنـە و دەتوانرێـت بوترێـت خەلیفـەی هاتۆتەسـەری، هـەرکاتێك بـاران زۆر نەبارِيایـە ئـەوا شتێك یان کەسێکی پیرۆز دەخرایە ئەو کانیەوە نوێژە بەبارانێ دەکرا و نـزا و نیـاز دەکـرا و خێـر سـەردەبڕا و ئیـتر بـاران بـاریوە، شـێخی خەرقەڕەش کە زاهیدێکی بەناوبانگ بووە هـەر کاتێك لـە بێستانسور بووبێت لەسەر ئەو کانیە نوێژی کردووە و وتویەتی ئـاوی ئـەم کانیـە بۆ چارەسەری نەخۆشی بەتایبەتی مناڵ زۆر چاکە، هـەردەم ئـەو ئـاوە بە پیرۆز زانراوە.

(مەزاری وەیس) ئەویش شوێنەوارێکی کۆنە کە گوایە وەیس بەڕێبواری کە بۆ بەغدا چووە بۆ زیارەی عبدالقادر گەیلانی لەوێدا حەواوەتەوە لەباخ و باخات و ئاوێکی ڕوون و سارد و جوان ئەو ئاوە دوای ئاشی کاك ئەحمەدی شێخی گێڕاوە، جا وەیس سەرگە و گردۆڵکە و سەحەنی بۆ نوێژ و حەوانەوە داناوە لە سەفەرەکەیدا گۆڕستانێکی زۆر کۆنی بچوکی لێیە ئیتر خەڵکی وتویانە مادەم ئەو گۆڕستانەی هەڵبژاردووە دەبێت زۆر گۆڕستانێکی پیرۆز بێت، لەوکاتەوە مەزارە و خەڵکی چوارشەممان و هەینی چوونەتەسەری بۆ نیاز و سەیران و نزا و نوێژە بەبارانێشی لەسەر کراوە... ڕاستی وردە شوێنەوار و ئاسەوار لەم گوندەدا زۆرە و بوونەتە نیشانکرد بۆ جێگەکان و هتد... بۆ نمونە (کێلەسپی) بەردێکی گەورەی سپی باو بوو کەوتۆتە سەر ڕێگای بێستانسوور چەناخچیان بەو ناوەوە ناسراوە و ئەو زەویانەی ئەو ناوەش بەزەویەکانی کێلەسپی ناسراون، ئەمانەی سەرەوە لە بواری کەلەپور و مێژوو و شوێنەوار و ئاسەواردا لاپەڕەیەکی گەشی ئەم گوندە بوون.

د. باری کۆمەڵایەتی و نەریت و کەسایەتی(بێستان سوور)

١. خەڵکی ئەم گوندە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستاش هەموو لە بنەماڵە کوردەوارییە جافیەکانی هۆزی (ئاڵی بەگی، بێستانسوری) کە هەموو ئەمانە لە بنەماڵە ڕەسەنەکانی باووباپیرانی خەڵکی شارەزووری مێژووین، داب و نەریتی کوردەواری لە ناوچەی شارەزوور پەیڕەو دەکەن، وەك ئاین مسوڵمان مەزهەبن پەیڕەوی

تەریقـەتی دەروێـشگەری (قـادری)دەکـەن، گفتوگـۆ و جـل و بـەرگ و دابونـەریتی خـەڵکی شـارەزوور پـەیڕەو دەکـرێ (٩٩٪)ی خـەڵکی ئـەم گونــدە بــە کــشتوکاڵ و ئاژەڵدارییــەوە خــەریکن و نزیکــەی (١٪)ی بەکاری فەرمانبـەری و دوکانداری و ئاڵوویڵـەوە خـەریکن(١) (جێگـای نیشتەجێیان خانوبەرەی دەستوری دێهاتی شارەزوورییە و شێوازی کارکردن بەتاك و کۆمەڵە و لـە خۆشی و ناخۆشیدا هەردەم هاوکاری یەکدەکەن گەورە و بچوك بەتەنگ یەکەوە دێن لە خۆشی و ناخۆشیدا گەرچی ساردییەکیش هەبووبێت لەنێوان دوو کەس یان دوو بنەماڵە و هۆزدا بەڵام کاتەکانی خۆشی و ناخۆشیدا ئەو ساردیی وەلانراوە و بەسەروماڵ هاوکاری یەکیان کردووە، لە ئاواییدا دەستەی پیاوماقوڵ و دەمــسپی و مامۆســتای ئـایینی و ڕاوێــژکار بـووە و بـۆ سـوڵح و هەڵــسوڕانی کاروبـار و پرسـدا بەقـسەیان کـراوە(ڕیـش سـپی یـان دەمسپی ئاوایی) فرمانی بەجێی دابێ بەقسەیان کردووە و جێبەجێ کـراوە، هــەرگیز ئـەم گونـدە بـێ دەمـسپی و بەرپرسـیارنەبووە بـەڵام لەسـەر شێوەی عەشایەری و دەمـسپێتی نـەك ئاغـایی، خـەڵکی گوند لەگەڵ بەرپرس و دەمسپیەکەیان لە کاروباری گوندەکانی دەوروبـەردا لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدارییان کردووە (ماڵـەوا) ی گاوانـەکان بۆ کۆکردنەوەی نان کردویانە. (راتبەی فـەقێ) فـەقێکان نـان و چێـشتیان کۆکردووەتــەوە، کاسەدراوســێ، شــەومیوانی یــەکتر، کۆمەکــی ساوەرکوتان، گڵەبان و هتد.. هـەروەها شایی، شین، سوڵح هاوکاری جــەژن و داب و نــەریت و کارەســات هەرچــۆن بۆخۆیــان بەتەنگــەوە هاتوون.

٢. کەسایەتیە ناودارەکانی ئەم گوندە(پیاوان)

حاجی ئەمین: ئەم پیاوە کەسێکی ناسراو و ناودار و ئاینپەروەر و نیشتمانپەروەر بووە، پیاوێکی چوارشانەی گەنم ڕەنگ بووە، ریشی هەبووە کەواو سەڵتەی لەبەرکردووە، خاوەنی لاودیوەخان و بەخشندە بووە، دەسەڵاتیشی هەبووە لەناو گەورەپیاوانی ناوچەکەدا و هەردەم لە ڕاوێژ و سوڵح و داخوازیدا خاوەنی قسەی ڕەواجدار بووە و بەقسەی کراوە ئەو پیاوە دامەزرێنەری گوندی بێستانسوور بووە و زۆر ئەمین و لەسەرخۆ بووە، گەرچی لەسەرەتاوە کێشەی هۆزایەتی پەیدابووە بەڵام بەحیکمەتی ئەو پیاوە لەوەدوا خەڵکی وەك یەك مستیلە وابوون لە پەنجەیەکدا، هەمیشە عەبای شاڵی سورمەی بەشانەوە بووە و گۆچانێکی پێ بووە و سوارچاکێکی ناودار و تفەنگ چییەکی چاکیش بووە، کاتێك کە عوسمانیەکان خەڵکیان ڕەشبگیر کردووە ئەو توانیویەتی لە ڕێگای بەرتیل و تەنانەت شەڕیشەوە زۆر کەس ڕزگار بکات، نامەشی ناردووە بۆ ئەستەمبوڵ، کە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا خەڵکێکی گەورەی دەستڕۆیشتوو دۆست و ناسیاوی بووە و لەڕێگای نامە و ناسیاویەکەیەوە زۆر کەسی ڕزگارکردووە، مزگەوتی گەورەی بەناوبانگ کە باسمان کردووە ئەو دروستی کردووە و هەمیشە مەلای چاك و خزمەتگوزاری باشی تیابووە و پڕبووە لە فەقێ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی، و هاوکاریش (٧٥٪)هی خۆی بووە، ئەو پیاوە نەخوێندەوار بووە بەڵام زۆر زانا بووە.

(فقیٚ علی قاسم کریم): کەڵەپیاوێکی ناوداری گوند و ناوچەکە بووە سوور و چاوشین و بەهەیبەت بووە، چوارژنی بووە(دایە خاتون، پەری خان، مەنیج، پیرۆز) سەرەتا لە مزگەوتی حاجی ئەمینی مامی هەر لە بێستانسوور دەچێتە بەرخوێندن و پاشان بەهۆی پەیوەندی و تێکەڵییان لەگەڵ کاکە ئەحمەدی شێخ دەیبەنە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە(مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ) خوێندنی فەقێیی تەواو دەکات بەهاوپۆلی(شێخ محمود حفید) هەر بەهۆی ئەم پەیوەندیەوە دەبنەدۆست و خۆشەویستی یەك لەگەڵ شێخ محمود حفید زۆر پەیوەندییان پتەو دەبێت پاشان دەگەڕێتەوە بێستانسوور و پاش وەفاتی حاجی ئەمینی مامی کاروباری گوند و عەشیرەت دەگرێتەئەستۆ و دەسەڵاتەکانی فراوان دەکات بەسەر ناوچەکەدا و گیانی پتەوی هاوکاری نێوان گوندەکان بەهێز دەکات و ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەخزمەت و نانداني خەڵك و یارمەتی خەڵکی فەقیر و هەژاران و بیٚ دەرەتان. ئیشوکارە خێرخوازیەکانی شاهیدی ئەو کاتەن، بۆنمونە: ئێستا گۆڕستانێك هەیە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای بێستانسووری گەورە کە دەکاتە بەردەم باڵەخانەکەی (فەقیٚ علی) هیچ کەسێك لەو گۆڕانە ناسراو نین یان خەڵکی ناوچەکە نین، حاجی حمەئەمین قالە عاسیٚ لە تەمەنی(١٢٠)ساڵیدا ئەیگێڕایەوە ئەو خەڵکە لە سنورەکانەوە و لە ئێرانەوە ڕوویانکردۆتە بێستانسوور. (فقیٚ علی قاسم) هەمو ڕۆژیٚ چەند مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە خواردنی بۆ تێرکردنی ئەو لێقەوماوانە هەر بۆیە هەر بۆیە بەو هیلاکی و برسێتیە کە چەندین ڕۆژ هیچیان نەخواردبوو ڕیخۆڵەیان

وشك بووه وه كاتێك كه تێریان ئەخوارد هەر لەویٚ گیانیان ئەسپارد و ئێمــەش خــەڵكی گوندەكــە فریــای ئــەوه نەدەكــەوتین بیبــەین بــۆ گۆڕستانی دارەڕەش هەر لەبەردەم باڵەخانەكه بەخاكمان دەسپاردن.
وه فقیٚ علـی قسەڕەوا و دەستڕشـتوو بـوو لـه كـاتی عـسمانیەكاندا كاتێك ڕشبگیری كورد دەكرا و عسمانیەكان دەیانبردن بۆ سەربازی كه بە(ریفـی ریفـی) ناسـراوبوو لەناوچـەی دەسـەڵاتی (فقیٚ علـی)دا ئـەو ڕەشبگیریه نەكراوه بەڵكو بەپاره دەفعی كردووه كاتێك (١٧) پیاوی نـاوداری ناوچـەكه بـەر ڕیفی ریفـی دەكـەون (فقیٚ علـی) لەدەسـتی سـوپای عـسمانی وەریاندەگرێتـەوه بەرامبـەر چـەند كیسه لیرەیـەك، هەروەها (فقیٚ علی قاسم) ڕۆڵێكی گرنگی هـەبووه لـه نزیككردنەوەی سەرۆك عەشیرەتەكان و شێخ محمودی حفید زۆر جار پێكی گەیاندون و كێشەكانی چارەسـەر كردوون و شێخ محمود زۆری خۆشویستووه و قـسەی نەشـكاندووه، هـەروەها (فقیٚ علـی)بەخـشندەبووه كاتێـك (حاجی قادری وەیس) بۆ لەوەڕخۆری دێته سنوری فقیٚ علی ئەویش پێشوازی لێدەكات وه حاجی قادر كچێكی خۆی پێشكەش بـه كوڕی (فقیٚ علی) دەكات ئەویش پارچەیەك زەوی هدیه دەكات كه لەكۆتایی ساڵی پەنجاكانـدا گونـدێكی لەسـەر بنیـات دەنێـن، بـەناوی ئـەو گرده ئاساریەی كه لێوەی نزیكه (گردی كاژاو). وه فقیٚ علی قاسم خاوەنـی (٢٣٥٠)دۆنم زەوی موڵكــه ئێــستا بەدەســت وەرەســـەكانیەوەیه وه خاوەنی چوار ئاشی ئاو بووه، موڵك و هەوارگه و ڕەز و باخ و ئاوی هـەبووه لـه پوشـێن بـۆ هاوینـان ژن و منالـەكانی دەنـارده ئـەویٚ لەبـەر مێـشووله و هـوڕەی شـارەزوور، بـەڵام لـەم دواییانـه عمری فقیٚ علـی

وەقفی مزگەوتی پوشێنی کردوە.

حمە سعید ڕەمەزان: پیاوێکی ڕەشتاڵەی ئازای بزێو بووە ڕوولەخوا و ئەهلی مزگەوت بووە هەمیشە حەزی بە بەخێوکردنی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردووە و تەبایی و یەکڕیزی گوندەکەی پاراستووە، ڕیش سپی و جێگای ڕاوێژبووە، هەندێ جار لەگەڵ بنەماڵەکەی بەدوای لەوەڕدا گەڕاوە و جافایەتی کردووە، لە بنەماڵەدا دەگەڕێتەوە سەر قەرەوەیس.

ئەوڕەحمانی برای ئەلی: پیاوێکی باڵابەرز بووە، پرچ و ڕیشدار بووە و کەواو سەڵتەی لەبەرکردووە، ڕاوێژی شەرت وبڕی بەدەست ئەو بووە لە ئاواییدا، واتە بۆ گرتنی شوان و گاوان و ڕەنجبەر و... پیاوێکی مسوڵمان و لەخواترس بووە.



کەرەم وەیس: پیاوێکی ڕەقەکاری مامناوەندی گەنم ڕەنگ بووە نەخوێندەوار بووە.

عمر فقێ علی قاسم کریم: پیاوێکی باڵا بەرز و سور و سپی جوان بووە، زۆر لەسەرخۆ و نیشتمان پەروەر و ئاین پەروەر بووە، زمانی عرەبی دەزانی لەدوای وەفاتی باوکی (فقێ علی) دەست

نیشان کرا وەك ڕیش سپی هۆزەکەی خوێندەوار بووە و سێ ژنی هێناوە زۆر سادە و لەسەرخۆ بووە، حەزی بە تەبایی و یەکڕیزی خەڵك دەکرد لەگەڵ منداڵاندا منداڵ بوو لەگەڵ گەورە گەورە بوو سەردانی ئەو منداڵانەی دەکرد کە تەواو بێکەس بوون بەتایبەتی لە جەژناندا، لاو دیوەخانی پڕبوو لە خەڵك هەرگیز نەیدەهێشت مزگەوت کەموکوڕی تێکەوێ چ لەڕوی خزمەت و چ لەڕوی فقێ و چ لەڕوی مەلا و خوێندن و جومعە و جەماعەتەوە، نوێژکەر و داوێن پاك بوو لە چلەی هاویندا بەڕۆژوو بوو هەمیشە چاوی لەبێ باوکان و بێ کەسان بوو خزمەت و هاوکاری دەکردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوانی هەبوو پیاوێکی قسە خۆش و لەسەرخۆو نەرم و نیان بوو لەڕاوێژدا ئاین پەروەربوو زۆربەی کات شەڕواڵ و مرادخانی لەبەرئەکرد بەپێچەوانەی دەم سپی یەکانی ترەوە مشکی ئەڵوەنی و فەقیانەی دەبەست سەردەرچووبوو لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی میری هەتا لەبەغدادیش، کە شۆڕش بەرپابوو یەکەم کۆبونەوەی گەورە پیاوانی عشایر و خەڵکی تر لەدیوەخانی ئەودا کرا یەك لەشکر دابەزی بوو توانی بەمیوانداریێکی بەڕێی بکات، وە بڕیاری شۆڕش لەوێ درا، بەڵام (کوێخا عمر) شۆڕەسوارێکی کوردایەتی و نەتەوایەتی بوو،چونکە زوو لاوانی گوندو ناوچەکەی ڕێکخست وچەکی کۆکردەوە خۆی بووبەڕابەرسیاسی لەسەرەتای شۆڕشدا و سەنگەری لەپێشەوە لە دەربەندی پشتی دەربەندیخان گرت، دەتوانرێ بوترێت خەڵکانی تر واتە دەم سپی یەکانی تر پشتیان بەردا، بەڵام وازی لە شۆڕش نەهێناو دوای شکانی هێزەکە لەگەڵ چەند هاوەڵێکی دا

بنکەی (وێڵەکەیان) دامەزراند، بەردەوام بوو لە شۆڕش هەتا توشی نەخۆشی بوو بەسەردا کۆچی دوایی کرد، لەبیرمە خۆم گوێم لێ بوو ئەیفەرموو ئەم شۆڕشە ئەگەر توشی دوبەرەکی نەیەت ئەوا ئەمجارە کورد شتێك بە شتێك دەکات، بەڵام دوای کۆچی دوایی ئەو خەوە ترسناکەکەی هاتەدی شۆڕش توشی دوبەرەکی بوو، بەخۆمی ووت بەپێکەنینەوە فەرموی ئەگەر چویتە (بەغداد) بۆ خوێندن و پرسیان کورد چی هونەرێکی هەیە؟ بڵێ لەژێر بەردی ڕەق نان دەردێنێت، گەر ووتیان مانای چی یە؟ بڵێ هونەری ئاش دروست کردن هونەرێکی دێرینی کوردە کەلەم دوایانە گەلان لەڕێی ئامێری نوێیەوە بۆ هاڕین پەیان پێ بردووە، بەهەرحاڵ پیاویکی مەزن و لەسەرخۆو خۆڕاگر بوو.... پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ (ملیك) و پاشان (عبدالكریم قاسسم) هەبوو وە لەگەڵ تیرەکانی ناوچەکە تەبابوو وەچەندین سوڵح و کێشەی چارەسەر کردووە بۆیەکەم جار کە (توتن و پەموو) لە شارەزوور کرا لەسەردەستی ئەم چەندین ماڵی کۆیی هێنا لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد و عمر دەبابە) دۆستایەتی نزیکیان هەبوو، ماڵەکان لە بێستان سوور دەستیان کرد بە چاندنی توتن و لۆکە.

کوێخا عومەر لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە بنکەی وێلەکە

بچوك(بێستان سووری کۆن) لە ساڵی (١٩٥١) بەرەوژور وە لە زەوی خۆیدا جێگای خانوی داپێیان نیشتەجێ بوون.

هەر کێشەیەك دەستی تەماعکار ڕوبکاتە ناوچەکەی و بێستان سوور ئەم پارێزگاری لێکردووە بۆیە کۆمەڵێك تەماعکار چاو دەبڕنە بێستان سوور کێشەو نیزاع دروست دەبێت (کوێخا عمر) ڕێگە نادات دەست درێژی بکەنە سەر بێستان سوور پاشان (یاسا) تەداخول دەکات(حاکم) ی سلێمانی دێت لەگەڵ ئیدارەی ناوچەکە، چلەی هاوین دەبێت دەچنە سەرزەویەکەی هەردولا (کوێخا عومەر) بەڕۆژو دەبێت مشکیەکەی تەڕدەکات دەیدا بەسەریدا، (حاکم) ڕوئەکاتە جەماعەتی تەماعکار پێیان ئەڵێ بەڵگەتان چییە؟.. ئەم زەوییە هی

ئێوەیە، ئەوانیش کەسێکیان بە پارە هێناوە کە سوێند بخوات ئەم زەوییە هی ئەوان بووە، ئەویش ڕووئەکاتە حاکم دەڵێ: جەنابی حاکم سوێند بێ بە قورئان ئەم خاکە لە ژێر پێمدایە خاکی بەرزنجەیە تەسەڕوفی ئەوانە، کوێخا عومەر ئەڵێ: جەنابی حاکم با پێڵاوەکانی داکەنێ، کاتێك پێڵاوەکانی دائەکەنێ خۆڵی بەرزنجەی کردۆتە ناو پێڵاوەکانی سوێندی لەسەر خواردووە، حاکم هاوار ئەکات ئیمان ڕۆ، زەویەکەش ناو دەنێ (ئیمان ڕۆ) هەتا ئێستاش هەر ئیمان ڕۆیە. ئاغاواتەکانی ئەو سەردەمە نەیانئەهێشت قوتابخانە بچێتە گوندەکانیان، بەڵام ئەم ئاغا نەبوو دەمسپیی عەشیرەت بوو، خۆی یەخەی میری ئەگرت هەتا قوتابخانەی هێنایە گوندەکەوە ساڵی (١٩٥٣. ١٩٥٤) قوتابخانەی کوڕانی کردەوە وە لە ساڵی (١٩٥٦. ١٩٥٧) قوتابخانەی کچانی کردەوە لە بێستان سوور وە خانوویەکی خۆی بۆ دابین کرد، کچەکانی خۆی نایەبەر خوێندن تا خەڵکی گوندەکە کچەکانیان بنێرن، وە خاوەنی سێ ئاشی ئاو بووە لەو سەردەمە ئیشوکاری خەڵکی ناوچەی شارەزوور و قەرەداغ و شارباژێڕی بەڕێکردووە، وە سێ ژنی هێناوە (فهیمە، خجێ شێخ بووە، بەهیە).

ئەبوبەکر عمر فقێ علی قاسم: ساڵی (١٩٤٩) لە گوندی بێستان سوور لە دایك بووە، خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە، دوای وەفاتی باوکی (کوێخا عومەر) لەبەر لێهاتووی و زیرەکی هەڵبژێرا بە ڕیشسپی گوند و عەشیرەتی (عێڵ بەگی جاف) کەسایەتییەکی هەڵکەوت و نیشتمانپەروەر بوو، هەمیشەماڵەکەی لە خزمەتی

شۆڕش و هەژاران و لێقەوماوان بوو، زۆر بە حیلم و لەسەرخۆ و زۆر لێزان بوو، بە سەلیقە بوو هەمیشە کارەکانی بە مشاوەرە لەگەڵ ڕیش سپیان جێ بەجێ دەکرد، وە زمانی (عەرەبی و فارسی بەباشی دەزانی)، وە تێگەیشتن و خوێندنەوە و قسەکردنی بە زمانی ئینگلیزی باش بوو، وە زۆر شارەزا بوو لە مێژوو، زانستی پاراسایکۆلۆژی، پزیشکی روەکی، العیلم الروحانی، شوێنەوار ناسی، جوگرافیا، وە چەند کتێبی دەست نووسی هەیە تا ئێستا چاپ نەکراوە لەوانە (قسەی خۆش، شعر، وە لە شەستەکان تا دووهەزار و سێ). پیاوێکی نیشتمان پەروەر بوو هەمیشە خەمی (وولات و نەتەوەکەی) لە کۆڵ بوو کاتێك ڕژێم نزیکەی (٧٠) ماڵی لە خانەقین ڕاگوێزایە دەشتی باریکە - عەربەت کە هیچ پێویستیەکی سەرەتایی ژیانی بۆ دابین نە کردبوون، (ئەبوبەکر) هەستی نەتەوایەتی وایلێکرد، فەرمووی ئەگەر ژیانم دانابێ نایەڵم لەژێر کەپر و خێمە بن لەو دەشتەدا، هێنانیە بێستان سوور لەناو خۆیاندا جێگەی کردنەوە، لە موددەی ئەو ساڵانەی کە ڕژێمی بەعس دەستی کرد بە ڕاگواستنی گوند و شارۆچکەکانی سنوری کوردستان، (ابوبکر) جێگەی (٥٠٠) ماڵی شلێر، پێنجوێن، هەڵەبجە، تەپە ڕەش و گردەنازێی کردەوە، زەوی دانێ کەسابەتی تیا بکەن وە شوێنە (سەخەریەکانی) بە خۆڕایی داپێیان بەردی بینایان لێدەردەهێنا و دەیان فرۆشت، وە یەکێك بوو لەو کەسایەتیانەی ناو جاف و سنورەکە کە سەری بۆ جاش دانەنەواند، تەنەزولی بۆ نەکردن، مەوقیفی خۆی پاراست، وە زۆر هاوکاری هەژاران و لێقەوماوانی ئەکرد، وە لە گرانیە شومەگەی

(ساڵانی نەوەدەکان) کە بەسەر گەلەکەماندا هات هەڵوێستی خێرخوازی و لەخۆ بوردویی و جوامێری هەبوو، ئەیفەرموو ئەمە ڕۆژێکی ڕەشە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە ئازا ئەو کەسەیە کە یارمەتی هەژارێك بدا، ئەمە تاقی کردنەوەی (خودایە) بە براو کوڕەکانی ئەفەرموو هەتا ئەتوانن یارمەتی فەقیر و هەژار بدەن ساڵانە چەند فەردە گەنمی هەبوو جگە لە هەندێ پێویستیاتی لێ هەڵئەگرت پاشان دابەشی ئەکرد بەسەر خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتدا،هەروەها کارەبای هێنایە گوندەکە، وە زۆر هاوکاری بواری خوێندنی ئەکرد، تا سێی ناوەندی لەگوندی بێستان سوور کردەوە وە بینای خوێندنی لەسەر حسابی خۆی تەعمیر کرد، وە هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەیەکی نوێی دا و (١٠٠٠٠م) زەوی خۆی دابین کرد بۆ ئەو خوێندنگە نوێ یە، وەپاش خۆی خوێندنگەی (١٨) پۆلی نوێ لەسەر زەویەکە کرایەوە، وە پاش تەواوبوونی وەزارەتی پەروەردە وەك ڕێزێك بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بۆ پێش کەوتنی بواری خوێندن لە ناوچەکە، خوێندنگە (١٨) پۆلیەکەی ناونا بەناوی (ئامادەیی ابوبکری کوێخا عمر) جگە لە بواری خوێندن هاوکاری و یارمەتی مزگەوتی زۆر ئەکرد، وە زۆر دەوری هەبوو لە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان لە ناوچەی گەرمیان و شارەزوور و پێنجوێن، وە لە ساڵی (١٩٩٦) لە لایەن ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی هەموو بنەماڵەکانی (عێڵ بەگی جاف) هەڵبژێررایەوە بە سەرۆکی گشتی عەشیرەتی عێڵ بەگی جاف، پیاوێکی خەمخۆر و لە خۆبرد و نیشتمان پەروەر بوو، بەداخەوە لە (٩/٢/٢٠٠٨) لە تەمەنی (٥٨)

ساڵی وەفاتی کرد، وە پاش خۆی لە لایەن ڕیش سپی عەشیرەتی عێڵ بەگی جاف (اسکندر ابوبکر عمر) یان هەڵبژارد وەك ڕیش سپی عەشیرەت.

بەهاری ئەم ساڵ

ابوبکر عمر فقێ علی

بەهاری ئەم ساڵ نیوەی زستانە
عالەم گیرۆدەی تەرزە و بارانە
زەوی شەقدارە و زەردەی لافاوەن
گوڵاڵە سووران لە ژێر قوڕاوەن
بە پەردەی قوڕاو گشت داپۆشراوەن
وا هاوار ئەکا ئەو پەردە لاوەن
سەوزەی دەغڵ و دان گشتی کەوتوەن
سەوزەکەی بەختمیش تێکەڵاوبوەن
ئابەو زستانەی پڕ بارانی پار
تا بن چەقیوە جەستەکەی زامار
دەرچوونی نیە ئالەو قوڕاوە
تا هاوین نەیە هێزی نەماوە
شیفاکەی زستان بە دەستی یارەن
ئەگەر مەیلی بێ زستان بەهارەن

لێرەدا وەك هەموو شاعیرانی تر بەهار بە نیسبەت شاعیرەوە واتە گەشانەوە و پێشکەوتن و جێگیر بوونی دەسەڵات و پێشکەوتنی وولات، بەهاری ئەم ساڵ مەبەست کاریگەری توانەوەی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٤) و داپۆشینی خەم و خەفەت و بێئومێدی بەسەر کوردانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر هەبوونی تەرزە و بارانی بە دەستێکی سەرەتایەکی ناخۆشی بیردەکات ئەو خوێنە گەش و پاکەی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان کە ڕژاوەتە سەر خاکی کوردستان، بەڵام ئێستا شتی پیس بەسەریدا دەڕوات و لەژێر زەحمەتی پۆستاڵی ڕژێمی دوژمن بە گەلی کوردمانە، بەڵام لە هەمان کاتدا مژدەی سەدایەك، دەنگێك وە بانگەوازێك دەدات بە خەڵکی، سەدای بانگەواز بۆ لادانی پەردە لەسەر زۆرداری و دەڵێت هەموومان یەك چارەنوسین بۆ مردن و ژیان پێکەوەبوون لە هەمان کاتدا ئومێد بەخشە بە هاتنی زلهێزێك کە هێزی لەسەروی هێزی ئەم زۆردارەوە بێت، ئەویش هاتنی هاوینە بەرانبەری ئەو زستانە و بەهەمان شێوە دەڵێت ئەو زلهێزەی کە یارمەتی دەری ئێمەیە دەتوانی زستانی زۆرداری بڕەوێنێتەوە، هەر ئەویش ئەتوانێت زستانمان بۆ بکاتە بەهار. ...

سەیرکە چی سەیرکە سەیری پێشکەوتنەکەت

سەیری جگەر براوی دڵی پڕ خوێنینەکەت

سەیری ئەژنۆی شکاو و لاشە نەخۆشینەکەت

سەیری بەڵای لابەلای سەر خاکە زێڕینەکەت

سـهیری لاشەیەکی ساغ ساغی پۆلاینەکەت
بە دەستی ڕەش ئەو لاشە کرا بە جێی شینەکەت
لاشەیەك بوو بە جێگای شین و زووخاو زەحمەت
هەر ئەو شـین و زووخاوە ملت ئەباتە ژێری پەت
ڕێگای ڕاسـتی گومکرا نادۆزرێتەوە زەحمەت
وەختێك ئـەدۆزرێتەوە ئیتر ئەخورێ لە مشقەت
چەند خۆشە ئەو دەورە وا هـەمووی پاڵ ئەداتەوە
لافاوی ڕاستی بەجـارێ ئەو حوکمە دەشواتەوە
دەس لەمـلان دەبێ تـازە بانادەتەوە
چونکە دەوری بینیوە خـۆی فیکر دەکاتەوە
ئەو تـەوق پۆلا زلەی وا لە ملی مـن و تۆ
ئاگری ڕاسـتی بەجارێ هەمووی ئەتاوێنێتۆ

ابوبکر عمر فقێ علی

لێرەدا شاعیر بە پێچەوانەی خەڵکانی ڕوکەشەوە واتە ئەوانەی تەنها ڕوکاری دەرەوەی شتەکان دەبینن، شاعیر گەشبین نیە بەرامبەر بە سیاسەتی ڕژێم بەرامبەر بە گەلی کورد بەو سیاسەتەی کە گورگ لە پێستی مەڕدایە بانگەشەی پێشکەوتن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری دەکات، بەڵام ناوەڕۆکەکەی لەناوبردن و قڕکردنە ئەمەش لە پێناوی سڕینەوەی کورد زمان دزینی خاك و وولاتەکەمان چەند بە پیت و بەرەکەتە و هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی کانزایی و کشتوکاڵی

یە ئەمە جگە لە پیت و بەرەکەتی خاکەکەی، لە هەمان کاتدا شاعیر زۆر گەشبینە بە داهاتووی وولاتەکەی بەوەی کەلافاوی ئەو زۆرداریە ڕادەماڵێت و گەلی کوردمان دەبێتە خاوەنی وولاتی خۆی.

حەمە وەروەر: ئەم پیاوە زۆر ئازا و چاو نەترس و چاپوك بووە، خاوەنی دەست و تفەنگی خۆی بووە، کە زوڵم و زۆری تورکەکان گەیشتۆتە ئەوەی تالان و بڕۆ و ڕەشبگیر و سەرانە، ئەم لاوە بەجەرگە لەگەڵ لاوان و هۆزی گوندەکەدا بەسەرپەرشتی پەلاماری جەندرمەیان داوە و برایەکیشی بەناوی (حسن وەروەر) بریندار بووە، کوشتار و زیانی چاکیان لە جەندرمەکان داوە و بڕای بڕ، نەك لە هۆز و گوندەکە بەڵکو دەوروبەریش لەو ڕەفتارە نالەبارانەی تورك ڕزگاری بووە و بەوە نازناوی (وەروەر)[١٧] کە ئەوکاتە بە دەمانچەش ووتراوە وەروەر، نازانم عربی یان تورکی یە، تا ئیستاش بنەماڵەی ئەو پیاوە بەو ناوەوە ناسراون، ئەو پیاوە هەردەم خۆشەویستی ڕیش سپی و پیاوماقوڵان بووە، چوارشانەیەکی کورتە بالای گەنم ڕەنگ بووە.

قالەی زلێخا:. ناسراو بە (کوتەك سور) ئەم پیاوە پیاوێکی زۆر چاو نەترس بووە، سڵی لە دێو نەکردووە کەمێك خوێندەوار بووە لە هۆزی حمە سعیدی ڕەمەزان بووە، لە بنەچەدا باو باپیری لە چوارتاق تا عەربەت دانیشتون، چوارشانەیەکی سورکار بووە، ڕانك و چۆغە و مشکی ئەڵوەن و فەقیانەی کەتانی بەستوە و پۆشیوە، تفەنگچی چاك بووە، یەك لە پیاوانی ڕاوێژکاری گوندەکە بووە، ئەرکی سەرشانی پەروەردە و (تەمێ و تەزکی یە) ی ئافرەتان بووە چی لەکاتی هەڵسان و دانیشتن و چون بۆ شین و شایی و کاروئیش و ناو ڕان و ئاو هێنان

و میوانداری و هەندێ مەسەلەی شوکردن و هتد...، ئەو پیاوە هەرلە ئافرەتانی دەم سپیی ئاوایی یەوە بگرە هەتا دوامالی توانیویەتی دەسەلاتی خۆی بۆ پەروەردە و هەڵسوکەوتی چاکەی ئافرەت بەرکەماڵ بێ، بۆیە بە کوتەك سور ناسراوە، چونکە کوتەکێکی پێبوە هەمیشە گرتویەتیە خەنە و لە داری بلاڵوك بووە، ژنانی بەو کوتەکە ترساندووە ئەگەر لامجومی بکەن، هیچ ئافرەتێك نە لە قسەی دەرچووە نە توانیویەتی لامجومی بکات، بۆ نمونە دەڵێن جارێك ئافرەتێکی بنەماڵەی دەم سپی یەکان کونەیەك ئاو بە کۆڵیەوە بووە بنێشت لە دەمیدا بووە و کونە ئاوەکە کونێکی تێدا بووە، کە پێی دەڵێن پشك کە پشکی کونەکە بەربووە، ئاو بەلەشی ئافرەتەکەدا هاتۆتە خوار و جلەکانی نوساوە بە لەشی یەوە، بە شپرزەیی بێ ئەوە گوێ بداتە ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ئاو و خۆی چاك کات کونەکەش چاك کات، هەر بەو حاڵەوە دەدات بە بەردەمی خەڵکەکەدا کە لای مزگەوتەوە وەستاون و خەڵکی (لایە) بێگانەشیان تێدا دەبێ، قالەی زلێخاش هەڵدەگرێتە کوتەکەکەی و کە ژن دەگاتە ماڵ و کونە دادەنێ بێ پرس وڕا دەکەوێتە لێدانی، ژنە هەرچی هاوار دەکات کەس ناچێت بە دەنگی یەوە ڕیش سپی زیاتر پشت گیری قالە دەکەن، هەتا جارێکی تر ئافرەتێکی تر بزانێ چۆن هەڵدەسێ و دادەنیشێ. ..
دیارە لە لایەکەوە ئەمە زوڵمە لە ئافرەت، بەلام لە چەند لایەکەوە پەروەردەشە، ئەمەش نمونەی برایی و تەبایی و بەرپرسی یەك لە ڕاوێژی ئەم گوندەدا. .

حاجی حەمە امین قالە عاسێ: ئەم پیاوە، پیاوێکی ئاینی و سورکارێکی چوارشانەی پڕ بوو، خاوەنی ڕیش و پرچ بوو، فیشەکی هەڵدەبەستەوە لەو باروتەی کە خۆی دروستی دەکرد، باروتەکە لە میزی ئاژەڵ کە دەبوو بە پرکە قارچك، ڕاوچی یەکی زۆر بەتوانا و دەست ڕاست بوو، جلی شەرواڵ و مرادخانی لەبەر دەکرد، زۆر قسە خۆش بوو لەگەڵ گەورە و بچوکدا ڕوو خۆش بوو، نەخوێندەوار بوو بەتوانا و خۆ ڕاگر بوو، کاری ئەم پیاوە هەڵسوڕانی کاروباری مزگەوت بوو، بۆ گرتنی مجەور هەتا دۆزینەوەی مەلا، دار هێنان بۆ مزگەوت و پاراستنی مزگەوت و هتد. .، کارە سەرەکیەکەشی ئەوەبوە کە مەسەلەی مردوو و تازێتی قەبر و قەبران، هەر خۆی قەبری هەڵدەکەند وە خۆی کفنی بۆ پیاوان دەکرد، هەندێ جار خۆشی دەستی بۆ کاروباری حەوت شەو حەوت ڕۆژ تازێتی و پرسە بەسەر و کاری میوان و نان و چاو ئاو هتد. .، ڕادەوەستا و سەرپەرشتی دەکرد، ئەوە کارەکانی ئەو بوو، کەس لە قسەی دەرنەدەچوو، ئەویش بەبێ بەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجام دەدا، وە یەکێك بوو لە ڕاوێژکارانی گوندەکە.

شیخ حسین شیخ رحیم: ئەم زاتە هەر ئەوەندە نییە کە لێرەدا بەچەند دێرێك باسی بکەین، بۆیە نەمانتوانی تەنها ئەمەندە نەبێ بڵێین یەکێك بووە لە عالم و کەسایەتییە ڕاوێژکار و پیرۆزەکانی ئەم گوندە، خەڵکی گوند (منداڵان) ی فێری خوێندەواری کردووە بەبێ بەرامبەر، بۆ درێژەی باسی مێژوویی ئەم کەسایەتییە مەزنە، سەیری گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ٤٠ - ل٢٠ بکەن (لە یادی ناو دارانەوە) لە نوسینی بەندە.

مەلا قادری سۆفی[١٨]: ئەم پیاوەش یەکێك لە زانا ناودارەکانی مێژووی ئەم گوندە و خاوەنی فتوا و مدرسی مزگەوتی حاجی ئەمین بووە، ئەگەر مردن ڕێگەمان لێنەگرێ و بەڵگەمان دەست کەوێ باسێکی تایبەتی ژیانی دەکەین، بەڵام لێرەدا تەنها ئەوەندە دەڵێین کە ئەم پیاوە گەورە پیاو و زانایەکی ئەم گوندە بووە، لە هۆزی شوانکارە بووە، لە باوکەوە سەر بە (تەریقەتی نەقشبەندی) بووە. نووسەر بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کەسایەتیە لە دایکەوە.

علی صالح: ئەم پیاوە لە باوکەوە مکایەڵی بووە، لە دایکەوە کەماڵەیی بووە، پیاوێکی ڕەقەکاری سور و سپی باڵا بەرز بووە، کەواو سەڵتەی لەبەر کردووە، دەم سپی گوندی بێستان سوری بچوك کەبە (بێستان سورە کۆن) یان ئەو دیو ناو دەبرا، ئەو پیاوەش یەکێك لە پیاو ماقوڵان و ڕاوێژکاران بووە.

ئافرەتە ناودارەکان

دایە خاتوون: ئەم ژنە ئافرەتێکی ئەسمەری مامناوەندی بووە، قژ لول قسە خۆش و کردەوەی پیاوانە بووە، خاوەنی لاو دیوەخان بووە، ژنی فقێ علی بووە، زۆرجار ئەو ژنە جلی پیاوانی لەبەر کردووە و لە دیوەخانی پیاواندا ڕاوێژی کردووە.

فەیمەی حاجی قادری وەیس: ئەم ژنە لە بنەماڵەی هۆزی ڕۆغزایی خێڵی حاجی قادر وەیسی پیاو ماقوڵی جاف بووە، ئافرەتێکی باڵا بەرز و پرچ شۆڕ سور و سپی و زۆر خاکی وەك ژنە هەژارێك مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا کردووە، پیاوانە و ئاین پەروەر قسە

خۆش و لەفز شیرین خاوەنی لاو دیوەخان، ئەو ژنە خێزانی عمری فقێ علی بووە کە باسمان کردووە، وەك لەسەرەوە ووتومانە لە ڕاگویزانەکەی بەعسدا بە مەرگێکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد، چونکە وتبوی ئەم خاکە بەجێ ناهێڵم، زۆر ئازا و کورد پەروەر بوو، لە پێناو تەبایی و یەکبوونی خەڵکی ئاوایدا هەمیشە دەهات بەسەر کوڕەکانیدا، چونکە دوای کۆچی دوایی کاك عمر ئەو ژنە جێگای گرتبۆوە، هەتا ابوبکری کوڕی دەستی داری گرت.

دایکە مریم: ئەم ژنە ئافرەتێکی زاهید و ئاینی و خوێندەوار بوو لە بنەماڵی شێخ کەریمی کەس نەزان بوو، ژنی شێخ حسین شێخ ڕەحیم بووە کە باسمان کردووە، ئەو ژنە قوتابخانەی ئاینی بۆ منداڵانی گوندەکە کردبۆوە و بەخۆڕایی پێی دەخوێندن، هەمیشە بەڕۆژوو بوو، نوێژ و قورئان خوێندن و تەسبیحات لەسەر دەمی بوو، ناوی مریم کچی شێخ محمدی شێخ علی کەس نەزانی یە، لە ناو خەڵکیدا لەبەر پیرۆزی بە دایکە مریم ناو دەبرا لای گەورە و بچوك، بەش بە حاڵی خۆم بە منداڵی پێش چوونم بۆ قوتابخانە لە حوجرەی ئەو لەگەڵ خاتوو (حەبسەی کچی) دا خوێندومە، دوای کۆچی دوایی باوکە (شێخ حسین) ئەو ژنە دەستی گرت بەسەر حوجرەکەدا و نەیهێشتووە بفەوتێ و خوێندن تێیدا بکوژێتەوە هەتا (شێخ ڕەحیمی کوڕی) کە بە کاکە ڕەحیم ناسرابوو، دەستی داری گرتووە و کاروباری حوجرەی گرتۆتە دەست، ئێستا ئەو زاتە لە سیدصادقە و بە کاری ئاینی و مزگەوتەوە خەریکە... (دایکە مریم) کچێکی زۆر جوانی ئاینپەروەر و خوێندەواری هەبوە ناوی (خاتوو خەجێ) بووە

(خەجیجە حسین) ناسراو بە (خاتوو خەجێ) ئەو کچە دوایی دەبێتە خێزانی (عمری فقێ علی) و کچی مامە عمریش دەبێتە مارەبڕی (شێخ ڕەحیم) ی کوڕی دایکە مریم، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی چینایەتی ئەو ژن و ژنخوازیە هەڵدەوەشێتەوە.

ئامینە حسین: ناسراو بە (ئامەی وردە) یان (ئامەی فرج ئەسلان) ئەم ژنە ئافرەتێکی ئەسمەری توند و تۆڵ و پرچ شۆڕ بووە، لە بنەچەدا عەربەتی بووە، دوای ژن و ژنخوازی تێکەڵ بە بنەماڵەی (وەروەر) ی یەکان کەلەسەرەوە باسمان کردن بووە و ئافرەتێکی دەوڵەمەند و کشتوکاڵ دار و ئاژەڵدار و خاوەن ئەسپ، چەندین ماڵ بۆ کاری شوانی و ڕەنجبەری ئەوان لە ماڵیدا بووە و بەخێوی کردوون، خاوەنی لاو دیوەخان و نان بدە بووە، بەڕۆژ خەریکی ئاژەڵداری و بەروبومی ئاژەڵ بووە، بەشەو جلی پیاوانی لەبەر کردوە و تفەنگی هەڵگرتووە.

فاتمەی زلێخا: ناسراوە بە (نەنکە) ئەم ئافرەتە ئافرەتێکی سپی کەلانەی ورد و بچکۆلانە بووە، پرچ شۆڕ و هەمیشە پاك و تەمیز، لە ساڵدا بەلای کەمەوە دە مانگ بەڕۆژوو بووە، نەخوێندەوار بووە، خوشکی قادری کوتەك سور بووە، کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە بنەچەدا خەڵکی چوارتاق بووە و بە ژن و ژنخوازی کەوتۆتە ناو هۆزی حەمە سعیدی رمەزان، بەڕاستی زاهیدی ئەو ژنە گەیشتۆتە ئەوەی کە خەڵکی گەورە و بچوك شەرمیان لێ کردووە، منداڵیان بۆ پیرۆزی بردۆتەلا.

مەنیجەی محمد: ناسراو بە نەنکە مەجە، ئەم ژنە ڕەقەکارێکی بالاّ ناوەندی پرچ شۆڕ بووە، مەیلەو سور و سپی و دەنگ خۆش، بەسەر مردوودا بەیت و شانامەی ووتوە خەڵکی وسکوت بوون، تەون کارێکی بەناوبانگ بووە و حەکیمی میللی منداڵان بووە بۆ کۆکە و شکان و بڕین وئازاری سك و گەڵێ نەخۆشی و مامانی هەردوو گوندی بێستان سور بووە، لەبنەچەدا لە هۆزی شێخ سمایلی یەو خەڵکی گوندی هەنجیرەی شارەزوور بووە، لە ڕێگای ژن و ژنخوازی یەوە تێکەڵ بە بنەماڵەی حاجی ئەمین بووە و بۆتە خێزانی فقێ علی کە باسمان کردوە، ئافرەتێکی ئاین پەروەر بووە و مریدی شێخ حسین شێخ ڕەحیم بووە.

زلێخای محمد: ناسراو بە زخەی حمەی خالاّن، ئەم ئافرەتە کورتەبالاّیەکی پرچ شۆڕی ئەسمەر بووە، دەنگ گڕ و دەنگ خۆش بووە بۆ لاوانەوە، خێزانی یەکێك لە پیاوانی بنەماڵەی (وەروەر) یەکان بووە(ئەحمەد محمد) ناسراو بە (ئەحە وەروەر) برای حمە وەروەر کە باسمان کردووە، (مامی نووسەری ئەم چەند دێڕە)، ئەم ژنە هەمیشە لەبەر خۆش حاڵی لاوانی گوندەکە بە کوڕ و کچەوە پێخەسوی هەموو بوك گواستنەوەیەك ئەمە جگە لە مەراسیمی خەنە بەندان و سەرپەرشتی کردنی چێشتی شایی و جەژن، ئافرەتێکی زۆر ئاینی بووە.

خەجیجەی مارف: ناسراو بە خەجێی مارف خەمە،(دایکی بەندە، نووسەر) ئەم ئافرەتە ئافرەتێکی سپی باو بوو، بچکۆلانە و ئاینپەروەر و نیشتمانپەروەر و زانستپەروەریش بووە، چونکە هەر

ئەو بووە کە نەخوێندەوارێکی گوندنشین زۆر هەوڵی داوە منداڵەکانی بخـوێنن و شۆڕشـگێڕبن بەڵگـەش هەیـە ئـەو ژنـە ژنـی یـەکێك لـە بنەماڵــەکانی (وەروەر) ییــەکان بــووە، هــەر بەســەرەتای گەنجــی هاوسـەرەکەی کۆچـی دوایـی دەکـات ئیـتر وەك پیـاو دەسـت دەگـرێ بەسەر ئیش و کاری ماڵ و پیاوانە دەست دەگرێ بەسەر منداڵەکانیدا هــەتا دەســتیان دار دەگــرێ و دەیانخاتــە بــەر خوێنــدن و فێــری بارودۆخی خەباتیان دەکات و ئەوە بەیادی منداڵەکانی دێنێتەوە کە بــاو و باپیرانیــان چــۆن بەرهەڵــستی مــشەخۆرەکانیان کــردووە و نازناویـان وەرگرتـووە، زۆر لەخۆبوردوانـە و فیداکارانـە دان بـەخۆدا دەگـرێ بـە هـەموو کوێرەوەریـەکی ژیـان ڕازی دەبـێ بـۆ فیـداکاری و پـەروەردەی منداڵـەکانی، وێـڕای ئـەوەی کـە برایـەکی بـووە بـەناوی (صالح مارف) ناسراو بە (حمە صالح لولی) کە یەکێك بووە لە خێر خوایـانی دەوری خـۆی و لـە کاروبـاری جـوت و عاسـەلای کێڵانـدا دەستی باش بووە لە ڕێك و پێك کردن و نەوازی عاسەلاندا، نیمچە خوێندەوار بووە و شانامە و هۆنراوەکانی ئەو سەردەمەی لەبەر بووە، جا نازانم خۆی شعری وتووە یان نا، بەڵام ناوناوی (لولی) بووە لە لۆلـۆی شارەزوورەوە وەرگیراوە، بە کارەساتی یەکەم سەیارە کە لـە سـلێمانی بـووە کۆچـی دوایـی کـردووە، ئـەو ژنـە بەسـتەزمانە تاقـە براکەشی بەلاوی دەمرێ و قەلەندەر دەمێنێ، لاوانـەوەی شـەوی گـوێ ئاگردانی هۆکاری سـەرەکی منداڵـەکانێ بۆ وێژە و ئـەدەب، ئـەو ژنـە کچی مـارف خـەمە بـووە، ئەو نازناوەی (خـەمـە) لـەوەوە هـاتووە کەلـە گرانی گەورەدا ئەو پیاوە کشتوکاڵدار بووە هـەتا دوا کیلـۆ بەروبومـی

کشتوکاڵی و هەتا دوا سەر ئاژەڵ لەگەڵ دەوروبەرە هەژارەکەیدا بەشی کردووە هەتا ژیان گۆڕاوە ئیتر خەڵکی ناویان ناوە مارفە خەمە، ئەم ڕاستیانەم لە پیرەکانی ئەو سەردەمەوە دەبیست لەوانە حاجی قادری باریکەی هەمووجارێك دەیووتەوە، خۆم ئاگام لێ بووە (مامە عمری فقێ علی) جەژن هاتووە بۆلای (خەجیجەی مارف خەمە) زۆر سوپاس گوزاری بۆ دەربڕیوە بۆ ئەو هەموو فیداکاری و خۆڕاگری یەو دەیووت خۆیشە خەجێ خۆ پیاو ناوێرێ بڵێ ئێوە پێویستان بەچی یە چونکە نەفست ڕێگەت نادات چاوت لەدەست کەسەوە بێ، بەڵام من دەڵێم تۆ لە قەلەکان و ڕۆنە بەیسەکەت بەشی ئێمە بدە، بەڵام بە پارەی نرخی لەخۆی گرانتر چونکە نەك منداڵەکان هێشتا هەتیوبن، ئەم قسانەی بە پێکەنین و بۆ دڵدانەوە دەکرد، ئەمانە بەڵگەی ئەو لەخۆبوردوی و بەکەرامەتی یەی ئەو ژنە بوون، ئەو ژنە دەستی حەکیمی میللی منداڵانیشی هەبووە و هەروەها بڕینی جلی منداڵان خۆم زۆرجارم ئەو کارانەی بەبێ بەرامبەر کردووەخوا شاهیدە، ئەگەر بڵێم ئەم ژنە دایکی نووسەری ئەم چەند دێڕەیە، دەترسم بڵێن بۆیە واباسی دەکات ،ئەگەر وا نەبوایە لەوانەبوو ٤- ٥ پەڕەشم لەسەر دەنوسی، چونکە من لە خۆڕاگری ئەو ژنە چاك دەزانم لەنزیکەوە، لەکۆتایدا کە کچێکی کۆرپەی بەردڵی هەتیوباری و هەتیودەمرێ، توشی نەخۆشی دڵ دەبێ و ساڵەهای ساڵ بەو نەخۆشییەوە پلیکایەوە هەتا شەوی (١٩٨٣/٣/٢٦) دا بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کرد لە تەمەنی (٦٦) ساڵیدا، لە خەموو لەخۆبوردو نیشتمانپەروەر و زانست و کەلەپور و ئەدەب پەروەرێك کە ڕێنمایی بەش بە حاڵی خۆم

ئـەو کارانـە هـەمووی لـەو دەناسـم. هـەتا لەژیانـدا بـوو بـە ئاواتـی ئەنجامدانی فەریزەی حەجەوە بوو بەڵام لەبەر بارودۆخی ئـابوری نـەیتوانی ئـەو ئاواتـە بێنێتـەدی لـە ژیانیـدا ، دوای کۆچی دوایـی خـۆی بەنـدە ئەحمـەد کـوڕە جوتیـار لـەڕێگای وەکیلـەوە لەگـەڵ خۆمدا فەریزەی حەجم بۆ ئەنجامدا و ئاواتەکەیم هێنایە دی.



وێنەی حاجی خدیجە مارف

هـ. باری ئابوری

گوندی بێستان سوور لە دێر زەمانەوە لە بارودۆخێكی ئابوری پڕ بژێویدا ژیاوە بە هۆی ئەو:

١. زەوی و زارە دێمەكار و بەراوانەی لەسەرەوە باسمان كرد، هەموو ئەو زەویانە بەراوەكان دادەچێنرێ بە: مەرەزە، لۆكە، گوڵە بەڕۆژە، كونجی، توتن، پیاز، ترۆزی، ماش، بامێ، تەماتە، كەم كەم شێلم، ئەمە جگە لە باخی دارستان، كە هەمووی بەروبومێكی باشی هەیە و هەر خێزانەی بە كێڵانی زەوی یەوە چی هی عقد بێ یان ملك خەریكن و ژێواری خۆیان بەرهەم دێنن، زەوی یە دێمەكانیش بە گەنم، جۆ، نۆك، ترۆزی، كاڵەك، كەم كەم شتی تریش وەك پەرشت و كەتان و هتد..، دەچێنرێ و بژێوی ژیانی خێزان و ئاژەڵەكانیان دابین دەكات.

٢. ئاژەڵەیش: مەڕ، بزن، گا و مانگا، بەرزە وولاخ، ئەمانە چ بۆ كارو باری خێزان و ژێواری ڕۆژانەیان، چ بۆ فرۆشتنی بەروبوم و خوری و كاوڕ و نۆبەن و هتد..، كە بەروبومێكی ئابوری باشە.

٣. كار و پیشە وەك هەندێك كەس دوكاندارە و فرۆشیارە، هەندێك پیشەوەری وەك چنین و دورین و هەندێكیش فەرمانبەری میرین كە ئەمانەش بژێوی ژیانیان بەوانە تەواو دەكەن وێڕای كاری كشتوكاڵی و ئاژەڵداریش، ئەمانەش هەمووی لە بونی ئەو زەوی و سەرچاوانەوە، ئەو ڕێگاو بانەوە كە ئەم گوندە هەیەتی فەراهەم دێت.

٤. زەوییە دێمەکان

١. زەوی شێخ لالـە، پارچـە زەوی یـەکی بەرفراوانـە و کەوتۆتـە لاپاڵی بـەری ڕۆژئاوای کلکەی (عربت - بێستان سوور) ئـەم پارچـە زەوی یـە بـە ملکـی بەشـێکی هـی شـێخانە و بەشـی بنـاریش هـی بنەماڵەی فقێ علی یە.

٢. زەوی لاباریکە: ئەمیش پارچە زەوی یەکە کەوتۆتە نێوانی گونـدی بێستان سووری بچوك و کلکـەی سـەراکۆن کـە باسکراون و جادەی گشتی عربت/دەربەندیخان، ئەم پارچە زەوی یە بەشێکی هی شێخان و گونـدی باریکەیـە، بەشـێکی هی بنەماڵـەی فقێ علـی یـە و بەشـێکیش پەیوەسـتە (عقد) بەدەسـت جووتیـارانی هـەردوو گونـدی بێستان سوورەوە.

٣. دەشـتی بێکەسـە و دوو دۆڵەکـە: ئـەم زەوی یـەش کەوتۆتـە باکوری ئاوایی یەوە هـەر لـە گوندەکەوە دەست پێدەکات هـەتا سـەر جادە گشتی یەکەی (عەربـەت / هەڵەبجە) یان (سلێمانی /هەڵەبجەی شەهید) دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای ڕێگای پیادەڕێی بێکەسە و ئەمبەر وبەری دوو دۆڵە و بناری ڕۆژهەڵاتی کلکەی مامە ڕەحمان کە باسمان کـردووە، ئـەم زەوی یـە پارچـەیەکی لـە پێبنـاری کلکـەی عەربـەت و لەسـەر جـادەی عەربـەت هـی بنەماڵـەی حمـە سـعیدی ڕەمەزانـە، پارچـەیەکیش لەبـەر جـادە و چـاخانەی بێکەسـەوە کـە بـە دەشـتی تەیارەخانەکـە ناسـراوە هـی بنەماڵـەی کـەرەم وەیـسی یەکانـە و ئەوەدواشی هی بنەماڵەی فقێ علی یە.

٤. هەمدیسان (دەشتی بێکەسە) کە بە (دەشتی خرابە، پشت ئاوایی، بیرەکانی ئاغا) ناودەبرێ و کەوتۆتە نێوان ڕێگای پیادەڕێی بێکەسە و پیادەڕێی دارەکە، کە ئەم دوو ڕێگایە بەرەو باکور هەردوکیان دەچنە سەرجادەی عەربەت /هەڵەبجە، ئەو زەوی یەش هەمووی پەیوەستە (عقد) بەدەست جووتیارەکانەوەیە.

٥. زەوی گێڵەرە(ئیمان ڕۆ) : ئەمەش پارچە زەوی یەکە کە بە گێڵەرە ناودەبرێت و کەوتۆتە نێوان ڕێگای دارەکە و چاڵەپان لە گوندەکەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات، ئەم زەوی یە هەمووی (مڵکی سرفە) زەوی تایبەت، پارچەیەکی هی بابە ڕەسوڵ سید ئەحمەدی بەرزنجی یە، پارچەیەکی هی کەرەم وەیسیەکانە و هەندێکی زۆر کەمی پەیوەستی جووتیارەکانە و ئەوەدواشی هی کاك ابوبکری کوێخا عمر و وەرەسەکانی بنەماڵەی حاجی ئەمینە.

٦. بناری چاڵەپان و دارەکە: ئەم بنارەش کەوتۆتە ناو دۆڵەکانی کلکەی چەناخچیان لە ڕۆژهەڵاتی گوندی بێستان سوورەوە، هەمووی هی وەرەسەکانی بنەماڵەی حاجی ئەمینە، ڕێگایەك لە گوندەکەوە دەردەچێ بەدۆڵی چاڵەپاندا بە نیمچە چیاکەدا هەڵدەسێ بەرەو بەرزنجە و مۆریاس دەڕوات کە ئەم کاروانە ڕێگەی میوەهات و دار و ئاڵوگۆڕ و باراش هاڕین و هتد...، کە بە ڕێگای چاڵەپان ناسراوە.

٧. زەوی یەکانی کێلە سپی و زریسکە: ئەم زەویانە بەسێ گۆشەیی لەناو گوندەکەوە بەرەو ڕۆژهەڵات هەتا دەگاتە کلکەی چەناخچیان و جادەی هەڵەبجە و پشتی جادەش واتە پێ بنار، ئەم

زەوی یــە کەوتۆتــە نێــوان ڕێگــای چــاڵەپان و جــادەی قیرتــاوی چەناخچیان کە ئەم دوو ڕێگایە لە گوندەکەوە دەردەچێ هەتا کلکەی چەناخــچیان، ئــەم زەوی یــە هــی بنەماڵــەی عمــری فقــێ علــی و وەرەسەکانیەتی.

٨. زەوی بەشێکی کێلە سپی و گۆڕی گەوری و پشتی کاژاو و ڕەقەی زێڕینجۆ:. کە ئەم زەوی یە لە بنەڕەتدا ڕەقەی زێڕینجۆیە و ئێستا بەشی وەرەسەکانی کاك عمری فقێ علی کەوتۆتە کێلە سپی و بەشی پەیوەستی جوتیاران کەوتۆتە پشتی جۆگەی کاژاو و گۆڕی گەوری و بەشی زۆریشی کە هی کوڕانی کوێخا عمرە و کەوتۆتە ڕەقەی زێڕینجۆ، لە باشوری ڕۆژهەلاتی گوندی بێستان سوورەوە و ڕۆژهەلاتی گوندی کاژاو و باکوری گوندەکە یان سنوری زەوی یەکانی زێڕینجۆ و ڕۆژئاوای گوندی کانی پانکە یان سنوری زەوی یەکانی گوندی تەپە عارەبانی کانی پانکە کە باسمان کردوە.

ب. زەوییە بەراوەکان

١. بەرجۆگەی کاژاو کە بە ئاوی جۆگەی کاژاو ئاودێری دەکرێ و لە گۆمی بێستان سوور سەرچاوە دەگرێ هەتا سنوری زەوی یە بەراوەکانی گوندی کاژاو کە هی بنەماڵەی حاجی قادری وەیسی یە، لەباشورەوە ئەم زەویانەی کاژاو لە ناو گوندی بێستان سورەوە دەست پێدەکات تا سنوری گوندی کاژاو لەناو سێ گۆشەیەکدا لە نێوانی جۆگەی کاژاو (جۆگەی ئیسلاح) دا هەمووی پەیوەستی جوتیارەکانە ئاوی گۆمەکە بەهۆی مەشروعی ئاو خواردنەوەوە کرا بە جۆگەی کۆنکرێتی و بایەخی کەم بوەتەوە.

٢. زەوی ئیسلاح: زێڕینجۆی جاران ئەم زەوی یە لە باشوری گوندی بێستان سوورەوە بەرەو باشور بۆ سەر سنوری زەوی یەکانی زێڕیجۆ دەڕوات بە ئاوی جۆگەی زێڕینجۆ ئیسلاح ئاو دەدرێت، هەمووی پەیوەستی جوتیارەکانە.

٣. بەرجۆگەی قازاو: ئەمەش لە باشورەوە لە چەمی ئاشەکانەوە دەست پێدەکات و بە ئاوی جۆگەی قازاو ئاو دەدرێ و هەتا دەگاتە سنوری زەوی یە بەراوەکانی زێڕینجۆ و قازاو، پەیوەستی جوتیارانی بێستان سورە و بەشی زۆری دارستانەکەی داری تەختە وەك بی و چنار.

٤. زەوی یاسین تەپە: ئەم زەوی یە بە ئاوی جۆگەی یاسین تەپە و قازاو ئاودێر دەکرێ و نیوەی پەیوەستە و نیوەشی هی بنەماڵەی ساحێب قڕانەکانە.

٥. بەرجۆگەی لەن: ئەم زەوی یە لەبەر ئاوی ئاشی مام عمری فقێ علی ئاودێر دەکرێ و زەوی یەکە هی بنەماڵەی ناوبراوە.

٦. بەرجۆگەی بێستان سوور: لە باشوری ئاواییەوە دەست پێدەکات، بە دوو جۆگە کە ناودەبرێت بە جۆگەی بێستان سور، یەکێکیان پارچە زەوی ناو ئاشان، کە بەشی زۆری دارستانە و هی بنەماڵەی مام عمری فقێ علی یە، جۆگەی تازەش پێنج پارچە زەوی (تەملیك) (پەیوەست بوون بە مڵك) ئاودێر دەکات کە هی جوتیاری گوندەکەن.

٧. شێخە لەڕە: ئەمەش پارچە زەوی یەکی (تەملیك) ە، بەئاوی گۆمی گەرمکی قاسم ئاودێردەکرێ و کاتی خۆی هی (حمە ئاغا

ناسراو به حمه کەچەڵ) بووە، بەڵام ئێستا هی بنەماڵەی ئەو ڕەحمانی ئەلی یە کە باسمان کردووە.

٨. بەرجۆگەی سەیدە: جۆگەو ئاو و پارچە زەوی یەکی بچوکی شێخانە.

٩. چاڵگەی خواروو: لە باشوری گوندی بێستان سوری بچوکەوەیە و بەئاوی چەمە بچکۆلە ئاودێر دەکرێ و پەیوەستی جوتیارانی گوندی بێستان سوری بچوکە.

١٠. چاڵگەی سەروو:. هەر لە باشوری گوندی بێستان سوری بچوکەوەیە و لەسەرەوەی چاڵگەی خوارەوەیە بە ئاوی چەمە بچکۆلە ئاودێر دەکرێ و پەیوەستی جوتیارانی گوندی بێستان سوری بچوکە.

١١. خاك وخۆڵ: ئەمەش پارچە زەوی یەکی بەراوی فراوانە دەکەوێتە باشوری بێستان سوری بچوکەوە، بە ئاوی جۆگەی خاك و خۆڵ ئاودێر دەکرێ، لە بێستان سوری بچوکەوە تا سنوری زەوی یە پەیوەستەکانی خاك و خۆڵ و نیسکەجۆ هەمووی لە بەشی باکوری زەوی یەکانی خاك و خۆڵەوە پەیوەستی جوتیارانی بێستان سوری گەورەیە و بوە بە تەملیك.

١٢. پوشێن: لە باشوری ڕۆژئاوای گوندی بێستان سوری بچوکەوە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە سەر زێی تانجەرۆ و گردی خاك و خۆڵ، ئەم زەوی یە فراوانە و بە ئاوی جۆگەی پوشێن کەلە گۆمە ڕەشەوە سەرچاوە ئەگرێ کە باسمان کردووە، هەمووی پەیوەستی جوتیارانی بێستان سوری بچوکە.

١٣. لـه بـەردەم گونـدی بێـستان سـوری بـچوکدا پارچـە زەوی یەکی بچوك هەیە کەبە زەوی حەوزی سەی کەریم ناو دەبرێ و ئێستا پەیوەستی بنەماڵەیەکە (خێزانێك) بە خێزانی ئەحە هـەتیو ناسـراون، چەمە گەورەکە لە بێستان سوری گەورەوە سەرچاوە دەگرێ و چەمە بچکۆلەکە لە بێستان سوری بچوکەوە سەرچاوە دەگرێ، لـە شـوێنێك یەکدەگرن کە. دووگرانگی پێدەوترێ، ئیتر لەوێوە بە چەمە ڕەش نـاو دەبرێ هەتا لای یاسین تەپەوە دەڕژێتە تانجەرۆوە، کە باسمان کـردن، باسـی گۆمـە ڕەشیـشمان کـرد و ئێـستا باسـی کـانی و سـەرچاوەکان دەکەین.

أ. کانییەکان

١. گۆمەکـە: ئـەم گۆمـە بـە گۆمەکـەی بـەر ئـاوایی ناسـرابوو، گۆمێکـی هێلکـەیی کـە دەورەکـەی (١٥٠م) دەبـوو، قوڵـی چـەقی ناوەڕاسـتەکەی نزیکـەی یـەك مـەتر و نیـو دەبـوو، لـە ناوەڕاسـتەوە بەزۆری هەڵدەقوڵا و بەهار و پایزان لە تەنیشتەکانی یەوە هەڵدەقوڵا، بە زستان گەرم بوو و هـەڵمی لێ هەڵدەستا و بە هـاوین ئەوەنـدە سـارد بوو کە مەشکە دۆیان دەخستە نـاوی ساردی دەکرد، گا گـەلی ئاوایـی بە نیوەڕوانی هاوین لەسەر ئەو گۆمە مۆڵ دەدرا و قاز و مراوی لەوێدا کۆدەبونـەوە، بەسـۆرخی ئـەوەی کـە هەمیـشە دەغـڵ و دانـی تێـدا دەشۆرایەوە، لە ناوەڕاستەوە ڕووی باشوری ئاوەڕۆیەکی هەبوو کە بە ئاوەشکێنەی زستان نـاو دەبـرا، کاتێك زەراعـەت بـە ئـاو نـەدەما لـەو ئاوەشـــکێنەوە ئـــاوی گۆمەکـــە بەردەدرایـــەوە و ئـــاوی جۆگـــەی

زەراعەتەکان بەری دەگیرا، ئەم گۆمە ئاوی جۆگەی کاژاو و جۆگەی بێستان سوری لێوە هەڵدەگیرا کاتی زەرعی هاوین کاژاو بەرەو ڕۆژهەلات و جۆگەی بێستان سوریش بەرەو باشور، باسی ئەم جۆگەیەمان کردووە.

٢. هەردوو کانی لۆکە: ئەم دوو کانی یە لە بەشی سەروی گۆمەکەوە هەڵدەقولان، زۆر ڕوون و جوان و سارد بوون، بە هاوین زیخ لە بنیادا دەدرەوشایەوە، بۆ ئاوی خواردن و شتن وساردکردن بەکار دەهاتن، ئاوەکەیان دەچووە سەر گۆمەکە، ئێستا گۆمەکە و هەردوو کانی لۆکە کوێر بونەتەوە لەناو بەربەندی پرۆژەی ئاو خواردنەوەکەدا وون بوون و ڕووکەشە جوانەکەیان و سروشتە ئاساییەکەیان نەما ، لە گۆمەکەوە بەسەر جۆگەی بێستان سوردا سەترەکە بوو، کە بەربەندێکی شوێنەواری مێژوویی بوو کە ئاوی لێوە ڕاکێشراوە بۆ بەربەندی چواردەوری گردی گۆمە ڕەش و ئاودێری زەوی یەکانی بەری دارە ڕەش و لەبن گردی سەراکۆنەوە بە خشتی سور و قسڵ دروست کرابوو، بەداخەوە ئاسەواری ئەو بەربەندەش پرۆژەی ئاوەکە وونی کرد، مەگەر بەم چەند دێڕە زیندوی کەینەوە.

٣. حەوزەکانی مزگەوت: کە سێ حەوز بوون بۆ دەست نوێژ و خۆشتن و ئاو خواردنەوە کەزۆر ڕوون و جوان و بەزستان گەرم و بە هاوین سارد، بەتایبەت حەوزی ئاو خواردنەوەکە ئەوەندە خنجیلانە و جوان بوو تا سەر بەردە سافەکانی دەوری و زیخە مرواری ئاساکەی بنی، ئاوی چاویان دەبرد و فێنکی خۆشی یەکەشی ماندوی دەڕەواندەوە و کارمەندانی کشتوکاڵی هاوینیان دەردەکرد، دانیشتنی

سەر تاشە بەردە ساف و جوانە پانەکانی دەوری حەوزی دەست نوێژ و بەردە نوێژەکان ئەوەندە فێنك بوون مانوی دەحەوانەوە، مخابن دروست کردنی مزگەوتە کۆنکرێتە تازەکە و پرۆژەی ئاوەکە هەمووی وون کردون.

٤. کانی باینجان: کە هی گەڕەکی ئاغا بوو، ئێستاش لەناو بەربەندی پرۆژەکەدا ئاسەواری ماوە.

٥. کانی (حەمەی مامە کریم): کە هی گەڕەکی کەرەم وەیس و گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی ڕێگەی چەقی ئاوایی بوو کە ڕێگەیەك بوو ئاوایی دەکرد بە دوو بەشەوە، بەشی ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوا، ئەو کانی یە جگە لە گەڕەکی ماڵی ئاغا هەتا سەر ڕێگای ناو براو و ئاو هێنان و شیوکوڵی ژنان لەو کانی حمەی مام کریم دابووە، بە تەنیشتی یەوە کانی نەنکە فاتە کە باسمان کردووە هەبوو کە تایبەت بوو بە نوێژ و دەست نوێژو حەوانەوەی کاتی ڕۆژو.

٦. کانی گەورە: کە هی گەڕەکی بنەماڵەی فقێ علی بووە و گەڕەکی بەری ڕۆژئاوا، کە بە گەڕەکی (دوودۆڵە) ش ناو دەبرا، لەو کانی یەدا ئاوی خواردن و شتن، بە تەنیشت ئەمیشەوە کانی دایکە مریم هەبووە کە باسمان کردووە، ئەو کانی یە پەیوەست بووە بە نوێژ و دەست نوێژ و حەوانەوەی کاتی ڕۆژوەوانی دایکە مریم کەبە پیرۆز ناسراوە، واتە کانی نەنکە پیرۆز بووە، بەداخەوە بڕگەی (٥,٦) هەمووی بەربەندی پرۆژەکە وونی کردووە.

٧. کانی هەنجیر و گۆمی باوە حاجی: کە گۆمەکە سەردەمی ئاشەکە بۆ ئاشی کرەی چەڵتوك و ساوەر بەکار هاتووە، کانی یەکەش

بۆ ڕۆژانی هەینی ژنان بەکار هاتووە، بەداخەوە پرۆژەکە ئەمانەشی تەخت کردووە، جگە لەوەی لە جێگەیان گۆمێك دروست کراوە لەلایەن کاك ابوبکر بۆ ئاودێری باخ و زەوی ناو ئاشان.

٨. کانی خەرقە ڕەش: کە لە پێشەوە باسمان کردووە.

٩. سەرچاوەی ئاوەکانی ئاشی خەرقە ڕەش و ئاشی کاك ئەحمەد کە ئاوەڕۆکەیان لە هەردوو (شەلال) یان ئاوەشکێنەری هەردوو ئاشمان براوە وە دەچوو بۆ جۆگەی قازاو و چەمە گەورە کەناومان بردوون، ئێستا ئەو ئاوانە لە بەربەندێکدا کۆکراونەتەوە لەبەردەمی ئاشەکاندا و لەوێوە ئاویان بۆ جۆگەکانی ناوبراو کە باسمان کردووە هەڵدەگیرێ.

١٠. گۆمە ڕەش و حەوزی سەی کەریم: لە بێستان سوری بچوك باس کراون، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئاوی ئەم دوو سەرچاوەیە بە چوار فەسڵە نەگۆڕن، واتە سارد و گەرم نابن مەگەر کەم، کەمێکیش لینج و ناسازترن و زیخەکانیان ڕەش دەبنەوە، سیفەتێکی کانزاییان تیایە ئەوەتا بۆئەوەی گوش شی بکەنەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە گۆمە ڕەشدا دایدەنێن، کە دەریان هێنا گوشەکە بە دوو تەکاندن لە دارەکە جیا دەبێتەوە، لە هەموو شارەزووردا ئەو ئاوە ئەو سیفەتەی هەیە، گوش ڕووەکێکە کە گوشی لێ پەیدا دەبێ بۆ چنین و دورینی زۆرشت بەکاری دەهێنن.

ڕادەی خاوێنی لە ئاوەکانی بێستان سوردا

منـــداڵبووم لـــە پۆلـــەکانی کۆتـــایی ســـەرەتاییدا شـــاندێکی لێکۆڵینـەوە لـە سـەر ئاسـتی خـاوێنی ئاوەکـانی بێستانسور هـات کـە ڕادەی تـــەوژمی هـــەڵقوڵین و ڕێـــڕەو و ڕوونـــی و ســـاردی و گەرمـــی ئاوەکانیـــان گـــرت، وە نموونەشـــیان وەرگـــرت بـــۆ ئاســـتی پـــاکی و دروستی لەسەر ئاوەکان، کە بەم جۆرانەی خوارەوە مەزندە کرا:

١. کانییـــەکانی دراوی دێ لەگـــەڵ گۆمەکـــەدا کـــە پێـــشتر باســـم کردووە، بە پلەی دوو لە هەموو ڕادەکانی سەرەوەدا هاتە دەستنیشان کردن.

٢. کانی خەرگە ڕەش و کانی قازاو لەڕووی جوانی و سارد و شیرینی و پاکییەوە بە پلەی یەك هاتن، کە ئەم کانیەشم پێشتر باس کردووە.

٣. سەرچـاوەی جۆگـەی ئاشـی کـاك ئەحمەـد و دەسـتپێکی جۆگەکــە بەنزیکــەی نیــو کیلۆمــەتر هــەتا دەگاتــە مــەزاری وەیــس کەباسمان کردووە، ئەم جۆگەیـە بـە ژێـر سێبەر و سەهەندی درەختـە باڵا بەرزەکاندا ڕەت دەبێت کە بە درێژایی ئەو نیو کیلۆمەترە هەتاوی بەرناکـەوێت، قوڵـی ئاوەکـەش لێرەدا تـا پـشتی ئەژنۆ دەبێـت، پانـی یەکەشی نزیکەی(١٥)مەتر دەبێت، لە هاویندا ئەوەندە ساردە تا ئـەو ماوەیە دەبڕێت لە ساردیدا بێتاقەت دەبێـت، لـە زستانیشدا زۆر گـەرم و خۆشە، لە تەختی بنی ئەم ئاوە ڕوون و جوانەدا سەوزەگیایەك کە لەکوزەڵە دەچێت ڕوواوە کە خۆراکێکی زۆر بە کەڵکە بۆ بـەرزە ووڵاخ، ئەم روەکەش بە(دەڵاو)ناو دەبرێت.ئەوەتا لە کوردەواریدا دەڵێن دەڵـێ

ی بەرزە وولاخی دەلاو خۆرە ئەوەندە مەستە.

دەلاوی ئێرە نە هیچ مێژوویەکی پێوەیەو نە لینجیشە وەك دەلاوەی شوێنەکانی تر کە ئەوان لینج و مێژوودان.لە نێو ئەم ئاوەدا توێکلی گوێچکە ماسی بەدی دەکرێت کە وەك بەرگی کیسەڵێکی بچووك بە قەد هێلکە کۆترێك دەچێت، بەشی سەرەوەی بەرگە دوو پارچە بووەکە بۆر و کەمێك زبرە، هەرچی بەشی خوارەوەشی (ژێرسکی)سپی و سەدەفی یە لە ئاوەکەدا بریقە دەدات.

ئیتر نازانرێت ئەم گوێچکە ماسی یانە لە کوێوە دێن و لێرە بەرگەکە فڕێ دەدەن یان لە چ کەنارێکی ئەم ئاوەدا خۆدەشارنەوە، چونکە تا ئێستا زۆر بەدەگمەن بینراون یان هەر نەبینراون.

ئەم ئاوەش بە پلەی سێ هات، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەلە دەسپێکی ئەم ئاوەوە جۆگەیەك دادەشکێ بەرەو کانی خەرگەڕەش و دەستپێکی چەمە گەورە، لەم جۆگەدا کە تەواو پێچەوانەی سەرچاوەکەیەتی بە زستان ساردە و بە هاوین گەرمە. کە لە تەك ڕێڕەوی کانی خەرگەڕەشدا تێکەڵ دەبێت لەو شوێنەی کە پێیدەڵێن بەردە بازەکان لە یەك سانتییمەتردا بەشی سانتیمەترەکە لە هاویندا ئەڵێی تەرزەیە و لە زستانیششدا ئەڵێی ئاوێکی نیوەکوڵاو کەچی بە پێچەوانەوە ئەو چۆگەیەی کە باسمان کرد دێتەسەری لە هاویندا ئەڵێی کوڵاوە لە زستاندا ئەڵێی تەرزەیە. ئالێرەدا (مرج البحرین یلتقیان) هذا ماء فرات و هذا ملح أجاج، کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

لەویش سەیرتر ئەم جۆگەیە کە لەو ئاوە جوانەی سەرەوەدا دەژی جۆرە بەردێك بەدی دەکرێت کە توێکڵ توێکڵە لە قەبارەی هەڵماتی شوشەوە بگرە هەتا هێلکەیەکی بچوك تیایاندایە کە توێکڵەکانی دەشکێنیٚ ناوەڕاستەکەی زیخێکی بچووکە، کەواتە ئەم ئاوە لێرەدا کلسییە (کانزایی) بەڵام بۆچی سەرچاوەکەی کە لە سەرەوە باسمان کردووە ئەو ئاوە جوانەیە کە تەنانەت دەڵاوەکەشی لینج نیە و بیٚ مێرووە وە گوێچکە ماسیشی تیادایە لەگەڵ ماسی جۆراو جۆر کە چی ئەم جۆگەیەی لیٚ ی دادەڕژیٚ ئاوا کانزایی یە ؟

لە دامێنیٚ جۆگەی ئاشی کاك ئەحمەدەوە کە لە دوای دوو کیلۆمەتر دەچێتە سەر دۆڵیانەی ئاشەکە لە بەری ڕۆژئاوایەوە شەلالێکی(تاڤگە)دەستکردی پێنج مەتری پاك و جوان هەروەك سەرچاوەکەی دادەڕژیٚ.کەچی لە ڕووی ڕۆژهەلاتیەوە ئاوێك دادەڕژیٚ بەرەو چەمەگەورە، ئەم ئاوەش هەروەك جۆگەکەی سەرەوە کە باسمان کرد بە زستان ساردە و بە هاوین گەرم و بەردەکلسیشی تیایە هەروەك ئەوەی سەرەوە، ئەگەر چی بەینیان دوو کیلۆمەترە، کەلە دەسپێکی جۆگەی ئاشەکەوە و لە دامێنی جۆگەکەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دادەشکێن، پێدەچیٚ ئەو زەوی یەی ئەو نێوانە زەویەکی کانزایی یە.

٤. ئەو ئاوانەی تر کە لە دوای سەرچاوەکانی بیستانسورەوە دەردەچێت دوای کیلۆمەترێك هەموویان بە پلە چوار دێن کە ئەویش هۆکاری زەوی یەکانە کە پیایدا تێدەپەڕن.ئەم ئاوە بە پلە چوارە ئەم جۆرە گیاندارانەیان تیایە(ماسی، بۆق، قرژانگ، کیسەڵ، مارماسی، مار)لە چەمە گەورەوە و چەمە ڕەشیشدا سەگی ئاوی، زێروو،

مێـرووی تـری ئـاوی و چەشـنـە مێروویـەکی هێلکەشـەیتانۆکەیەکی ڕەش بە قەوارەی نیسکێك قەراغەکەی لە گوێزان تیژترە کەلـە هەندێ لـە ئاوەکانـدا دەردەکـەون ئەگـەر بـە ڕێکـەوت بـە پـێ ی پـەتی یەکێـك قاچـی بەرکـەوێت ئەوەنـدەی بڵـێ ی یـەك و دوو خێـرا ئەگـەر بەنوکـە چەقۆکەیەك دەری نەهێنێ دەچێتە قوڵایی خوێن.).

ماسییەکانی ئێرە (ماسییە تانجەرۆیی، سوورە، خڕەڕەشـە)کە ئەمانە خۆشترین و جوانترین ماسین، پانکە، مەشکەدەمە، کەئەمانە بـە پلەی دوو دێن، لمە، خۆتە، بزە سمێڵە، ئەمانە بە پلـەی سێ یان هـەر نەویـستراو دێـن. نقـەش جاروبـار بـەدی دەکرێـت.ئەمانـە بـە پێـی کەلتوری دەماودەمی ناوچەکەن).

لە دراوی گوندەکەدا لە نێوانی کانییەکاندا کە لە گەشتەکەماندا باسمان کردووە دورگەیەکی هێلکەیی ڕوبەر نزیکەی(٥٠٠)مەتر بـەدی دەکرا کەلە بەهاراندا پڕ لە گوڵی وەنەوشە و بەیبون و گوڵەسێپەڕە و گوڵە زەردەی فیقەنەیی و گوڵە پونگەی مۆری بۆن خۆش و گوڵە سالم و هـی تـر لەگـەڵ دەنگـی باڵنـدە بچکۆلە کـانی ناویـدا لـە بەهارانـدا دیمـەنێکی سـەفا بـەخش بـوو، ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ جۆگـەی بـەردە بازەکـان ئـاوە کلسیەکەی کـە باسمـان کـردووە، لێرەشـدا دورگەیەکـی نزیکـەی حـەوت دۆنم ڕووبـەری سێگۆشـەیی کـە بەشـی سـەروی ئـاوە کلسی و جۆگەکەی سەرەوەیە کە باسمان کردووە، بەشی ڕۆژئاوای لە کەندەڵانێکەوە دەستپێکی سەرچاوەی چەمە گەورەیە، ڕۆژهەڵاتیشی جۆگەی قازاو و یاسین تەپەیە تا تێکەڵ دەبێت بە چەمە گەورە لەبەر ئاشی کاك ئەحمەد دا.

ئەم دوورگەیە شوێنێكی جوان و دڵ ئەفروز بوو، دڕووڵان بوو (واتە بە توتڕك و زریسك داپۆشرا بوو) بەیناو بەین لەنێو دڕوولانەكەوە تەرزە مێو و تەرزی لاولاو سەریان دەرهێنابوو، نێوانی كۆڵانەكانی دڕوولانەكە بە سێپەڕە و فریز و گیا داپۆشرابوو كە لە وەڕگایەكی باش بوو بۆ گوێرەكەكانی گوندەكە، لە هەمووی جوانتر ئەم دوورگەیە دوای ئەوەی كە لە بەهاردا بەم شێوە سروشتی یە دەڕازایەوە، سێ جۆر بولبول كە یەكێكیان لە قەوارەی پەڕەسێلكەدا مەیلەو شین باو بە جقەجق دەیان خوێند كە ناسراو بوو بە فیسقە، چەشنێكی تریان لە قەوارەی پاساریدا كە بۆرێكی مەیلەو سوور بوو كە بە دەنگێكی چپی چپی دەیانخوێند كەناسراو بوو بە چپی چپی و هێلكە سوورە، چونكە هێلكەی سوریان دەكرد.

جۆرێكی تریان لە قەوارەی بولبولێكی خورماخۆردا بوو سەرپشتی كەمێك سورباو ژێر سكی كەمێك سپی واش كە بە چەند جۆر دەنگ دەیان خوێند، ئەم سێ چەشنە بولبولە لە بەهاران لەو دڕوولانەدا هێلانەیان دەكرد، كە شوێنەكەیان تا ڕادەیەك لە دەستی زیانەوەرانەوە وەك منالّ و دڕندە و مار و مێروو پارێزراو بوون.

بەیانیان زوو لەگەڵ سەحەردا دەیانكردە چریكە و نالّە لەگەڵ كزەی شەماڵ و هاژەی ئاوەكان و كسپەی درەختەكان دەبوونە مۆسیقایەكی سەفا بەخش، ئەوەمان لەبیر نەچێت كە چەشنی سێهەم ناسراو بوو بە بولبولی چەمی.

گێژاوەكە دەكەوێتە سەر چەمە گەورە لە پێچی زەوی لەندا كە باسمان كردووە، كونە چەقەڵ دەكەوێتە سەر جۆگەی قازاو لە سێ

کیلۆمەتری باکوری یاسین تەپە کە باسمان کردووە، ئەم دیمەنە جوانە دڵی سەیران کەرانی ڕادەکێشا، ئەوە ماوە بڵێین ئایا چ ئاڵ و گۆڕێك بۆ دادێ بەسەر ئەم سروشتەدا دێت.

تێبینی

١. لە شەستەکاندا لە ئەنجامی بومەلەرزە و هەورە تریشقەیەکی سەختدا لەناو کانییەکدا بەناوی (کانی باینجان) بۆ چەند ڕۆژێك چەوراو هەڵدەقوڵی بۆنی نەوتی لێدەهات.

٢. ئاژەڵ و باڵندەماڵییەکانی ئەم گوندە (مانگا، مەڕ، بزن، ئەسپ، ئێستر، گوێدرێژ، سەگ، پشیلە، کەروێشك) باڵندەکان (مریشك ، قەل، قاز، مراوی، کۆتر).

٣. ئاژەڵە کێویەکانی ئەم سنورە (گورگ، چەقەڵ، ڕێوی، بەراز ، پشیلەی کێوی، گۆڕهەڵکەنە، کەروێشکە کێوی، ژیشك، مار).

٤. باڵندە کێوییەکانی ئەم سنورە:

أ. کۆچەرەکان (چێرك، حاجی لەقلەق، کونەپەپوی شاخدار، ماسی گرەی بازو، پەڕەسێلکە، تەیرەن عەبابیلە، عاینە مەل، واق، پەپو سلێمانە، بەرگایلکە، بەوریلە، مرەڕەشە و مرە بۆرە، زیقاو، کەنەسمە، قاژو، کلك هەڵسەنگێنە، قەڕەمیلە، قەلەڕەشکە، هەڵۆکان، کورکوڕ، شوان هەڵخەڵەتێنە).

ب. باڵندە هەمیشەییەکان (چۆلەکە پاساری، ڕیشۆڵە، کۆتر، کوڵەفڕە، پۆڕ، جوڕەو زەردی وەلی، کلاوکوڕە، بلبلی چەمی، کوندەپەپوو، ماسی گرەی سەوز، بەت و شینە شاهۆ، شەلاقە و گا

مارۆ، قەلەباچکە، قژاکە، زیخ هەڵچنە، زڕەپۆڕ، مراوی ،قاز، وەردەك).

٥. درەخـت و ڕوەکـەکانی ئـەم گونـدە (بـی، چـنار، تـوو، مێـو، توتڕك، هەنجیر، زریسك، خڕنوك، گوڵەباخ، تەڕکەولەبان کە بۆ چیخ و حەسیر بەکاردێت).

– نـاوی ئـەم باڵنـدە و گیانەوەرانـە لـە کـەلتوری ئـەم گونـد و ناوچەیە هاتوون.

هاژەی شــــــەتاوان باعەی ڕانە مــەڕ
مۆسیقای عەشـــــقە بۆ نەوای سەحەر
خۆی ڕاخســتووە پەلکەی تـــەرزە مێو
ڕازیانەی تـــەڕی خرچەی تـــازە لێو
وەنەوشـــە و بەیبون شـــنەی بەهاران
لە دەوری کـــانی سایەی نســـــاران
ورشەی ئاونگی خونچەی گوڵ بەدەم
ســــەیرکەن بلبل واهات بـەرەو چەم
سەیر و ســـەفایە ئـــــــاواز و ڕەزمە
لە بن هـــــەر دارێك سەیـران و بەزمە

ج. ڕێگا و بانەکان

١. ڕێگای قیرتاوی تانجەرۆ /بێستان سور: لە ڕۆژئاوای بێستان سور لە جادەی گشتی عەربەت - دەربەندیخانەوە دەست پێدەکات بە نێوانی زەوی یە بەراوەکانی پوشێن و زەوی یە دێمەکانی لا باریکە / دارەڕەشدا تێپەڕ دەبێ هەتا ناو گوندەکە، لە نێوان گوندەکەشدا بە نێوانی زەوی یەکانی ڕەقەی زێڕینجۆ و دەشتی چاڵەپاندا تێپەڕ دەبێ هەتا دەگاتە کلکەی چەناخچیان، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەم ڕێگەیە لە دێر زەمانەوە هەبووە، چەند ساڵێکە قیرتاو کراوە، هۆی گواستنەوەی هاتوچۆ و کاروان و بارکۆچ و بەروبوم و ویستی بازرگانی گوندەکە و دەوروبەر بووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای گوندەکە.

٢. ڕێگای دارە ڕەش: ئەو ڕێگەیە پیادە ڕێیە و لە ناو گوندەکەوە دەردەچێ بەرەو ڕۆژئاوا بە ناوەڕاستی زەوی یەکانی لاباریکە و دارەڕەشدا تێدەپەڕێ بۆ سەرجادەی گشتی عەربەت / دەربەندیخان، ئەم ڕێگەیە لە دێر زەمانەوە هۆی گواستنەوەی ویستەمەنی یەکان بوون بۆ ئاڵ و گۆڕ و پێویستی ژیان و هاتوچۆ و بارو بنەو هتد. ..

٣. ڕێگەی باریکە: لە دارەڕەشەوە لە ڕۆژئاوای گوندەکە بۆ ناو گوندی باریکە، زیاتر ئەم ڕێگەیە هی ئاودانی ئاژەڵەکانی گوندەکانی بەری ڕۆژئاوان لەسەر ئاوی گۆمە ڕەش.

٤. ڕێگەی عەربەت - بێستان سوری بچوک: کە ئەمەش لە بناری بەری ڕۆژئاوای کلکەی مامە ڕەحمان/عەربەتەوە ڕەتدەبێ بۆ شارۆچکەی عەربەت و ڕێگەی هاتوچۆ و ئاژەڵی لەوەڕان و کاروباری

پیادەڕێ بەرەو باکوری گوندەکە بۆ کێشەی کارگێڕی و کڕین و فرۆشتن و هاتوچۆ.

٥. ڕێگەی بێستان سوری بچوك /تەیارەخانەکە: ئەم ڕێگەیە لە گوندی بێستان سوری بچوکەوە دەردەچێ و بەسەر ملەی یاڵی مامەڕەحمان - سەراکۆندا سەردەکەوێ بەرەو باکور بەناو زەوی یەکانی دەشتی تەیارەخانەکەدا بەرەو بێکەسە دەڕوات، ئەمە پیادەڕێی هاتوچۆی شار بووە، هەر لەم ڕێگەیەوە لە بناری بەری ڕۆژهەلاتی (کلکەی عەربەت -مامە ڕەحمان) ەوە بەرەو باکور بە بناردا ڕێگەیەك بەناو زەوی یەکانی ڕۆژئاوای دوودۆڵەدا کە باسمان کردووە سەردەکەوێ هەتا دەگاتە جادەی عەربەت - هەڵەبجە.

٦. ڕێگەی بێکەسە: ئەم ڕێگەیە لە دێر زەمانەوە ڕێگەی هاتوچۆی خەڵکی گوندەکە بووە بۆ چونیان بۆ شاری سلێمانی، لە ناو گوندی بێستان سوری گەورەوە بەرەو باکور سەردەکەوێ بۆ سەر جادەی عەربەت /هەڵەبجە و سەر چاخانەی بێکەسە.

٧. ڕێگەی خرابە: کە پیادە ڕێیەکە لە بێستان سورەوە دەچێ بۆ گوندی خرابە، لە باکورەوە ئەم ڕێگەیە تەنها هی هاتوچۆی کشتیاران و هێنانی ئاژەڵی خرابە بۆ ئاودان لەسەرچاوەی بێستان سور، ئەو ڕێگەیە دەڕوات بە ناوەڕاستی زەوی یە پەیوەستەکانی (پشت ئاوایی /بێکەسە - دەشتی بیرەکانی ئاغا) دا.

٨. ڕێگەی دارەکە: ئەم ڕێگەیە لە دێر زەمانەوە لە گوندەکەوە بەرەو باکور بۆ سەر جادەی گشتی عەربەت /هەڵەبجە دەچێ وڕێگای هاتوچۆی چوون بۆ شارە، بە نێوان زەوی گێڵەرە و بیرەکاندا دەڕوات.

٩. ڕێگەی چاڵەپان: لە گوندەکەوە بەرەو ڕۆژهەلآت دەڕوات بە ناوەڕاستی زەوی یەکانی گێڵەرە و زریسکەدا دەڕوات هەتا سەر جادەی گشتی عەربەت /هەڵەبجە و لەوێشەوە بە زەوی چاڵەپاندا بە چیای کلکەی چەناخچیاندا هەڵدەزنێ و بەرەو بەرزنجە و مۆریاس، ئەمە بۆ میوەهات و دار و باراش بووە لە دێر زەمانەوە.

١٠. ڕێگای گۆڕی گەوری: لە گوندەکەوە بەرەو باشور بە پشتی جۆگەی کاژاو بەری کێلەسپی دا بەرەو گوندەکانی کاژاو و زێڕینجۆ بۆسەر کێڵگەکانی ئەو ناوەش دەڕوات.

١١. بەرەو کێڵگەکانی ئیسلاح، یاسین تەپە خاك و خۆڵ هتد. .. ڕێگای هاتوچۆ بەرەو باشور بۆناو کێڵگە دارەکان و گوندەکانی باشور و یاسین تەپە.

ئاژەڵداری

بێستان سور خاوەنی گەلەڕانە مەڕ و گا گەل و ڕەوە بەرزە وولآخ و پۆلە باڵندەی وەك قەل، قاز، مراوی، مریشك بووە هەتا ئێستاش، بەروبومێکی چاکی هەبووە و هەیە، لاپاڵ و چەمەکان بونەتە مایەی زیاد بوونی بەروبومی ئاژەڵ.

لەم گوندەدا لە دێرزەمانەوە ئاشی ئاو هەبووە کە لە هەر چوار لاوە باراشی بۆ هاتوە و بوەتە بەروبومی ئابوری باش.

کارو پیشەی تریش: وەك:

١. کڕین و فرۆشتن و دوکانداری.

٢. دەوار چنین. ٣. بەڕە. ٤. چیغ. ٥. حەسیر. ٦. کلآشی پەڕۆ یان

بەن کە بۆ درەوان بەکار هاتووە و بە کلاشی دۆمی ناسراوە، وەستای ئاش بۆ بەگەڕ خستنی ئاو و چاککردنی بەرداشەکان، دروست کردنی سەبەتە بۆ کاروباری میوەهات یا فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵ بەسەبەتەکە، چنین و ڕستن کە هەمووی ئابوری باشی فەراهەم هێناوە، ئەمانەی لەم بڕگەی ئابوریەدا باسمان کردن وەك زەوی و زار، ئاو و سەرچاوە و ڕێگاوبان و ئاش و پیشەکان و ئاژەڵداری، هەموویان جگە لەوەی کە ڕادەی بەرزی ئابوری ئەم گوندە ئەسەلمێنن جوانی سروشتیش بەرجەستە دەکەن کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم گوندە لەسەرەتای مێژووەوە هەتا ئێستا لە باری کۆمەلایەتی و ئابوری شارستانی یەتەوە گەشەدار و دیار بووە لە شارەزووردا.

ڕادەی هونەری و داب و نەریتی کۆمەلایەتی و شارستانی

هونەر: لەم گوندەدا هەرلە سەرەتای دامەزراندنییەوە و لە قولایی مێژووەوە هونەری میللی و کوردەواری باوێکی گرنگ بووە و گرنگی زۆری دراوەتێ، وەك: هەڵپەڕکێ، گۆرانی و هۆرە، شمشاڵ، پیشە دەستی یەکان و زۆرکاری هونەری یادی شانامە و هتد.

چەند کەسانێك بۆ ئەم مەبەستانە لەم گوندەدا هەڵکەوتون کە توانایەکی چاکیان لەو بوارانەدا هەبووە، بۆنمونە: (مجیدی سلێمان) یەکێك لە شمشاڵ ژەنە بە ناوبانگەکانی شارەزوور بووە کە توانیویەتی بۆماوەی چەند کاتژمێر بە جۆرەهای ئاواز لە ڕێگای (لولکەوە چ قامیش بوبێ یان ئاسن) توانیویەتی شمشاڵ بۆ هەڵپەڕکێ بژەنێ بە هەموو جۆرەکانی هەڵپەڕین، یان گۆرانی بێژی

وەك (ئەحمەدی قادر) ناسراو بە (ئەحە ڕەشی خونچە) كە لە بنەماڵەی مەلا قادری سۆفی بووە كە باسمان كردووە، توانیویەتی یەك شەو و ڕۆژ بە گۆرانی و دەنگە زوڵاڵەكەی هەڵپەڕكێ بگێڕێ، هەروەها (ئەحمەدی حمەی شا مراد) كە بە (ئەحە ڕەشی شا مراد) دواتریش بە حاجی خەلیفە ناسراوە، هەمان شێوەی ئەحە ڕەش یەكەم بووە، یان (محمودی حمەصالح) ناسراو بە خولەی حمەپاڵە، ئەم نازناوانە لە خۆشی دەنگ و ئاوازەكەی بووە، كە هەرگیز ماندو نەبووە و خەریكی ئاواز و گۆرانی دەستوری شارەزووری جۆراو جۆر بووە و هەمیشە قریوەی پێكەنین و گۆرانی تێكەڵ كردووە، ئەو نازناوەی وەرگرتووە، یان (كریم) ناسراو بە خەلیفە كریم و بەكریمی برای حمە صالح سوركەش بانگ دەكرا ئەمیش هەمان نزیكی دەكردەوە لە (محمود) و چەند شەو وڕۆژ شاییان دەگێڕا، (حسین ئەحمەد) ناسراو بە (ملا حسین) خاوەنی دەنگ و ئاوازێكی زۆر خۆش بوو كاتێك كە قورئانی دەخوێند وەك (عبدالباست) یان كە سۆزی دەروێشی دەكردخاوەنی دەنگێكی وابوو كە هەستی ڕادەكێشا، (ملا عبداللەی محمد) جگە لەوەی لە بانگ و سەڵادا، بەڕاستی خاوەنی دەنگ و ئاوازێكی زۆر خۆش و دڵگیر بوو، لێزانێكی زۆربەتواناش بوو لە دەف لێداندا و هەموو ئاوازێكی دەفی دەزانی لەكاتی زیكر و مەولود و هەر شتێكی تردا.

لە ئافرەتیشدا (مەنیجە مچە لەیلیٚ) خاوەنی یەك دەنگ و ئاواز و لاوانەوە بوو بەسەر كەسانی لاودا كە بمردایە سەدان بەیتی شین و شەپۆڕی دەوت و بەشی هەرەزۆری خۆی بە سەرپێی دەیوت وەك

دەڵێن مەلی بە ئاسمانەوە ڕادەگرت، لەبواری حەکیمی میللیشدا نەنکە مەجە کە باسمان کردووە لەسەروە باشترین مامان و حەکیمی منداڵان بوو، هەرچی خەڵکی ئەو دوو گوندە هەیە و دەکەونە سەرینی بونی ئەو ژنە، ئەو ناوکی بڕیون هەتا کۆچی دوایی کرد ڕوداووکارەساتێکی ناهەموار لە دەستی نەقەوماوە لەڕوی مامانی یەوە، حەکیمی میللی منداڵانیش بوو گەلێك نەخۆشی چاك کردۆتەوە ئەمە جگە لەوە کە سوننەتی منداڵانیشی دەکرد، چ کوڕ چ کچ بەتایبەت کچ، وێڕای ئەوەی کە تەون گێڕێکی بەتوانا بوو لە ماوەی چەند ڕۆژدا بەڕەیەکی مەترونیو بە سێ مەتری دروست دەکرد لە جۆرەهای ڕەنگ، ئەمە جگە لەوەی چ پیاوان چ ژنان ٧٥٪ خەڵکی لە سەرەتاوە هەتا شەستەکانی ئەم سەدەیەش، تەون گەڕی ، بڕین، دوورین، چنین، ڕستن، دروست کردنی (دەوار، ڕەشماڵ) دروست کردنی چیخ، دروست کردنی حەسیر، کلاشی خوری بۆ درەوان بەلام ئەم کارە کەم کەس دەیزانی، بۆ نمونە وەك(حمە فرج ڕەحمان، حمەصالح سورکە، سعیدی صالح، هتد) هەروەها دروست کردنی سەبەتە کە زۆرکەس دەیزانی، دروست کردنی خانوو، دارەڕا کردن بە شێوەی باش بۆ نمونە وەك(عبدالله محمد) ناسراو بە (مام عەودە) لە خانوو بەرەدا دەستی هەبووە، (محمود ئەحمەد) ناسراو بە (خولەی ئەحە وەروەر) کە لە دارە ڕادا زۆر شارەزا بووە، (محمد حسن) ناسراو بە (حەمەی مامە سەن) یان (حمەی حەسەن وەروەر) کە لە دروست کردنی خانوی نوێدا دەستی باشی هەبوو، (حمە امینی قالە عاسێ) (حاجی حمە ئەمین) لە چەخماخ سازی و فیشەك داگرتنەوە و باروت

دروست کردندا دەستی باڵای هەبووە، لە دروست کردن و تەرتیب کردنی عاسەڵانی جوت و کێڵگەدا (حمە صاڵحی مارف) ناسراو بە (حمە صاڵحی لولی) دەستی باڵای هەبووە، ئەمە جگە لە خوێندنەوەی شانامە و هۆنراوەکانی ئەو سەردەمە بە ئاوازەوە لەسەر دەستوری ئەو کاتە لەبەر وتویەتی کەڵەشاخ سازی لە بواری حەکیمی میللیدا و لەگەڵ خەساندن تایبەت بووبە (سعیدی صاڵح) ناسراو بە (سەعەی سالە قول قەوی) هەروەها (محمد صاڵح) ناسراو بە (حمەی مام صاڵح) بۆ کەڵ خەساندن و جیّ پیّ هڵگرتن، لە بواری هۆرەدا (محمد صاڵح) ناسراو بە (حمەی سالە قول قەوی، حمە ئاغا) کە خاوەنی دەنگ و ئاوازێکی زۆر دڵگیر بوو بۆ هۆرەی جاف، هەروەها لەو بوارەدا قالەی صاڵحی حمە سعید هۆرە زانێکی چاك بوو، خەڵکی ئاوایی ٤٠٪ لە بواری چیرۆکی گویّ ئاگردان، حیکایەت، مەتەڵدا زانا بوون، لە یاری هێلکە شکێنەدا کەس لە مام سمایلی نەبردۆتەوە کە ناسراوە بە سمە وورگە، هەڵبەت من نازناوەکانیان بۆ هەجوو ناڵێم بەڵکو بۆ ئەوە دەیانڵێم کە بەوە ناسراون و خۆشیان شانازیان بە نازناوەکانیانەوە کردووە، هەم بۆ زیندوو کردنەوەی کەلەپوری ئەم گوندە، من شتەکان وەك خۆیان باس دەکەم کە هەبوون. ..

لە ڕاوچیەتیدا حاجی حمەئەمینی قالە عاسیّ، حمەی سعید ناسراو بە حمەبچکۆل چ ڕاوە باڵندە و چ ڕاوە ماسی، ڕاوی کەروێشك و ڕاوە تانجی (قادر محمد) ناسراو بە (قالەی حەمەی عارف).. لە ڕاوی تفەنگ چیەتی دا حمەئەمینی حمەسعیدی ڕەمەزان تاقانە تفەنگچی شارەزوور بووە.

لـە بـواری سوارچـاكی و چـالاكی و ئازايەتیـدا، حمـەی عـارف، خولـەی شـانە، (صـالح محـمد) ناسـراو بـە سـالەی خرامـان، علـی فـرج ئەرسەلان ناسراو بە عەلەسوری ئامە ووردە، لـەبواری یـاریزانی یـاری یە میلیەكاندا وەك دالّ دالّێن و سێ باز و چێوشەقێن و هتد، زۆرینەی خـەڵكی شـارەزاو زانـا بـوون بـەڵام هـەرە بەناوبانگـەكانی: زانـای ئـەم بوارە حمەی مام صالح، حمـەی مـارفی مچە لـەیلێ، لـەبواری قۆشمـەو خۆش گوزەرانیـدا لـە ئاهەنگە شـەوانەكان و شـەوارەی منـدالّ بوونـدا، مـام سمایـل، كریمـی فـەقێ علـی، ئەحمـەدی قـادر (ئەحـە ڕەش) حمەصالح لول و كەسانی تر وەك شانۆنامەی میللی سەرپێیی دەوری شـانۆنامەیان بینیـوە بـۆ بەسـەربردنی ئاهەنگـەكان و شـەوگار، بـۆ نمونـە: شـانۆی وەسـتا و مـەكۆ، كـە نـاتوانین ئـەم شـانۆگەریە لێـرەدا بنوسین، ڕاوە ژیژك و قەیتان و پشكۆ و هتد..، لەبواری قسەی قوت و قۆشمەیی و پینەچی یەتی دا، مامە قادر ناسراو بە (قالـە پینەچی).. مامـە ڕەشـە ناسـراو بـە ڕەشـەی كوكـە، گـەلێ كـاری تـر هـەر لـە بـواری هونەریدا كە خەڵكی ئەم ئاواییە پەیڕەویان كردووە.

٢. داب و نەریتی كۆمەڵایەتی: لەم بوارەدا گەلێ كاری فۆلكلۆری و كەلـەپوری و داب و نـەریت هـەن كـە خـەڵكی ئـەم گونـدە لـە دێرزەمانەوە پەیڕەویان كردووە هەتا ئەم دواییانە هەرمابوون لەسەر شێوەیەكی كوردەواری ڕەسەن و بەپێز.. ئەو كارانەش وەك:

یەنی ئاشی خەرگە رەش بە روخاوی

أ. ئاش و ئاش وەستاو ئاشەوان، دیارە ئاشی ئاو لەبەردەم ئاوێکی زۆردا کە ئاوەکە لە بەرزیدایە خانویەك دروست کراوە ئیتر لەهەرجۆرە ماددەیەکی دروست کردنی بوێ زیاتر لە قسڵ و جاڕو بووە هەرەکۆنەکان جاڕو بووە کە وەك لەسەرەوە لە باسی بەربەندی یاسین تەپە و سی ئاشە و بەربەندی سەترەکەدا باسمان کردووە، بەڵام ئەوانەی دواتر لە قسڵ دروست کراوە، ئاش ئەگەر ئاوەکەی زۆربێ دوو بەرداشی بۆ دادەنرێ و گەرنا یەك بەرداش، ئاش سێ ژوور یان دوو ژوورە، تەویلە بۆ بەرزە وولاخ و گوێ درێژ و هەرچی بارەبەرەکانە، ژووری هاڕین، لە تەنیشتی ژووری هاڕینەوە لەسەر سەکۆیەك جێگایەك جیا کراوەتەوە بۆ حەوانەوەی ئاشەوان و باراش هاڕەکان، لێرەدا نامانەوێ باسی ئاش بە درێژی بکەین، بەڵام شتە

گرنگـەکانی وەك کەلـەپور باسـی دەکـەین، یـەك لولـەی (بـۆری) لـە ئەسـتوری بەرمیلێکـدا بـە بـەرزایی سـەرەوەی ئاشـەکە بـۆ ژێـر بەرداشـەکان کـە ئـاوی جۆگەکـە بـەو لولـەدا بەتـەوژم تـەوەری ئـاش دەسوڕێنێتەوە بەرداش دەگەڕێ و باراش دەهاڕێ، بۆهـەر بارێکی دە تەنەکـەیی سـێ کەپولـە[١٩] دەدرێ بـە خـاوەن ئـاش، ئـەو دەغڵـە کـە دەدرێ پێـی دەڵێـن مزە ئاش، باراش هاڕ بەشـی ئاشـەوان دەدات بـە دیاری جا چ ئارد بێ یان دەغڵ بەو بەشە دەوترێ ئاردە بارە، جگە لەوە ئاشەوان لە (١١) کەپولە مزەی خاوەن ئاش کەپولەیەك لـە کرێـی کارەکـەی خـۆی دەبات، دۆڵیانـەی ئـاش ئـەو شـوێنەیە کـە ئاوەکـە دەچـێتە نـاو لولـەکان، لـە پـشتی دۆڵیانـەوە شـەلالێك هەیـە کـە ئـاوە شکێنەی پێدەوترێ کەئاش باراشی تێدا نەما، ئاشەوان لەو شوێنەوە ئاوەکە بەردەداتـەوە و بە تـەوژم و کـەف بەسـەر و سپی و جـوان لـەو بەرزاییەوە بەسەر ئەو باخ و بۆڵاخەدا ئاو دەڕژێتە خوارەوە و دەیکاتە خوڕەو ناڵە هەردڵێ سەد دڵ حەیرانیەتی، ئیتر ئاشەوان دەکاتـە سـەر بەرزاییـەك و بـانگ دەکـات ئـاش بـەتاڵ واتـە ئاشـەکە چـۆڵە، بـاراش هاڕەکـان بەپەلـە دەچـن و سـەرە دەگـرن، وولاخـەکان لـەبن دار سـەهەندەکاندا ئـالف دەدەن و خۆشـیان لەسـەر کـانی و ئاوەکـان دەحەوێنەوە و کولێرە ئاش دروست دەکرێ و دەبێتـە برا سەیرانێك، کە جۆگەی ئاش پیس دەبێ ئاشەوان بە داسێکەوە پاکی دەکاتەوە، بـەو کـارە دەوتـری ئاومـاڵ یـان جۆگـەماڵ، هـەر چـۆن جۆگـە کشتوکاڵییەکان کە پیس دەبن جۆگە ماڵ دەکرێن.

گەر ئاش لەکارکەوێت، ئاش وەستا بەردە ئاشەکان (بەرداش)

بە چەکوشی تایبەت زبر دەکاتەوە دەوترێ (بیران) تەوەرە و ئامێرەکانی دەخاتەوە گەڕ.. ئاشەوان و ئاش وەستا بەناوبانگەکان ئەمانە بوون: حەسەن ئاغا کەپیاوێکی بالأبەرزی ڕەقەکاری سورکار بووە دەستی گەلێ وەستایی تریشی هەبووە، وەك پێوەنی زنجیری بۆ بەرزە وولأخ دروست کردووە وێرای ئاش و وەستایی، لالە ئەحمەد ناسراو بە (ئەحەشەل) و (مام فتاح) ناسراو بە فەتە کۆپان باشترین و دێرینترین و هەمیشەیی ترین ئاشەوان بوون.

ب. جەژنەکان

١. جەژنە ئاینیەکان وەك: جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان، جەژنی میعراج، جەژنی مەولود کەبە جەژنە مریشکە ناسراو بووە، لە جەژنی ڕەمەزاندا دوای مانگێك ڕۆژو و شەو نوێژ و تەراویح، شەوی جەژن بۆ مانگ گەڕاون و لێزانی چاك هەبووە کە مانگی دیوە، ئەگەر هەور بووبێ ئەوا لەشارستانەکان مشوری زانینی جەژنیان خواردووە کەسێك بە کۆلأناندا گەڕاوە و بانگی کردووە بەیانی جەژنە و ئیتر سەلأ لە مزگەوت کراوە، بۆئەو مەبەستە دوکەس هەبوون بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی گوند، یەکەمیان مەلا عبدالله ی محمد کە باسمان کردووە، بەدەنگ و ئاوازەکەی بانگی خەڵکی دەکرد و دوایش سەلأی دەکرد، وە دووەمیان مام سابیر کە ناسراو بوو بە (سابیری حمەی ڕەحمان) چونکە حمەی ڕەحمان ناوێك ئەو پیاوەی پێگەیاندووە، بە زاوا ڕێوی کچی خۆی داوەتێ و کردویەتی بە کوڕی خۆی، ئەو مام سابیرە زۆر قسە قوت و قسە خۆش و خێرۆمەند بووە.

ئەم ناوانەی خوارەوە ئەو لە سێ قۆناغی پێشتر و ناوەند و دواتر هەتا ڕاگوێزان ئەو کەسە دیاریانەن کە لە هەردوو گوندی بێستانسوردا ژیاون لەسەرەتای دەستپێکی دامەزراندنیەوە بۆ جارێکی تر:

حاجی ئەمین قەرەوەیس ڕیش سپی هۆز، قاسمی قەرەوەیس، حمەسەعید ڕەمەزان، کەرەمی کەرەم وەیس، سالەحی مستەفا، سورسوریەل / میرزا، مامە مەیکەچنگنی حەکیمی میللی، شێخ حسەینی شێخ ڕەحیم زاهید، حەمە وەروەر، فەقێ عەلی قاسم، کەریم فەقێ عەلی، محەمەد فەقێ عەلی، عەبدوڵای ئەحمەد فەقێ ساڵەح، بەکری حەمە ساڵەح، حەمەی ئەوڕەحمانی حەمە ساڵەح، کەریمە سور، فەتاح شانە، فەتاح عودە، کەریم دەروێش، قادر فارس، سەرحەد ئەوڕەحمان، کوێخا عارفی گزیر، مامە عەبدولڕەحمان پشدەری، ڕۆستەم کەریم مایلی، قایەری حەمەشەریف، حەمەی شاموراد، ساڵەح حەمە سەعید، حەمەی فەقێ ئەحمەد، قادر ئەسعەد، عەزیز مەحموود سلێمان، مام یوسفی بەلجیقا، حەمە عەزیز ئەمین، عەبە بیشۆ، ئەوڕەحمان بەختیار بەگ، حسەین بەختیار بەگ، حەمە بەختیار بەگ، حەمە ساڵەح میر وەیس،قادری میر وەلی، عەلی فەرەج سلێمان، حەمە ساڵەح مارف لولی، لالە حەمە حەسەن، شێخ مارف شەل، حاجی عەلی، سەعید شامە، سەعەی باوکی حمە بچکۆل،ئەحمەدی کافەو سەعە مشکە، مەحموود گوڵ محەمەد، حەمەخانی حسەین، قادری زڵێخا، ئەمین شەریف، کەریم ئەحمەد خاتوون، قالە پینەچی، حەمەسەعید ئەولا، شێخ محەمەد، حەمەئەمین قادر موراد خان، ئەوڕەحمان عەزیز، فەقێ ساڵەح، ساڵەح میر ئەحمەد، مستەفا عەزیز فارس، تاهیر عەزیز فارس، فەرەج ئەسلان، سابیر عەزیز فارس، حەمە تورکە، سەعدون عەربەتی، ساڵەح سۆڵەیی، مەلا کاکە حەمە، حەمەسەعید

حەمە ئەمین، رحیم عەبە، ئەحمەد وەروەر، حەسەن وەروەر، قادر ساڵەح، محێدینی نان، مامە وەیسە، ساڵەحی برای وەیسە، کەریم موتە، حەمەخان یەکەم موختار باپیری خولەی سەلە، محەمەدی فەقێ ئەحمەد، مەجید ساڵەح سلێمان، عەلی خڕە، غەریبە لاڵ، ئەوڕەحمان برای عەلی، مامە ڕەحمان پیوە، قادر عەربەتی، ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ مستەفا بەرزنجی، سمایل ورگە، حەمە قلیان، خواکەرەمە شەل، حەمە ئەمین بەفراو، حەمە ساڵەح پاڵە، ساڵەح قول قەوی، وەسمان باوکی حەمە سەعید، ساڵەح سوڵەیی، مچە چەتە، قادر کوکە و ڕەشە دۆم، کەریم ئەمین، حەمەئەمین قادر شەریف، قادر باوکی سالەی ڕەوشە، حەمەی ئەوڕەحمان و حەمەی فەرەجی ڕەحمان، ئەحمەدی باوکی مەلا حسین، حەمە ئەمین کورسانی، سەعید باوکی حەمە بچکۆل، ئەحمەدی هاوسەری پەریزاد، ئەحمەدی باوکی مینەی خەجێ، حەمەی شا مراد، کەریمی ئەمین، حەمە ساڵەحی سلێمان، ساڵەح توڵەیی، حەمە ساڵەحی وەنەوش، حەمەی خام پەری، حەمە مینە دۆینە، قایەرو حەمەی قادر، خولەی قاسم، مام فەتاح، ئەول کەریمی حەمە ساڵەح، سالە پەری، ئەحمەد باوکی ئەول کاك، حەسەن سەقا، ئەحەی محە، ئەحە شەل، مام ساڵەح گەرمیانی، عەلی حەمە سەعید، سەیدەی دەف ژەن، حەمەی عارف گزیر، ئەم ناوانەی سەرەوە لە دوو قۆناغی پێشینەوەو پێشینە تردا سەردەمی ڕیش سپی یەتی حاجی ئەمین و فەقێ عەلی دا لە هەردوو بێستانسور، بەگوێرەی تەمەن کۆچی دواییان .

ئەم ناوانانەی خوارەوە لە دووقۆناغی ناوەندی و تا ڕاگوێزان بە گوێرەی تەمەن و هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە، لە سەردەمی ڕیشسپییەتی عومەری فەقێ عەلی و ئەبو بەکر عومەردا:

بێستانسوری گەورە

عومەری فەقێ عەلی و ئەبوبەکرو بورهان و عەلی کوڕی، ئەحمەدی فەقێ عەلی و عەبدولحامی و ئەنوەر و کوڕانی تری.

قالەی حەمە عارف و سالەحی حەمە عارف و حەمەی پەریزاد، مەحمودی پەریزاد، حەمە ڕەحیم حەمەی کەریمی یارە و عەبە بینۆ، حەمەی مام سالەح، قادری مام سالەح و مام هادی، توفیق ئالتون و کوڕانی، عەزەو مەلا سالەح و ئەحمەدی خونچەو کوڕانیان، قالە گودیلە و مەحموی حەسەن سەقا، حەمە ئەمین حەمە سەعید و کوڕانی، حەمەی سالەح سورکە، خەلیفە کەریم و کوڕانیان مەحموی حەمە وەروەر، حەمەو ئەحمەدی حەسەن وەروەر ،قایەری سالەحی حەمە سەعید، مەحموی سەلەو، حەمەو ئەحەی میمکە سەلەو مەلا عەبدولا و عەبدوڕەحمانی محەمەد، حەمە حسێن و ئەولقادر، کەریم کافەو ئەمینی قادرو ئەحمەدی قادرو عەلی کوڕی، ئەولکەریمی بۆڕە، مەجیە خەوە، ڕەشەی حەکە، حەمەو ئەحمەدی مام سەلیم، حەمە کیبرە، حەمە ئەمینی حەمە عەلی و عەزەی حەمە عەلی،حسن ئاغا، توفیقی حەمە ئەمین، سالەحی ڕەوشە، حەمە بچکۆل، محمود و حەمەی حەلاو، حەمەی حسەین، حەمەی ڕەعە ، ئەولڕەحمانی برای عەلی ئەحمەدی عەولڕەحمان و براکانی و خولەی شانە، حەسەنی سالەح سۆلەیی و براکانی، حاجی ئەسعەد، ئەولکەریمی حەمەی سەلتە، مام سعید و کوڕەکانی، ئەحەی شاموراد و براو کوڕەکانی، و سەعەی سالەح قول قەوی و حەمەی سالەح قول قەوی و کوڕەکانیان، حەمەی سەعیدی وەسمان و حەمە ڕەشید قادر وەسمان مەلا حسێن و کوڕەکانی عەلی و ڕەشید کەریم ، حەمەی ڕەحمان و حەمەی فەرەجی ڕەحمان سابیری حەمەی ڕەحمان و کوڕانیان، کوڕانی حەمەی کەریم و

کوڕەکانیـان و سـالەی خـەرامان کوڕانیـان، ئەحمـەدی شـا سـەلەم و کوڕەکانی، مارفی مچە لەیلێ و کوڕەکانی، مام ڕەشید، حەمە خڕەو عەلە سوور و ڕۆستەمی وەنەوش، سەعە فاتە، حاجی حەسەنی حەمە خان و حاجی مەجید، ئەحەی حەمە و حەمەی محەو کوڕانیان، عەلی ئێرانی، حەمە ئەمین چەنی مەنی، حەمەمینی میمکە گوڵخاس، حەمەمینی خەجێ، ئەحەی ئایشان، محمود و جەباری ڕەوشە، حەمەی عارف، حەمەمینی قالە عاسێ، ئەحمەدی کوڕی و کوڕانیان، ئەولکاکی ئەحمەد، مەلای فەرەج و ساڵح کەنۆ، خەلیفە حەمە مورداو کوڕەکانیان، عەلی کونجە ، فەرەج کەڵە شێر، حەمەی مەلا قادر و براکانیان، ڕەشەی خەلیفەو حەمەی فەرەج، ڕەشە شەل و هەندێ خزمانیان، حەمە کەریمی ڕوغزایی و مامە حەمە و حسەینە شـەل، حەمـەی فـرج (ج)، حمـەی مـلا قـادر و حمـەی رەعـە ، ئەورەحمان و ئەورەحیم و حمە قوچ ئێرانی و ئەورەحمانی باوکی حمە قیرە چەند کەسانی تر.

عەبەلە، کاکە رەحیم شێخ حسین،مام سمایل، مام غەفوور، ئەحمەد و عەبە کۆیی، عەبەی قایەرو حەمەی قایەر، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستدا قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی بێستانسور کرایەوە و سەرەتا لە خانووەکانی ئاغادا دەستی پێ کردو دوایی قوتابخانەی تایبەتی بۆ کرایەوە و یەکەم مامۆستای ئەم گوندە مامۆستا مەحمود محمەدی ئەولی بوو بۆ کوڕان دوایی ئەویش مامۆستا بورهان نوری و مامۆستا وازح چەند مامۆستایەکی تر کە ئەو سیانەی سەرەتایان هونەرمەند و ڕۆشنبیرو وولات پەروەرێکی مەزن بوون، بۆ کچانیش یەکەم مامۆستا مامۆستا نەسرینە سوور بوو کە خێزانی مامۆستا وازح بوو: ماڵیان لەم گوندە بووە.

بێستانسوری بچووك

عەلی قادرو حەمەی ساڵەح و کوڕەکانیان و عەزە کەڕ، ئەحە هەتیوو کوڕانی ئەحەی ئەفەو حەمەی ئەفەو ئەحە کەڵووڕ، حاجی قازی و حاجی قادر و حەمە غەریب و کوڕانیان، حەمەی فەرەج، حەمەی ناوە، ئەمینی خواڕەحم ، بلە قەڵەو کەریم و مەحموودی حەمەی سورەك، عەبدوڵڵای مستەفا و کوڕانیان، حەمەی سەمین، حەمە ئەمین زامار و قالەی فارس .حمە امین خوارەحم.

لە ڕووی شۆڕش و خەبات و قوربانی دانەوە هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەساڵی ١٩٧٤ ڕژێمی فاشی بەعس بە لیوایەك سەرباز و گەلە گورگە خۆفرۆشەکانەوە لەگەڵ مەلا بانگدانی بەیانیدا هەڵی کوتایە سەر (گوندی بێستانسور) و چەند کێڵگەو ماڵ و عەماری زەخیرەو خانوو بەرەیان سووتان چەندین کەسیان کوشت، پۆلێك شەهید چووە سەر شەهیدەکانی کوردستان وە کۆمەڵێکی زۆریان لە خەڵکی ئاوایی گرت بەچاو بەستراوەیی سەرونگوم کران هەتا چەند ڕۆژێك کاتێك سەریان هەڵدایەوە و بەربوون پەریشان بوون کەسێکیان سەرو نگون بووە، نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە ئەوە دووەم پەلامارو کوشتن و بڕین بووە بۆ سەر ئەم گوندە، هەڵبەت ئەم هێرشانەی ڕژێم بۆ سەر گوندی بێستانسور لەبەر ئەوە بوو کە ئەم گوندە زنجیرەی بەیەك گەیاندنی شارو شاخ بوە بۆ کاروبار لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە چونکە بێستانسور ببوە میوانخانەیەك بۆ هەڵهاتووەکان و جێگەیەکیش بوە کانگای ئاڵوگۆڕی ئابوری.بەڵگەی ئەم ڕاستیانە بڕوانە کتێبی حسێن عارف ساڵێك لەتەمەن ل٨٥

ناوی ئەو مامۆستا ئاینی یانەی لە گوندی بێستان سور بوون

مەلا کاکە حەمە

مەلا عبدالرحمان – بێلوت

مەلا شێخ تۆفیق

مەلا عبدالله هجیج

مەلا شێخ عسمان دۆڵ پەمویی

مەلا قادر پێنجوێنی

مەلا عبدالله

مەلا شێخ محمد بەرزنجی

مەلا شێخ محمد خەوتاش

مەلا أحمد زێوێیی

مەلا محمد جوزەلە

مەلا محمد شەمەیی

مەلا عمر حمە رەزا مۆریاسی

مەلا احمد قسرتی

مەلا علی گێڵەرەیی

مەلا صاڵح

مەلا خالید ئاغجلەرەی

مەلا عبدالله حمە نادر

مەلا خالید پەریەرۆیی

بێستان سوور و گەڕەکەکانی ئەم گوندە

بێستان سوور لە دوو گوند پێك هاتووە گوندی بێستان سووری بچوك (بێستان سووری کۆن) لەسەر دەستی حاجی (ئەمین کریم قەرەوەیس) لەسەدەی (١٧) ز بنیات نراوە، بێستان سووری گەورە لەسەر دەستی (فقێ علی قاسم کریم قەرەوەیس) لە سەدەی (١٨)ز بنیات نراوە.

بێستان سووری بچوك دەکەوێتە لێواری گۆمەڕەش لە دوو گەڕەکی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان گەڕەکی (علی صالح) ئەمانە لە هۆزی عێل بەگین.

دووەمیان گەڕەکی حاجی قازی ئەمانە لە هۆزی کەماڵەیی جافن، لەسەردەستی (عمری فقێ علی) نیشتەجێ کراون زۆر نزیك بوون لە عمری فقێ علی بەدەم ئیش و کاری خۆشی و ناخۆشی یەوە بوون هەر شتێکیان بوایە ڕاوێژیان بە (کوێخا عمر) دەکرد، ئەو سەردەمە کە پێکهاتبوون لەم بنەماڵانە (حاجی قازی.حمە امین فرج.عبدالله کریم.برایم قەلەو.حاجی حمەمین.حاجی قادر -قادری فارس).

گوندی بێستان سووری بچوك دەکەوێتە بەینی گردی گۆمە ڕەش (قەڵای کچ) و (گردی سەراکۆن).

بەری ڕۆژهەڵاتیش گوندی بێستان سووری گەورەیە کەلە دوو گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە و ئەو دوو گەڕەکەش دابەش دەبن بە پێنج گەڕەکی بچوکەوە، گەڕەکی یەکەمی سەرەکی، گەڕەکی حاجی ئەمینی گەورەیە، بەری ڕۆژئاوایە، گەڕەکی دووەمی سەرەکیش

گەڕەکی (ئانی یە) کەبەری ڕۆژهەڵاتی گوندەکەیە، لە نێوان ئەم دوو گەڕەکەدا ڕێگەیەکی سەرەکی کەبەشی کۆتایی ڕێگای (بێکەسەیە) لە بەری باکوری گوندەکەوە شۆڕبۆتەوە بۆ بەری باشور بەلای مزگەوت و گۆمەکە کەناومان هێناون.

گەڕەکە بچوکەکانی ناو ئەم دوو گەڕەکەش، بەری ڕۆژئاوا گەڕەکی (دۆڵەکە) کە ڕیزەماڵێکە لە باکوری گوندەکەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ باشوری گوندەکە، لەسەر لێواری بەشی کۆتایی دۆڵی دوو دۆڵەکە کەباسمان کردووە، ئەم گەڕەکە ڕووی کردۆتە ڕۆژئاوا.

گەڕەکی دووهەم گەڕەکی ناوەڕاستی یەکەم کە ئەمە گەڕەکێکی تێکەڵاون چواردەوری دراوە لە گۆڕەپانێك کە پەچەی ڕەشە وولاخی هاولاتیانی گەڕەکەکەیە کە ناسراوە بە پەچەی بەردەم ماڵی (حمە ئەمینی حمە علی)، ئەم گەڕەکە دەگاتە سەر ڕێگەی ناوەڕاست کەناومان بردووە.

گەڕەکی ناوەڕاستی دووهەم دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕێگەی ناوبراو، ئەم گەڕەکەش گەڕەکێکی تێکەڵاوە چواردەوری داوە لە گۆڕەپانێك کە پەچەی هاوینەی ڕەشە وولاخی گەڕەکەکەیە، بە پەچەی بەردەم ماڵی (ئەحمەدی شاسەلەم) ناسراوە.

گەڕەکی (ئاغا)، ئەمەش گەڕەکێکی تێکەڵاوە شێوەیەکی سێگۆشەیی گرتۆتەخۆ لە بەری ڕۆژهەڵاتی گوندەکەدا.

گەڕەکی گۆمەکە، ئەمەش ڕیزە ماڵێکە لە بەری باشووری گوندەکەدا لەسەر گۆمەکە کە ڕووەو قیبلەیە، لە گردۆلکەکەی تەنیشتی مزگەوتی حاجی ئەمینەوە دەست پێدەکات بۆ گردۆلکەکەی

دەسپێکی گەڕەکی ئاغا تەنیشتی ماڵی حەمە ئەمینی حەمە سعید، بەرامبەر بەم گەڕەکە لە نێوانی دەستپێکی جۆگەی کاژاو و کانی (حەمەی مام کریم)دا کە ناومان هێناون گۆڕەپانێك هەبوو شوێنی هەڵپەڕکێ و شایی و بۆنەکان بوو، هەروەها شەتڵگای توتن و سەوزەواتی گوندەکە بوو، لە کۆتایی ئەم گۆڕەپانەدا پردە دارینە دێرینەکەی سەر جۆگەی کاژاو و گەڕەکی ئاغا و کانی باینجانی پێکەوە بەستووە کە ناومان هێناون.

لە دامێنی پردەکەشەوە شەلگەی کەنەسوورە کە ئاودێری زستانەی جۆکەی کاژاو بوو، شوێنی خشت بڕینی خانووبەرەی گوندەکەبوو.

لە باکوری گەڕەکی ناوەڕاستی دووهەمەوە (گڵەجانەکە) هەبوو کە بۆ تەڕاو و سواغی خانووبەرەی گوندەکە خۆڵی پاڵفتەیان لێوە دەهێنا، هەروەها مەشکەیان لێ دادەگرتەوە دوای خاڵی کردنی بۆ قاندانی بە دوکەڵ، لەسەروی ئەم گڵەجانەشەوە گۆڕەپانێك هەبوو کە بە (پشتەکە) ناسرابوو کە شوێنی یاریە فۆلکلۆریەکانی لاوانی گوندەکە بوو لە کاتی بێ ئیشی دا، شەوانەی مانگە شەویش منالان یاریان تیا دەکرد، هەربۆیە ئەم یاریانەش گۆڕەپانی قەبرسانی بەرامبەرەکە کە ناومان بردوو بەکار دەبران.

لاپاڵی نیمچە چیاکەی بێستان سوور کەبە (یاڵەکە) ناسراوە شوێنی ڕەشماڵی بەهارانی گوندەکە بوو وەك گوندێکی دەوار نشین.

لە نێوانی ڕێگای بێکەسەو دۆڵی دوو دۆڵەکەدا کەناومان بردوون بە دەشتی بێکەسە ناودەبراو شوێنی گوندە کەپرینەی گوندەکە بوو لە

هاویناندا کەلە مێژوودا ساڵێك کارەساتی بەسەردا هاتووە و لە دواوە باسمان کردووە. لەم دواییانەشدا سەردەمی ڕاگوێزانی گوندەکان ئەو کانی ئاسەوارانەی کە باسمان کردوون بەبۆنەی پرۆژەیەکی ئاوەوە ڕژێم هەمووی شێواند بەسەر یەکدا.

هەربۆ مەبەستی پرۆژەی ئاوەکەش لەڕوی پشتەکەوە کە ناومان بردووە هەرلەدۆڵی دوو دۆڵەکەوە بەنداوێکی خۆڵین بەنیوەگۆیی لە ڕۆژئاواوە کشاوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی گوندەکە بۆ بەربەست کردنی لافاوی دوودۆڵەکە و ڕێگای دەشتی بێکەسە هەتا بچێتە سەر چەماوەکانی کە ناومان بردوون. لە دامێنی گوندە کەپرینەکەی کە باسمان کردووە گۆڕەپانی چاڵەکان بوو کە بۆ هەمارکردنی زیادەی دەغڵ و دانی جوتیارانی گوندەکە بوو، دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای بێکەسە.

بەرامبەریشی لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە کێڵکەی هازەکان بوو کە بە خۆڕسکی و سروشتی دووجۆر هاز سەری ئێرەیان لە باراندا دادەپۆشی، چەشنی یەکەمیان هازە گولانە یان (هازە خوگەبوو) کەلە فارسی دا بە بەراز دەوترێ خوگ بۆیە پیازی ئەم هازە چاکترین خواردنی بەرازەکان بوو کە شەوانە لە چەمەکانەوە بە قاوەقاو دەهاتن و بە شفرەکانیان زەوی یەکەیان دەکێڵاو ئەو پیازەیان دەخوارد، ئەم هازە گەڵاکەی مۆر بوو چەشنی گوێی ئاژەڵ بوو، میلێکی مۆری جوانی دەردەکرد کەدەقاودەق لە میل چیوك و کلدانی کل و کلتور دەچوو.

چەشنی دووەمی هازەکان بە (هازەپەلکە) ناودەبرا گەڵاکەی هەر لە سپێناغ دەچوو، کە بۆ خواردنێکی پزیشکی چێشتێکی خۆشی پێلێدەنرا لەگەڵ مێوژو چل چەشن میوەی ووشك كراوەدا کەپێی دەووترا چل دەرمانە کە دار فرۆشەکان لە شارباژێرەوە دەهاتن بە بار لەم هازەیان دەبردەوە بۆ خۆیان وبۆ فرۆشتن، چونکە لەوێ باش لە دروستکردنی ئەم چێشتە دەزانن.

لە بەرامبەری ئاوایی سێ کیلۆمەتری بەری ڕۆژهەڵات چیای چەناغچیانە لەوێ بناری دارەکە و هەندێ دۆڵ و دۆڵی چاڵەپان هەن کە باسمان کردوون، ئێرە لەبەهاراندا جێگای هێنانی کنگر بوو بۆ کولاندن و لە پایزانیشدا بۆ تەپاڵە و کۆتەرە خرنوکە کە بۆ ئاگرکردنەوە بوو، کە دەستە کچان دەچوون بۆ ئەم شوێنە تا دەچوون و دەهاتنەوە بەدەم گۆرانی (بەیت و بالۆرەی گوڵناز و کوڕەشوان)ەوە کە ئەو شعرانە هەتا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەکەدا باوبوو بنەمای ئەم بەیتە ڕوداوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەم گوندە و لە دواوە باسمان کردووە.

تێبینی

- حاجی ئەمین ریشسپی ئیل بەگی جاف (ئالی بەگی) کە لە هەشت سەدەکاندا چوە بۆ حەج ماوەیەکی زۆری پێچوە، قورئانێکی زۆر گەورەی هێناوە کە بەخەتی زەرکەفی نوسراوە، ئەو قورئانە دەساو دەست ماوە کە خەڵکی سوێندیان دەخوارد دەیانوت بە قورئانەکەی حاجی ئەمین.

- ئەم خێزانە باڵەخانەیەکیان لەسەر تەلارسازی بابانی لەگەڵ مزگەوتی ناوبراودا بە تاق و نیوتاق و تەختە بەنگ دروست کردوە، بە ژێر زەمینەکەوە سێ قات بوە، دیوارەکانی بە خشتی کاڵ دروست کراوە و مەترێك پان بوە بەیناو بەین لە چینی دیوارەکەدا بە تێلاّی رەنگاورەنگ ریزبەند کراوە، وەستا سنەیەکان وتویانە ئەگەر رەنگ نەکرێن ئەوا کرم لێی دەدات . لەپاش تەواو بونی بیناکە تولە رەش مارێــك دەردەکــەوێت کــە بــە ئیـــسراحەت هــەر لــەو رۆژەوە بــەناو خێزانەکان و سەر سفرەکاندا دێت و دەچێت بێ ئەوەی کەس دەستی بۆ ببات و ئەویش هیچ زەرەری هەبێت،ئەو مارە نەوە بە نەوە بە هەمان سەربەستی هەر مابوو نەیان دەهێشت کەس دەستی بۆ ببات، بەقەد دەستەکێکی گەورەی لێهاتبوو، بەندە نووسەر بەچاوی خۆم بینیومە بە باڵەخانەکەدا شۆربۆتەوە هەتا سەرەتای پەنجاکان، پاشان کەس نەیزانی لەپڕ دیار نەما (لە کوردەواریدا دەڵێن کە مار زۆر گەورە بوو هەڵیدەکێشنەوە بۆ ئاسمان) ئیتر ئەمە بایەخی هەیە یان نا خەڵك وای دەوت، دەیان ووت ئەم مارە فریشتەیە، سەیرەکەش لەوەدا بوو بە نەمانی ئەو مارە دوای سێ مانگ ئەو تەلارو باڵەخانەیە روخاو لەگەڵ زەویدا تەخت بوو، باش بوو زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە.

- بەردەرکی سەرای ئێستا هەتا دەگاتە خانوەکانی حەمەی ئەورەحمان ئاغا بە موڵکیی هی بنەماڵەی حاجی ئەمین بوە و پێشکەشی کردوە بە میرەکانی بابان و حەمەی ئەورەحمان ئاغا ئەمە لێکدانەوەی زۆرە بەلاّم ئێمە بەوەندە کۆتای پێ دەهێنین.

- شاعیری گەورەی کورد (عیل بەگی جاف) کە شاعیرێکی

پێشبینی کار بوە شانی داوە لە شانی حافیزی شیرازی ، ئەم شاعیرە لە هۆزی ئالی بەگی یەو لە بنەماڵەی حاجی ئەمین بوە.

گژوگیای پزیشکی و خۆڕسکەکانی ئەم گوندە

ئەم گونـدە لـە بەهارانـدا گونـدێکی سـەر سـەوز و جوانـە کـە بـە هاوینەهەوار دەژمێردرێ لە ناوچەکەدا هەرچەندە بەهارەکەی کەمێك کورتـە هـەروەها پایزەکەشـی کـەمێك کورتـە، بـەڵام وەرزێکـی خۆشـە، هـەموو جـۆرە گـژوگیا و درِك و داڵێکـی کوردسـتان لـە سروشـتی و پزیـشکی و ناپزیـشکی تێدابـەدی دەکرێـت، کـە هەنـدێك لەوانـە لـە خوارەوە باسی دەکەین:

١. گوڵە خۆڕسکەکان (گوڵاڵـە - گوڵـە نیسان - گوڵـە مەشقانە: کـە چەقیلەشـی پـێ دەڵێن مرەکـەبی لێدروسـت دەکرێـت - سالمە: کـە پیازەکەی بۆ هەوێنی دۆندرمە دەشێت - چاوپشیلە: کەبۆ نەخۆشی دڵ باشە - گوڵە هێرۆ: بۆ نەخۆشی کۆکەی منداڵ باشە - حاجیلـە: کە منداڵان دەیخەنە بەر خۆر وەك سەعات دەسوڕێتەوە یاری پێدەکەن - گوڵە زەردەکان: کە چەشنێکیان وەك جوزەلە منداڵ بەکاری دەهێنن - شیرین شاتەڕە: کە گوڵەکەی بۆ برین باشە - نیسکۆڵە: کە گوڵێکی سور و مۆری وورد و جوانە - گوڵە سورە: کە گوڵێکی سوری ووردە - وەنەوشـە - لاولاوی کێوی: کـە مالوێنچەشـی پێـدەووترێ - چەق چەقە و گوڵە گۆزروان ،خەشخاشە (چاران چەقیلەشی پێدەوترێت)).

٢. گژوگیای پزیشکی یە خۆراکیەکان: (کنگر - گلك - تۆڵەکە - گێلاخـە - کـۆڵ: کـەبۆ شـۆربای دۆخـەوا بـەکاردێت - کنیـواڵ: کـە

سیره کێویلەشی پێدەوترێت ، پیَ قەلە ، هاز: کە بۆ چێشتی چل دەرمانە بەکاردێت - کوزەڵە - بەنۆڵە - پونگە - چاوبازە - خەرتەلە - ڕازیانە - شویت - قارچك: کە سیَ چەشنە أ. قارچکە گولانە ١٠٠٪ زەهراویە، ب. قارچکە بیانە کەلەسەر قەدی درەختی بی سەوز دەبێت چەشنێکی پاك و خۆشە، ج. قارچکە چەتری کە لە جێی خەرمان و ناوچاڵی گەنمی دەرهاتوو دەڕوێت کە هەورە بروسکەی بەهار لێی دەدات کە ئەم جۆرەش خۆشە بەڵام هەندێکیان ژەهراوین دەبێت کەسێکی لێزان جیایان بکاتەوە).

٣. بەروبومە بەراو و دێمیەکان: (گەنم - جۆ - نۆك - نیسك - پاقلە - کەتان - ڕەشکە - ترۆزی - کاڵەك - شوتی - کونجی - گوش - توتن - مەرەزە - لۆکە - گوڵەبەڕۆژە - تەماتە - باینجان - بیبەر - فستق عەبید - بامیَ - کولەکە - پیاز. شێلم).

(کارەساتێك لە بیرەوەریەکانی مێژوودا کە لە یاد ناچێت)

سەردەم سەردەمی دواکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەم بوو، نەهامەتی باڵی کێشابوو بەسەر دونیادا، ئەگەرچی جەنگ وەك بەربەرەکانی نەگەیشتبووە ئەم ناوچەیە بەڵام وەك ئابلۆقەی ئابووری و کوێرەوەری ئێرەشی گرتبووەوە هەروەك شوێنانی بەرەی جەنگ، زەمەن سەرەتای چلەکانی سەدەی پێشوو بوو، ناوچەکە بەشێك بوو لە شارەزوور، بەپەرۆشەوە کشتیارانی ناوچەکە قۆڵی کاریان لیَ هەڵکردبوو بۆ بەربەستکردنی نەهامەتیەکە، سەرجەم کێڵگەکانی دەڤەر داچێنرابوون بە کشتوکاڵی (گەنم، جۆ، کەتان، شملی و

ڕەشکە، نۆك، کاڵەك، ترۆزی و هیترا)، ئەمە کاتێك بوو کەخەریك بوو بەهار کۆتایی دەهات و سەرەتای دروینە دەستی پیٚدەکرد، هەتا چاو بڕکات دەشت و دەر وەك قەتران ڕەش دەچۆوە بەمەزراکانی (گەنمی ڕەش داس) ئەمە جۆرێك بوو لە گەنمی ئەو سەردەمە، قەڵەوو بەپیت و بەپێـژەن، بەیناوبەینیش دەشت زەردی دەکردەوە بە (گەنمە زەرتکە) کە ئەویش جۆرێکی گەنم بوو شانی دەدا لە ڕەش داسەکە، لاپاڵەکانیش سپی دەچونەوە بەمەزرای جۆ، ئەوە ئیتر مەزراکانی تر کە باسمانکردووە شین دەچونەوە و بەیناو بەین بەیارەکان[٢٠] دیاربوون و سەریان بەپووش گیرابوو وە بەیناوبەینیش زەوی وەرد بڕابوو بۆ وەرزی داهاتوو.

گوندەکانی ئەم دەڤەرە (عەربەتی خواروو، باریکە، قڕاڵی، خرابە، هەردوو بێستان سوور) کێڵگەکانی ئەم دەڤەرە کە (پەچە بەرزی نێوان قڕاڵی و باریکە، دەشتی بەری عەربەت، دەشتی لاباریکە، دەشتی شێخ لالە، بناری ئەم دیو دیوی بیالی بەرزاییەکانی عەربەت.بێستان سوور، دەشتاییەکانی سێگۆشەی نێوان یالەکان و دوو دۆڵە، دەشتی بێکەسە، دەشتی بەری خرابە، دەشتی بیرەکانی ئاغا (کە ناسراو بە پشتەکە)، دەشتی گێلە لەڕ (کە دوایی بوو بە گێڵەرە)، دەشتی زریسکەکە، دەشتی کێلە سپی و گۆری گەوری، ڕەقەی زێڕینجۆ و لاپاڵەکانی یاڵەکانی بە باڵاتران کە بە واتای بەردە زەبەلاحەکان دێت وە یالی چناخچیان، کە بە بەری دارەکەو (چاڵە پانیش) ناسراون. ..

کێڵگەکان زۆر هیوا بەخش بوون، ساڵەکەی بەڕاستی ساڵی بەرووبووم بوو و کشتیارانی دەڤەرەکە زۆر بەپەرۆشەوە دەیانڕوانی یە بەروبوومی ئەو ساڵە و هیوایان تێ بڕیبوو کەپێویستیەکانیان گشت جێ بەجێ دەبێت و نەهامەتی ئابلۆوقە ئابووریەکەش لە بەین دەبات، بۆیە زۆر بەدڵخۆشییەوە ئەوەی کە ڕووبەری کێڵگەکانیان کەم بوو جل وبەرگ و کەرەستەی دروێنەیان ئامادە کردبوو وەك (کڵاوی لباد، سەربەرگی لباد، شەڕواڵ و جلی سەر خەرمان، کڵاشی دۆمی کە جۆرێکە لە کڵاشی کوردەواری، کەرەستەکانیش وەك داس و هەسان و جەوەنەی ئاوو (قەیناغ) جۆرە دەستکێشێکە کە لە مەعدەن دروست کراوە سەپان دەیکاتە دەستی بۆئەوەی قەڵاس و دڕك دەستی نەبات)، خاوەنی ڕووبەری کێڵگە گەورەکانیش (شەرت و بڕەیان) لەگەڵ سەپان و وەرزێرەکانی کە لە دەشتی گەرمیانەوە هاتبوون بۆ پەیداکردنی ڕۆزی یان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە هاتبوون، ئەوە کۆڵکێشەکانیش لەوێوە ڕاوەستن کە ئافرەتی گوندەکان بوون لە سەرەتاوە بۆ دروستکردنی شارا کە دەغڵ و دانەکان لە جاڕەکەدا لە شێوەی هێلکەییدا کۆدەکرێنەوە پاش بەینێك دەگوێزرێنەوە خەرمان، ئەمە وێڕای بەروبوومە بەراوییەکانیش دڵخۆشکەر بوون لەگەڵ ئاژەڵداری.

ئیتر ئەو خەڵکە هەندێکیان لێرە و لەوێ چووبوونە سەرەوکاری دروێنە، ئەوەودواشی ئامادەباشی بوون زۆر بەدڵخۆشی جوانی بەروبوومی ساڵەکەوە.. ئەوەمان لە یاد نەچێت کە سەردەم دوور لە چارەسازی نەخۆشی و قەڵاچۆی مێرووە زیانەوەرەکان بوو،

ئـەوكات دەبـوو خەڵکەکـە بـزانن چـۆن لەگـەڵ بـارودۆخی سروشـتدا مامەڵە بکەن، بۆیە بە زستانان کە دووربوو لە بوونی ئەو مێروانە لە خانووەکانـدا دەژیـان و کـە بـەهاریش دەهـات وورده ووردە کێـچ و مێـروو مێـشووله و مۆریانـە و مـشك و دووپـشك و تەنانـەت ماریـش سەریان هەڵدەدا، بەتایبەت مێشوولەی مەلاریا لەو گوندانەی کە نزیك کێڵگەی مەرەزەکان بوون، بۆیە دەیانگواستەوە بناری یاڵەکان و لـەوێ دەوارنـشین دەبـوون کـە بـەرەو کۆتـایی بـەهاریش دەچـون دنیـا گـەرم دەبوو، دەواریش گەرم بوو دەچوونە پێدەشتێکی هـەواگرو کـەپریان دروست دەکرد و تیایدا دەژیان.

هەڵبـەت لـە دەشتی بێکەسـەدا نزیکـەی (٢٥٠) مـاڵ لـە گونـدە کەپرینەکەیانـدا دەژیـان، وەك ووتمـان بـەرەو کۆتاییـەکانی بـەهار بـوو تـازە چـووبونە کـەپران و هێـشتا چـواردەوریان نـەبوو بـووە ڕوتـەن (چـونکە هێـشتا هاتوچـۆی زۆری مـرۆڤ و ئاژەڵـەکان ڕووی نـەدابوو)، لێرەدا باسی ماڵێك دێنینەوە باس کە هەر سەرەتای چونی کـەپرانیان شـەو لـەناوێك دووپـشکە ڕەشـەیەك دەدات بـە کـچێکی نزیـك دە ساڵانیانەوە کچەکە تا ڕۆژ دەبێتەوە گیان لەدەست دەدات، ئەو ماڵـە وێڕای کەمێك ئاژەڵداری و کشتیاری پیاوەکە بەئاڵ و وێڵـەوە خەریك دەبێت کە ئەو سەردەمە کڕین و فرۆشتن بەزۆری (کالا بـە کالا بـووە) بەڵام ئاڵ و وێڵ (کالا بەپارە بوە) ئەو پیاوە لەگەڵ چەند خزمێکی خۆی بە باری وولاغ کە سەردەمی ئامێر زۆر لاواز بووە، خوری و زۆر شتی تریان لە باشوورەوە بردوە بۆ ڕۆژهەلات، لەوێشەوە چاو و خەنە و مشکی و هەندێجار مافورو ئەوشتانەیان هێناوە بۆ ئەمدیو.

كە پێدەچێ خاوەنی ڕێژەیەك پارە بووبن چونكە كارەكانیان بەدراو بەرجەستە كردوە ئالەو سەردەمەشدا چونكە وەك ووتمان سەردەمی جەنگ بوو وە بەرپرسیارەتیش كەم بووە بۆیە دزو درۆزن لەناو چاودا دەمیان فڕاندووە، جا بۆیە دەڵێن ئەوەی لەو سەردەمەدا شتێك پارەی هەبووبێ لەژێر كۆڵەكەی كەپرەكاندا دایان ناوە و جا نازانرێ ئەمە وابووە یان نا بەڵام دەماودەم وادەڵێن، هەر ئەوكاتەش پیاوی ئەو ماڵە تووشی گرانەتا دەبێ و لەجێدا كەوتووە لەو بارودۆخە بێ داو و دەرمانەدا.

با ئەم خێزانە ناوبنێین خێزانی (س):

ئێوارە ناوێك لە دوانیوەڕۆوە لە كەپرەكانەوە سەیركرا دووكەڵێكی سپی لە بەری ڕۆژئاواوە لە چەمەكانی تانجەرۆوە لای قڕاڵییەوە ئاسمانی گرتبوو، هەربۆیە خەڵكی گوندە كەپرینەكە كەوتنە مەترسی، هەروەك هەرجارێكی تر بۆ ئاگر كەوتنەوە كە دەكەوتنە مشور و بەرگریكردن كەسێكیان ناردە سەر لوتكەی یاڵەكان تا بزانن ئەو دووكەڵە چییە، كەسەكە بە پەلە هاتەوە و وتی ئاگرێكی زۆر قورس لە چەمی تانجەرۆوە كەوتووەتەوە، ئیتر بەهەر هۆیەك بێت دەشتی داوەتەبەر دەبێت هەرچی زووترە فریای بكەوین. هەڵبەت خەڵكی گوندەكان كە باسمان كردوون بۆ پاراستنی كێڵگەكان و لەوەڕگاكان هەریەكە لە ئاستی خۆیان بە ژن و پیاوەوە بە پەلە داری تەڕو گوێنی تەڕكراو و كونە ئاوو شەڵتە ئاوەوە بەرەو بەردەم ئاگرەكە ڕۆشتن، لەوەدا بوون بیكوژیننەوە بەڵام ئا لەو كاتەدا بایەكی زۆر بەتەوژم لە شەماڵەوە كە شەماڵی وا بەتەوژم زۆر دەگمەنە هەڵیكرد،

باو ئاگری قورەت[٢١] لە چاوتروکانێکدا پانتایی ئاگریان لە بەری عەربەتەوە گەیاندە دەشتەکانی چەمی تانجەرۆ بەوامبەر قەرەگۆل کە بە هیچ جۆرێ توانای کوژاندنەوە نەما، ئەوەندە ئاگرەکە جێگای مەترسی بوو بۆ گیانی خەڵکە ئاگرکوژێنەوەکە ئەوەندەش باکە جێگای مەترسی بوو، بۆیە بەناچاری خەڵکەکە پەنایان بردە بەر گوندە نزیکەکان چونکە دەووریان ڕووتەن بوو، وە هەروەها پەنایان دەبردە بەر وەردە کێڵراوەکان کە ئەوانیش ڕووبەرێکی ڕووتەن بوون، گەلێ ئافرەت و پیاو لە خەڵکەکە پڕوکابوون ئاویان دەکرد بەسەریاندا و گوینییە تەڕەکانیان دەدا بەسەریاندا تا بێنەوە هۆش، چونکە گڕپەی ئاگر و دوکەڵ و تەوژمی باکە پڕوکاندبوونی.

ئەوەندەی چاو بنێی بەیەکدا هەموو ئەو دەشتایی و ڕوبەرانەی کە لەسەرەوە باسمانکردوون ئاگر بەبێ چارەسەر بەری پیاگرتن و کەبڵێسەی ئاگر گەیشتە یاڵەکانی بێستان سوور بەو بەرفراوانییە، ئیتر خەڵکی گوندە کەپرینەکەی بێستان سوور کەوتنە مەترسی چونکە زانییان لە چەند چرکەیەکدا ئاگر دەگاتە کەپرەکان کە دەوریان هێشتا شەخەڵ بوو، بۆیە بە پەلە هەرچی منداڵ و پیر و پەککەوتە و ئەو ئاژەڵانەی کە لەماڵەوە بوون لەگەڵ هەندێك زەخیرە و مەردەماڵ کە پێیان دەربکرایە هەڵیانگرت و بەرەو سەرچاوە ئاویەکان ڕەویان کرد.

با بێینەوە سەر خێزانی (س) کە لەسەرەوە باسمانکردووە، بریتی بوون لە هەردوو هاوسەر و کچێکی نزیك پانزەساڵ و کوڕێکی نزیك چوار پێنج ساڵان و کوڕێکی نزیك یەك ساڵە کە لە بێشکەدا بوو

و ماڵەكە پەنایان بردە بەر خەڵك و خوا كە یارمەتیانبەن كە پیاوە نەخۆشەكەیان بۆ دەربكەن و هەڵبەت زۆر بەپەلە ئەوە كرا، ژنی ماڵەكەش هەندێ مەردەماڵ و زەخیرەو كوڕە گەورەكەی دایە بەر، منالی ناو بێشكەكەو هەندێ ماڵیشی سپارد بە كچە گەورەكە، ئا لەم كاتەدا كە ئاگر گەیشتۆتە بەینی دووكەوانە لە كەپرەكانەوە، كچەكە چەردەیەك ماڵی بەكۆڵەوەیە و پەلاماری بێشكەكەش دەدات و هەرچەند دەكات هەردووكیانی بۆ هەڵناگیرێت و منالەكە دادەنێ هەروەی، بێشكەكە دادەنێ هەروەی، بۆیە بیردەكاتەوە كە منداڵەكە لە بێشكەكە دەربێنێ و لەناو دەفرێكی ماڵەكەی كۆڵیدا دەریكات، بەڵام منداڵەكە دەستێكی لە دەسترازەكەوە ئاڵاندوە بەئامان و زەمان بەرینادا و كچ بۆیدەرنایە، بۆیە وێڕای ئەو هەموو شڵەژاوی و ترسەش كە گڕپەی ئاگر لێی نزیك بۆتەوە شوێنی چەقۆ و شت دەزانێ لە ماڵەكەدا خۆی بەختدەكا لە پێناوی منداڵەكەدا و چەقۆیەك پەیدا دەكات و دەسرازەكە دەقرتێنێت، ئیتر بەئاسانی منداڵەكە هەڵدەگرێ بەڵام چی؟! ئاگر پرزەی لێدەبڕێ هەرچۆنێ دەبێت خۆی دەكێشێتە سەر ڕێگاكەی بێكەسە/بێستان سوور كە پانتاییەكی كەمی ڕووتەنی هەبوو، بەو شێوەیە خۆی لە ئاگر ڕزگار دەكات هەتا خەڵك و خوا پێی دەزانن دەگەنە سەری و بە لەبریچوویی دەیانگەیەننە سەوچاوەی ئاوەكان، دەیانخەنە ئاو تا دینەوە هۆش و هێشتا منداڵەكە دەسرازە قرتاوەكەی هەر لەدەستییەوە ئاڵاندووە كە ئەمە نیشانەی كۆت و كەمەند بوو لە درێژایی ژیانیدا.

بێینــەوە ســەر ئاگرەکــە ئەوەنــدەی بڵێــی یــەك و دوو گونــدە کەپرینەکە دامرکایەوە کە لە شەقامی گشتی عەربەت.شارەزوورەوە کڵپەی ئاگربوو هەتا ڕووتەنەکانی پشتی گوندی بێستان سوور لە چاوتروکانێکدا سەرجەم دەشتەکانی تری بەردەمی ئاگرەکە کە لەسەرەوە باسمانکردوون هەتا لاپاڵەکانی کلکەی چناخچیان و ڕەقەی زێڕینجۆ دامردەوە، ئیتر لەوێدا ئاگر لەبەرئەوەی کە گەیشتبووە ڕەقەنەکانی کلکەی چناخچیان و خڕی ئاوی چناخچیان ئاگرەکە کز بووبوو، خەڵکی گوندەکانی چناخچیان و کانی پانکە و زێڕینجۆ لەبەر بەرگریکردنی کێڵگەکاتی خۆیان فریای ئاگرەکە کەوتن و لەلایەك کپ بوونەوەی ئاگرەکە لەبەر ڕەقەنەکان لەلایەکیش خۆشبەختانە باکە خستبوی، ئیتر ئاگر لەوێدا کوژایەوە و بەری ڕەنجی ساڵێکی ئەو ناوچەیەی کە باسمانکردووە بەرباد بوو، وێڕای سوتانی گوندە کەپرینەکەش کە هەبوو نەبوویان تیاچوو، ئیتر تەعزێ باریی کەوتە ناوچەکە، ئەم گوندە بەم کارەساتەوە ئەمە هەشتەمین جارە بە کارەساتی سروشتی و سیاسی وێران دەبێت و جاری نۆهەمیش دواتر بەهۆی ڕاگوێزانی بەعسییەکانەوە کاول بووە، بەروبوومە بەراوەکان و ئاژەڵدارییەکە و هۆز و خزمانی دەوروبەر بوون بەهۆی کەمێك وورە و بووژانەوەی خەڵکەکە، لە کوردەواریدا دەڵێن (ماڵ سووتاو دەبێتەوە بە ماڵی سکەڕۆ نابێتە ماڵ).

خەڵکی گوندە سوتاوەکەش بە ناچاری وێڕای بارودۆخە ناتەندروستەکە پەنایان بردەوە بەر خانووەکان، دەوڵەتیش لەلای خۆیەوە بە هۆی بارودۆخی جەنگ و گرانیەوە مانگانە ڕێژەیەك

قومـاش و زەخـیرە و خورمـای دەدا بـە خەڵکەکـە(کـە پێـی دەووتـرا بیتاقـە)، ئەمـە بـوو بـەجێگای سـوودی مـاڵ سـووتاوەکانیش و ئیـتر وورده وورده خەڵکەکە هەستانەوە سەرپێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە خەڵکە دز و درۆزنەکە بەربووبوونە ژێر سەرەبزوتکی کۆڵەکەی کەپرە سوتاوەکان گوایە پارەدارەکان پارەیان لەوێدا داناوە وەك لەسەرەوە ئامارژەمان پێکردووە بەتایبەت خێزانی(س)، لێرەدا دەبێت بزانین کە هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن زۆر کـەم بـوو یـان هـەر نـەبوو، بـەڵام چـەند پرسیارێك لە خەڵکەکە دەکرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پرسیار لە ژنی ئەو ماڵە کرا کە منداڵەکەیان بە کارەساتی دووپشك مردبوو: تۆ ڕات چییە بەرامبەر بەم کارەساتە ؟ وەڵام: من بەهۆی مردنی کچەکەمەوە هەر خۆم تازێ بار بووم، بەڵام ئێستا هەموو گوندەکەم تازێتبارن، منیش لەگەڵیاندام، کە سەیر دەکەم دەشت و دەری کێڵگەکان ڕەش پۆشن وادەزانم زەمین هەمووی ئازیتبارە لەگەڵماندا.

٢. پرسیار لەو کچە کرا کە خۆی بەختکرد لە پێناوی منداڵەکەدا: تۆ دەڵێی چی؟ وەڵام: من ئەوکاتەی کە کەپرەکان ئاگریان گرتبوو کە هێشتا هەر سەرقالی لانکەکە بووم هەستم دەکرد کە ژیانی من تەواو بووە و دەسووتێم، یان دەبێت بمرم یا برا کۆرپەکەم ڕزگار بکەم، ڕوومدەکردە یەزدان و ئاواتم دەخواست کە باڵندەیەکی فریشتە بنێرێ و منداڵەکە بگەیەنێتە جێی مەبەست، کە منداکەشم گەیاندە سەر ڕێگاکە لە هۆش خۆم چوو بووم و بە هەست ووریابووم کە خەڵکەکە گەیشتە سەرمان هەڵیان گرتین وام دەزانی ئەو باڵندانەن کە

نـزام بـۆ كـردوون، كـە ڕزگـار بـووم و هاتمـەوە هـۆش ئـەوجا زانیـم كـە هاری كاری كراوم.

٣. لـە دەسـتە خوشـكێكی ئـەو كچەشـیان پرسـی كـە خزمێكـی نزیكیان بوو، تۆ چی دەزانی؟

وەڵام: من پێش ئەوەی ئاگر بگاتـە كـەپرەكان هەوڵمـدا یارمەتـی دەستە خوشكەكەم بەم، دەستم دایە هیزەیەك ڕۆن كە دەریكەم بەڵام ڕۆنەكـەم پیـاڕژا ئیـتر لـە ترسـی ئاگرەكـە هاریكاریەكـەم لـەبیر چـوو هەڵهاتم، كە سەیری دواوەم دەكرد نۆك و خووری و بابەتی ئاڵ و وێڵ لەبـەر ماڵەكەیانـدا ئـاگری گرتبـوو كەچـی هێـشتا كـچی ماڵەكـە هـەر سەرقاڵی ڕزگار كردنی منداڵەكە بوو لەبەر تینی ئاگرەكە.

٤. پرسیار لە شوانێك، تۆ چیت دی ؟

وەڵام: سەرەتا وام نەدەزانی ئاگرەكە ڕووەو ئێمە دێت كە من و ڕانەكە لە بەرزایی یاڵەكە بووین بەڵام كە زانیم بە پەلە ئاگر بەرەو لام دێـت لەگـەڵ سـەگەكەمدا كەوتینـە ڕاونـانی ڕانـە مەڕەكـە بـەرەو ڕووتەنەكان، تەنانەت بەناو كێڵگە و دەغڵ و دانیشدا، هەڵبەت ئاژەڵ هەستی تایبەتی هەیە بۆیە بە ویستی من و سەگەكە هەڵدەهاتن و لە وەردەكەدا وەك تۆپ خڕبوون.

٥. پرسیار لە ژنێكی كۆڵكێش كەلەناو وەردەكەدا وەك بینی ئاو دەلەرزی: تۆ ئەم كارەساتە چۆن دەبینی ؟

وەڵام: مـن كـە دەمبیـنی ئـاگر لـە زەمینـەوە قرچـەی دەهـات لـە ئاسمانیشەوە با ، باوەشـە پوشی بە ئاگرەكەوە دەپـرژان وام دەزانـی كـە لـە زەمینـەوە ئـاگر هەڵـدەقوڵێ و لـە ئاسمانیـشەوە دەبـارێ، بۆیـە

وامدەزانی کە دنیا ئاخری یەو کەس نەماوە من نەبێ، منیش دوا هەناسەمە.

٦. پرسیار لە زەلامێك کرا کە لەناو دوکەڵ و بەردەم ئاگرەکەدا پڕوکابوو، گەیەنرابووە ناو وەردەکان، ئاوی بەسەردا کرابوو بەحاڵ هەستی هەبوو، تۆ چیت دەبینی ؟

وەڵام: من وام دەزانی هەموو سەر زەوی نوغرۆ بووە کە بە هێواشی چاوم هەڵدەبڕی لە دوورەوە دەمبینی سەلکە کەرتەشی و قالۆرەی چاوبازەکان دەسوتان وام دەزانی هەمووی مرۆڤە، بۆیە منیش خۆم خستە بەردەم ساتی مردن.

٧. پرسیار لە وەرزێرێك کرا کە لە پێدەشتی گەرمیانەوە هاتبوو بۆئەوەی بەشان و قۆڵ و داس ژێوارێك بۆ منداڵەکانی بباتەوە، لەگەڵ خاوەن کێڵگەیەکی گەورەدا شەرت و بڕەی کردبوو، دوو ڕۆژ بوو لە درەودا بوو کە کارەساتەکە ڕوویدا: تۆ دەڵێی چی ؟

وەڵام: کە من لە دەڤەرێکی دوورەوە هاتبووم بۆئەوەی نان بۆ ماڵ و منداڵە ڕەش و ڕووتەکەم پەیداکەم زۆر بەدڵ خۆشی یەوە داسم لە کلۆش ڕادەکێشا کەچی ئاگرێکی قورەت ئەو ڕزقەی کە من بە تەمای بووم لوولی دایە گەروی خۆی کە بە پەلە خۆم گەیاندە وەردەکان، لە دوورەوە سەیری کێڵگەکەم دەکرد لە خەیاڵی خۆمدا دەم ووت ئێستا ئاگرەکە لادەداو کێڵگەکەم ناسوتێ بەڵام کەبینیم ئاگری تێبەربوو لەگەڵ قرچەی ئەودا دڵم دەقرچا چونکە وامدەزانی نەك ڕزقی ماڵ و منداڵەکەم بەڵکو خۆیشیان دەسوتێن، ئەم پرسیارانەی سەرەوە دوو ڕۆژ دوای کارەساتەکە بوون، لێرەدا

ئـەوەمان لەبیرنەچـێ کـە چـەند کەسـێك لـە دەغـڵ سـوتاوەکان کـە پاشـــەکەوتی ســـاڵی ڕابردویـــان لـــە چـــاڵدا هـــەبوو هـــاری کـــاری وەرزێرەکانیـان دەکـرد چـەندیان بتوانیایـە یـان بـە تـەغارێك کـە پـێ دەچێ (٣٠) تەنەکە بووبێ بۆ ئەوەی بە دەستی خاڵی نەچنەوە بۆ لای ماڵ و منداڵیان. ریش سپی ئاوایی یارمەتی خەڵکی گوندی دا بە عەمبارەکانی.

با بێینەو سەر خێزانی (س)

وەك ووتمـان پیاوەکـەش نـەخۆش بـوو ئەوکاتـە، کـە تـۆزێ هاتەوە سەر خۆی لەگەڵ ئامۆزایەکیدا کە شەریکی ئاڵ و وێڵ بوون بڕیاریاندا بار بکەن بۆ سلێمانی، بەڵام ئەو بارکردنە ئەنجام نەدرا چونکە هەر ئەو ساڵە بۆ پاییز تاقە برای خێزانەکەی بە کارەساتی سـەیارە کـە تـازە هـاتبووە ناوچـەکە کۆچـی دوایـی کـردووە، سـاڵ وەرنەچـەرخا تاکـە براکـەی خۆیـشی کۆچـی دوایـی کـرد، خۆیـشی نەخۆشـی گرانـەتا لێـی هەڵدایـەوە کـە هـەموو سـاڵ و نیوێـك بەسـەر کارەساتەکەدا تێنەپەڕی بوو، ئەو کارانە بووبوونـە بـەرگر لەبـەردەم بارنەکردنەکەیدا بۆ شار.. هەر لەو ساڵەدا ئەو ماڵە کچێکی تریان بـوو، کـچە گەورەکـەیان بـەخزمێکی نزیکـی خۆیـان مێـردی کردبـوو، مێردەکەی ئەویش بەکارەساتی دووپشك پێوەدان کۆچی دوایی کرد وەك ئەوەی دووپـشك بـەدوای ئـەو خێزانـەدا گـەڕابێت، پـاش بەینێـك پیاوی خێزانی(س) یش کە دەکەونەوە زستان دەمرێت.

پـاش یـەك دوو سـاڵیش کـچە بچکۆڵەکەشـیان بەکارەسـاتی کەوتنـە خوارەوە دەمرێـت، ئیتر خێزانەکـە دەکەونـە بـەردەم خزمەتـی

دایکێکی میهرەبان کە بە دڵفراوانی و کەرامەتەوە دەستی گرتبوو بەسەریاندا، جووت و گاکانی دەدا بەنیوەکار بۆ ئەوەی ژیانی منداڵەکانی پێ بگوزەرێنێ، وورده وورده منداڵەکان هەڵدەکشان هەتا چوونە بەردەم خوێندن، کوڕە گەورەکەیان وێڕای ئەوەی کە بەشەوان دەیخوێند بەڕۆژیش کەوتە کار دەستی داری گرتبوو بۆیە بەکشتیارە بچکۆلەکە ناویان دەبرد، منداڵەکان ساڵ لەدوای ساڵ گەورە بوون و پێگەیشتن، ڕیش سپی ئاوایی هەموو جارێ سەردانی ئەو دایکەی دەکرد و سوپاس گوزار بوو، چونکە بە هەڵوێستی پاك و ڕۆشنبیری منداڵەکانی پەروەردە کردبوو.. ؟

ئەوە ماوە بڵێین خێزانی (س) کێ یە

پیاوی ئەو خێزانە (حەسەن مارف) بێستان سووری کە ناسرابوو بە (حەسەن وەروەر) و ئەو نازناوەش لە بەرگریەك لەگەل تورکە عوسمانییەکاندا لە زەمانی (ڕەیف ڕەیف) واتە (سەفەر بەرلك) ەوە هاتووە، کە ئەو پیاوە باوکی بەندە (ئەحمەد کوڕە جوتیار) نووسەری ئەم کتێبە، وە ئەو منداڵی دەسرازەیەش بەندە (ئەحمەد کوڕە جوتیارە)!

بەیتی گوڵناز و کوڕە شوان

وەك ڕوون و ئاشکرایە (بەیت و بالۆرە) دیاردەیەکی بەر چاو بوون لە هەموو ناوچەکانی کوردستانداو هەر ناوچەیەك بە شێوە زمان و ئاخافتنی ناوچەی خۆی بە گوێرەی داب و نەریتی ناوچەکان ووتراوەتەوە جا بەشێوەی گێڕانەوە (حیکایەت) یان بەشێوەی

شانامە، یان بەشێوەی حەیران، هەندێك جاریش بەشێوەی هۆرە و سیاچەمانە ووتراوەتەوە، جا یان وەك چیرۆك و دەماودەم یان ئەفسانە یان لە ڕوداوێكی ڕاستیدا ئەم بەیت و بالۆرانە هاتوون.
مەبەست لە بەیت(واتە شێوە هۆنراوەیی میللی) و بالۆرەش واتە بەدەم دەربڕینی جۆرە گۆرانیەكەوە هەریەك بە گوێرەی ناوچەكەی خۆی وەك لە سەرەوە باسمان كردووە.
هەڵبەت كە كاتێك منال بوووم دایكم زۆر چیرۆك و بەیتی بۆ دەگێڕاینەوە دیارە (سەلما خاتوون) ی ڕۆژهەڵاتی كە خۆی لەخۆیدا لای من چیرۆكێكی بەرچاوە لێرەدا ناتوانین باس لەو خاتوونە بكەین ئەوەندە نەبێ كە ئەویش ڕۆڵی باشی هەبووە لە گێڕانەوەی چیرۆكی گوێ ئاگردان بۆمان كاتێك كە منال بووم، ئەویش وەك زانرابوو لە دەربەدەری لەدوای شۆڕشی پێشەوای مەزن هاتبووە گوندەكەمان و دراوسێمان بوو، لەگەڵ دایكمدا تێكەڵاویان هەبوو بۆیە زووزوو شەوانە كە ئێمە منال بوین حیكایەتی بۆ دەكردین.
ئەوا لێرەدا (بەیتێك لە گێڕانەوەكانی دایكم دەخەمە بەر دیدو بیستی بەڕێزتان) بەو هیوایەی كە جێگای هەست ڕاكێشان بێت، ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە ئەم بەیتە ڕوداوێكی ڕاستی یە لە ناوچەی شارەزوور، لە دەورەبەری عەربەت، پێچونێكی زۆریش هەیە كە لە گوندی بێستان سوور بوبێت وەك لە دیمەنەكانیدا دەردەكەوێت و دیاردەی زۆر ڕونی پێوە دیارە كە لەو گوندەدا ڕوی دابێ، كە دوایی باسی دەكەین.

هەر لە بێستان سووریشدا هەتا کۆتایی پەنجاکان ئەو بەیتە ڕەنگی دابویەوە لە ناو گۆرانیەکانی گوندەکەدا، ئەمە بەیتەکەیە (بەناوی یەزدان) بەناوی ئاهورا مەزدا:

(بەیتی گوڵناز و کوڕە شوان)

هەبوو نەبوو کەس لە ئاهورا مەزدا گەورەتر نەبوو، هیچ لە کەلتوری کوردەواری خۆشتر نەبوو، کەم بەیت هەبوو لە بەیتی گوڵناز و کوڕە شوان دڵگیرتر بوبێت، دەگێڕنەوە دێر زەمانێك لە ناوچەی شارەزوور (مامە فەتەی سەپان) پیاوێکی بە ساڵا چوو بوو، ژنێکی هەبوو ناوی (میم سافێ) بوو، کچێکی عازەبیشی هەبوو ناوی گوڵناز بوو، گوڵناز چی گوڵناز، نە بخۆیت نە بکەی سەیری سای گەردنی کەی، ئەوەندە جوان و شۆخ و شەنگ بوو، وەك دەڵێن مێوژە ڕەشەی بخواردایە لەسای گەردنیدا دیار بوو. مامە فەتە خاوەنی ماڵێکی کەم وەك لە کوردەواریدا دەڵێن کۆڵی یەك گوێدرێژ تەنها مەڕێك کاوڕێك و گوێدرێژێك و چەند مریشك و جووجەلەیان هەبوو لە کەوانەی ئاوایدا لە کولبەیەکدا دەیان گوزەران، بەڵام ژیانێکی ئاسودە.

هەر لەئاوایدا پیاوێکی بەساڵا چوو هەبوو کە شوانی ئاوایی بوو ناوی (مام وەیسەی شوان کارە) بوو، ماوەیەك خێزانەکەی مردبوو بە تەنها لەگەڵ کوڕەکەیدا دەژیا، کوڕەکەی ناوی خەسرەو بوو، خەسرەو چ لاوێکی باڵا بەرز و قەشەنگ و گەنم ڕنگ و مەچەك توند و جوان بوو، چ شمشاڵ ژەنێکی زانا بوو، مام وەیسەی شوان لە کوڵبەیەکی بچوکدا دەژیا و چەردەیەك ماڵی کەمی هەبوو لەگەڵ دوو

سێ بزن و مەڕ و گوێدرێژێك و یەك سەگ. تۆمەس بێ ئەوەی کەس بزانێ خەسرەوی کوڕەشوان و گوڵنازی کچە سەپان دڵ و دڵخوازی یەکتر بوون و بۆیەك دەسوتان، چاوەڕێی دەرفەتێك بوون کەڕۆژێك ببنە حەڵاڵ و هاوسەری یەك.

بەشی یەکەم :

بەیتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات:

ڕۆژێ لە ڕۆژان قەزای ڕەبانی
مام فەتە هەڵسا چوو بۆ سەپانی
هەڵسایە سەرپێ پیرەی گورج و گۆڵ
سواری گوێدرێژ بوو بەبێ بۆڵەبۆڵ
نەقیزەی دەژەن وە گوێدرێژەوە
دەچوە درەو وەلا لێژەوە
وەدەم هۆرەوە وە قاچە لەقێ
جاجارە هەچە بۆ دەمە تەقێ
ڕۆیی تا گەییە سەر جاڕو پەرێز
داسی ڕاکێشا پڕ بە تواناو هێز
بیسمیلای لێکرد بۆ ڕزق و ڕۆزی
تەواوی ئەکەم ئەمڕۆ نا، سۆزی
پەلاماریدا هەروەکو هەڵۆ
بەری ڕاکێشا مەڵۆ بە مەڵۆ

هەتا نیوەڕۆ ئەم شان و ئەو شان
وە هێز و توانا داسی ڕاوەشان
کۆڵکێشیش کێشای جا بۆ سەر خەرمان
لەم لاشۆ میمکە سافەی خێزانی
بە هەڵەداوان چوو بۆ سەر کانی
کونەی هەڵگۆزی زوو بە دەست و برد
ئاوی تازەی بۆ مام فەتە برد
پشکی کونەکەی لە ڕێدا بەربوو
سەرادامێنی میم سافێ تەڕ بوو
لەملاشۆ گوڵناز زۆر بەدەست و برد
پڕپۆڵەی وردی بۆ جوجەڵە برد
ڕۆژمان بەسەرچوو شەوگار هاتەوە
مام فەتەی هیلاك پاڵی دایەوە
میم سافێش لەبۆ گوڵنازی نازدار
حیکایەتی کرد تا نیوەی شەوگار
هەتا خەو زێفی پیێ برد ئەوسا
وەدەم وەنەوزۆ چوە ناو جێگا
جارێکی تر ڕوژئەوێتەوە هەریەك وەك جاران
دەچنۆ وە دەم کارو فەرمانی خۆیان

بەشێکی تری بەیتەکە:

ئەمجارە گوڵناز سەرەی دڵدارە
ئەڕوا بە لەنجە لە دورۆ دیارە
کچان دەست وە جام سەر وە خەنەوە
بەرەو ڕان ڕۆیی وە دەمخەنەوە
کوڕە شوان زانی ئەوە دڵدارە
دڵ و دەرونی بوو پارە پارە
چووە سەر بەردێ شمشاڵی دەرکرد
وە بەستەی ئاڵی زوو فوی پێدا کرد
نەك عاشق بەردی کرد بە قەترەی ئاو
گلەی پڕاو پڕ دەگرتە ناو چاو
ناشێ نەزانێ خەسرەو کوڕە شوان
کاوڕەکەی گوڵەی ناونابوو چاوجوان
بۆنی گوڵنازی نابوو بە ئەودا
ماچی تێدەگرت لە ڕۆژ و شەودا
کچان گەیشتن دەی مەڕ بدۆشن
نەیان دەزانی کوامیان دڵخۆشن
گوڵناز بەدەنی گشت پێدەکەنی
شوانەش لەولاوە بۆی ڕادەچەنی
بێری تەواو بوو گەڕانۆ بۆ ماڵ
گوڵناز و شوانە کەوتنە خەیاڵ

ئەو ڕۆژەش ڕۆیی شەوگار هاتەوە
هەریەك لەلایەك خەو دەیباتەوە
سۆزی خوا خۆیی و موڵکی دەمێنێ
بزانین ڕۆژگار چیتر دەنوێنێ

کات دەمەو بەیان بوو میم سافێ خەوێکی ئاش و پاشی دی گشت ئەندامی گیانی کەوتە لەرزەو بێ ئەوەی قسە بۆ گوڵناز و مامە فەتە بکات بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە پیرەژنە داناکەی ئاوایی کە دەستی خەوپەرژێنی هەبووە.

بەداخەوە ناوی ئەو ژنە دانایە لە بەیتەکاندا بە هیچ جۆرێ نەهاتووە نەمزانی ناوی چی بووە، بەڵام ئەوەندە هەبووە کە ژنێکی دانا و بە سەلیقە و قسەزان و خەو پەرژێنکەر بووە.

بەشێکی تری بەیتەکە:

داپیرە ووتی ئا کچە بێژە
خەوەکەت کورتە یاخود درێژە ؟
میم سافێ ووتی:
ئیمشەو لە خەوما باڵا عەرعەرێ
سەوڵێکی ناسك یەك خاتری تەڕێ
ئیمشەو لە خەوما دوو ئەستێرەی گەش
ئیمشەو لە خەوما جووتێ ماری ڕەش
ئیمشەو لە خەوما دوو هیلال نازدار

لەتەك ئەسێران ئەوان بوون بە چوار
ئیمشەو لە خەوما فندقێکی کاڵ
دوو کوڵمی نازار گەش و ئاڵ و واڵ
دوو خونچەی تازە پشکۆی بەر بەیان
دەشنانەوە وە خەندەی جوان جوان
ئیمشەو لە خەوما جووتێ هەرمێی کاڵ
وەجووت وەستابوون لەسەر سنگی ئاڵ
ئیمشەو لە خەوما پەنجەی وەك شمشاڵ
بۆ سمڵ مێخەك دەیکرد گڕوگاڵ
ئیمشەو لە خەوما جووتە ئەستونێ
ستونێکی بەرز کاری گەردونێ
ناکاو یەك دڵۆپ لیتاوی چڵکن
ڕژا وەسەریا و کردی سەر نگوون
وەك چراوگێك لە ئاسی خۆیدا
زوو کپ بۆوە خێرا لە جێی دا
داپیرە دیسان ووتی ئابێژە
وا دیارە خەوت دورووو درێژە
- میم سافێ ووتی
دوایی لەولاوە
بینیم لاوێکی قەشەنگ وێستاوە
خەریکە شمشاڵ لێدا بۆ ڕانێ
ڕانە مەڕ کپکا وە نەغمەی جوانێ

ناکاو گورگێکی چەپەڵ نایە ڕان
کاوڕی چاو جوانی زوو کردە نیشان
لاوەکە خێرا چەقۆی دەرهاورد
ڕیشەی هەناسەی گورگەی دەرهاورد
ناکاو خۆشی پێی لە بەردێك هەڵکەوت
چاقۆ بەر پەڕەی دڵی جوانی کەوت
دەست وەجێ ئەویش گیانی لەبەر چوو
کە چوومە سەری هەناسەی نەبوو
هەرسێکیان کەوتن کاوڕو کوڕو گورگ
بواری نەدان پاییزی مەرگ
داپیرە ووتی سافێ سەر بادە
وەلای چەپەوە سێ پف حەوادە
خوا خاسیکا خەوەکەت شوومە
ئەو خەوە مایەی سێ سەر نگومە
کچکە خەو پرژێن خەوەکەت وایە
کاری گەردونە و ڕەزای خوایە
عەرعەر بالاکە بالای گوڵنازە
وا جوان و شۆخ و گەلێ بە نازە
دوو ئەستێرەکە جووتە چاویەتی
دوو ڕەش مارەکەش زوڵفی خاویەتی
دوو هیلالەکەش برۆی مەستیەتی
شمشاڵەکانیش پەنجەی دەستیەتی

فندقیش لوتی ئاڵ جوانیەتی
دوو خونچەی تازەش لێوی خەندەرانیەتی
جووتە هەرمێکە مەمکۆلانیەتی
دوو ورشەی هەنار کوڵمی جوانیەتی
دوو ستونەکەش جووتەی قاچیەتی
دەستیش بۆ سمڵ بۆنەی ماچیەتی
دڵۆپە چڵکاو ژاری بەدبەختە
کپ بوونی چراوگ مەرگی نا وەختە
چەقۆی کوڕەشوان هەڵبەت دوو بەشە
دەم و دەسکەکەی مانای دوو لەشە
کاوڕەکەش ڕۆحی گوڵنازە دیارە
گورگە شومەکەش ژاری کوشتارە
کوڕەکە پێی هەڵکەوت لەو بەردە
باری مردنە دەڕوا بەو دەردە
چە قۆکەش عەشقەو وەو عەشقە خۆی کوشت
خۆی وە دەستی خۆی خوێنی خۆیی ڕشت
دیارە گوڵناز و ئەو کوڕە شوانە
عاشق و ماشقەن زۆر چاك بیزانە
ئەگەر لە ماوەی شەو و ڕۆژێکا
ئەو مەرگەساتە چارەسەر کرا
ئەوا ئەو دوانە ئەبنە هاوسەر
کاری مەرگیشیان ئەوێ چارەسەر

بەڵام ئەگەر قەدەر دەستی خۆی وەشان
کاری گەردوونە و نایاندا ئامان
چونکە کوشتنی ئەو گورگە هارە
کەمێ ڕوناکی وە خەوتۆ دیارە
ها هیزە ڕاکەو فریایان کەوە
ماوەیان کەمەو دەخیل مەسرەوە

جا ئیتر میم سافێ وەدەم لەرزەوە خۆی گەیاندە ماڵەوە و هاوار هاوار و حاڵی بێ حاڵ بینی ماڵ چۆڵەو گوڵناز دیار نی یە، ئیتر نەیزانی خەبەرات چی یە، پەنای بردە بەر خەڵکی دەوروبەر، دەستم دامێنتان بمکەن چارەسەر، جا میم سافێ بە دراوسێکانی ووت ئیمشەو خوا بەخێری بگێڕێ خەوێکم دیوە لە خەوپرژێندا ئەنجامی خەوەکە وایە گوڵناز و کوڕەشوان دڵخوازی یەکن و لە ماوەی شەو ڕۆژێکدا فریایان نەکەوین توشی کارەساتێك دەبن، بۆیە خەڵکەکەش هاتن بە هاواریەوە و چەند کەسێك لەگەڵ میم سافێ بەرەو یاڵەکە کەوتنە ڕێ، بەڵام دزاو دز کەوتبوون، چونکە کار لە کار ترازابوو کوڕەشوان لای ڕان بوو لە شوێنێکی نادیار، گوڵنازیش لەگەڵ کچ گەلی ئاوایی چووبوون بۆ تەپاڵەو کەوتبوونە ئەو دۆڵانەو نەیان دۆزینەوە و خەڵکەکە بێهودە گەڕانەوە.

لێرەدا بەشێکی تری بەیتەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

کچگەل جوقیان بەست چوون بۆ تەپاڵە
هەڵزنان وەڕووی ئەو کلکەو یاڵە
بڵاوەیان کرد کچان دۆڵاو دۆڵ
هەریەك وەلایە چارەکە لە کۆڵ
وە دەم گۆرانی وە نەرمە هۆرە
کچان بۆ یەکتر کردیانە نۆرە
تەپاڵەی ووشك و بنە خڕنوکە
کوام کچ زیرەکە چارۆکە پڕکە
گوڵناز دەستی برد بۆ بن تەپاڵە
زوو شەقەی هەڵسان لەو پەنجە ئاڵە
دوو پشکێکی ڕەش بەقەد یەك قولانج
پەنجەی گوڵنازی زوو کردە ئامانج
گوڵناز قیژاندی بۆ دەستە خوشکان
کچان کۆوە بوون چاو پڕ لە گریان
کچێکی ئاقڵ وە چلکە دارێ
تەپاڵەی لادا، دووپشك کەوتە خوارێ
خێرا وە بەردێك پانی کردەوە
تۆڵەی گوڵنازی چاك لێکردەوە
چزوەکەی قرتاند خستیە ناو چاڵ
لاشەکەی هەڵگرت بیواتۆ بۆ ماڵ
هیزە خێراکە گوڵناز بیمارە
با خێرا بیوەین بۆ بن ئەو دارە

تا لەویٚ خێرا لە پەرچ و چەواڵ
تەرە دروست کەین کێشی کەین بۆ ماڵ
لەم لاشۆ سافیٚ لەگەڵ خەڵکەکان
لەناو چاڵەپان بۆ کچان گەڕان
نەیان دۆزینۆ گەڕانۆ بۆ ماڵ
دایکی گوڵنازیش حاڵی بوو بیٚ حاڵ
کچان نا ئومێد دیدە وەگریان
چوونە ئاوایی خەبەریان گەیان
(مام مەیکەی) حەکیم وەو کارەی زانی
چووە سەر کچە زۆر وە ئاسانی
ووتی ها هیزە ئاڕو تەوگیر
توتن و خەنەم بۆ بکەنە هەویر
چاوی کردەوە ووتی ئەی هاوار
جەرگم بڕاوە زوو بمکەن بیمار
مام مەیکەی حەکیم:.ئادەی وەك نەبەرد
زوو بۆم پەیاکەن شیری مانگای زەرد
بیکەنە گەروی تا بڕشێتۆ
هەتا ژەهراوی هەڵبیٚرێتۆ
حەکیم زوو خەنەی نا لە برینی
لە حاڵی کچە هیوای نەبینی
ووتی خزمەکان دەستم وەدامان
دوو کارم بۆ بکەن ئامان سەد ئامان

ئەمشەو بیڕێنن وەهەر شێوەیَ
پەلەشی لێبکەن شیرەکەی بەنیَ
خەڵکی ئاوایی نەخەوتن کەسیان
شیری مانگای زەرد نەکەوت وە دەسیان
کچە نەڕیا تا پەرێشان بوو
نا ئومێد بوون گیانی لەبەر چوو
کار لە کار ترازا گوڵناز کۆچی کرد
لەتەك خۆی هەموو نازی دنیای برد
لە گشت ئاوایی بووە ڕۆڵە ڕۆ
خەسرەو کوڕە شوان هاتۆ نیوەڕۆ
کاتیَ کە کارەساتەکەی زانی
بەر بووە شیوەن وە پەرێشانی
کەوتە دوای تەرم قوڕ وە شانەوە
وە دەرونی کەیل پەرێشانەوە

دوای ئەوەی کە بە خاك سپێردرا کە خەڵکەکە دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی لە داب و نەریتی کوردەواریدا لە دێر زەمانەوە وایە کە دەبێت لاوێك بۆ ماوەیەك بە دیار گۆڕەکەوە بمێنێتەوە بە تەنیا ئەوسا ئەویش بگەڕێتەوە.

جا بۆ ئەم مەبەستە خەسرەوی کوڕە شوان لێی خواستن کە ئەو بمێنێتەوە، خەڵکەکەش ئافەرینیان کرد و بەڵێیان بۆ کرد، هەرکە خەڵکەکە لە ملە ئاوابوون لە گەڕانەوەیاندا، کوڕە شوان بە فرسەتی

زانی و چەقۆی لە خۆی هەڵکێشاو خۆی دا بەسەر گۆڕەکەی گوڵنازدا بە دەستی چەپی باوەشی کرد بە کێلی ژوور سەریدا و دەمی پێوە ناو بە دەستی ڕاستی چەقۆکەی دا لەسەر دڵی و خۆی کوشت، هەڵبەت ئەو کاتە پاڵی دابوو بە ئێوارەوە کە شەو هات کوڕە شوان هەر نە گەڕابوەوە مام وەیسەی شوان هاواری برد بۆ ڕیش سپی ئاوایی کە خەسرەو بۆ نە گەڕاوەتەوە ڕیش سپیش دوو لاوی نارد بۆ سەر قەبران بۆ هەواڵ زانین، کاتێ کە چوون چیان بینی خەسرەو لە حەوت ساڵان ڕاستبۆتەوە بە پەلە گەڕانەوە بۆ ئاوایی خەبەریان برد بۆ ڕیش سپی خەڵکیش چوون بەپیری کارەساتەکەوە و بۆ سبەینێ ئەویشیان بەتەنیشت گوڵنازەوە بە خاك سپارد، ئیتر بۆ ماوەیەك شین و شەپۆڕ و تازیەت باری ئاوایی داگرت.

لێرەدا بەشێکی تری بەیتەکە دەست پێ دەکاتەوە:

خەو پرژێنی خەو ئاوها هاتە دی
کۆست کەوتە سەرجەم خەڵکی ئاوایی
لەم لاشۆ مامە فەتە و میم سافێی هەژار
هەر ڕۆ ڕۆیان بوو بە درێژی شەوگار
هەتا هەردوکیان چاویان لە دەست دا
مجرۆ لێی کەوتن ڕوناکییان نەما
لە پاش ساڵێکیش بەرودوا مردن
خوا ئاسودەی دان لە شیوەن کردن

مامە وەیسەی هەژار لە کولبەی چۆڵا
پەژارەی دنیای دابوو وەکۆڵا
هەردەم ئەینالاند هاواری ئەبرد
لە پاش شەش مانگێ تا گیانی سپارد
لەو ڕۆژگارەوە هەتا ئەم دەمە
ئەو کارەساتە کرا بەم بەیتە کە لەسەر دەمە
منیش لەولاوە هاتمەوە بە غەمباری زیز
مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز

ئەم کارەساتە هەر لەو سەردەمەوە کە سەرەتاکەی نازانرێ هەتا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کرابووە بەیت و بالۆرە و لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا زۆر لە گۆرانیەکانی ناوچەکەدا ڕەنگی دابووەوە، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- بومە شوانەکەی هەق نادیاری
کە خوێنی خۆی ڕشت لە عەزرەت یاری

- هەر بار بارتوو بارت کرد وەڕاست
کاتێ کۆچت کرد هیممەتت نەخواست

- تەرمەکەت دریا وە بەرامبەرا
خەڵکی ئاوایی قوڕبەن وە سەرا

– چاوم چاوەڕێی ئەو کلکەو بەردە
بەشکو دەرکەوێ ئەو گەردن زەردە

– دەشتی شارەزوور وەچاو ئەگێڕم
دڵم نایەڵێ لەیل وەجێ بێڵم

– منیش خۆم ئەکەم وەقوربانی تۆ
وەجێ و نایەڵم نەونەمامی نۆ

– سەرچاوەی دڵی پیران کوێرۆ بوو
کە بەنی جەرگیان سەرنخونۆ بوو

– خانم خەوتوە وەك خەرمانەی گوڵ
پەنجەی وەك شمشاڵ نای وەبانی دڵ

– لە ماڵی دنیا کاوڕێکم شك برد
ئەویشم بۆ تۆ قەزاوە گێر کرد

ئەمەو چەندەها بەیتی تر هاتونەتە ناو گۆرانیەکان لە شارەزووردا کە ناکرێ هەموویان بڵێین.

ئەم بەیتە کە وەك لە سەرەوە ووتومانە لە دەوروبەری عەربەت ڕویداوە وە بە ڕونیش دەردەکەوێ وەك گەلێ دیاردە کە لە بەیتەکەدا

ڕەچاو دەکرێ ڕوداوەکە لە گوندی بێستان سووردا ڕویدابێ، چونکە چەند دیاردەیەك کە لە بەیتەکەدا هاتووە بە بێستان سوورەوە دیارن: ووشەی چاڵەپان، گۆڕستانی ئەودیو ملە، کانی یە سارد، تاقە دارەکەی بنار و بوونی مەیکەی حەکیم کە تا ئەم دواییانەش هەر دەنگ و باس بوو کە حەکیمێکی میللی دێر زەمان لەم گوندەدا هەبوە بەناوی مەیکە چنگنی، پێوەدانی دووپشك زیاد لە چەند ژمارەیەك خەڵکی کوشتووە لەم گوندەدا.

جا بۆ ڕون کردنەوەی ئەم مەبەستە (لالە حاجی حمەمراد) کە خزمێکی خۆمان بوو، تەمەنی لە (١١٠) ساڵ هەڵکشابوو هەرچۆن بوو دەرگای پرسیارم لەگەڵدا کردەوە بۆ چەند بابەتێکی کۆن لەگەڵیدا ئەم بەیتەش، بەڕەحمەت بێت لەوەڵامدا ووتی: ئەم بەیت و بالۆرەیە لە شارەزووردا هەتا ساڵانێك زۆر باوبوو بەتایبەتی لە گوندی بێستان سوور کە من بۆچونم وایە کە ڕوداوەکە لەم گوندە ڕویدابێ.

جا بەیتێکی تریش هەر لە شارەزووردا باوبوو بەناوی بەیتی (بلە) ئیتر لە ڕاستی دا پرکێشیم نەکرد کە لالە حاجی بەیتەکەم بۆ باس بکات لەبەر پیری و میوانیش بوو، ئیتر من خۆشی بەیتی گوڵناز و کوڕە شوان چوو بە دڵمدا وەك کەلتورێکی کوردی و نەتەوایەتی زیاتر وەك کەلتورێکی گوندەکەم بۆیە هێنامە زمان ئەگەرچی کەمو کورتیەکیش هەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ، ئاخافتی بەیتەکە هەمان ئاخافتنی شارەزوور و گوندەکەمانە و بەو هیوایەی کە لاپەڕەیەکم لە کەلتوری میللەتەکەمان زیندوو کردبێتەوە.

لێکدانەوەی چەند وشەیەک:

سۆزی = سبەینێ

تەوگیر = تەگبیر

ئاهیزە = ئا مەردینە

تەرە = ئامێرێك لە پەرچی دار دروست دەکرێ بۆ کار ئاسانی گواستنەوە، ڕادەکێشرێ

کوڵبە = خانووی شڕو شێواو

زێفی پێسەند = پرزەی لێڕی

جوقیان بەست = ڕیزیان بەست

تێبینی:

دورگەیەکی بچوك لە باشوری ئاوایییەوە دەکەوتە دەستە راستی کانی نەنکە و حەمەی مامە کەریم ، ئەو دورگەیە کەمێك بەرزایی بوو کە شێوەکەی هێلکەیی بوو روبەرەکەی نزیکەی ٢٥٠ م٢ دەبوو سەرەکەی بە بەهاران دادەپۆشرا بە گژوگیای جوان و گوڵە سالمەو بەیبون و گولاڵە سورە و چاوە کۆتر و حاجیلە، گیایەك کە گەلاکەی لە گەلای توو دەچوو پێیدەوترا کەڵەویٚ ئەوانەی لێی دەزانن دەیکەنە چێشتێکی خۆشی پزیشکی،لە دامێنی ئەو دورگەیەدا بەندە لەگەڵ هاوڕێیەکم بە ناوی حەمە بچکۆل باخێکی بچوکمان دروست کردبوو کە لە راگوێزانەکەدا رژێم تەفرو تونای کرد.

کە مزگەوتەکەی حاجی ئەمین بە کارەساتێك سوتا، لەسەر حەوز و ئاوەکەوە مزگەوتێکی نویٚ دروست کرا بە هاریکاری ئەورەحمان ئاغا ناسراو بە ئاغا لەگەڵ عومەری فەقیٚ عەلی و خەڵکی ئاوایی، مزگەوتەکە پێك هاتبوو لە ژوری نوێژ و حوجرە و سالۆنێك و هەیوانێکی گەورە و هەورەبانێك کە روبەرەکەی جگە لە حەوشەکەی نزیکەی ٣٥٠ م٢ دەبوو، درێژی هەیوانەکەی ٢٠م٢ دەبوو، دارێکی مێژویی هەبوو کە لە باخی ئەورەحمان ئاغا

هێـنرابوو هـەموو هەیوانەکـەی دادەپوشـی ئەوەنـدە گـەورەبوو، لەسەر حەوزەکە سەحەنێك دروست کرابوو بەردی زۆر گەورە لە قەڵبەزەکانـەوە هێـنرابون بـۆ بـەردە نوێـژ، ئـەم مزگەوتـەش وەك مزگەوتە کۆنەکە جێگای فتواو دراسەت بوو، حەوزی دەست نوێژ و ئـاو خـواردن و خۆشـتن و مـردوو شـتن جیا بـوو، جگـە لـەوەی ئاوی مرافق به جیا بوو، خەڵکی بۆ پشوو و فێنکی لە هاویندا لەو سەحەنە دادەنیشتن.

لـەپێش سـوتانی مزگەوتەکـەوە لەهەورەبانەکـەی هێلانـەی حـاجی لـەق لـەقێك هـەبوو کـە لەدێرزەمانـەوە هـەبوو، کـە مزگەوتەکەش سوتا لەسەر سیلەی هەورەبانە سوتاوە منارەییەکە هیلانەکـەی دانایـەوە تـا حـەفتاکانی سـەدەی ٢٠ هـەر مـابوو ، خەڵکی بە نەزەکردەیان دەزانی، خۆڵی منارە سوتاوەکە کە شوێن مـاڵی شـێخ حسین بـوو دەیـان بـرد بـۆ پـیرۆزی بـە ماڵـەکانیان دەیانرژان.

باڵەخانەکەی حاجی ئەمین کەلەسەرەوە باسمان کردوە لە سـەردەمی فـەقێ عـەلی دا دروست کـراوە، لەگـەڵ شـێخ محمـودی نـەمردا پەیوەنـدی و سـەروبەندییان گـەرم بـوو،یەکـەم راوێـژی شۆرشـی شـێخی نـەمر بـە کۆکردنـەوەی هـەموو ریـش سـپی و سـەرۆك هۆزەکـان و کـەیخواکان لـە باڵەخانەکـەی فـەقێ عـەلی دا بڕیـاری بـۆ درا، عارفـە گزیـر کـە باسمـان کـردوە دوو تـووی لـە

هەورامانەوەهێنابوو یەکێکیانی لەسەرچاوەی مزگەوتە تازەکەدا نێـژا بـوو کـە بـە تـووە زەبەلاحەکـە نـاودەبریٚ کـە ناومـان بـردوە، ئەوی تریان لەبەردەم مزگەوت و ماڵی حاجی ئەمین دا نیـژرابوو، ئەم توانە تازە هەڵدەچون لەکاتی راوێژەکەی شێخی نەمردا، ئێخ دەڵیٚ بڕنەوێك دەنێم بەو توانـەوە بزانم هێـزی ئـەم گولـە بڕنەوانـە چـەندە؟ ئـەوەبوو نیـشانکردێکی کردبـوو بڕنـەوێکی پێـوە دەنـیٚ لـەودیوەوە دەردەچێت وەك پـشتی قـەمور کۆپـارەی کردبـوو تـا راگوێزانەکـەش ئـەو ئاسـەوارە هـەر دیـار بـوو، هەڵبـەت بڕیـاری شۆڕشی ئەیلولسش لە سەردەمی عومەری فەقیٚ عەلی دا هـەر لـەو دیوەخانەدا بوو.

ئــەم گونــدە هــەردەم شۆرشــگێڕ و لەئاســتی خەباتــی نەتەوایەتیــدا شــوێن دەســتی دیــار بــوو کۆمــەڵێك شــەهیدی پێـشکەش کـردوە وەك عـەلی حمـە امـین و بـەهادین ، کۆمەڵێـك پێشمەرگەشی هەبوە.

(عمـری فـەقیٚ عـەلی سـەرکردایەتی هێزێـك بـوە یەکـەم چەخماخەی گولەی لەسەر تونێلەکەی دەربەندیخانەوە گرتە رژێم و دواتـریش بـوە رابـەری سیاسـی لـە بنکـەی وێلەکـە، بەنـدە نووســەری ئــەم کتێبــە بەڕێوەبــەری کاروبــاری راگەیانــدن و رۆشـنبیری و ڕێکخـستنەکانی بنکـەی نـەوتی بـووم و دواتـر لـە بنکـەی بێـدەن بۆتـە پێـشمەرگە،سـاڵحی رەوشـە نانـەوای هێـزی

قەرەداغ بوە، ساڵحی حمەی عارف عدد رشاشی هێزی خەبات بوە، نامیقی حاجی ئەحمەد هەتیو پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو ئەمانە پێشمەرگە کۆنەکان بون، پیچشمەرگە نوێیەکانیش : نوری علی ناسراو بە وەستا نوری، خوالەی خولەی رەوشە ناسراو بە خولە ریشە، ئەمیری حمەی حەسەن وەروەر، جەزای خولەی وەروەر،شەهید بەهادینی حەسەنی فاتەو هەندێکی تریش.
ئەم گوندە لە کۆنەوە تا ئێستا لە ژن و پیاو چەند شێتێکی تیا بوە.

لەم گوندەدا سێ بنەماڵە هەبوو ریش سپیەکەیان بە ناوی عەلی ئیرانی کە پشتاو پشت لەم گوندە بوون و پێناسەی گوندەکەشیان هەبوە بەلاّم تەبەعیەی ئێرانی بوون، لە ئەنفالدا دەستی سیخورەکانیان پێدەگات وئەنفال دەکرێنئێتر بێ سەرو شوێن بوون تا ئەم سالاّنەی دوایی دەرکەوت کە سنورداش کراون و هەندێکیان نەماون ئەوانی تر لە کوردستانی رۆژهەلاّتن ، ژمارەی ئەم خێزانە ١٢ کەس بون.

بەستی سێیەم

گەشتێك بەنێو

شاخی گۆیژەدا

شاخی گۆیژەی سەرکەش و شانازی شاری سلێمانی، دەبێ خۆی و لق و شوێنە سروشتی یەکانی دەورودامێنی، هەروا لە دارستاندا ڕووتەن بووبن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵگەنامەیەکی مێژووی وەك نوسراوەیەك لەبەردەستماندا نی یە، بەڵام نابێت ئێمە لە ئاست ئەو پرسیارەدا هەروا دەستەوسان بوەستین و لەپشکنین کەمتەرخەم بین، بەش بەحاڵی خۆم لە ئەنجامی ئەو خولیایەدا کەچەندین ساڵ بوو لەسەرمدا بوو کەوتمە گەڕان و لێکۆڵینەوە بەدوای ئەوشتانەدا، کە لەومەبەستەدا شتێکم پێ بسەلمێنێ، بۆ بوونی دارستان، لە گۆیژەدا. کەوتمە گەڕان بەدوای پرسیار لە پیر و دانایان و زانایان و لێرەولەوێش مشوری سەرچاوەم دەخوارد کەوتیشمە گەڕان بەناو دۆڵ و لاچاڵەکانی شاخەکەدا بۆ دۆزینەوەی دار و ڕووەك و شوێنەواری درەخت، کە بەڵگەی سەلماندنی بوونی دارستانیان هەبێت !؟.

هەڵبەت لە حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە بەو کارانە هەڵساوم هەرچیم دەستکەوت و بینیم بیستم و کەڵکم لێوەرگرت، هەم بۆ زانیاری مێژوویی و هەم بۆ زیندوگردنەوەی کەلەپوری ئەو شاخە سەرکەشە!، بابەتێکم گەڵاڵەکرد، دەست لە دەست و هێز لە یەزدان، ئەمەی لای خوارەوە کەبەشێکی باسەکەیە و بەم بەیتە هۆنراوەیەی (پیرەمێرد)ی نەمر دەست پێدەکەم:

شاخی ڕەنگاوڕەنـگی گۆیژە
بـاعیسی کـەیــف و سـروور
هەردەمە بەرگـــێك ئەپۆشی
گاه سپی، گاه سەوز و سوور

پێناسەی گۆیژە

ئـەم زنجیرە شـاخە لەبـەری ڕۆژهەڵاتـەوە کەوتۆتە پـشتی شـاری سـلێمانی، بەشێکیـشی کەوتۆتـە سـەروی ڕۆژهـەڵاتی ناوچـەی شارەزوور، سەرەتای سنورەکەی لە (دۆڵـە میران) ەوە، کەبـە(هەروتـە) یان گردە گروێ ناودەبرێ دەست پێدەکات، لەوێشەوە بە زنجیرەیەکی کـەمێك ڕاسـت ڕاکـشاوە بـەرەو خـواروی ڕۆژهـەڵات، هـەتا دۆڵـی (دوکانیان)[٢٢].

ئەگەرچی ئـەم شـاخە لەهەرشـوێنێکدا نـاوێکی تایبـەتی هەیـە، بەڵام لە هەروتـە و جادەی گشتی سلێمانی.چوارتاوە هەتا دوکانیـان هەریەك زنجیرەی لێك دانەبڕاوە و هەمووشی هەرگۆیژەیە.

شاخی گۆیـژە نزیکـەی (٢٥)کم درێـژە[٢٣]، بەرزاییەکەی لـەڕوی دەریاوە (١٥٠٣,١٢٥٠م) بەرزە و لەڕوی زەویشەوە نزیکەی (١٠٠٠م) بەرزە.

چـەند ڕیـزە گـرد و زنجیرە چیا دەکەوێتـە دەوروبـەری دامێنـی گۆیـژە، وەك:یـاڵی حـاجی سـەمین لـە باشـورەوە. .ئـەزمڕ لـە باکورەوە، زنجیرەی شـاخی (پوشێن \خرابە) لە ڕۆژهەڵاتەوە، کلکەی چەناخچیان

لەخوارووی ڕۆژهەڵاتەوە، یاڵی هەنجیرە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە پشتی گوندی هەنجیرەوە، لوتکەی هێلانە چەرخ لە خواروی ڕۆژهەڵاتەوە لەپشتی گوندی کانی پانکە و گریزەوە.. کلکەی موان لەباشوری ڕۆژهەڵاتەوە، یاڵی (کانی سپیکە و قەویلە) لە ڕۆژهەڵاتەوە، کلکەی سەراوی سوبحان ئاغا لە ڕۆژهەڵاتەوە، چیای سەید صادق لە ڕۆژهەڵاتەوە، چونکە ئەم کلکە و یاڵ و شاخانەی سەرەوە وەك لە دەماودەم و پرسیارەکاندا بۆم دەرکەوت لە لق و بەشەکانی دەوروبەر و دامێنی گۆیژە دەژمێردرێن.(٢٤)

کورتەباسێکی مێژووی:

سەرەتا..ئەزمڕ ئەم شاخە شاخێکی کەمێك بەرز و سەختە کەوتۆتە ڕۆژئاوای شاخی گۆیژە. ...(دۆڵەمیران) یان هەروتە. دەکەوێتە نێوان ئەزمڕ و گۆیژەوە.

ناوی ئەزمڕ لەچییەوە هاتووە؟

کاتی خۆی لە کۆتاییەکانی پێش زایین و سەرەتاکانی زاییندا شارێك هەبووە لە شوێنی ئەم شارەی ئێستای سلێمانی دا، کەبە شاری (سیلۆنا) ناوبراوە(٢٥)، هەربۆیەشە کە بابانەکان بناغەی سلێمانیان هەڵکەند مۆرێك دەرکەوت بەناوی سلێمان، پێدەچێ ئەو مۆرە هی پاشای ئەو شارە یا حاکمی ئەو شارە بوبێت کەناوی (سلێوان) یان (سلێمان) بووە و ئیتر سلێمانی لە سۆرخی ئەو مۆرەوە ناونرا سلێمانی.

شارۆچکەیەك کە سەربە (شاری سیلۆنا) بووە و ناوی (ئەزین) بووە[٢٦]کەبەسۆرخی کچێکەوە ناوی ئەزمیرە بووە چونکە ئافرەتەکە ژنی شارەداری شارۆچکەکە بووە خوشکی (فەروخ شای کوڕی تەهران) بووە و ئافرەتەکە ناوی (ئەزمیرە) بووە، ئیتر شاخی (ئەزمڕ) بە سۆرخی ئەو ئافرەتەوە ناونراوە.

کە ئیسلام هاتە شارەزوور پەلاماری میرنشینی فەروخ شای داو سەرەتا لە سێ هەزار کەس لە سوپای ئیسلام دوانیان دەرچون، کە چووبوونە ماڵی پیرەژنێك لە قلیاسان ژنەکە زانیبوی ئەمانە داگیرکەرن مشتێ خۆڵە مێشی کردبوە چاوی یەکێکیان و بەچەقۆ کوشتبوی، بەڵام کەسەکەی تر پیرێژنەکەی کوشتبوو بۆی دەرچووبوو دوایی بەسەرکردایەتی ئەبوزەری غەففاری بە سوپایەکی بێ شومارەوە پەلاماری میرنشینەکەی فەروخ شایان دایەوە و دەڵێن بەرگریەکی چاك کراوە قڕانێك و کوشتارێکی زۆر لە دۆڵی قڕگەدا[٢٧] کەوتووە.

کە فەروخ شا توانای بەرگری نامێنێ لە پایتەختەکەی خۆی لە بنەی (ئەزمیرە) بەدیلی دەگیرێ، ئەبوزەڕ دەڵێ ئەوەتەی من شەڕ دەکەم لە هەموو شوێنەکاندا پاڵەوان و خۆڕاگری وەك (فەروخ شا) م نەدیوە ئەگەر مل کەچ کات بۆ ژێر ڕکێفمان ئەوا نایکوژم، فەروخ شا دەڵێ :من لە ئاین و وڵاتەکەم زیاتر نیم، ئیتر کوشتیان.

بێینەوە سەر باسی گۆیژە: وەك بە دەماودەم دەڵێن ئەو ناوەی لەوەوە وەرگرتووە کە دارستانێکی زۆری پێوە بووە بەتایبەت گۆیژ، ئەم شاخە لە پشتی سلێمانی یەوە بە گۆیژە ناسراوە، کە بەرەو خواروی ڕۆژهەڵات بڕۆین توشی دۆڵێك دەبی کەهەر لەسەر جادەی

گشتی چوارتاوە لەسەر شاخی گۆیژە بەلاتەریبی شۆڕدەبێتەوە بۆلای (گوندی قڕگە)، لەوێدا شاخەکە بە دۆڵی قڕگە ناودەبرێت، لەدۆڵی قڕگەش بەرەو خوار بڕۆین شاخەکە کەمێك بەرز دەبێتەوە و بە شاخی وێڵەدەر[٢٨] ناودەبرێت، لە وێڵەدەریش بەرەوخوار بڕۆین دەگەینە شاخی خەراجیان[٢٩]لێرداو لەم سنورەدا شاخەکە دۆڵاوی و هەندێ قەڵبەزاوی بەرزتر و لەوەڕگایەکی زۆر بژوێنە.. لە شاخی خراجیانیش بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆیت دەگەینە دۆڵی دوکانیان، کە دۆڵەکە کەوتۆتە پشتی عەربەتەوە لە دەستپێکە شاخی گۆیژەوە (بەسیتەکدا) شۆڕ دەبیتەوەو دۆڵێکی قوڵە، لەوێدا شاخەکەی لە یەك جیا کردۆتەوە بۆیە دەڵێن هەتا ئەو سنورە گۆیژەیە و لەوەدوا چیاکانی دامێنی گۆیژەن، ناوی دۆڵی دوکانیان لەوەوە هاتووە کەلەبەشی سەرووی دۆڵەکەدا لەسەر دووڕیانی شارباژێری دەشت و شارباژێری چیادا دوو کانی پاراوی لەم بەروبەری دۆڵەکەوە هەبووە.

بوونی دارستان

لە نزیکی تانکی ئاوەکانی سلێمانی یەوە کۆرە دارێك هەبوو کە دار گۆیژ و بەڕوبوون و ناوچەکەش بە گۆیژەکە ناودەبرا، لەبەشی دۆڵەکانی نێوانی ئەزمڕ و گۆیژەدا کۆنە ڕەز و مێو، شوێن باخە هەنجیر، دار بە ڕوو دەوەنە ژاڵە و بەلاَلوك و چواڵە، تاکوتەرا هەبوون، لە لاپاڵەکانی گۆیژەدا شوێنی کۆپارە زەوی کە بەرزایی بچوك بچوکن، وەك گردۆڵکەی بچوك گەر هەڵت دەکۆڵی وەك ڕەگە داری پواوو کەوەك قامێکی خۆڵین وابوو نیشانەی بوونی شوێن داریان پیشان دەدا.

له دۆڵی قڕگەشدا لەبەشی سەرەوە دار بەڕویەکی مامناوەندی هەبوو، هەتا دەهاتیتە خوارەوە لێرەو لەوێ دەوەنە ژاڵە، تەڕ و زریسك، بنجە مارگیرە دەبینرا، لە دامێنیشەوە لە نزیکی گوندی قڕگەدا چەند داربەڕ و هەبوون، کەلە دۆڵی قڕگەش بەرەوخوار بچویتایە هەمان کۆیارە دارت لە نشیویەکاندا دەبینی و لە دۆڵی وێڵەدەریشدا کۆرە داربەڕو گۆیژ هەبوون جگە لە باخی تازە لێدراو هەرچۆن لە بنارەکانی گۆیژە وەلەوێشدا دارستانی جۆراوجۆر لێدراوە، کە خۆزیام لە زووەوە تۆوی (بەڕو، گۆیژ، قەزوان، ترشەسماق، چوالە، بستە.هەنجیرە کێویلە، هەرمێ) لێ بونایە، چونکە وەك کورد دەڵێ: (ئاوێك بە جۆگەیەکدا بڕوات هەر دەڕواتەوە)، گۆیژەش چونکە دارستان بووە، زوو دارستان تێدا پەرەدەسێنێتەوە... لە وێڵەدەریشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین کەمێك ووشکانی و کەم دارە، بەڵام لە پشتی داربەڕولەو کوزەرەقە[٣٠] وە سێ دار بەڕیزدا لەدۆڵێکدا هەبوون، لەنزیکی دار بەڕوەکەشەوە کۆرەدارێکی بەڕو کەناوی گوندەکەش هەر لەوەوە هاتووە، لەسەر گۆڕستانە کۆنەکەی کوزەرەقەشدا داربەڕوویەکی گەورە هەبوو لە دامێنی خراجیانیشەوە دار بەڕویەك هەبوو، ئیتر کەبەرەو دۆڵی دوکانیان بڕۆین لە پشتی سەرەوەی دۆڵەکە داری زۆری پێوەبوو ناو دۆڵەکەش بڕۆین لە بەشی سەرەوەی دۆڵەکە داری زۆری پێوە بوو، ناو دۆڵەکەش هەندێ دەوەنە دارت بەدی دەکرد، لە دەشتی چوارتاقیشدا لە دامێنی دوکانیانەوە، دارێکی بەڕووی گەورە هەبوو کەبەدارەکەی حاجی یارە ناودەبرا، ئەم دار و شوێن دارانە کە باسمان

کـــردن نیـــشانەی دارســـتان پیـــشان دەدەن، بـــەڵام ئـــەو دارســـتانە بەرســـووتان کـــەوتووە چ ســـووتانی سروشـــتی، چ سیاســـی، دەڵێـــن لەشـەڕەکەی ئیسلامدا سـووتاوە، دەشـڵێن لـە شـەڕی مەغۆڵـەکان، کـە شارەزووریان وێران کردووە سووتاوە، دەشـڵێن لەشـەڕی نێوان تـورك و ڕوســـــــدا کەلەســـەر گۆڕەپـــانی کوردســـتان کـــراوە ئـــەو ســـوتانە ڕویداوە[٣١].

بەستی چوارەم

گەشتێك بە ناو چیاکانی خرابە و دامێنیدا

هەڵبەت دوای خولیایەکم لە گەشتێکدا بە چیاو بەرزاییەکانی شارەزور و گوند و ئاسەوارەکاندا سەرەتا لە دوو بڕگەدا گەشتەکەم دەستم پێکرد کە چەند ساڵێك لەمەوبەر بوو، لە بڕگەی یەکەمدا لە ڕووکاری شارەزوور و سلێمانی دا بەناو چیاکانی گۆیژە کەلە ئەزمەر و هەرووتەوە دەستم پێکرد بۆ ڕۆژئاوا (دووکانیان و دۆڵی دووکانیان) ئەمەش بەدەست نیشانکردنی بەرزاییەکان لە ئاستی دەریاو و پێناسەیان و پێناسەی گوندەکانی سنورەکە و گەڕان بەدوای شوێنەواری دارستانی کۆنی ئەو چیایەدا. ئەم بڕگەیەم لە ژمارەی (٢)ی گۆڤاری سلێمانی دا بلاوکردەوە.

وەبڕگەی دووهەم لە ڕۆژهەلاتەوە دۆلی دووکانیان و دووکانیانەوە بۆ چیای سەیدسادق و بەرزایەکانی دەوروبەری بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە کە ئەم بڕگەیەش ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی بەردەستانە لە ژێرناوی (گەشتێك بەچیاکانی خرابە و دامێنیدا) ئەوەمان بیرنەچێت کە گەشتەکە بەگشتی لەژێر ناوی (گەشتێك بەچیاکانی گۆیژە ودامێنیدا و بەرزاییەکانی دوروبەری شارەزوور). لە بەشێکی تری گەشتەکەمدا لەژێر ناوی (ناوچەی هەڵەبجە)شدا پەڕیمەوە بۆ هەڵەبجە و قەڵەمڕەوی ئەو ناوچەیە، لەسەر ئەویش شتێکم تۆمار کرد کەلە گۆڤاری ژمارە(٢٨)ی (سۆسیالیست) بڵاوم کردەوە هەروەها لە گەشتی ناوچەی تانجەرۆ و شارەزور لە گۆڤاری هەڵوێستی نیشتمانی ژمارە (٢) بڵاوم کرەوە، دوایی پەڕیمەوە بۆ بناری ڕۆژئاوای شارەزوور واتا بناری بەرانان بەڕووی شارەزووردا، لەوێش خۆشترین و جوانترین و پڕ ئاسەوارترین گوندی

بنارەکەدا بەناوی گوندی باخچە شتێکم لەسەر ئەویش تۆمارکردووە لە گۆڤاری ژمارە(٣٧)ی (پەیامی ڕاستی)دا بلاَومکردەوە دوایی گەڕامەوە بەناو گردە ئاسەواریەکانی شارەزوردا و لەسەر ئەوانیش بابەتێکم نوسی و لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نویٚ) ژمارە(٤٢٩٠)دا بلاَوم کردەوە.

ئەوەی شایانی باسە لەسەر جوانترین و خۆشترین گوندی ناوچەی شارەزور(تانجەرۆ)کە(گوندی بێستانسورە)بابەتێکی بەش بەحالَی خۆی تێرو تەسەلم تۆمارکردووە.پەڕیمەوە بۆ بناری باشووری شارەزوور بە شی وارماوەی شارەزور لەوێش گەشتێکم کرد ، هەلَبەت ئەم گەشتانە لە کاتێکدا بوو ئیمکانیەتی من چ لەڕووی هۆکاری هاتوچۆ وە و هۆکاری وێنەگرتن توانام بەسەریدا نەدەشکا بۆیە زۆری بە پیادە وهەندێکیشی بە ماتۆڕ تەواوم کرد ئەگەر کەم وکورتیان هەبیٚ ئەوە هۆکارەکەیەتی. بۆ وەرگرتنی زانیاری کەلَکم لە بینین و بیستن و شتە دەماودەمەکان و پرسیار و هەندیٚ سەرچاوەش وەرگرتووە. هەرچەندە ئەمانە پەیوەندی بە گەشتەکەوە نیە بەلاَم لە ڕووی مێژوویی و ئاسەواری و جوگرافیەوە توانی لەسەر(شارۆچکەی نەوسود)لە ڕۆژهەلات و کوردستانی باشوور و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان و بابەتێك لەسەر کەرکوك نوسیوە و لەسەر هەریەکەیان لە شوێنی جۆراو جۆر بلَاوم کردونەتەوە.ئیستاش وا لەخوارەوە لەژێر ناوی(گە شتێك بەچیاکانی خرابە و دامێنی و بەرزاییەکانی دەوروبەری و گوندەکانی سنورەکەدا)دخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیز:

گەشتێک بەناو چیاکانی خەرابەو دامێندا

١. دۆڵـی دوکانیـان:ئـەم دۆڵـە کۆتـایی بـەزنجیرە شـاخی گۆیـژە دەهێـنیٚ و کەوتۆتـە نێوانـی گۆیـژە و زنجـیرە شـاخەکانی(خرابـە و چەناخـچیان).ئـەم دۆڵـە دۆڵێکـی قـولٚ ودرێـژە کـە لەپـشتی عەربـەت و گوندی چوارتاقەوە رێگایەکی قیرتاو بەناوەڕاستیدا دەڕوات.

زنجیرە شاخەکانی دامێنی گۆیژە:

لوتکەکانی بەری رۆژهەلاتی دۆڵی دوکانیان:

ئـەم لوتکانـە سـیٚ لوتکـەی بـە رزن ئـەوەی ناوەڕاسـتیان لـە هەموویان بەرزترە و قوچەکێکی ئاسۆییە بۆ ئەستێرەیەکی گەش. کە لـە دوای بـانگی مەغریبـەوە لـە لوتکەکـەوە ئـاوا دەبـیٚ و ئـەوەش نیـشانەی نوێـژی عیشایە.روکـاری ئـەو دیـوی ئـە و لوتکانـە(گونـدی پوشـێن)ە گەرچـی پوشـێن لـە ناوچـەی شـارباژێر دایـە.بـەلاّم سـەر بەناوچـەی تانجـەرۆ.عەربـەت)ە.لـە ڕوکـاری لای پوشـێنەوە دەوەنـی جۆراو جۆری زۆر پێوەیە.بۆیەش بە گوندی پوشێن ناو دەبریٚ چونکە لەوەڕگایـەکی پوشـی بـە ناوبـانگی هەیـە.ئـەم گونـدە بـە ناوبانگـە بـە میـوەی هـەڵووژە قـادری کـە لەسـەر چـوالە موتوربـەی دەکـەن.بـەلاّم ڕوکاری شارەزور نەداری میوەیە و نـە شـوێنەواری داری میـوە دیـارە. ئەو زنجیرە شـاخە لـە لوتکەکانی دۆڵـی دوکانیانـەوە بـەرەو رۆژهـەلاّت دەکشیٚ بۆ یاڵی خرابە.لەو سنورەشدا هیچ دارێـك بـەدی نـاکریٚ هـەتا ئەچـێتە گونـدی خرابـە.بـەلاّم لـە لوتکەکانـەوە بـەرەو پێدەشـت بـۆ خـوارەوە لەدەشـتی چـوارتاق و عەربەتـدا گۆرسـتانێکی کـۆن هەیـە و

لەسەر گۆرستانەکە شوێنەواری کۆرە دار بەڕویەك بەدی دەکرا و دارێکی گەورەی بە ڕوو کە هەتا ئابلۆقەی سوتەمەنیەکەی ئەم دواییانەش هەر مابوو(بەدارەکەی حاجی یارە)ناود برا چونکە لەو گۆرستانە کۆنەدا مەزاری پیاوێکی خواپەرست کە ناوی(حاجی یارە) بوە لەو گۆرستانەدا بوو.

شاخی خرابە

ئەم شاخە لەو سنورەدا شاخێکی مام ناوەندی بەرزە و زۆر پان و پۆرە دۆڵێکی قوڵ و پانی شێوە حەوزی تێدایە کە (گوندی خرابە) ی گرتۆتە باوەش ئەم گوندە بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دێمەکارەوە خەریکن لەبەر بێ ئاوی ئاویان لە گوندی بێستانسوور دەهێنا و ئاژەڵەکانیشیان هەر لەوێ ئاو دەدا.لەناو ئاواییەکەدا چەند دار بەڕویەك هەیە لە پشتی ئاوایشەوە لەسەر رێگای پیادەڕێی(خرابە/ شارباژێر)دەوەنە بەڕو دار گوێژە کوڵە زۆرە.لە جێگایەکیش کە دراوی پێ دەڵێن لە خواروی ئاواییەوە دار بە روویەکی گەورە هەبوو.لەسەر ڕێگایەك کە لە خرابەوە بەرەو خوار بۆ شارەزوور(بێستانسور)دەڕوات وبە(کەرتڕینەکە)ناودەبرا داربەڕویەکی گەورە هەبوو.(لەگەڵ داوای لێبوردن چونکە ناچار بووم ناوی شوێنەکە وەك خۆی بێنم)لە ڕێگایەکی ترەوە کە لە (خرابە)بەرەو باشووری ڕۆژهەلات و بەرەو شارەزوور دەڕوات لە بناری شاخەکەدا ئەو ڕێگایە دەگاتە گۆڕستانێکی کۆنینە.کە ئاسەواری کۆنە داری میوە دیارە و چەند مەترێکیش لەو لای گۆڕستانەکەوە بەرەو رۆژهەلات دارێکی بەڕووی گەورەی جوانی چەتر ئاسا هەبوو.کە ئاسەواری کۆڕە دارێکی لە

دەوروبەردا بەدی دەکرا. ئەو دارە جوانە(بە دارەکەی قادری حمە شریف)ناودەبرا.چونکەزەوی و زاری ئەو پیاوە لەوێدا بووە.ئەو پیاوە خەڵکی گوندی بێستانسور بووە.ئەو ڕێگایە کە بەرەو خوار لەدارەکەوە بۆ گوندی بێستانسور دەچوو بە ڕێگای دارەکە ناو دەدبرا).بۆیە بەم گوندە دەوترا خرابە کە لە کەلاوەوە هاتووە چونکە وشك و بێ ئاوە. بەرامبەر بەو دارە لە رۆژئاواوە(کلکەی عەربە ت)ئەمە کە زنجیرە گردێکی سروشتی لەسەر جادەی گشتی(عەربە ت.سە یدسادق)کە ٣ کیلۆمەتری عەربەت بەرەو رۆژهەلات بۆ ناو گوندی بێستانسور شۆر دەبێتەوە و کۆتاییەکەی لە باشورەوە دەگاتە سەر (گردی سەرا کۆنی شوینەواریی).ڕێگایەك بەسەر ملەو یاڵەکەدا لەگوندی بێستانسورەوە بەرەو جادەی گشتی(عەربەت.دەربەندیخان) دەچێت.ئەو ڕێگایە بەڕێی یاڵەکە ناودەبرا لەویٚ لە سەروی گوندی بێستانسوری بچوکەوە ڕێگاکە دەگاتە گۆمەڕەش و دارە ڕەش کە گۆرستان و گۆمێکی ڕەشباوە بۆیە بەو ناوە ناودەبراو دوو داری گەورەی بەڕوو و توو بەرامبەر بە یەك لەسەر گۆرستانە کە هەبوون.ئەم دارانە کە لەسەروە باسمان کردون هەتا ئابلۆقەکەش هەرمابوون.لە لاپاڵەکانی کلکەی عەربەتیشدا گۆیژە کۆڵە و رووەکە مارگیرە هەبوو.لەناوەراستی کلکەکەدا لوتکەی(مامە ڕەحمان)(گردی کچان)هەیە کەقوتەیە کی مام ناوەندیە.لە دۆڵی پشتی لوتکەکەوە زەوی و زاری مام ڕەحمان هەبوو.کە پیاوێکی تەمەن ١٢٠ ساڵی بوو.لوتکە و ڕێگا و قەڵبەزەکەی قەدپاڵی لوتکەکەوە.هەمووی بە ناوی ئەو پیاوەوە ناسرابون.لەسەر لوتکەکە ئاسەوارێکی مێژوویی هەیە،

لە لاپاڵەکانی ئەم قوتەیەدا گۆیژە کوڵەو مارگیرە هەبوو.لە رووی رۆژهەڵاتی(قوتەی مامەرەحمانەوە)لە پێدەشت و سەروی بێستانسورە وە دۆڵێکی کوڵەکەیی)هەیە کە بە دوو دۆڵە ناودەبرێت.گوایە سەرچاوەی ئاوی بێستانسور کاتی خۆی لەوێدا بووە و بەهۆی بوومەلەرزەوە بە دەماودە م دەڵێن رێڕەوی خۆی گواستۆتەوە بۆ ئەو سەرچاوەی ئێستا هەیە.جا ئەو دۆڵە ئەم بەرو ئەو بەری دارستان و قامیشەڵان بووە. ئەو دار و ڕووەکانەی کە لە سەرەوە باسمان کردون نیشانەی بوونی دارستانن لە سەردەمی پێشوودا و پێش سوتانەکان.
سەرچاوە:

١ . زانیاری ئەو باسەی سەرەوەم(لە حاجی حمەمراد خرابەیی تەمەن ١٢٠ساڵ وەرگرتووە)ئەم پیاوەم لەماڵی مامم زۆرجار دەبینی.بەهۆی خزمایەتیەوە، پیاوێکی مێژووزان وقسەزان بوو، هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی بینیبوو.لەکاتی ڕەیف ڕەیف(سەفەر بەلەك)کە بردویانە لە ئەستەمبوڵەوە بە شەو بە سۆمای ئەستێرەکاندا بە چەند مانگێك خۆی گەیاندۆتە ناوچەکەی خۆی، دوو گرانی گەورەی دیبوو وەك باسی دەکرد.باسی ئەو دوو دۆڵەشی بەو شێوەیە دەکرد کەلە سەرەوە باسم کردوە، هەروەها لوتکەی دوولپی دوکانیان و دارستانی یاڵی خرابە، کە بە دەماو دەم بیستبوی.

٢.(مامە رحمان)ناسراوبە (رحمان الرحیم پیوە) تەمەن (١٢٠ساڵ) خەڵکی گوندی بێستانسور دەربارەی زانیاریەکانی سەرەوە و(کلکەی عەربەت)و یاڵ و قوتەی مام رحمان زانیاری دامێ.

٣. (حـاجی حمـه أمـین قالـه عاسـیٚ)تەمـەن(١٢٥سـالٚ)خەڵكـی گوندی بێستانسور ئەو پیاوەش پیاوێکی خێرەومەند و مورید بـوو، چـەخماخ سـازی تەقەمـەنی بـوو، لـە مـیزی ئـاژەڵ و قارچـکە گوڵانـە (کەجۆرە قارچکێکە لەئاوو پاشماوەی(مەڕ و بزن)پەیدا دەبێت باروتی لێ دروست دەکرد.ڕاوچیەکی چاك بوو.دەربارەی دوو دۆڵەش دەیووت کـاتی خـۆی سەرچاوەی ئـاو بـووە.خـۆم دارو قامیـشم لێ بڕیـوە ڕاوە ماسیــشم تێــدا کــردووە بــەدەماودەم بیــستبوی کــە سەرچــاوەی بێستانــسور کــاتی خۆیــی لــە دوو دۆڵــەدا بــووە و بوومەلەرزەیــەك گواستویەتیەوە ئەو جێگایەی ئێستای.دەربارەی دارستانی قەڕەم و ژاژی شـارەزوور دەیـووت لـە بێستانـسور تـا سەرچاوەی قومـاش بـە هەزار حاڵ سوار بە ناو بێشەو جەنگەڵدا دەئاژوو.دەیـووت دەچووینە ڕاوە بـەراز سـەردەمێك گوێـچکە بـەراز لـە لایـەنی میریـەوە موکافەئـەی هەبوو.. وە دەیوت خۆم لە و یاڵانە دارم بڕیوە و لەگـەڵ متوموروودا لـە ماڵــە جولەکەکانــدا لــە کــاتی لاویمــدا و لەکــەڵ کــچە جویــەك ڕێکـەتبوم.جارێك باوك و براکـانی پێیـان زانیـم و لـە تـەکیانا کەوتمـە شەڕ.بەلاّم من بە چڵە دارێکی کۆڵەکەی خۆم تێیان کەوتم و هەرچۆن بوو خۆم لە دەستیان ڕزگار کرد بەسەر پەیژەکەیاندا بازمدا بـۆ کۆڵـان بۆی دە رچووم.

٤. (حمـه أمـین قـادر حمـه شـریف)یش پیـاوێکی بێستانـسوری تەمـەنی ٧٨سـاڵی بـوو بـە هـۆی ئـەوەوە کـە لـە گوندێکی تـر پیاوێکـی کوشـتبوو لـە سلێمانی دادەنیـشت زانیـاری (دارە کـە ی قـادری حمـه شریف) دامیٚ کە باپیری خۆی بووە.

لەدامێنی ئەو دارە دەشتێك هەیە ڕێگەیەك دەدات بەناویدا بەرەو چاڵە پان، کەلە خوارەوە باسمان کردووە بەم دەشت وڕێگایانە دەوترێ دەشتی زریسکەکە چونکە ڕووەکە زریسك و شوێنەواری کانی و ئاو لە وێدا هەبووە، هەر لەو دەشتەدا جۆرە بەردێك هەبوو کە بە (گوئاسن)ناسرا بووە کە بەدەماودەم ئەڵێن لەقەڵبەزی مامە ڕەحمانەوە کە باسمان کردووە بورکانێکی بچووك رویدا کە پێدەچێ بگەڕێتەوە بۆ٥٩٤ز کە ئەو روداوە هەبوو.شەرارەی ئاگر لە قەلبەزەکەوە گەیشتۆتە ئەو دەشتە و ئەو جۆرە بەردەی لێ کەوتۆتەوە.ئەو بورکان و بومەلەرزەیە هاوکێشەی بورکانەکەی پیرە مەگرونی کۆنە.وەکو وتومانە لەسەر لوتکەی مامە ڕەحمان یا(گردی کچان)ئاسەوارێك هەیە ئەو ئاسەوارە ماڵی یەکێك لە سەرکردە سەربازیەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی بووە کە کچێکی لە هیندستانەوە بە غەنیمە هێناوە لەوێ نیشتەجێی کردوە.دووپشکی نێوان عەربەت و شارەزور بە ناوبانگە بۆ کوشتار. بۆیە شەو لەناوێك کچەکە دووپشك پێوەی دەداو دەمرێ پێدەچێ ئەفسەرەکەش خۆیی کوشتبێ.لە ناو گوندی بێستانسور گۆرستانێکی کۆنی ئەو سەردەمە هەیە کە بە گۆڕستانی کێلەبەرزەکان یان بەرامبەرەکە ناسرابوو پێدەچێ ئەو کێلە بە رزانە کە لە دوو مەتر بەزتربوون گۆڕی ئەو دوو کەسە بن بە دەماودەم.لەدامێنی دەشتی زریسکەوە گۆرستانێکی نادیار هەبوو بە کێلە سپی دەناسرا کە پێدەچێ لەسەر هاوکێشەی ئەسحابەسپی و ئەسحابەدرێژ و...هتد، ئەو ناوەهاتبێ وە ئەمە گۆڕی سە ردەمی داگیرکاری عەرەبەکانە چونکە لەدامێنی ئەویشەوە

گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەبوو کە بە گۆڕی گەوری ناودەبرا ئەمەش ئەو کوردەشارەزوریانە بوون کەبەرگریان لە خاك و ئاو و ئاین و کەرامەتی خۆیان کردووە دوای کوژرانیان بەکۆمەڵ خراونەتە ژێر گردۆڵکەیەکەوە.کە بە داخەوە ئەوان بە گاور و ئەوانی تر بە پیرۆز ناودەبرێن.لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شوێنەشەوە گۆرستانێکی کۆنینە هەر هی ئەو سەردەمە هەیە کەمەزارێکی تیایە ئێستاش گوندی(زێرێن جۆ)مردووەکانیان لەوێ دەنێژن ئەم گۆرستانە و ئەو دەشتە بە تەپە عەرەبان ناودەبرا کە ئێستا(تاڵ عەرەوانی)پێدەوترێ چونکە ئەو شوێنە پێ دەچێت سەربازگەی داگیرکەرە عەرەبەکان بووە تاڵە عەرەبان لە تل عەربانەوە هاتووە کە ئێستا سوککراوە بۆ تاڵە عەرەوان.وە هەر لەبەرامبەری گۆڕی گەوریشەوە لەرۆژئاواوە لە ناو باخ و دارستانەکەدا لە ناوچەم و ئاوەکەدا دوو گۆڕستانی بچووك هەبوون کەیەکێکیان وەك گۆڕی بەکۆمەڵ وایە هیچ ناو و ناتۆرەیەکی نەبوو دەکەوێتە بەرانبەر بە ئاشێك کە بە(خەرگەڕەش)ناسرابوو.ئا لەوێدا کانیەکی پیرۆزی جوان هەیە کەئەویش بە کانی خەرگەرەش ناسراوە.خەرگەرەش پیاوێکی زاهیدی کورد بووە.

گۆرستانەکەی تر کە مەزارێکی تیابوو لەسەر بەرزاییەکی بچوك کە دەکەوتە سەر جۆگای ئاشێك کە بە ئاشی کاك ئەحمەد ناو دەبرا ئەم مەزارە بە مەزاری وە یس ناودەبرا بە پیرۆزی سە یر دەکرا چونکە دەگەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە سەرەوە ناومان بردووە.ئەم وەیسە وەیسی مایدەشتە نەك وەیسی قەرەنی کە باس دەکرێ و یەکێك نیە لە عەرەبەکانی کە لە سەرەوە باسمان کردوە.

ج. کلکەی چەناخچیان

١. کە لە دارکەی قادری حمەشەریفەوە بەرەو ڕۆژهەڵات(کلکەی چەناخچیان)ناو دەبرێت و کۆتایی زنجیرە شاخی خرابەیە لەو کلکەیەدا نزمترین بەشی زنجیرە شاخەکەیە و ووردە ووردە هێلکەیی لەسەر پردی چەناخچیان لەگەڵ زەوی یەکسان دەبن.

بەڕوی ڕۆژئاوادا لە ناوەڕاستی کلکە و یاڵەکەدا دۆڵێکی پان و پۆڕ هەیە کە بە چاڵە پان ناودەبرێت پیادەڕێ و کاروانەڕێی شارەزوور و بەرزنجەیە، لە چاڵە پان و دەوروبەریدا نیشانەی شوێن داری بەڕوو چواڵە بەدی دەکرا، بەڕووی ڕۆژهەڵاتیشدا لەودیوی چاڵەپانەوە گوندی چەناخچیانە کە گوندێکی وشك بێ ئاوە و دانیشتوانی کۆچەرن و لە هۆزی بێسەرین.

لە بەردەم ئاواییەکەدا داربەڕویەکی مام ناوەند هەبوو کە بەرەو نشێوی بچویتایە داری گوێژەکۆڵە هەبوو.

– کلکە بە مانای کۆتایی زنجیرە شاخ کە بەرەو نزمی دەچێ و شێوەیی هێلکەییە.

– یاڵ بە شوێنێك دەوترێت کەزنجیرە گردۆڵکەیەکی سروشتی مام ناوەندیە و ڕێگەیەك پێیدا دەڕوات لەم دیو بۆ ئەودیو کە ئەمە ملەو یاڵیشی پێدەوترێت، هەرچی(قوتە یان لوتە)شە ئەوە لوتکەیەکی بەرزە لە ناو زنجیرە گردۆڵکەی سروشتیدا.دەشبێت بڵێین بە لوتکەیەکی بچوك دەوترێت لوتە کە بچوك کراوەی لوتکەیە.

کلکەی چەناخچیان بەردەلانی و ڕەقەنە بەردی چەخماخی زۆرە کە لەگەڵ ئەستێ کە ئاسنێکی سێگۆشەیە ئاگری پێ دەکرایەوە هەر

بۆیە ئەو ناوچەیە چ پردەکە چ ڕێگاکە و چ گوندەکە چ کلکە و یاڵەکە هەموی لە سوڕخی ئەو بەردە چەخماخانەوە بووە بە(چەخماخ چیان) پاشان بووە بە چەناخچیان.زانیاری ئەم سنورەم لە مام تۆفیق ئاڵتون تەمەن ٨٥ساڵ خەڵکی گوندی چەناخچیان و(رحیم سارایی)خەڵکی گوندی هەنجیرە تەمەن ٧٥ساڵ وەرگرتوو. هەروەها پێدە چێ لە (قەرە چەناخە واتە زۆر وێژەوە هاتبێت چونکە خەڵکی ناوچاکە تیژڕەو بوون لەڕوی عەشایەرییەوە ئەم کلکە و یاڵ و زنجیرە گرد و شاخانەی خوارەوەش بەزنجیرەکانی دامێنی گۆیژەو لقەکانی دادەنرێن چونکە تەواوکەری ئەو زنجیرە شاخانەن کە نێوانی شارەزوور و شارباژێردا کشاون گەرچی لەچەند جێگەیەکدا لێك دابڕاون بەڵام وەك ووتمان بەدەماودەم وتراوە کە سنوری شارەزور و شارباژێردا کشاون ئەو زنجیرانەش ئەمانەن:

یاڵی هەنجیرە ئەم یاڵە دەکەوێتە ٣ کیلۆمەتری بەری ڕۆهەڵاتی کلکەی چەناخچیان کە کەوتۆتە سەر ڕێگای بەرزنجە و گوندی هەنجیرە کوێرە دێیەکی بێ ئاوە کانیەکی کەم ئاوی هەیە گوندەکە پالی داوە بەسەرەتای دەستپێکی یاڵەکەوە، لە بەری ڕۆژئاواییدا داربەڕویەکی بچوك هەبوو لە پێشتی ئاوایشەوە لە سەر مەزاریك دار بەڕویەکی گەورە هەبوو دەوروبەری کوێرە کانیەکە و لاپاڵەکانی یاڵەکەش شوێنەواری دار هەنجیری زۆری پێوە دیار بوو گوندەکەش هەر بەو ناوەوە ناونراوە)ئیتر ئەو ملەو یاڵەو شۆر دەبێتەوە بۆ پشتی گوندی کانی پانکە و گرێزە و لە لوتکەی هێلانە چەرخ کۆتای بەو زنجیرە یاڵەکە دێت هەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەو لوتکە و یاڵە

شوێن ئاسەواری داری بەڕو هەنجیر و گوێژ و بەلاڵوك و ڕووەکە زریسکی پێوە دیارە و دەماودەم دەلێن ئەو ڕووەکانەی زیاتر پێوە بووە ئێستاش لاپاڵەکانی هێلانە چەرخ پێدەشتەکانیشی بە دارستانی سنەوبەر و داری میوەهات لێدراوە.لە دامێنی پاڵەکەوە لەسەر گۆڕستانەکەی کانی پانکە داربەڕویەکی گەورە هەبوو، و لەڕوی ڕۆژهەلاتیشەوە لە دامێنی هێلانە چەرخدا و لەبەردەم گوندی گرێزەدا داربەڕویەك و دارتوویەکی کۆنە ساڵ هەبوون لە پێدەشتی گرێزەدا لە ڕۆژهەلاتەوە بە نزیکی ١,٥کم لە گرێزەوە لەسەر جادەی گشتی دار بەڕویەکی گەورە هەبوو کە ئەمانە هەموو نیشانەی بونی دارستانن لە کۆندا.

کانی پانکە دوو گوندن لەسەر جادەی سەیدسادق و زۆر ئاوەدان و پێشکەوتووە گومێکی پان کەوتۆتە نێوانیان و ناوی گوندەکە لەو گۆمەمانەوە یان کانیە پانەوە هاتووە دەڵێن(کانی پانکە) گردی شوێنەواری جوانیش لە لای گۆمەکە دایە.

گرێزە گوندێکی ئاوەدانە کەوتۆتە لاپاڵی بەری ڕۆژهەلاتی لوتکە ی هێلانە چەرخ ناوەکەی لە گردە لێژەوە هاتووە کە پاڵی داوە بە لاپاڵەکەوە یان لە گرێ ڕێ وە هاتووە چونکە ئەو زەویەی ڕەقەن بێت و کەوتبێتە لاپاڵ ئەوە بە(گرێ ڕێ)ناو دەبرێت زەویەکانی پشتی بنە جوت و گرێزەش لەو جۆرە زەویەن، بۆیە پێدەچێ ناوی گرێزە لەوەوە هاتبێت ئەم ناوەش لەسەر زمان سوك کراوە بۆتە گرێزە.
بنەجوت گوندێکی کاتی بووە بۆجوتیارەکان.

هێلانە چەرخ: ئەمەلوتکەیەکی بەرزە و هەندێ رووەك و بنچکی تا ئێستاش پێوە ماوە و شوێنەواری گەلێك روەکی میوە دیارە لەم لوتکە و کەورگانەدا جۆرە باڵندەیەك هەیە کە وەك باز وایە بە چەرخ ناودەبرێت بەهەمیشە لەو بەرزایانەدا هێلانەیان کردووە و بۆیە ئەو لوتکە یە بە هێلانە چەرخ ناودەبرێت.زانیاری ئەم سنورەم لە حاجی ملا مجید کانی پانکەیی خەیات تەمەن٧٥ساڵ و حاجی ملا رحیم تەمەن٦٥ساڵ و مام رحیم سارایی وەرگرتووە کە خۆیان بینیویانە و بە دەماو دەم بیستویانە.

کلکەی موان:ئەم کلکەو یاڵە دەکەوێتە بەرامبەری گوندی گرێزە لە باشورەوە بە نزیکەی(٢) کم و کلکەکەی بە پشتی گوندی موانەکاندا لەرۆژهەڵاتەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە کشاوە، دەست پێکی ئەم یاڵە لەمەزاری (کاکە میر)ەوە دەست پێدەکات کەمەزاری لاوێکی خواناسی کوردە خەڵك چوارشەممان بۆ چارەسەری نەخۆشی باداری دەچنەسەری چواردەوری مەزارەکە دارستانە بە (توو، بەڕوو، چنار، بی) کۆنە ساڵە.ئەگەر لەوێوە بە یاڵەکەدا سەرکەوێت لە لاپاڵ و دۆڵ و نشێوەکانیدا(گۆیژە کۆڵە، زریسك،بنچکەمارگیرە،داری بەڕوو)دەبینیت و ئاسەواری شوێنی رووەکیش زۆر دیار بوو هەرە دارە دیارییەکانی ئەم یاڵە دوو داری بەرووی گەورەبوون کەلە دۆڵێکی بەری رۆژهەڵاتی یاڵەکە وە بوون بەرامبەر بەجادەی گشتی سەیدسادق.لەدامێنی یاڵەکەشەوە مەزاری (مەحمودی سەرەواڵە) هەیە کەئەمیش پیاوێکی خواناسی کورد بوە کۆڕە دارێکی(بەڕوو، توو)ی لەسەرە.جافە کۆچەرەکان شتی گرانبەهایان لەبن ئەو دارانەدا داناوە هەتا لە

کوێستان گەڕاونەتەوە لەبەرپیرۆزی و لە ترسی مەزارەکە کە کەس نە یتوانیوە دەستیان بۆ ببات.ئەم کۆڕە دارانە نیشانەی دارستانن لە کۆندا بۆ ئەم یالّ و سنورە.

موان: چەند گوندێکە لە ناوچە یەکدا کە ئاودار و کشتوکالّ دارن، چەم و زنجیرەیالّ و گوندەکە و گردەکە هەموویان ناویان موانە ئەمیش لەوەوە هاتووە کە پیاوێکی (مغی) کەخەلیفەی زەردەشت بووە دوای تێکشکانی(گومتا)ی(مغ)کە یەکێك بووە لە پەیڕەوکەرانی ئاینی زەردەشتی لەپاش(ئەستیاك) دوا پاشای ماد بووە.ئەو پیاوە (مغە) کەهاتووە بەمدیودا لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووە بە ئایندارى و بە خێوکردنی رەشەولاخەوە خەریك بووە خەلکی ناوچەکەش رێزیان لێگرتووە هەتا ئێستاش هەر رەشە ولاخێك هەلّکەوتوو چاك و رەسەن بێت دەلّێن ئەوە گای مغانییە، ئیتر ناوچەکە ناونراوە مغان بە ناوی ئەو پیاوەوە پاشان لەسەر زمان ئاسان کراوە بۆ(موان)یاخود لەژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدا بوبێتە موان لە مغانەوە.

خەلّکی ناوچەکە تا ئەم دواییانەش کەواو سەلّتەیان لەبەر دەکرد پشتوێنێکی حەوت لۆیان بەسەردا دەبەست لەبەر کەمەریاندا(٣)قۆیان دەخستە پشتێنەکەوە ئەم لە ڕووانگەی مغەکانەوە بووە کە ئەوان لە هێمای زەردەشتەوە وەریان گرتووە کە حە وت لۆکە حەوت ڕەگەکەی خۆرە و(٣)قۆکەش بە واتای (وتەی چاك، کرداری چاك، بیر و فیکری چاك)کە دژی کارە خراپەکانە.

ئەم زانیاریانەم لە ملا تایەری موان کە پیاوێکی ئەدەب دۆست و زاناو قسەزان بوو لە مالّی خۆیان بۆی باس کردم و کتێبی کۆماری

ئەفلاتونی پێشکەش کردم. هەروەها لە کتێبی (دراسات کوردیە)ی د.جمال احمد رشید باسی ئەم ناوچەیە و مغەکانیش لەو سۆراخەوە دەکات.

یالّی کانی سپیکە:ئەم زنجیرە یالّە کەوتۆتە بەرامبەری گرێزەوە، نزیکەی ٥کم لە ڕۆژهەلاّتەوە. کانی سپیکەی پەرخ گوندێکە پالّی داوە بە دەستپێکی زنجیرە یالّەکە وە لە بەشی سەرەوەیدا دەوروبەری گوندەکە(٢-٣) دار بەرۆی تیابوو لە یالّەکەشدا دوو دار هەبوو، بنچکە مارگیری لە گەلێك شوێنی ئەو لاپالّەدا هەبوو ئەم زنجیرە یە شۆڕ دەبێتەوە بۆ دۆلّی قە ویلە کە گوندێکی وشك و بیّ ئاوە لەم دۆلّەشدا دار بەڕویەك هەبوو ئیتر بەرەو رۆژهەلاّت هە تا بێت زنجیرە یالّەکە بەرزتر دەبێتەوە تا دەگاتە دۆلّی سەراوی سبحان ئاغا وسەرچاوەی گۆمی سەراو.لەولاپالّ و دۆلاّندا شوێنی دار بەدی دە کرا، دەوروبەری گۆم و سەرچاوەکان کۆرە دار بووە، ئێستاش دارستانی سنەوبەر لەسەر شێوەی تازە لێدراوە داری گۆیژە کۆلّ و روەکی مارەگیرە لەولاپالاّنەدا بەدی دەکران.ئەم زنجیرەیە بەرەو رۆژهەلاّت دەڕوات هەتا دەگاتە چیای سەیدسادق ئە م چیایە سەخت و لوتکەدارە و بووە بە دوو بە شەوە (شارۆچکەی سەید سادق و چەمی چەقان) دەداتە ناوەراستیدا ئەم لوتکانە تاوێری گەورەیان پێوەیە شوێن ئاسەواری داری گۆیژە و بەلاّلوك و زریسك و رووەکی مارەگیرە و بە رووی پێوەیە دیارە ئێستاش مارگیرە و کۆیژە کۆلەو دەوەەنە بەڕوی کەمێك پێوەیە لێرەو لەویّ و تاکو تەرا.ئەم زنجیرە چیایە بەرەو باکوور هەلّدەکشیّ بەرەو دۆلّەکانی کەولّۆز.ئا لێرەدا

دەردەکـەوێ کەئـەم زنجـیرە شـاخ و چـیا و یاڵانـەی باسمـان کـردوون لەسەرەوە.بە هەردوو دەڤەری شارەزور وشاربازێر یان کردووە بـە دوو بەشـــەوە.. لەهەموشـــیاندا شـــوێنەوار و دیـــاردەی بونـــی دارســـتان دەردەکەوێت وەك لەسەرەوە باس کراون.جار نەجارێك بەڵکو چەندین جـار بەرسـوتان کـەوتون سـوتانی سیاسـی و سروشـتی بـە هۆکـاری نادیار. هەتاوەك ئێستا بونەتە روتـەن.بـەلاّم ئـەوەتا خـەریکە و لێرە و لـەوێ لـەم زنجیرانـەدا دارسـتان نـوێ دەکرێتـەوە.بـەو هیوایـەی کـە هەنگاوی باشتری بۆ هەڵگیرێ، بۆ هەموو زنجیرە شاخانەی سەرەوە(بە ڕەز و مێـو و چـوالە و هـەرمێ و هـەڵوژە قـادری و گۆیـژە و بـەڕوو و ترشـەسماق و بـستە و چـەقالە و شـیح و هـەنجیر و هـەنار و داری دارستانی جۆراو جۆر و لە ڕیگـای بیری ئیرتوازیـەوە ئـاودار بکریـت و لـەو شـوینانەدا دەگونجـێ هـەتا ببنـە جێگـای سـەیرانگاو حەوانـەوەی خــەڵکی وواڵــات و دەرەوە وە ئاوهــەوای ناوچــەکە بگــۆڕن لــە ڕووی ئاڵوگۆڕی هەواوە دەرامەتی دەڤەرەکەش باشتر بکەن.

کـانی سـپیکەی پـەرخ گونـدێکی بچووکـە خـە لکەکـەی(لـەهۆزی بەرخ)ین و کانیـەکی سـپی بچـوکی هـەبوو بـەو نـاوەوە ناونراوە کانـی سـپیکە.خـەڵکی ئـەم گونـدە بـە کـشتوکاڵی دێمـەکارە ئاژەڵداریـەوە خەریکن.زۆرجار کۆچیان بۆ کویستان بۆ ئاژەڵ لەوەڕاندن و لەبەر بـێ ئاویی، خەڵکی ئەو گوندە لە سەراوی سوبحان ئاغا ئاو دەهێنێت.

گونـدی قەویلـە:ئەمـە گونـدێکی ووشـك و بـێ ئـاوە ولـە سـەراوی سوبحان ئاغا ئاو دەهێنێن و هەندێ جار کۆچ دەکـەن بـۆ کوێستان بۆ ئاژەڵ لەوەڕاندن و کشتوکالی دێمەکاری خەریکن.لە هۆزی قەویلەین

سەراوی سوبحان ئاغا: ئەمە گوندێکی ئاوەدان و ئاودار و خاوەنی کشتوکاڵی بەراوی بەرەکەتن. دوو گۆم لەناو دۆڵەکەی پشتی گوندەکەوە هەڵدەقولێن لە کۆندا دارستان بوە و بە دەماودەم دەڵێن (١٢) سوارەی مەریوان دوای گەڕانەوەیان لە راوە بەرازە لە بن ئەو کۆرەدارەدا حەواونەتەوە و نەخشەی پەلاماردانی ئەرتەشی داگیرکەری ئێرانیان بەلای مەریواندا هەر لەوێ داناوە.ئەمە بە دەماودەم باسکراوە. وەهەر بەدەماودەم دەڵێن ناوی ئەم گوندە سەرچاوەکەو یاڵەکەی ئەم سنورە لەوەوە هاتووە کە گوایە رۆژێک کابرایەکی رێبوار لەپشتی گۆمەکانەوە کە ئەوسا هەموی پیادەڕی (کاروانەڕێ)بوە سوارەکە کە دەگاتە سەر ئاوەکە.ئەوسا دیارە زۆر قوڵ و گەورە بوە جا کابرا لا دەداتە سەر گۆمەکە و ماینەکەی رادەگرێت و خۆی دەڕوات دەست بە ئاو بگەیەنێ ماینیش خەریکی ئاو خواردنەوە و لەوەڕاندن بوە لە گوێی گۆمەکەدا لە ناکاودا پیاوە سەیر دەکات ئەسپێکی ئاوی لەگۆمەکەوە دەرچووە و یەکێك دەڵێت لە ماینەکەپەڕیوە وە یەکێکیش دەڵێ ماینەکەی بردۆتە ناو گۆمەکەوە.ئیتر لەو رۆژە وە ئەو ناوچەیە بە(سەرای سوبحان ئاغا) ناودەبرێت.چونکە کابرای سوارە ناوی(سوبحان ئاغا) بووە.

چیای سەیدسادق کە ئێستا دوو بەشە دوو لوتکەی بەری رۆژهەلاتی شارۆچکەکە و چەمی چەقان و بەری لای ڕۆژئاوایی.دەڵێن ئەم چیایانە خۆی پەیوەست بون.بەڵام لە ئەنجامی لافاوێکی زۆر کە لەدۆڵەکانی کەولۆزەوە هاتوە و چەمی چەقانی دروست کردووە ئەو شاخەی دابڕیوە لەیەك.چەمی چەقان ئەوسا چەمی(چەقان)بوە یان

چیغان لەبەر زۆری رووەکی تەرکە و چیغی لێ دروست کراوە.ڕێڕەوی ئەم چەمەش پێش ئەو لافاوە بەرەو شارباژێر بووە.ئەم چەمەمەش هەردەم لە زەمانی سەفەوییەکان و عوسمانیەکاندا کە کوردستانیان داگیردووە سنوری نێوان ئیمراتۆریتەکەیان بووە ... دەشڵێن شەڕێکی خوێناوی لەسەر چیای سەیدسادق رووی داوە کە پێدەچێ شەڕی مەغۆلەکان بێت. کوڕێکی لاوی خوا پەرست نزای کردووە چیاکە دووبەش ببێت و سوپای دوژمن دەستەپاچە بن و چیاکەش دووبەش بوە و دوژمن هەر بەردەوام بوە لە پەلامار هەتا ناوچەکانی گرتووە. گۆری شاعیری ناسك خەسالْ (وەلی دێوانە) لەسەر گردەکەیە لە ناو گۆرستانەکەدا.زانیاری ئەم باسەی سەرەوەم لە (حاجی محمود رحمان) کە پیاوێکی قسەزان بووە.تەمەن ٨٠ سالْ زیاتر دەبوو. لەسەردانێکدا لەماڵی خۆیان و گوندی سەراو ئەو باسانەی کردیان لەسەر دەماودەم بۆ گێڕامەوە و جارێکر تریش لە دوکانی(کاك فایەق) ناسراو بە فایەق فەنی سەرۆکی تیرەی شێخ سمایلی چاوم کەوتەوە بە حاجی ناوبراو هەمان باسی کرد لەسەر داوای خۆم و کاك فایەقیش وتی ئەمە دەماو دەمێکە کە هەردەم وا باو بوە.بەڵام ڕای لافاوەکە راستترە لە مەسەلەی شەڕەکە بۆ دووبەش بوونی شاخەکە.لە دامێنی چیای بەری رۆژئاوای(سەی سایەق)بە تەنیشت سەراوی سوبحان ئاغاوە گوندێك هەیە بە نای (قلرخ)دانیشتوانی لە هۆزی (کەماڵەیی)ین کاتی خۆی ئەو شوێنە پەچەڕانی هەمان هۆز بووە و کەلەوێدا نیشتەجێ بوون پێ دەچێت ناوی گوندەکە لەو پەچەڕانەوە هاتبێ چونکە لە ریخی پەچەرانەکەوە هاتوە.

لە سێ کیلۆمەتری سەروی (سەید سایەق) لە سەر ڕێی (پێنجوێن) گوندێکی گەورە هەیە بە ناوی (شانەدەری)کە دانیشتوانی لە هۆزی (شێخ سمایلی)ین.

***

بەستی پێنجەم

گردەکانی شارەزوور

وەکو زانراوە بە درێژای مێژوو شارەزوور لانکی شارستانیەت بووە، کە هۆزەکانی (گۆتی و لۆلۆیی) دەولەتێکی ڕامیاری و سەربازی و ئیداری تۆکمەیان لە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایندا دامەزراندوە بە ناوی دەوڵەتی (زاموا) کە ئەم گۆتی و لۆلۆییانە بە پاڵەوانی مێژوو ناسراون وە ئەمانە باپیرە گەورانی کوردبوون.

پایتەختی ئەم دەوڵەتە قەلآی (یاسین تەپە) ی ئێستا بوە لە شارەزوور لە باشوری گوندی بێستانسورەوە کە تەنیشتی ڕۆژهەلآتی خاك و خۆڵە، ئەم قەلآیە هاوشێوەی قەلآی (کاکۆك) ە کە قەلآی کەرکوکی ئێستایە کە بە قەلآی تۆکمەی کاکە ناسرابوو.

هەرچی ئاسەواری کۆنی ئەم دوو قەلآیە یە دەچنەوە سەر یەك و سەر زەمەنی گۆتی یەکان خگە لەوەی کە قەلآی یاسین تەپە لەو بچوکترە.

قەڵەمڕەوی دەوڵەتی زاموا هەموو کوردستانی ئێستا بووە و زیاتریش، ئەم دەوڵەتە بە درێژای مێژووی تووشی گەلێك ململانێ و شەڕ و شۆڕ هاتووە، لە تەك بابلی و سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوری و تەناتەت لە تەك (پرسیدەکان) کە دەوڵەتی فارس بوون. لەم شۆڕشانەدا گەلێك سەرکەوتن و تێکشکانیان بەخۆوە دیوە هەتا دوا جار بەیەك جاری تێك شکاون. لێرەدا نمونەیەك دەهێنینەوە، کەئەکەدییەکان زلهێزی سەردەمی دوو هەزارەی پێش زایین بوون بە سەرکردایەتی (نارام سین کوری سەرجۆنی ئەکەدی) هێرشێکی فراوانی کردە سەر گۆتی یەکانوبە سەرکەوتنیان، خۆی لە (کارداکا) کە قەرەداغی ئێستایە دانیشت و کوڕەکەی کە لاوێك بوو ناوی

(شارکاڵ) بوو لە یاسین تەپەی پایتەختی گۆتی یەکان نیشتە جێ کرد وە نازناوێکی کوردی لێنا بە ناوی (شارگشتی) واتە پاشای شاران.. ئەم داگیر کارییە خایاندی هەتا هۆزە گۆتی و لۆلۆی یەکان لە بزوتنەوەیەکدا بە سەرکردایەتی (ئەلۆلۆمیش)بۆ یەکەم جار سەرنەکەوتن، وەلێ بەردەوام بوون لە بزوتنەوەکە هەتا بۆ دووەم جار بە سەرکردایەتی (ئانۆپات) (ئانۆ بانینی) ئەم جارەیان بۆ دوا جار ئەکەدییەکانیان بەزان و دەوڵەتی زاموایان تونودتۆڵ کرد و پایتەختیان هەر یاسین تەپە بوو. هەندێ جار پایتەختی زستانەیان ئەبردە قەلاَی کاکوك کە لە سەرەوە ناومان هێناوە و پێدەچێ ئەو سەردەمە دروست کرابێ.

هەر بۆیە بەهەر چواردەوری قەلاَی یاسین تەپەدا لە ناوچەی شارەزوور کە لەبەر بە پیتی و بە بەرەکەتی ناوچەکە ململانێی زۆری لەسەر بووە، گردی زۆر بە هەر چواردەوری یاسین تەپە دوور و نزیك بۆ چاودێری بەرگری دروست کراون بۆ ناوچەکە کە لە دوایدا ناویان دێنین.

جا لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین کە ئەو ئاسەوارانە جێدەستی گۆتییەکانی باپیرانمانن نەك هی هیچ لایەکی تر. کە بەداخەوە سەرچاوە داگیر کارەکانی ناوچەکەو تەنانەت نێو دەولەتیش کە بەکرێ گیراون بەرژەوەندیشیان وایە کە ئەو شوێنەوارانە بدەنە پاڵ فلاَن دەوڵەت فیسار چاخ و سەردەمی تر کەچی دیسان بەداخەوە مێژوو نوسان و ئاسەوار ناسانی خۆشمان هەر گرنگی بەو سەرچاوە چەواشانە دەدەن کە دەبوو بۆ بنەماکەی

بگەڕێن. دیارە فلأن دەوڵەت و فیسار سەردەم ئەم ناوچەیەیان داگیر کردوە و (مۆرك و نیشان کردو پەیکەرو هەندێك دابوو نەریت و تەنانەت دراویشیان لەم ناوچەیەدا بەجێهێشتووە) بەلأم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم دەڤەرە ببێتە ئاسەواری ئەوان.

﴿بەندە (ا. ك. ج) لە بۆنەیەکی تردا باسی ئاسەوارەکانی داگیرکەرانم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (ژ. ٢٦٣٠) دا بلأو کردۆتەوە و کەناڵەکان گرنگیان پێ دا کە ئەوە ڕاستە نەك سەرچاوە چەواشەکان﴾

ئەم جارەش لە گەشتێکدا بەناو گردەکانی ناوچەی شارەزووردا گەڕام و ناوەکانیان و شوێنەکانیانم دەست نیشان کرد، کە کۆمەڵێك گردو قەڵأی شوێنەواری سەردەمی (زاموا) ن و لە شێوەی نیوە هێلکەیەك قوچ بونەتەوە وەك وتمان بۆ پاراستنی شارو گوندو ناوچەکەو چاودێرییان..

گردەکان

١. یاسین تەپە:.ئەم قەلأیە قەلأیەکی لاکێشەیە لە گوندی بێستان سور کە بەرزییەکەی بیست و پێنج مەتر دەبێت و درێژی یەکەی نزیکەی دووسەدو پەنجا مەتر دەبێتبە هەر چوار دەوریدا لە سەرەوە ستارەی خۆڵینی هەیە کە نزیکەی دوو مەتر بەرزە لە هەر چوار گۆشەیەکەوە مەتەرێزی چاودێری بەرگری هەیە.

لە ڕوی باکورەوە لە ناوەڕاستەوە قشڵەیەکی ئیداری و نیشتەجێی هەیە لە ناوەڕاستی ڕوبەری سەرەوەیدا شوێنێك هەیە

پێی ی دەوترێت زیندان لای باشوری قەلاَکە ڕوباری تانجەرۆیە، سێ لاکەی تری چالاَویَکی پێنج مەتر قولْ و پانی هەیە کە بە بەربەندێك لە چەمە ڕەشەوە ئاو بۆ چالاَوەکە ڕاکێشراوە لە کاتی جەنگ و پێویست دا. چەمە ڕەش لە گوندی بێستانسورەوە سەرچاوە دەگرێت بەربەندەکە هەم وەك پردێکیش بووە بۆ پەڕینەوەی ناوچەکە کە هەتا ئێستاش شوێنەواریان ماوە.

٢. گردی گۆمە ڕەش: ئەم گردەش لای ڕۆژهەلاَتی گۆمێکی قوولْە بە ناوی گۆمە ڕەش لای باشوری جۆگەی پوشێنە دوو لاکەی تری چالاَوێکە کە ئاوەکەی لە بێستانسورەوە سەرچاوەی گرتووە بە گوێرەی ئاسەوارەکان ئەم گردە چاودێرێکی گرنگ بووە بۆ پاراستنی گردی (سەراسورخ) کە ئێستا گردی سەرا کۆنی پێدەوترێت و کە ناوەندێکی ئیداری و سەربازی گرنگ بووە.

گوندی (بێستانسور) بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە. گردی بێستانسور و گردی کاژاویش دوو شوێنی بەرگری و چاودێری بوون هەم بۆ یاسن تەپەو هەم بۆ سەراسورخیش. ئەم چوار گردەی کە باسمان کرد بەڕیزی یەکدا کە نزیکەی کیلۆمەترێکدان گوندی بێستانسور زیاتر لە دوو کیلۆ مەتریش دەکەونە باکوری یاسین تەپە. ئەوەتا گردی بیستانسور دوای پشکنینی ورد دەرکەوت کە شوێنێکی ئاسەواری زۆر گرنگە بۆیە پێویستە رون کردنەوەی زیاتری لەسەر بدەین:

ئاسەواری گردی بێستانسور لە نێوانی هەزارەی حەوتەمی پێش زایین و شارستانیدا

لە گەشتەکەمدا بەناو گردەکانی شارەزووردا ئاماژەم بە ئاسەوارەکانی داوە و مێژوویانم گێڕاوەتەوە بۆ سەردەمی گۆتی و لۆلۆیی یەکان و پێشتریش ، کە ڕەچەڵەکی ئەم وولاَت و نەتەوەیەی کوردەواریمانن . هەڵبەت پشتم بە بینین و بیستن و دەماودەمەکان و بۆچوونی خودی خۆم بەستبوو .وەك لەسەرەوە ووتوومانە لەو بابەتانەدا پشتم بەهەندێ سەرچاوەو بۆچوونەکان بەستووە کە لە بابەتەکاندا ناوی شاندێکی ئاسەوارناسی ئەوروپی ڕۆژهەلاَت ناسم هێناوە کە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نەخشە پلانێکی ئاسەوارو گردەکانی شارەزوور دا بۆ توێژینەوە و کنە و پشکنین لەسەر دۆزینەوەی پێناسەی ئەو ئاسەوارانە ، ئەوەبوو لە ئەنجامی هەر کنەو پشکنینێکی ئەو شوێنانەدا لەبەر بوونی دەستی داگیرکاران و چەواشەکارانی کەلتوری نەتەوایەتیمان مێژووی ئێمەیان تێدا سفر دەکردەوە، کە جێگای داخە ئەو توێژینەوانە دەبوونە سەرچاوە و لەگەڵ ڕێزمدا مێژوو نووس و ئاسەوارناسەکانی خۆشمان زۆرجار پشتیان بەو سەرچاوانە دەبەست کە هەمووی سڕینەوەی مێژوومانە کە نەدەبوو پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە شێواندن و چەواشەکارین.ئەو شوێنەوارانەی کە دەدۆزرانەوە و شوێن پێ و جێ دەستی داگیرکارانی ئەم گەلە بوون لە مێژوودا دەخرانە ڕوو، وەلێ چینەکانی ژێرەوەی ئەو ئاسەوارانە کە مۆرکی باوو باپیرانمانی پێوەبوو دەیانشاردەوە و کپیان دەکردەوە ،

تەنانــەت نــەك لــە پەراوێزیــشدا ئامــاژەی پــێ بکرێــت ، بەهــەموو جــۆرێکیش دەســڕانەوە . بــەلاّم بەنــدە لــە گەشــتەکەمدا و لــە بلاّوکراوەکانمدا هەر سووربووم لەسەر بۆچوون و شتە دەماودەمەکان و هەرگیز بایەخم بەوسەرچاوە چەواشانە نەداوە چونکە ئێمە دەبیّ لە ڕاستییەکان بگەین هەتا بێگومان بین ئاسەوارەکانمان هی باوو باپیرانمانە ئەگەر چی لێمان شاراوەتەوە ، وە دەبیّ بۆ داڕشتنی مێژووی کەلتوری خۆمان بەدوای سەرەداوێکدا بگەڕێین هەتا لەکونی دەرزی یەکەوە دەمانباتە قۆناغی کۆتایی ، وە دەبیّ چاونەترسانە گویّ نەدەینە ڕەخنەو ڕەخنەکاریی نادروست ، خۆ کەس بەڕەی کەلتوری خۆی ناسوتێنیّ ئەمە ڕۆحێکی نەتەوەیی یە و دەبیّ بەدوایدا بچین و خۆمان سەرچاوە بۆ خۆمان دروست بکەین . دەبیّ هیچ نەبیّ قوتابییەکی دواکەوتووی خوالێخۆشبووی (دامـاوی موکریـانی) بین کە چەکوش و پاچی هەڵگرت و لەسەر بنەمای کەلتوری نەتەوایەتیمان پەیکەری تاشی، ئەوەبوو ڕۆژهەلاّت ناسەکان پەیکەرەکەیان گێڕایەوە بۆ سیّ ڕۆژ لەوەوبەر ،(حوزنی) خوالێخۆشبوو سەرەتا نیگەران بوو وای زانی بەدرۆ کەوتووەتەوە بەلاّم هەر ڕۆژهەلاّت ناسەکە ووتی ئەگەرچی ئەمە دروستکراوی سیّ ڕۆژ لەمەوبەرە بەلاّم بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیّ هەزار ساڵ لەمەوبەر ، ئەوەبوو مامۆستای گەورەمان (حوزنی) شادمان بوو لەوەی کە کردوویەتی هەڵە نەبووە.

ئێمە بۆ لە ڕاستییەکان بترسین و لەژێر ناوی ئەکادیمیانە بووندا کە ڕاستییەکەی ئەکادیمیانە بوون شتێکی ڕاست و بەجیّ یە

بەلآم کە سەرچاوەی ڕەسەنمان دەست نەکەوێت دەبیّ پشت بە بۆچوون و دەماو دەمەکان ببەستین ئەوکاتە دەگەینە ئەنجامێك کە نەخشەی مێژووی خۆمان داڕێژین لێرەدا ئەوە دەبێتە ئەکادیمیی ڕاستەقینە.

بۆچی سەیرێکی ئەوەش نەکەین کە پاشایەکی ئێران زەمین هەموو شتێکی تەواوی لە خۆشی ژیان و پێویستییەکانی نووسین لە خۆشترین شوێندا خستە بەردەستی (فیردەوسی) کە بیرمەندێکی زانا بوو پێی ووت مێژووی ئێران زەمینم بۆ بنەخشێنە بەچەند کات دەتەوێت ، ئەوەبوو ئەویش لە ڕێگای شانامەکانەوە بە سەدان ڕووپەڕ هەر لە قەوقاس و ئازربایجانەوە لە باکوورەوە ، بەسەر سنوری صین و ڕووسیادا لە ڕۆژهەلأتەوە هەتا بەشێکی خوارووی ئاسیا و سەر دەریا لە باشوورەوە ، بە ڕۆخی دیجلەشدا لە ڕۆژئاواوە هەتا باکوور ، بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست و ناوچەی میزۆپۆتامیای کردە موڵکی ئێران زەمین و جوغرافیا و مێژوو و کەلتور و هەموو ڕووداوەکان و هەموو پاشاکانی ئەو سەردەمە و لەگەڵ پێشووتری لە ئەفسانەو شانامەکاندا نەخشاند ، کە لە سەدا لای کەمی پەنجای چەواشەکاری و داتاشین بوو کەچی کەسیش نەیوت بەر چاوت بە کلەوەیە و فیردەوسییش وەك بەسکی بانان بۆی دەرچوو ئەوەتا نوسراوەکانیشی دەکرێنە سەرچاوە. ئەی ئیتر بۆچی ئێمە لە ئاستی ڕاستی مێژوو و جوغرافیاو کەلتوری خۆمان دەستەوسان بین ئەگەر تەختە تاش نەبین با تەختە ڕێکخەربین ، هیچ لە ڕاستیش لانەدەین هەتا بتوانین وەکو خەڵکیی مێژووی ڕاستی خۆمان داڕێژین .

ئــەوەتا لــە ئاســتى بەڕاســت دەرچــوونى بڵاوكراوەكانمــدا خۆشبەختانە لە شارەزوور لە گوندی بێستان سوور لە یەكێك لە گردەكــان بــەناوی (گــردی بێــستان ســوور) ەوە كــەلتوری بــاوو باپیرانمان دۆزرایەوەو هەموو راستیی یەكانی خستە ڕوو كەژیان لەم شوێنەدا دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زاین كە سەرەتایی گۆڕانی ژیانە لە سەردەمی ڕاوەوە بۆ سەردەمی نیشتەجێ بون كە بە كۆنترین ئاسەواری نیشتەجێ بون لەقەڵەم دەدرێت و پاشماوەی دانەوێڵەكان و ئێسك و پروسكی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و سواڵەت و دەفــری پاراســتنی دانەوێڵــەو شــت و مەكــەكان و تەلارســازی و هۆكارەكانی ژیان دەركەوتن ، كە لەلایەن تیمێكی ئاسەوارناسی بەناوبانگی جیهانیەوە كە تایبەتن بەو شوێنەوارانەی كە لەسەر ئاستی جیهان زۆر دەگمەنن. كارەكەی ئەمانیش نەخشە رێگای ئەو پلانەیە لەساڵانی پەنجاندا ئەنجامدراوە وەك لەسەرەوە باسمان كردوە بەڵام ئێستا ئەو هەلەیان بۆ رەخساوە كە كنەو پشكنینەكەیان بە راستگۆیانە بە ئەنجام بگەیەنن. هەڵبەتە دەتوانرێت بوترێت ژەندین گــردی تــر لــەو ناوچــەیە هەیــە لەوانەیــە ســەرجەمیان لــەو جــۆرە ئاسەوارەی تیدا بدۆزرێتەوە، كە ئەمەش ئەوە دەردەخات دانیشتوانی ئــەم ناوچــانە بــە هیــچ گوشــارێك ناوچــەكەیان بــەجێ نەهێــشتوەو نیشتەجێی بون. ئیتر ئێمە چۆن نەڵێین هەموو ئاسەوارەكانمان هی باوو باپیرانمانەو ئەگەر لێرەو لەوێ شوێنەوارێكی داگیركارانیش دەركــەوێت ئــەوا نابێتــە موڵكــی ئــەوان و هەڵبــەت شــوێن پــێ ی داگیركاری یەو هیچی تر .

٣. گردی عەربەت: ئەم گردەش دەکەوێتە شارۆچکەی عەربەتی ئێستا، کە کاتی خۆی بە (ئاروبوت) ناوبراوە کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشکۆیەکی مێژووی ئاینی. (بەندە(ا.ك.ج) لە گۆڤاری هەڵوێستی نیشتمانی ژمارە (١) بابەتێکم لە ژێر ناوی شارەزوور و ناوچەی تانجەرۆ بلاو کردەوە کە مێژووی(ئاروبوت) بەشێکی بوو. ئەم گردە خاڵێکی گرنگی بوو. بنکەیەکی ئاینی ئەو سەردەمە بوو هەروەها چاودێرێکیش بوو بۆ بەرگری سەراسورخ و یاسین تەپە کە نزیکەی دوو کیلۆ مەتر کەوتۆتە باکوری سەراسورخ و چوار کیلۆ مەتریش کەوتۆتە باکوری یاسین تەپەوە.

٤. گردی خاك و خۆڵ: ئەم گردە کیلۆ مەترێك کەوتۆتە ڕۆژئاوای یاسین تەپە و لە گوندی قەرەگۆل دایە کە خاڵێکی چاودێری ڕووباری تانجەرۆ بەشی ڕۆژئاوای یاسین تەپەبووە.

٥. گردی مارف: ئەم گردە دەکەوێتە یەك کیلۆ مەتری ڕۆژهەلاتی یاسین تەپە، وە دەکەوێتە گوندی زیرین جۆ خاڵێکی چاودێری دەوروبەرەکەو یاسین تەپە بووە.

٦. گردی دسکەرە: دەکەوێتە گوندی دسکەرە بە نزیکەی حەوت کیلۆ مەتری ڕۆژئاوای یاسین تەپە کە چاودێرێکی سەربازی گرنگ بووە بۆ هێرشی دوژمن لەوێوە.

دیمەنی گردی ڕەرایەن و یەخشی

٧. گردی زەڕایەن و یەخشی: ئەم دوو گردە لە ڕیزی یەکدان لە زەڕایەن و یەخشی دوو خاڵی سەربازی و ئیداری بەرکری بوون لە بەری نزیکەی شەش کیلۆ مەتری بەری یاسین تەپەوە.

٨. گردی مالوان: لە ناوچەی مالوان ئەم گردە چاودێریکی گرنگی ناوچە ئابووریەکە بووە لە نزیکەی شەش کیلۆ مەتری بەری باشوری یاسین تەپەوە.

٩. گردی موان:.ئەم گردە کەوتۆتە ناوچەی موان لە نزیکەی شەش کیلۆ مەتری بەری ڕۆژهەڵاتی یاسین تەپەوەن ئەمە خاڵێکی گرنگی ناوچە ئابووری و سەرچاوە ئاوییەکانی بووە، ئەم گردە دواتر

مۆرکێکی ئاینی وەرگرتوە کاتێك کە پیاوە ڕۆحانیەکانی زەردەشت پەرتەوازە بوون یەکێکیان لێرە نیشتەجێ بووە هەڵبەت ئەمانە پێیان ووتراوە (موغەکان) بۆیە ناوچەکەو گردەکە بووە بە (موغان) (موان) (بەندە لە گەشتێك و بۆنەیەکی تردا لەسەر ئەم باسەم نوسیوە).

١٠. گردی سەرای سوبحان ئاغا: ئەم گردە لە نزیکەی دە کیلۆ مەتری بەری ڕۆژهەلاّتی یاسین تەپەدایە، ئەم گردە خاڵێکی گرنگی سەربازی و ئیداری و سەرچاوە ئاوییەکان و ئابوری و ستراتیجی یەتی ناوچەکە بووە. دەکەوێتە گوندی سەراو.

١١. کۆمەڵە گردەکانی بەری ڕۆژهەلاّت لە ناوچەی خورماڵ و هەڵەبجە کە ئەمانەش خاڵی چاودێری بوون بۆ ئەو ناوچەیە کە زۆر قەرەباڵغ بووە. وەك:.تەپە زێرینە، تەپە کوڕە، تەپە تۆڵەکە.. . هتد

١٢. گردی بەکراوا:ئەم گردە گەورەترین گردی ناوچەکەیە لە ڕووی گەورەیی و گرنگیشەوە دوای یاسین تەپە، کە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەلاّتی قەلاّی یاسین تەپەوە لە دامێنی ڕۆژئاوای هەڵەبجەدا و بەرامبەر گوندی زەمەقی.

ئەم گردە گرنگیەکی ستراتیجی ئیداری و سەربازی و بازرگانی بووە لە دەڤەرەکەدا.

جگە لەم گردانە کۆمەڵێ گردۆڵکەی بچوکی ئاسەواری تر هەبوون وەك گردی قۆرتاس لە دوجەیلە، هەروەها کۆمەڵێك بەرزای سروشتی لە ناوچەکەدا بوون بۆ هەمان مەبەستەکانی سەرەوە بەکار هاتوون وەك :بەرزاییەکانی (بێستانسور، چەناخچیان، کانی پانکە، موان، کانی سپیکە، سەید سادق، کانی کەوەی چووخ).

ئەم گردانە کە باسمان کردن کاتی خۆی بە تەپەو کۆ ناوبراون بەڵام ئێستا بە تێپەڕبوونی زەمەن بەسەریاندا ناوی ئەو شوێنانە و ئەو کەسایەتیانەی کە ئێستا لە دەوروبەریدان وەرگرتووە وەك لەسەرەوە باسمان کردووە.

ئەم گردانە گەورەکانیان بەرزییان نزیکەی ٢٥ م وە ئەستوریەکی ١٠٠ م بازنەی دەبێت، بچوکەکانیان نزیکەی بەرزی ١٥ م و بازنەی ٥٠ م دەبێت.

گەورەکانیان وەك:سەرا کۆن، کاژاو، یەخشی، مالوان، موان، سەراو. بچوکەکانیش ئەوانی ترن کە لە سەرەوە باسمان کردوون.

شارەزوور بەدرێژای مێژوو بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، سەرەتاکەی زاموا بووە واتە وولاتی سارده سێر، چونکە ئەو سەردەمە بە زستان ووتراوە (زیم، زاموا) بە هاوینیش ووتراوە (ریم)، دواتر بە ناوچەی شارەزور ووتراوە(نامار)کە بە واتای ناوچەی ڕووبار دێت چونکە ئەو کاتە بە ڕووبار ووتراوە (نەدروو، نەهروو) چونکە ناوچەکە ئاودار بووە و خاوەنی (سیروان، تانجەرۆ، زەڵم، قلیاسان، چەمە ڕەش و هی تر).

شارەزوور بە دریژای مێژوو جگە لەو داگیرکارییانەی لەسەرەوە باسمان کردوون زۆر وێران کاری تری بەسەر هاتووە وەك (دەست درێژییەکانی ئاشووری، ئەسکەندەر، ساسانیەکان، ئیسلام، مەغۆلەکان، عوسمانیەکان، سەفەویەکان هەتا دابەش کارییەکەی پەیمانی زەهاو کوردستان دابەش کرا بە دوو بەش وە دابەش کارییەکەی لۆزان کە ئینگلیز کوردستانی دابەش کرد بە چوار

پارچەوە لەمانەش شارەزوور بێبەش نەبوون لەو زوڵمانە.

شارەزور وەك لەسەرەوە ووتمان چەند ناوێكی هەبووە بەڵام لەسەردەمی زوحاكدا(زوری كوڕی زوحاك)جارێكی تر شارەزوری ئاوەدان كردەوە كە ئەو سەردەمە شارەزوور ئاوەدانترین شوێن بووە لە ڕووی نیشتەجێ و ئابوریەوە، شارەزوور چەند ناوێكی هەبووە وەك :(شار زۆر واتە ئاوەدان، شار زۆڵ واتە ئاودارو زۆنگاو، شارگۆر واتە نشێویی ، شوەی تر واتە نیمچەدۆڵ ،شێوە قەبر كە ئەمانە هەموویان سەرچاوەی پیتو بەرەكەت و ئاوەدانین).

وەك دەڵێن گوێرەكە ساوا ماوەیەكی زۆر بەسەربانداڕای كردووە ئەوەندە خانووەكان پاڵیان داوە بە یەكەوە. ئاسەواری نیشتەجێی ئیدارەی زووری كوڕی زوحاك لە نەوێ و بەردەبەل هەر دیارە. شارەزوور بەپێی زانیارییە كشتوكاڵیەكان بە پێنجەمین دەڤەری جیهان دادەنرێت لە پیت و بەرەكەتی زەوی و زارەوە.

بۆ ئەم چەند دێڕەی سەرەوە كەڵكم لەمانەی خوارەوە وەرگرتووە:

– كتێبی میدیا، رحلة تاریخ الحظارات/ فؤاد سفر، دەوڵەتی سۆرباتۆ /د. جمال رشید

– نامیلكەی شارەزووری كشتوكاڵی/پرۆژەی شارەزوور، بیست و دەماو دەم لە پیر و زانایان لە كاتی گەشتەكەمدا.

گردەکەی قۆرتاس

بۆ بەڵکەنامەی ئەوەی کە ئاسەوارو شوێنەوارەکانی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ سەر گۆتی و لۆلۆییەکان و ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە لە دەوڵەتی زاموا. ئەگەر ئێمە بۆ سەرچاوە بگەڕێین سەرچاوەیەکی ڕوون و ئاشکرامان دەست ناکەوێت بۆ سەلماندنی ئەو بەڵگەنامانە چونکە بەڵگەنامە ڕەسەنەکان هەموو شێوێنراون و لەناوبراون ئەوەی هەیە لە لایەن داگیرکارانی عەرەب و فارس و تورکەوە چی لە ڕێگەی خۆیانەوە بێت یان بەکرێ گرتنی ڕۆژهەلاّت ناسە ئەوروپایی و بیانیەکانەوە بوبێت بۆ چەواشە کردن و گۆڕینی ئاسەوارەکانمان بەهی خۆیان، بۆ پاکتاو کردنی ڕەگەزی ولاّت و نەتەوەی ئێمە. ئەوەتا دەبینین لە ڕێگای شانامەکانی فیردەوسی و ئەفسانە عەرەبیەکان (بۆ نمونە:گلگامێش) یان هەر کارێکی تری دەوڵەتی تورك بۆ شێواندنی ناسنامەی کوردایەتیمان هەوڵیان داوە و هەوڵەکانیشیان بەهۆی داگیرکاریەکانیانەوە سەرکەوتو بووە. من بەش بە حاڵی خۆم لە هەندێك بلاّوکراوەمدا پشت بە بینین و بیستن و شتە دەماو دەمەکان دەبەستم تەنانەت تێبینیشم هەیە لەسەر مێژوو نوس و ئاسەوارناسەکانی خۆمان کە پشت بە هەندێك لەو سەرچاوە چەواشەکارانە دەبەستن، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ هەر کەسێك تەنها دێرێك لەسەر کورد دەنوسێت بە باشە. لەم بابەتەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە ئاسەوارو شوێنەوارەکانی کوردستان موڵکی نەتەوایەتی خۆمانن. ئەویش ئەو کنەو پشکنینەیە کە لە گردی(قۆرتاس) لە شەستەکاندا کراوە. منداڵ بوم لەساڵی

١٩٥٧ شـاندێك هاتنـه گوندەكـەمان، هەڵبـەت دوای بـۆم دەركـەوت ئاسـەوار نـاس بوون، داوایانلـه سـەرۆك خێڵـی گوندەكـەمان كـرد كـه هاوكاریـان بكـات، ئـەوان جێبێكیـان پێبـوو ئـافرەتێكی زۆر قەڵـەوی ئەڵمانی سـەرۆكی شاندەكه بـوو، ئەوانی تـر چەند ئاسـەوار ناسێكی فارس و تورك و عەرەب بوو كوردێكیشیان وەك وەرگێر و رێنیـشاندەر لەگەڵ بوو، سـەرۆكی شاندەكه نەخشەیەكی گـەورەی دەرهێنا لەسـەر مێزێـك داینا بـه دارێكی نـوك تیژ ئاماژەی بۆ هەنـدێك شـوێن دەكرد لەسەر نەخشەكه لەوانه (گردی یاسین تەپە، بەكراوا، گردی عەربەت، گردی قۆرتاس) له شارەزوور. ژنه قەڵەوەكه به وەرگێڕەكەی ووت كه بـه سـەرۆك هۆزەكـه بڵێـت كەسـێكی بـەتوانایان لەگـەڵ بنێرێـت بـۆ ڕێنمایی كردن، ئەویش گەنجێكی به ناوی محمدی اسماعیل نـارد لـه گەڵیان كه هەردەم ئەو گەنجه ڕێنمایی گەشتیارو ڕاوچیەكانی دەكرد كـه دەهاتنـه ناوچـەكه، سـەرەتا چـون بـۆ گـردی یاسـین تەپـە، كـه گەیشتبونه سەر شوێنەواری قەڵاكه، ژنەكه دەستی كردبوو به گریـان، (دەیـان ووت هەڵبـەت ئـەم ئافرەتـه لـه وەچـەی ئـەو گاورانەیـه كـه ئـەم شـوێنەیان دروسـت كـردوه بۆیـه بـۆ شـوێنەواری بـاو بـاپیری دەگـری، نـەیان دەزانـی بـۆ پـشت گـوێ خستنی ئـەو ئاسـەوارە مەزنـه دەگـری) هەڵبەت دوای داگیر كاری (عەرەب/ئیسلام) به شوێنەوارەكان دەوتـرا گاور كرد. ئەم قەڵایه له دوای قـەڵای كـەركوك دێـت هـەر لەسـەر هـەمان تـەرزو هـەمان كەرەسـتەی قـەڵای كـەركوك دروسـت كـراوە. ئـەو شـاندە یڕیاریان وا بوو لەو شوێنانەی كه ئاماژەمان بۆ كرد لەسـەرەوە، كنـەو پـشكنین ئـەنجام بـدەن بـەڵام ئـەوەبوو شۆڕشـی چـواردەی تـەموزی

پەنجاو هەشت بەسەردا هات و هەروەها هەلأیسانی شۆڕشی ئەیلولی بەدوادا هات و ئەو ویستە دوا کەوت بۆ کاتێکی دیاری نەکراو، هەڵبەت وەك ووتم خۆشبەختانە بۆ ڕوودانی بەڵگە نامەیەك بۆ گەڕانەوەی ئاسەوارەکانی شارەزوور بۆ سەردەمی گۆتی و لۆلۆیەکان، ئەوە بوو لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕوانگەی ئەو کەشفەی سەرەوەدا دەرفەتێك هەڵکەوتبوو کە لە گردەکانی شارەزووردا کنەو پشکنین بکرێت، جا بۆ ئەو مەبەستە شاندێك لە ئاسەوارناسانی تورك و عەرەب و فارس و ڕۆژهەلأت ناسانی ئەوروپایی کە ئاسەوارناسانی کوردیشیان وەك ڕێنومایی کار لەتەك دابوو، پێدەچێ کە هەردوو گەڕیدەو ئاسەوار ناسان(تەها باقر، فواد سەفەر) یان لەگەڵدا بووبێ، سەرۆکی شاندەکە ئاسەوار ناسێکی دکتۆر کە ناوی پێ دەچێ نووری بووبێت لەگەڵ بوو کە عەرەب بوو، کرێکارێکی زۆریان لە ناوچەکە گرت بۆ کاری کنەو پشکنین هەڵبەت بۆ هەڵکەندن و فرێدانی خۆڵەکان بووەو هیچی تر، هەروەها چەند کەسێك لە قوتابیانی ناوەندی و دوا ناوەندی کە لەکاتی پشوو بوو گرت بۆ چاودێری کردنی کاروباری کرێکارەکان و نوسینی ڕاپۆرتی ڕۆژانەو کاروباری ئیشەکە نەك بۆ چاودێری کردنی دۆزینەوەکان، چونکە دۆزینەوەکان زۆر نهێنی بوون دەردەکەوێت کە گەلێك گلکارو پێ دەچێ تابلۆی نوسراو پەیکەرو دراو سواڵەت دۆزراونەتەوە و بە نهێنی لە تورەکەی تایبەتدا هەڵگیراون بۆ داغان کردنیان بە مۆزەخانەکانی ئەم لاو لادا و شاردنەوەیان لە کورد. کە چینی یەکەمیان شیکار کردووە بە بۆچونی ئەوان هی سەردەمی عوسمانیەکان بووەو چینی دووەم هی سەردەمی

ئەمەویـەکان بـووە و چینی سێهەم هـی سـەردەمی ساسـانیەکان بـوو چینەکانی دواتر هەرچیان ناو نابێت ئەوا چینی ژێرەوە بە ڕاشکاوانە هـی سـەردەمی گۆتـی و لۆلۆیـەکان بـووە بـەڵام ئـەوان ئـەم چـینەیان شاردۆتەوە قەدەغەیان کردووە لە ناسینی لـە لایـەن کوردەوە هەڵبـەت ئـەم زانیاریـە لەلایـەن هەنـدێك لـەو قوتابیانـەوە تێبینـی کـراوە و ڕوون کراونەتـەوە، هەڵبـەت ئـەو کنـەو پـشکنینە لـە یـەکێك لـە گردەکانـی شارەزووردا بووە بەناوی قۆرتاس، ئائەمە ئەوەمان بۆ دەردەخـات کـە گومان لەوەدا نامێنێت کە ئاسەوارەکانمان هی باو باپیری خۆمانن و شاردنەوەو چەواشە کردن، کردونی بە موڵکی کەسانی تر بەڵام ئێمە نابێت پشت بەو سەرچاوانە ببەستین دەبێت بۆ بنەمای ڕەچەڵەکی خۆمـان بـچینەوە. دەرفەتەکـە نـەما بـەهۆی کودەتـا یـەك لـەدوای یەکەکانی عێراقەوە هەروەها بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول. دیسان هەر لـە ڕوانگـەی هـەمان کـارەوە پـشکنین دەرچـوو بـۆ گـردە گەورەکانـی باشـوری کوردسـتان. ئـەم قەڵایـە (یاسـین تەپـە) شـوێنێکی ئیـداری و سـەربازی زۆر گرنگـی دەوڵـەتی شـارەزور بـوە واتـە زامـوای گۆتـی و لۆلۆیـەکان، هـەروەها گـردی عەربـەت کـە بەنـدە لـە گەشـتەکەمدا لـە ناوچـەی تانجـەرۆ ڕوونم کردۆتـەوە بـڵاوم کردۆتـەوە هەڵبـەت ئـەم پـشکنینەی یاسـین تەپـەو گـردی عەربـەتیش هـەروەك پـشکنینەکەی گردی قۆرتاس بنەما ڕەسەنەکەی لێ شاردراوەتەوە کراون بە موڵکی نەتەوەکانی تر بەڵام موڵکی ڕەسەن و پێناسـەی نەتەوایـەتی خۆمانن ئاسـەواری ئـەو دەوڵەتانـەی کـە لەسـەر کەلـەپوری ئێمـە دەرکـەوتوون تەنها شوێن پێی داگیرکاریەو هیچی تر.

گردی عەربەت:

گردی عەربەت چی یە و لەکویّ یە ؟ لە گوْڤاری ژمار (۱) ی هەڵویّستی نیشتیمانیدا (بەندە بەنیّونیگایەك) ئاماژەم بۆ بنەمای ئەم گردە کردووە کە لە خوارە وە باسی دەکە ین، هە روەها لە رۆژنامەی کوردستانی نویّ ژمارە (٢٦٣٠)دا کورتە باسیکی کەلتوری ئاسەوارەکانی کوردستانم ئاماژە پیّداوە، هەروەها لە کوردستانی نویّ ژمارە(٥٢٩٧) دا باسی هاتنی شاندیّکم کردووە کە بو تویّژینەوەو کنە و پشکنینی ئاسەوارەکانی شارەزوور هاتبوون کە لەژیّر ناوی (قورتاس) دا کورتە باسیّکم پیّشکەش کردووە، هەروەها لەو کنە و پشکنینەدا ناوی گردی عەربە تیش هاتووە.

بەندە لەم بڵاوکراوانە و بڵاوکراوەی تریشدا گلەیی ڕەخنە ئامیزم هەبووە چونکە نووسەران و میّژوونووسان و ئاسەوار ناسانی کوردی خۆمان گرنگی بەسەرچاوە چەواشەکان دەدەن کەدەبوو گرنکی بەسەرچاوەی ڕەسەنی خۆمان ودەماو دەمەکان و ببین وبیستن بدەن، جابۆیە من زیاتر گرنگی بەوشتانە دەدەم بۆئەوەی بنەمایەك لەسەر میّژوو کەلتوری ڕەسەنی خۆمان داڕیّژم، هەڵبەت لەم کارەشدا نابیّتە سوتاندنی پەڕەی مزگەوت یان خەتایەك تەنها ئەوەندەیە کە پیّویستمان بە داڕشتنی میّژوویەکی ڕەسەنە بوّ وولات و نەتەوەکەمان، ئەوەی ئەوکارەی من بەباش نازانیّ گەردنی ئازاد بیّت و من سوورم لەسەر کارەکەی خۆم. .

ئەوە تا لەو بڵاوکراوانەی سەرەوەدا ئاماژەم بۆ ئەو چەواشە کاریانە کردووە کەلە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە لەسەر ئاسەواری

نەتەوایەتیمان کراوە وە لە خواریشە وە کۆمەڵێ شت دەربارەی چەواشەکاری دەخەینەڕوو، وەچۆنیەتی گرنگی دانمان بەکارە دەماودەمەکان زیاترە.

لێرەدا پێویستە بچینە ناو قوڵایی مێژووە وە بۆئەوەی ڕامان بکێشێت بۆسەر گردی عەربەت، (یاقووتی حەمەوی و قەزوینی) لەنووسینەکانیان دا ئاماژە یان بەوە داوە کەشەڕی (تالووت و جالووت) لە شارەزووردا ڕویداوە، ئەو نەهرەی کە لە کتوبە سەماوییەکان و قورئاندا هاتووە ئەوە (تانجەڕۆ)ی ئێستا بووە کە بە نەهر یان نەدرو یان نامرۆ ناوبراوە، کە تالووت دەبێتە مەلیك بەپرسی پێغەمبەری سەردەم ئەو کۆمەڵە ئاوارەیەی کە ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە لەترسی زەبرو زەنگی جالووت کە تالووتیش گەیشۆتە نەهری تانجەڕۆ بە لەشکری ئاوارەکان و لەشکری خودی خۆیانەوە پێی ووتون ئەمڕۆ ئێمە بەڕۆژووین ئەوەی لەو نەهرە ئاو بخوات ئێمە پێویستمان پێی نیە و بابگەڕێتە دواوە، هەڵبەت زۆرێکیان ئاو دەخۆنەوە و دەریان دەکات، ئەوەی کە دەمێننەوە لەشکرێکی کەم دەبن، جالووت هێرش دەباتە سەریان بەلاّم دەست بەجێ (داود) ی پێغەمبەر جالووت دەکوژ ێ و ئیتر لەشکری جالووت بۆی هەڵدێن و ناوچەکە ڕزگار دەبێت.

خۆ دیارە ئەم ناوچەیە ناوچەی ڕەچەڵەکی کوردە و بەشێکە لە کوردستان، کوردەکانی ناوچەکە بەتاییەت ئاوارەکان ئیمان بە (داود) دەهێنن و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش ئاینزای کاکەیی کە بنەمایەکی زەردەشتین بنەمای ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە چونکە

ئەوەتا تا ئێستاش داود بە پێغەمبەری خۆیان دەزانن، وەهەروەها لەو لەشکرەی کە لەگەڵ جالووت و داود هاتونەتە ناوچەکە چەند خێزانێکیان لێ نیشتەجێ بووە لە کوردستان.

هەڵبەت ئەو جولەکانەی کەتا ئەم دواییانەش لە کوردستاندا بوون بەشێکیان لەو ڕەچەڵەکە بوون بەتایبەتی جوولەکەکانی (ئەساتیس) کە بابلیەکان زەبروزەنگی لەگەڵدا بەکارهێناون هەتاوەکو (کۆرش) پاشای فارس دەوڵەتی هەخامەنشی ڕزگاری کردن لەدەست بابلیەکان و جوولەکەکان هەتا ئێستاش وەك پێغەمبەرێك دەڕواننە کۆرش و بە (ئەلقوش) ناوی دەبەن ئەو جوولەکانە تێکەڵ بە جوولەکەکانی ئاوارەبووی جەنگی عەرەب - ئیسلام کە لە کوردستاندا نیشتەجێ بوون.

ئەم ڕەچەڵەکانە دێن و دەچن یان ئاین و ئاینزاکان هەتا سەردەم دەگاتە سەردەمی زەردەشت هەتا کوردیش بە پێغەمبەری خۆیانی دەناسن، وەك ووتمان کاکەییەکانیش بەشێك دەبن لەو ئاینە، ئەو ئاینە ئاماژە بەهاتنی پێغەمبەرێك دەکات بەناوی (سۆشیانەت) واتا (ڕۆحیانەت) کە حەزرەتی عیسا و ئاینەکەی دەگرێتەوە، دواتر ئەم ئاینە سەرهەڵدەدات و لە کوردستانیشدا شوێنکەوتویان دەبێت ئەوەتا تائێستاش لەبازیان و قەرەداغ و هەندێ شوێندا ئاسەواریان دیارە وە پاش ماوەی ئەو ڕەچەڵەکە تا ئێستاش لە کوردستاندا هەن تێکەڵ بە پاشماوەی کلدانی و ئاشوریەکان، ئالێرەدا دێینەوە سەر گردی عەربەت کە ڕەنگە خوێنەرانی بەرێز بڵێن ئەم باسەی سەرەوە چ پەیوەندییەکی بە گردی عەربەتەوە هەبێت؟، لەلایەك هاتنی تالووت و

داود لەناوچەکەدا پاشماوەی جوولەکەکانیان بەجێ هێشت، لەلایەك لەقەومی جالووت پاشماوەیان لێ بەجێما کە لەگەڵ کورددا پێکەوە دەژیان، لەلایەك پاشکەوتوەکانی ئاینی مەسیح لەناوچەکەدا بونیان هەبوو، بەجێماوەکانی قەومی جالووت کە پەیڕەوی (بوت) یان کردووە زەردەشتیەکان کە پەیڕەوی ئاگریان کردووە هەموو ساڵێك لە بەهاردا لە سەری ساڵی تازەدا بۆنە و تقوساتی ئاینی هەبوو، ئەو شوێنەی گردی عەربەتیش جێگای ئەو ڕێوڕەسمانە بووە، زۆرجار پێکدادان لەنێوان پەیڕەوانی ئاگر و پەیڕەوانی بوت دا ڕووی دەدا، هەتا قەشەیەك لە ئاینی مەسیح کە زۆر ڕاوێژکارو ڕێکخەر بوو هێمایەکی بۆ کردن کە دیوی ناوەوەی تەنور بووە و مەشخەڵی ئاگری تیابووە، دیوی دەرەوەشی شێوەی ئەو بوتە بوو کە ئەوانی تر پەیڕەویان دەکرد، پێی ووتن فەرموو ڕێوڕەسمی خۆتان بگێڕن ئەوە ئاگر و ئەوەش بوت، ئیتر لەو ڕۆژگارەوە ئەو شوێنە ناونرا (ئاگروبوت) دواتر بووبە (ئاروبت) دواتر بووبە (ئەربت) کە ئەمانە هەرهەموویان یەك واتایان هەیە، کە عەرەب - ئیسلام گەیشتە ناوچەکە و ئاینەکانیان خستە سەر بیروباوەڕی خۆیان، هێماکەشیان داپۆشی، هۆزێکی عەرەب لێرە نیشتەجێ بوون کەتا ئەم ڕۆژگارەیش بنەمایان ماوە بەڕەچەڵەك بەڵام ئێستا کوردن، ئەم شوێنە ئیتر ناونرا عەربەت واتا (بيت العرب) بۆیە بووبە عەربەتی ئێستا.

وەك لەسەرەوە ووتومە کەڵك لە شتە دەماودەم و بینین و بیستنەکان وەردەگیرێت و دوای ساغ کردنەوەی سودی لێ وەردەگیرێت بۆ داڕشتنی کەلتوری نەتەوەکەمان:

١. هەڵبەت بۆ بەشێك لەم بەشەی سەرەوە لە (شێخ بەهادین قەرەداغی بەتەمەن و کەلەپوردۆست) م بیست کە ئەو لە ڕابوردوودا لەدەستنووسی مامێکیدا کە زاناو مێژوو نوس بووە خوێندویەتی یەوە کە ڕوداوەکەی ئارو بوت کەوەك لەسەروە وتومانە لە لایەنی قەشەیەکی مەسیحی یەوە بەناوی (مارکەیباب) ە کەگیروگرفتی نیوان ئایینزاکانی چارەسەرکردووە، وەك لەسەرەوە باسمان کردووە دیارە ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی لەدەست نووسی ناوبراودا باسی ناوچەی گردی ئاروبت و ناوچەی تانجەرۆی ئێستای کردووە.

٢. هەرلەهەمان دەست نووسداهاتووەکە (حاخامێکی جوولەکە) کە لە ناوچەی تانجەرۆ و قەرەداغی ئێستادا دەمڕاستی ئەو جوولەکانە بووە کە لە سەروە باسمان کردووەلە ململانێکانی عەرەبا.ئیسلامدا لەناوچووە بەماڵ و منالەوە تەنها کوڕێکی مێردمناڵیان لیَ ماوەتەوە، بەڕێکەوت ئەو کوڕەخۆی گەیاندۆتە ماڵی (زەردی بەگ) کە ئەو سەردمە زەردی بەگ دەمڕاستی ناوچەی قەرداغ بووە لەوشوێنەی کە ئێستا پێی دەڵێن شارۆچکەی قەرداغ بەو شوێنە ووتراوە زەردیاوا بەهۆی زەردی بەگەوە کە ئەم ناوە تا ئەم دوواییانەش بە قەرداغ ووتراوە زەردیاوا، کوڕەجوولەکە کە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەماڵی زەردی بەگ زۆربەناز و باز گەورە کراوە کە کوڕێکی جوان خاس و سوارچاك وتۆکمە بووە و زورگوێڕایەڵی زەردی بەگ بووە و پێی ووتووە بابە، ناویان ناوە (قارەمان) لەبنەماڵەی خۆشیان ژنیان بۆهێناوە و گوندێکیان بۆ ئاوەدان کردۆتەوە بە ناوی گوندی قارەمان کە هەتا ئێستاش ئەو گوندە بونی هەیە لە فە رداغ.

دوای مردنــی خــاوەنی دەستنووســەکە (واتــا مــامی شــێخ بــەهادینی نــاوبراو لەســەرەوە) نــازانرێ ئــەو دەستنووســە کەوتۆتــە کوێوە.

بێینــەوە ســەر گردی عەربــەت، ئەوشاندەی کە باسمان کردووە لەســەرەتای حــەفتاکان کەوتنــە کنــە و پــشکنینی گردەکــە، چاودێر و کرێکارکی زۆریان لە ناوچەکەدا گرت بــەکرێ تــەنها بۆهــەڵکۆڵین، بــەڵام ئەگەر سەرەداوێکی ئاسەواریان دەستکەوتایە ئەوا چاودێری تایبەتی و نهێنی خۆیان بەکۆکردنەوەی هەڵدەستان، ئەوشتەی پێویست بوایە ڕوونــی کەنــەوە ئــەوە ئاشکرایان دەکرد ئەوەشــی ئــەوان مەبەســتیان بوایــە ئــەوە گومــشێریان دەکرد و لــە تورەکەیــەکی تایبەتیــدا ڕەقەمــی تایبــەتیان لێ دەدا کەهــەر خۆیــان بیانزانیایــە نهێنگرەکانیــان خێــرا دەیان برد.

هەڵبەت لە چینی سەرەوەدا ئاسەواری دیواری قوڕ و بەردینــی عوسمانیــەکانیان دیتــەوە ئاشــکرایان کــردووە، لــە چــینی دووەمــدا ئاسەواری عەرەب.ئیسلام کەبوونیان لێرەدا هــەبووە بینرا ئەمەشیان ئاشکراکرد، چینێکی تــر شوێنەواری مۆرکی ساسانیەکانیان دەست کەوتبوو بــەڵام چینی ژێروتــر بێگومــان لــەوەی کــە ئاســەواری گۆتــی و لۆلۆیی و تیرە و هۆزو ئاینزاکانی سەرەوە کــە باسمــان کردووە لەگــەڵ ئاسەواری پەیکەری ئاروبت دەرکەوتوون، بەڵام ئەمانەیان شاردوتەوە و بــەژمارەی تایبــەت کەهــەر خۆیــان ئــەزانن گومــشێرێنیان کــردوون و شوینەکەیان داپۆسیوەتەوە.

ئەم کارە لەلایەن چاودیرە خۆماڵی یە ووریاکانەوە هەستی پێ کراوە، ئاوا داگیرکارەکان مێژوومان چەواشە دەکەن و ئێمەش بەو چەواشەییە پشتیان پێ دەبەستین کەجێگەی نیگەرانی یە.

مەرکەزی ئەم ناوچەیە بەهەندێ ڕوانگەدا دیارە ئەو شوێنەی ئێستای بێستان سوور بووە، هەڵبەت ووشەی (شویتر)کە قوزوینی باسی دەکات لە شارەزووردا مەبەستی لەو شوێنەیە کە دۆڵێکە لە شارەزووردا وێنەی نییە کە دوو دۆڵەیە لەگەشتەکەمدا باسم کردووە.

❊❊❊

بەرەو گەشتی گوندی باخچە

و

یادگاری ڕۆژانی پێشمەرگەیی

کاتێـك کەلـە بەشـێك لـە بابەتـەکانی بێـستان سـوور بومـەوە کەڵکەڵـەی گونـدی باخـچەم کەوتـە سـەر، کـە دەکەوێتـە بنـاری بـەرانان سـەربە ناحیـەی (تانجـەرۆ.عەربـەت) کەدەکەوێتـە بەرامبـەری بـەری ڕۆژئـاوای عەربـەت، کەماوەیـەك لـەم گونـدەدا لەوەبـەر ژیـابووم و گوندێکی جوان و پڕلەئاسـەوارە بۆیـە بـەرەو ئـەوێ بـەپیادە لـە ڕێگـای کلکـەی یـاڵی بێـستان سـوورەوە بـەرەو دارە ڕەش و لاباریکـە کەوتمـە ڕێ هـەتا سـەر جـادەی (عەربـەت.دەربەنـدیخان) لـەوێ بەباریکـە ڕێ ووشکەنەدا بەرەو ڕۆژئاوا لەخواروی گوندی باریکەوە بەرەو گوندی قڕاڵی، سەرەتا بەبەرزاییەکدا ڕێگاکە سەردەکەوت بەرەو گۆڕستانی کۆن ونوێی گوندەکە کەئاسەوارێکی کۆنینە لە قەبرسانەکەدا بەدی دەکـرا کەلەهـەر چـوار لایەکـدا شـوێنەواری چـوارتاق هـەبوو بۆیـە کەپرسـیم ووتیـان ئـەو ئاسـەوارە پێـی دەووتـرێ چـوارتاق، کەبەدەماودەم پێی دەچێ قشڵەی عەسکەری سەردەمی عوسمانیەکان بوبێـت کەلـە قسڵ وگـەچ دروسـت کـراوە، تـا ئـەم کاتـەش ئاسـەواری بەباشی بەدی دەکرا.

دواتـر بـە دۆڵەکـەدا چـومەخوارەوە بۆنـاو گونـدی قڕاڵـی کـە دەکەوێتە نشێویەك نزیك لە ڕۆخی ڕوبارۆچکەی تانجەرۆ، ئەم گوندە بـە کـشتوکاڵی دێـم و مـەرەزە لـە لقـەکانی تانجـەرۆداو ئاژەڵدارییـەوە خەریك بوون، خـەڵکی گوندەکە بەزۆری لە هـۆزی عێل بـەگین حـەوزو ئاوێکی بەرفراوان و جوانی سازگاری هەیە، لەماڵی خزمێکی نزیکمان لامدا بەناوی (حاجی خواڕحم).

ئەم گوندە هەندێ کەس پێیان وایە کەناوەکەی تورکی بێت، بەڵام ناوێکی کوردی پەتی یە، چونکە ڕووبەرە زەویەکی تیایە، گڵێکی خەنەیی ئاڵی کانزایی تیایە کە خەڵکی گوندەکەو گوندەکانی دەوروبەر دەیبەن بۆ سواخدانی سەربانەکان، ئیتر هەچ سەربانێك بە قوڕی ئەو گڵە سواخ بدرێت ئەوا لە زستاندا دڵۆپە ناکات، کە پێی ئەڵێن قوڕەئاڵە، جا ناوی ئەم گوندە لە بنەڕەتدا بەو ناوەوە هاتووە (قوڕەئاڵە بووە بە قڕاڵی).

ئیتردوای حەوانەوەم بەرەو روباری تانجەرۆ بەرەو ڕۆژئاوا کەوتمەڕێ ئاوەکە تاڕادەیەك کەم بوو کەپەڕیمەوە بە بەرزاییەکەی ئەوبەری چەمدا سەرکەوتم، کەسەیری خوارەوەم کرد گۆمێکی پانی شینی قەزوانیم بەرچاوکەوت کەماسی گەورەگەورە بۆ خۆراك یان بۆ یاری سەردەکەوتن و دەکەونە ژێرەوە، لەدڵی خۆمدا ووتم سەریان لە ڕاوچی یەك دەخورێ، ئیتر بەباریکە ڕێ ووشکنەدا هەر بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندی (گورگەچیا) ڕێگاکە دەیدا بە ناوەڕاستی ئاواییەکەدا بەڵام من لاڕێم کرد بەبەرزاییەکەی پشتی ئاوایدا لەترسی سەگ چونکە کەسێکم بەدی نەکرد یارمەتیم بدات، وەك بیستم ئەم گوندە زۆر لەکۆندا لەلایەن چەند کەسێکی چیایی دزێوەوە ئاوەدان کراوەتەوە کەپێیان ووتون گورگەکانی چیا، بۆیە گوندەکە بەو ناوەوە ناونراوە کەئێستا دانیشتوانێکی سادەو لەسەرخۆ کەبە کشتوکاڵی دێمەکارو ئاژەڵداریەوە خەریکن.

ئیتر بەرەو بنار کەوتمەڕێ تا گەیشتمە سەر سنورەکانی گوندی باخچە، لەوێ ڕەقەن وبەردەلان دەست پێدەکات، بەردەکانی ناو

زەویەکە کراونەتە کەڵەك، لەناو کەڵەکەکەدا جۆرە خشۆکێکی سەیرم بەدی کرد کەهەندێکیان بۆرباون و هەندێکین سەوزبوون کە دەقاودەق لە تیمساح دەچن، بەقەد مارێك ئەستوربوون پێیەکیش درێژن ئەمانە چەند ناوێکیان هەیە، هەرناوێکی بۆنەی خۆی هەیە، بۆنمونە (قوم قومە کەلەبەرئەوەیە زمانێکی درێژو دووفاق دەردەکات و قرخەیەك دەکات لەدووری دووسێ بوستەوە لەیەك و دوودا نێچیرەکەی لەزمانی دەئاڵێنیٚ و قوتی دەکات لە گەرویدا، بزبزۆکە کەئەمە بوە پێی دەڵێن ئەوەندەی چاوتروکانێك لەبەینی دوو کەڵەکی پێج سەد مەتری دا لەمبەر دەگاتە ئەوبەر یان خێراخێرا کەشتێك بەدی دەکات بە دوژمنی دەزانێت وەك بیترسێنیٚ زووزوو سەردادەنەوێنیٚ و بەرزی دەکاتەوە هەربۆیەش پێیدەڵێن بزبزۆکە) ئەمانە هەندێکیان لەوان ووردترن قۆری چونکە لەکاتی ڕاکردندا قۆڕەقۆڕدەکات پێی دەوترێ قۆڕی لەوانیش ووردتر هەیە کەشەوگەردی پێدەووترێ، گەورەشیان هەیە کەبەقەد پشیلەیەك دەبێت بزن مژەی پێدەووترێ چونکە فرسەت لە بزن دەهێنێو گوانەکانی دەمژێ.

ئیتر بەرەو بنار کەوتمەڕێ هەتا گەیشتمە سەر بەرزاییەکەی بەرامبەر گوندەکە، لەوێ دارێکی کۆنەساڵی بەڕووی مامناوەندی هەبوو کەبە دارەکەی (پیر محمود) ناسرابوو، ئەگەر لەو دارەوە سەیری داربەڕووە هەرەگەورەکەی سەر قەبرسانەکەی تەنیشتی گوندەکە بکەین کە بە دارە گەورە ناسراوە یان سەیری دارگۆیژە مامناوەندی یەکەی نێوان گوندی باخچەوکەمالان لەباکوری باخچەوە بکەیت یان لەباشوری باخچەوە لەنێوانی باخچەو گوندی (شەمە)دا

دار گۆیـژێکی تـری مامناوەنـدی هەیـە ئەگـەر هێڵـك لـەنێوان ئـەم چـوار دارەدا بکێشین ڕاست وێنەی پاقلاوەیەکمان دەداتێ، ئیتر چومە سـەر کارێزەکەی دراوی دێ کە بە کانی چێوێ واتـە سارد ناسـراوە، دواتـر چومە گوندەکەو چومە ماڵی خزمێکم بەناوی (مامەحەمەی پیرە).

لێـرەدا دار گۆیـژەکان یادگارێکی دەسـاڵ لەوەوبـەری سـەردەمی پێـشمەرگایەتیم وەبـیر دێنێتـەوە کەلـە ڕێپێوانێکـی دووردرێـژدا بـە فـەرمانێکی فـەری پێـی هەڵـسام، ئیـتر لێـرەوە مەبەسـتی گەشـتەکەی باخـچەم تـەواوکرد وەك خـوارەوە، دواتـر گەڕامـەوە بـۆ ئـەو گەشـتەی دەسـاڵ لەمەوبـەر وەك یادگـار لەڕوانگـەی بـیرەوەری دارگۆیژەکـەی کـەباسمان کـردووە وەك: دوای ئـەوەی کـە لـە جەولـە و گەشـتێکی فەرمی گوندەکانی (ئەسێڵ. کانی هەنار. دەلوجە. قەڵاقایمز. دوکەرۆ. قامیشان. میریاسی).

لـە میریاسـیدا کـە گوندێکـە کەکەوتۆتـە نـاودۆڵێکی ڕووی ڕۆژئـاوای چیای بـەرانان لەبـەری قەرەداغـەوە، ئـەم گونـدە گوندێکـی کۆنـەو (میریاسـین) ناوێـك کەلەوەچـەی زەردی بـەگ بـووە ئاوەدانـی کردۆتەوە بۆیە بەو ناوەوە ناودەبرێت، لەم گوندەدا ماڵی پورە خەجێ کە خێزانـی ڕیش سپیی ئـاوای بـوو خـەڵکی گونـدی بێـستان سـوور بـووەو بەخزمایـەتی بـەوان دەگەیـشتم، کوڕێکـی هاوتەمـەنی خۆمـی هـەبوو نـاوی حمـە ڕەئـوف بـوو زۆر هاوڕێیـەتیمان پەیـداکردبوو بۆیـە هەردەم لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆماڵـەوە، لەوکاتـەدا کە لـە ماڵی ئـەوان بـووم نامەیـەکم بۆهـات کـەزۆر بەپەلـە بگەمـە قـەرەداغ بـۆ مەبەسـتی گواستنەوەم (نقل) لەناوچەی قەرەداغەوە بۆ ناوچەی وارماوە.

قەرەداغ خۆی لەبنەڕەتدا (كارداك) بووە وەك ناوچەیەك كەلەسنوری بازیانی ئێستاوە لە باكورەوە بەدۆڵێكی تونكەتونكاویدا بەرفراوان شۆردەبێتەوە بۆ سنووری دەربەندیخانی ئێستا، شاخێك دەكەوێتە بەشی باشووری ئەو هەرێمە كە دەكەوێتە بەرامبەر گەندی (حەمەی كەرەم.شێخ مستەفا)، كەبە (شاخەڕەش) ناودەبرێت، ئیتر لە داگیركاری توركەكاندا فرسەتیان لە ووشەی شاخەڕەش هێناوەو ناوچەكەیان لە (كارداكەوە گۆڕیوە بۆ قەرەداغ) ئەو شوێنەی شارۆچكەی ئێستاشیان كردووە بە بنكەیەكی ئیداری خۆیان بە ئەویشیان ووتوە قەرەداغ وەك شارۆچكە، كەلەخۆیدا (زەردیاوا) بووە كەكەسێك ئەمیرێكی كورد بووە بەناوی (زەردی بەگ) ئاوەدانی كردۆتەوە وەك گوندێكی شارەدێ و بەهەموو ناوچەكش ووتراوە زەردیاوا..

بنكەیەكی هێزی سەرەكی پێشمەرگە لە قەرەداغ بوو، من لێپرسراوی ڕێكخستنی بنكەی (نەوتی) بووم كە گوندێكە لەبناری بەشی ڕۆژئاوای بەرانان لە بەری قەرەداغ، گوایا ئەم گوندەش كە ئاوەدان كراوەتەوە لەشوێنێكدا دامەزراوە كە ئاوێكی چەوراو لە شوێنێك هەڵقوڵاوە بۆیە بەو سۆرخەوە ناونراوە نەوتی، كە نامەكەم پێگەیشت لەمیریاسی بەپەلە گەڕامەوە بنكەی نەوتی و خۆمم كۆكردەوە دوای خواحافیزی بە پشتی ئاوایی حەمەی كەرەمدا بە تولەڕێی دارستان و بەردەلانەكەدا كەوتمە ڕێ هەتا گەیشتمە گوندی (داری زایین) كە دەكەوێتە نێوان نەوتی و قەرەداغەوە، لەدۆڵێكی بەری گوندەكەدا تەنكاوێك كە پێدەچێت زستاناوبێت هەبوو چونكە

ئەوکاتە پاییز بوو بارانێك باریبوو بۆیە ئاو بەکزی لە تەنکاوەکەدا بوو لەوبەری تەنکاوەکە نیمچە چییایەك داخزابوو کە بەشی سەرەوەی درزەکەی دیاربوو پێدەچێت بەفر و زەقایەتی زستانی پار دایخزانبێت.

ئیتر بەهەمان ڕیگەدا ڕۆیشتم لە نەوتی یەوە نزیکەی (٣) کاتچمێرێك گەیشتمە قەرەداغ.

هەتا کاری نەقڵەکەم تەواوکرد بووبەلای عەسر، بۆیە چوومە ماڵی ناسراوێك بەناوی (محمودی خەلیفە مراد) کە پێشتر خۆی لە بێستان سوور ژیابوون، ئەوشەوە لەوێ مامەوە بەیانی بەرەو باکوور کەوتمەڕێ بە ڕێگا فراوانەکەی (سلێمانی. قەرەداغ) دا هەتا گەیشتمە گوندی (ولیان) ئەم گوندە بە شاتووەوە بەناوبانگە ئیتر ڕێگاکە لادەداتەوە بەرەو چیا بە دارستان و ڕەقەن و تولە ڕێیەکدا، لەوێوە هیچ شارەزاییەکم نەبوو کە ڕێگای نزیکەی زیاد لە (٥) کاتژمێرە بۆ گوندی زڕگوێز کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای بەرانان لەبەری شارەزووردا، لە ولیان لە کەسێکم پرسی بۆ زڕگوێز دەڕۆم و نەشارەزام ئیتر خستمیە سەر تولە ڕێگاکەو ووتی زۆر بزنە ڕێو تولە ڕێی لێدەبێتەوە بەڵام تۆ ئەم ڕێگایە بەرمەدەهەتا دەتباتە (فیسارە نیشان گرد) کە بەرزاییەك بوو لەسەر چیاکەو ووتی ئەودیوی ئەوێ دەربەندی زڕگوێزە، نابێت چاو لەو بەرزاییە ببڕیت بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی تر نەگریتەبەر.

ئیتر زۆر بە هیلاکی و برسێتی و تونێتی وە زۆر بەپەلە ئەو ڕێگاچۆڵەوانیەم گرتەبەر هەتا سەرەنجام لەنزیک بانگی مەغریب گەیشتمە ئەو شوێنەی کەپیشانی دابووم، ئیتر لەوێ وەشارەزابووم هەناسەیەکی شادیم هەڵکێشائەگەرچی زۆرماندووبووم، شارەزاییەکەم ئەوەبوو کە یەك دوو ساڵ لەوەبەر لەگەڵ یەك دوو هاوەڵی قوتابیم کەخەڵکی زڕگوێز بوون بەدیدەنی لە سلێمانیەوە چووبووم، یەکێك لەو برادەرانە ناوی (ساڵح ئەحمەد) بوو، هێشتا ماڵەکەیانم پێدەزانی، ئیتر داخزامە ناو دەربەندەکە کە حەوزوئاو و باخەسێویکی بەرفراوانە باخی (غەفورئاغای حاجی مەلا سەعید) بوو کە یەکێك بووە لە کەسایەتیەکانی سلێمانی، بەلای ماڵی باخەوانەکەدا ڕۆیشتم و بۆ ئاو خواردنەوەو دەم و چاو شتن چومە سەر حەوزەکە باخەوانەکە خوڵکی کردم بەڵام من کات درەنگ بوو دەمویست بگەمەئاوایی بۆیە لەگەڵ بانگی مەغریب دا لە دەرگای ماڵی (مام ئەحمەدی باوکی کاك ساڵح) م دا ئەو شەوە میوانداریان لێکردم بەلام من لەبەر ماندوویی حەزم دەکرد تەنها دووچا بخۆم و بنووم، بۆ بەیانی لە تەق و ڕەقی کابانی ماڵ خەبەرم بۆوە دوای نان خواردن بەرەو گوندی زڕگوێزی بچوك کەناسراوە بە (زڕگوێزەڵە) نیوسەعاتێك دەبێت لە زڕگوێزەوە بەڕێ کەوتم تا چوومە لیژنەی ناوچەی شۆڕش کە ئەوکاتە لەوێبوو، کاروباری نەقڵەکەم تەواوکرد ئیتر ڕێگایەکی یەك ڕۆژی تەواوم لەبەربوو کەبەشی هەرەزۆری چۆڵەوانی بوو، سەرەتا زۆر یا کەم ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندێك کە (یەك ماڵە) یان پێ دەووت لەناودۆڵێکدابوو دوو سێ ماڵ بوون

تانەچـویتایەتە سـەربانەکان نەتـدەزانی ئـاوایی یـە، یـان بەپـشتی گوندەکەدا لەترسی سەگ کەئاگام لێ بوو سەگی خراپیان هەبوو ئیتر زۆر بەپەلـە کەوتمـەوە سـەرڕێگا زۆر ڕۆیـشتم یـان کـەم تـا گەیـشتمە دامێنی بەری بەری ڕۆژهەڵاتی (کەماڵان) کە چەند خولـەکێك دەیدا بـە خـوارووی گوندەکـەدا، لەوێـشەوە بـەخێرای ڕۆیـشتم تـا گەیـشتمەوە دارگۆێژەکـە بووبـووە روانگـەی بیرەوەریـەکانم، ئیـتر ڕۆیـشتم تـا گەیشتمە دامێنی گوندی باخچەی گەشتەکەمان کە ڕێگاکە دەیدا بـە چەند خولەکیك خوارووی بەری ڕۆژهەلاتی گوندەکەدا، لـەم گوندەدا خزمم هـەبوو و ماوەیەك تیا ژیابووم بۆیە ویستم لادەم بەڵام دووری ڕێگاکـە نەیهێـشت بۆئـەوەی بگـەم، ڕۆیـشتم ڕۆیـشتم تـا گەیـشتمە دارگۆێژەکەی نێوان گوندی (باخچە و شەمە) ئیتر لەوێ ڕپرباخەڵم کرد لـە گۆێـژ لـە هـەردوو دار گۆێژەکـە کـە تـازە پێگەیـشتبوو ڕۆیـشتم تـا گەیشتمە دامێـنی بەری ڕۆژهـەڵاتی زیـاد لـە چارەکی دامێنی گونـدی شـەمە، لـەوێ توشـی بێـستانەوانێك بـووم کـە کاڵـەکی لێکردبـۆوە کاڵکەکان هەریەك جۆرێك بوون، لێم پرسی ئەمانە چەشنیان چی یە؟، وتـی: (شـەمامی - شـێلمی - ڕووشـە. فاتـەبۆرە. مـەرەنی) و نەوعـی تریشی هەبوو، خوڵکی کردم و زۆر بەپەلە یەك قاشی کاڵەکم خواردوو بـە چۆڵەوانیەکەدا ڕۆیـشتم هـەتا گەیـشتمە پـشتی گونـدی (زەیۆمـەر) بەناو زەوی یە بەراوەکانی ئەوێشدا ڕەتبووم ڕووەکێکی گوڵە (سـەوڵ) ی زۆر دڵ ڕاکێشم بینی ئیتر ڕۆیشتم هـەتا گوندی (نەمـەڵ) دەرکـەوت کە زۆر لە خوارەوە بوو بەڵام ئاهێکی خۆشیم هەڵکێشا کە زانیم نزیك بومەتەوە، شەڵاڵی ئارەق بووبووم، پێڵاوم بەپێوەنەمابوو، شـەکەت و

ماندوو، هەرپەلەم دەکرد بۆ زوو گەیشتن بەماڵی خوشکم، ئیتر دام بەپشتی گوندی (خەرجانە) داو لەوێوە پاش چەند چرکەیەك بەکولەمەرگی خۆم گەیاندە گوندی (جۆلانە) کە کۆمەڵێ کەس و کاری یەك بوون لەهۆزی ڕۆغزایی بەرەی وەسمان، ئیتر لە دەرگای ماڵی خوشکەکەمم دا وەك لەبرێ چویەك بەپێلاوی دڕاوو ماندوی و عارەقاوی یەوە خۆم کرد بەژووردا خوشك و خوشکەزاکانم زۆر لەخۆ بونەوە خەریك بوو بانگی مەغریب دەبوو کەهاوسەرەکەی پیاوێك بوو بەتەمەن بەهۆی ئاژەڵ و شتەوە لە دەرەوە هاتەوە بەوحاڵەوە منی بینی لە ڕاستی دا زۆر پیاماهەڵشاخا چونکە بە بۆچونی ئەو ئەمە حاڵی تەلەبەیە کە مەکتەبەکەت بەجێ هێشت، دایکت بەجێ هێشت، ئائەوەش حاڵەکەتە بەپێی پەتی گەیشتویتە ئێرە، وابزانم کوردایەتی لەسەر تۆ پەکی کەوتووە.

لە ڕاستی دا وەڵامم نەدایەوە چونکە لەمن گەورەتر بوو وە بە دڵسۆزیش بۆ منی بوو ئیتر ئەو شەوە میوانداریان لێ کردم و جلەکانیان بۆ شتم و ڕیشم تاشی و جوتێ پێلاوی هەرەکۆنەیان بۆ پەیداکردم و بۆ بەیانی بەڕێی کردم بۆ گوندی کانی توکە نزیکەی سەعات و نیوێك لە وێوە دووربوو هەموویان ئامۆزاو کەس و کاری زاواکەمان بوون ڕایسپاردم بچمە ماڵی (محمودی حەمەعلی ئامۆزای).
ئەو گوندە دەکەوێتە بەری باکوری ڕۆژئاوای دەسپێکی چیای گەورە قەڵا کە بە ڕێگایەکی لاپاڵی نیوەبازنەیدا بە دۆڵەکەدا بەرەو خوار دەبێتەوە دەچێت بۆ دۆڵێکی بەری ڕۆژهەڵاتی دەسپێکی گەورە قەڵا کە گوندی (بێدەن) ە و کەلە دواوە باسی دەکەین.

بچینەوە سەرباسەکەمان لە ماڵی کاك محمودی حەمەعلی میوانداری نیوەڕۆیان پێ کردم و پێم ووت کە گوازراومەتەوە (نقل) کراوم وەك پێشمەرگەیەك بۆ بنکەی بێدەنی لقی وارماوا، لەوەڵامدا ووتی بەرپرسەکانیان هەموو خزم و ناسیاون دوایی تۆیان پێ دەناسێنم، هەرواش بوو، دواتر ووتم دەمەوێ بچم بۆ ڕوکاری ئەو دیوی بەری قەرەداغ بۆ گوندەکانی (دوکان و دوکەرۆ)، چونکە لەوێ کارێکی تایبەتی ڕاسپاردەی ڕێکخستنەکانی ئەوپێم هەیە، ڕووی ئەودیوی شارەزام بەڵام لەم دیوەوە ڕێگا نابەڵەدم، کاك محمود پرسی باشە تۆ بۆ ئەم هەموو ڕێگەیەت بڕیوە لە قەرەداغەوە بۆ زڕگوێز و لەوێشەوە بۆ ئێرە و لێرەوە بگەڕێیتەوە بۆ دوکان، کەڕاست لە قەرەداغەوە بۆ تۆ زۆر ئاسانتر بوو ؟ لەوەڵامدا پێم ووت ئاخردەبوایە بچمە لیژنەی ناوچەی سلێمانی لە زڕگوێز بۆیە ئەم هەموو ڕێگەیەم بڕی ئیتر تێگەیشت و خستمیە سەر ڕێگاکە بە چیادا هەڵگەڕام بەرەو ڕۆژئاوا بۆ بەری قەرەداغ بۆگوندی دوکان، کە داخزامە خوارەوە بۆ گوندەکە زۆرم پێنەچوو بوو ئیتر لەوێ دوو سێ ڕۆژێك مامەوە چونکە کۆمەڵێك لەکوڕان و کچانی شار لە ترسی داپڵۆسینەکانی زەعیم صدیق ڕوویان کردبووە ناوچە ڕزگارکراوەکان ئێمەش لەوانەی کەهاتبوونە ئەوێ لەگەڵ کوڕان و کچانی گوندەکانی دەوروبەردا ڕێکمان خستبوون، کوڕەکان بەسەرپەرشتی (محمود روستم) ناوێك و کچەکانیش بەسەرپەرشتی کچێك کەناسراوبوو بە (خەبات).

چامەی ئەحمەد کوڕەجوتیار

(مێژوو خۆی خۆی دەخوێنێتەوە)

ئەی کێوە بڵندەکە ..، وا تەمەنت عەقدێکی زەمەنی گوزەشت
تۆ هەر تۆیت و تۆ هەر لوتکە بڵندەکـەی جارانی
تۆ درەختی بەرائەتی لاپانی بەرزی جـــــــــــاویدانی
ئەوەتا ئەلبومی عومرت دەساڵی لەمەوبەری پێــــــــوەدیارە
فلاش باکی بروەوەریەکان خوێندنەوەی لاپەڕەی یادگـــارە
وەرز وەرزی تاسانەو
زەمەن زەمەنی بزاوتی ئازادی نیشتیمـــانە
شوێن گوندێکی قـــــەشەنگ و دلۆڤـــــــانـــــە
ناو باخە هەنجیرێکی لاپـــــاڵی پشتی ماڵانە
تۆ سەرگەرمی خوێندنەوەی پەڕتوکێکـــــــــی
کە مێژووی خەباتی قارەمانـــــــــــــــانە
بەناخی خوێندنەوەکەدا چووبوویتە خـوار
بووبوویتە مەلەوانی دەریایەکی بی پایان
ناکاو ووشەی ڕۆژباشێکـی ناسك سەری پێ هەڵبڕیت
لەو خەیاڵەی دابڕیـــت
وەلێ تۆ سەرەتا نەتویسـت هیچ شتێکی بـۆ دەربڕیت
بەڵام ئەو پەشێوەو ووتەیەکی تۆی بەسە
تۆش پەرتوکەکەت لامەبەستـــــــــــــــــــە
لەوێدا بووین کە (جیڤارا) پەرتوکەکانی بەکۆڵدا دابوو
بۆ ڕزگاری (بۆلیڤیا) بە چیادا هەڵزنا بوو

تفەنگەکەی لەسەردەستی و بەرەولوتکەی هیوا ملی نابوو
کاتەکان لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن
سەراپا ئاوێزەی سۆزوو هەست بوون
ڕێگاکان دیمەنەکان شانۆیەکی پڕجوانی بوون
دار هەنجیرەکان پڕلە جریوەی مەل و دلۆڤانی بوون
ئەی کێوەکان ئێوەشاهیدبن ئەگەر ژین بواری دا
ئەوا بڕیارەکان بەهار دێنن
ئەگەر مەرگیش بواری نەدا ئەوا لە عالەمی بالاوە مەبەستەکان
دەنەخشێنن
دوو ڕۆحی پاك وەك دوو باڵندەی عاشق لەسەرداری گوێ ڕووباری
هێلانەیەك دانێن بۆ ژینی نوێ لەکەناری
ئەو بەدەم لەرەی لێوەوە ڕووی وەرگێڕا بەرەو کۆچی کاروانی شار
تۆیش بوویتە ڕێبواری بۆ بزاوتی سەنگەرەکانی بن بنار
دوو نیگای گەرم و باقەیەك هەنسکی شاراوە
لە دوو لێوی لەرزۆکەوە خۆیان هێنایە ئاراوە
بزەیەکی زۆرەمـــــــلێ بەدەم هەناسەی ساردەوە
دڵدانەوەی دڵی ڕێژبوو، گریانەکەی دەخواردەوە
دوو ڕێگای دژوار بەیەك
یەکێ بەرەو کاروانی شار
یەکێ بەرەو ڕێبوارانی ئەستێرە کۆچەرەکانی بەر کەنار
پەڕتوکەکەم دابەکۆڵداو تفەنگەکەم بەشانەوە
مـــــــلی ڕێم گرت بەدەم ئازارو ژانەوە
کەوتمەڕێ بە بنارا

وەك ئەوەی میرات گریم بۆمەبەستەكەی جیڤارا
لەگەڵ بەیان لەئەشكەوتەكەی (بێدەن) بویتە میوان
ئەوكاتانەی كە تۆ بەرانكو چۆغەیەكی شڕو
جوتـــێ پێڵاوی لاستیكەوە
سەرت بەقەد ئەشكەوتەكەی (بێدەن) بەرزبوو
ئەشكەوتەكەی (بێدەن) سەری لە كەشكەشان بوو
تۆ هاواری گیانبازێكی ئەم وڵات و نەتەوەبووی
ئەو دەنگدانەوەی بانگەوازی سەرخۆبوونی نیشتمان بوو
ئەی پیرە ئەشكەوتە ڕێدین سپی یەكەی بێدەن تۆ چیت دیوە؟
چەند پاڵەوانی دێرینە لەلات بوونە میوان بۆمی باس كە ئارامی گیان؟

ئەشكەوتەكەی بێدەن لەوەڵامدا:

ئەوەتی ئەم گێتییە و ئەم چیا هەنە ئەمنیش هەم
زۆرم دیوە چەرمەسەری و كاروانی غەم
زۆرم دیوە شادمانی و هەناسەی ساف
زۆرم دیوە عاشقانی زولف تەناف
قارەمانان گەلێك لێرە لام میوان بوون
هەموو قەشەنگ دلۆڤان بوون
جەنگ و بەربەرەكانیم زۆر دیوە
تیشكی هەتاوی كەش كەشانم زۆر چنیوە
چاخێك ئەم دەڤەرە وڵاتێك بوو پڕپیت و بەرەكەت
پاشایانی بەدەسەڵات و هەیبەت

(گۆتی و لۆلۆ) باپیرانی ئەم دەڤەرە
لەم وولاتە سەرانسەرە فەرمانڕەوا بۆ شارەزوور ملکی زاموا
دەستیان دەڕۆی بۆ هەر چوارلا
ناکاو کوندە پەپوی شوم (ئەکەدی یەکان) بوون داباران
خوێن لاشەی برد بۆ کەناران
(نارام سین) و (شارکالێ) ی کوڕی بەسەر ئەم وولاتەیاندا داخوڕی
زۆری نەبرد پاش چەند ساڵیێ
ڕۆڵەکانی گۆتی و لۆلۆ بەکەماڵیێ
بەسەرکردەی (ئانۆبانین) لوتیان شکاندن و دایان ماڵین
پاش بەینیێ تر (ئاشور) هات و جارێکی تر جەنگ بەرپابوو
وولات سوتاو بوو بە سووتوو
هۆزەکانی (گۆتی) و (لۆلۆ) یەکیان گرت و دەوڵتی مادیان بەرپاکرد
قەڵەم ڕەویان ئەم وولاتەی گشت گرتەوەو ئاشوریشیان تارومار کرد
هەتا دواتر (هەخامەنش)، (ئەسکەندەر) و (ئەشکان)
هەموو هاتن هەتا بوو بەسەرەی (ساسان)
وەك گورگ دەمیان،
لە جەستەمان ژەنی، ژەنی
ئەم وولاتە کەوتە ژێرپێی داگیرکاران
تارو مار بوون دۆست و یاران
هەتا شمشێرە کولەکان گەیشتنە جێ
چاخی ئەنفال دەستی پێکرد
ئەوەی هەبوو لە سەرو ماڵ هەموویان برد
گورگە بۆرەکانی عوسمانیەکانیش دەمیان ژەندە گەرووی گەرمم

بزن ڕیشەکانی سەفەویش قۆچیان وەشان لە جەشتەی نازی پڕشەرمم
ئـەم چـاخانەی کـەپێم ووتـی هـەموو لـەبن ئـەم ئەشـکەوتە پاڵـەوانان سەنگەریان گرت
بۆ بەرگری ئەم وولاتە گیانی خۆیانیان بەخت کرد
گۆڕەکانی گەورەو قەلاو سەرلوتکەی پیرداود و لە شارەزور تاڵ عەرەوان
شاهیدی ئەو حاڵەتە دەکەن عەیان
ئەوە لەوێش باسی چرپەی گەورە قەلاو چرچە قەلا
پاڵەوانێك بوو هەرخۆی چرچە دوو تەختەبوو
کەچی وەك هێزێکی پۆلا لەم دەڤەرە فراندرابوو
کوردێکی نەوەی زەردەشت نەردی مەردی دەبردەوە
هەتا ئێستاش ناوبانگی ئەو لەم ئەشکەوتە
لە بێدەنگی گەروی مندا دەنگی زوولاڵ ئەداتەوە
چرچە ڕۆیشت کێ بەجێما لەوکاتەوە هەتا ئێستا
من بندەستی زۆردارم و چەرخی زەمەن چەپۆکی بەسەرمدا ئەداتەوە
خۆشمان کەممان بەخۆ نەکرد خوێنی خۆمان بە هەدەربرد
ئێستا هەناسەیەکی فێنك هەڵدەکێشم پڕبە گەروم
کەلاوانی نیشتمانم لام میوانن واپێشمەرگە دڵنەوایم دەداتەوە
ئەی ئەشکەوتە پیرەساڵەکەی مێژوو دەبێ چی بکەین
بۆ ڕزگاربوون لەدەست جەوری ئەم زەمەنە؟

ئەشکەوتەکە لەوەڵامدا:

دەبێ دایە دەغدوویەکی ترو باوە سپی مەندانەیەکی

تر بێت سێویکی تر نۆشی گیان کەن دەربازمان کەن لەم کەمەنە

کورپەیەکی تر بخولقێنن، بەشیری زەردۆشەن گۆشی بکەن

زەردەشتێکی تر بێتەوە ئاوێستایەك بنوسێت و

دینی مەگۆش بێنێتەوە

دەوڵەتێك بە ئاینێکی نوێ بۆ ئەم وولات ونەتەوە دامەزرێنێت

لەگەڵ ئەو کچە هەڤاڵ بەندی یەکی تۆکمەمان هەبوو، ماوەیەك بوو لەناوشار قوتابخانەکان کرابوونەوە و شاریش کەمێك هێور بووبۆوە بۆیە کچەکە داوای لێکردم کە بەڵگەنامەیەکی بۆ مۆربکەم هەتا پێشمەرگە دەست نەهێنێتە ڕێگای تا سنوری میری، جیێ بەجێم کرد بەناچاری چونکە دابڕانێکی دڵ تەزێن بوو، ئالێرەوە چامە شعریەکەی کە لە سەرەوە دەیبینن نوسیمەوە.

ئیتر دوای بەجێهێنانی فرمانەکەم لەوێ بەهەمان ڕێگادا گەڕامەوە بۆ گوندەکانی ترو لەوێشەوە بە ڕێگا نیوەبازنەییەکەدا بۆ گوندی بێدەن کەبەروپشت بوون، گەیشتمە ناو دۆڵەکەی بێدەن توشم بوو بەلاوێکی موززەردی تۆکمەوە کە زۆر پۆشتەوپەرداخ بوو کەوڵە مەڕێکی لە بەردا بوو دیاربوو پیشمەرگەبوو کاتباشیم لێکردوو ئەویش بەسەروسیمای ماندوو شڕوشێواوی مندا هەڵی ڕوانی و بەلاوازی جوابی دامەوە، ئیتر بەنیگەرانی یەوە بەجێم هێشت و گەیشتمە گوندی بێدەن، چوومە بارەگای لق لەخۆمەوە لە پێشمەرگەیەکم پرسی لاوێك لەم حاڵ و شێوەیە کێ یە؟ئەوەی کەبینیبووم لەوەلامدا بە پێکەنینەوە ووتی ئەوە (سیروان جافە) و ڕابەری سیاسی ئێرەیە، دڵم داخورپا چونکە کارەکەی من پەیوەندی بەوەوە هەبوو، بەڵام پێشمەرگەکە وەك لەدڵم ئاگاداربێت ووتی نەقڵ بووە بۆ هەورامان و هەرئەم یەك دوو ڕۆژە لێرە دەبێت، ئیتر ئاهێکی خۆشیم پێهات کە تووشم نابێت بەو کەسێتیەوە.

دوای ئەم حەوانەوەم ووتم بۆ جێگاوڕێگا ئێستا چیبکەم، ووتیان: بچۆ هەڤاڵ (مام صالح) ناسراوبە (سالەپیرە) با ناونوست

بکات بۆ ئازوخەو نوێن و بەرەو بەڵکو پێڵاویشت بداتێ چونکە پێڵاوەکانت بێکەڵکن، کە چوومە لای ناوبراو کۆمەڵێك پێڵاو هەڵدرابۆوە ووتی پێڵاوەکانی خۆت لەوێ دانێ و جووتێك هەڵبژێرە بەڵام بە پێکەنینەوە دوای نیوسەعات گەڕان جووتێکی چل و یەك و یەك شێوە بۆدی کەهەرتاکەی هی یەکێك بوو تاڕادەیەك لەیەك دەچوون کە دووتاکی جیاوازبوون بەناچاری لەپێم کرد، لێفەیەکیش کە ئاسمانی لێوەدیاربوو لەگەڵ بەتانیەکی هەڵوەشاوی عەسکەری دامێ و ناویشی نووسیم بۆ ئازوخە، کە هەڵم ڕوانی بە لێفەکەداو پێکەنیم ووتی بەوە قایل بە وادیارە تۆ (بێ مووت دەوێ)، ووتم ئەی سەرین پێکەنی و دووبارە ووتی ناڵێم؟ ئیتر جێگیربووم، سەرەتا ژیانەکەم تۆزێ کولەمەرگی بوو هەتا خۆش بەختانە نەقڵیان کردم بۆ بنکەی (بەردی گلان) و هەر لەو ناوچەکەدا لە گوندی (کانی کەوە) وەك بەرپرسێکی ئەو دەڤەرە مامەوە کەلەدوایدا باسی ئەو دەڤەرەم کردووە لە گەشتەکەی وارماوادا.

ئیتر بەشداری جەولەو چالاکیەکانی بۆ سەر ڕەبایە چوونم لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێرەدا ئەنجام دەدا بە لێپرسراوێتی یەوە هەتا چەند ساڵ جێگەی داخە ئەو ناوچە ڕزگارکراوە لە میری گۆڕا بە شتێکی تر، دووبەرەکی (انشقاق) کەوتە نێوان باڵەکانی سیاسی و عەسکەری و شەڕی براکوژی لێکەوتەوە، منیش ئەوەم پێ قایل نەبوو کە پشتگیری هیچ لایەك بکەم وەك پێشمەرگەیەك یان پێشمەرگە بکوژم یان پێشمەرگە بمکوژێت، چونکە زیاتر من بیروباوەڕی نەتەوەیم هەبوو، بۆیە خۆشبەختانە هەلی لێبوردنە گشتیەکەی میریم

قۆستەوە و ئێوارەی نەورۆزی (٩٦٤) بوو کەبۆ ڕێوڕەسمی نەورۆز خۆمان ئامادە کردبوو لەسەر لوتکەی بێدەن هاتبە خەیاڵمدا بەرەو جادەی دەربەندیخان بۆ ڕۆژهەڵات شۆڕبوومەوە، لەگەڵ سەیارەیەك سواربووم تا ڕێگەی (باریکە - بێستان سوور) نزیکەی عیشا بوو خۆم گەیاندەوە ماڵی خۆمان لەگوندی بێستان سوور، کارەکەم تێ گەیاندن، لەپاش دوو ڕۆژ چووم بۆ عەربەت، لەگەڵ موختاری گوند و پسوڵی لێبوردنم وەرگرت لەبەر پرسانی میری و دواتر چووم بۆ سلێمانی بۆ قوتابخانەکەم، قوتابیان و مامۆستایان زۆر ڕێزیان لێگرتم بەڵام جێی داخە ووتیان تازە دەبێت ساڵێکی تر بێیتەوە بۆ دەوام...

هەڵبەت ئەم ڕێپێوان و پێشمەرگایەتیە سەرەتایەکی هەبوو، یەکیەتی قوتابیانی کوردستان زۆرچالاك بوون شان بەشانی پێشمەرگەی داخلی بۆ گەیاندنی شاروشاخ بەیەك.

قوتابخانەکەی ئامادەی کشتوکاڵی ئێمەش لەوبوارەدا بەهرەوەر بوو، میری بە تێخزاندنی قوتابی سیخور کەلەملاولاوە هێنابووی ڕیزەکانمان کەشف بوون، ئاگاداریان کردین کەفریای خۆمان بکەوین، هەڵبەت ئەوکاتە خێوەتگەی ڕاهێنانی سەرکێڵگە کشتوکاڵیەکانمان هەبوو کە هاوین بوو، کە پەلاماریان داین یەکێکمان شەهیدکراو سیانیشمان گیرا ئەوانی تریشمان کەناومان هەبوو دەرباز بووین، من بەش بەحاڵی خۆم لەدۆڵەکانی دامێنی خێوەتگاکە لە بەکرەجۆ خۆم گەیاندە تانجەرۆ و لەوێشەوە بۆ گوندی (باباعلی)، هەڵبەت ئەوەمان لەبیرنەچێت بەدرێژایی ڕووباری تانجەرۆ لە قلیاسانەوە تا گۆلی دەربەندیخان بەشی ڕۆژئاوای هەمووی ڕزگار کرابوو هیچ مەترسیەکی

تێدانــەبوو، تــەنها ســەر لوتکــەی دەربەنــدیخان بەهەمیــشەیی و سەرپردەکەی (قەرەگۆل. تانجەرۆ) بەکاتی ڕەبایەیەك هەبوو، بۆیە کەڵکم لەو ناوچە ڕزگار کراوە وەرگرت لەڕێگای سواری وولاخ و تراکتۆرو پیادەو ئەوانە خۆم گەیاندە گوندی (شەمە) کەلەسەرەوە باسمان کردووە، چونکە خەڵکی گوندەکەمان (بێستان سوور) بەهۆی داپڵۆسینەکانی زەعیم صدیقەوە کە کێڵگە کشتوکاڵیەکان هەمووی سووتابوو، گوندەکەش درابووە بەر تۆپ و ڕەشاش، بۆیە ڕەویان کردبوو بۆ گوندی شەمە منیش ئەوەم زانی بوو بۆیە چووم بۆ ئەوێ لەپاش چەند ڕۆژ حەوانەوە لەگەڵ کەسێکی ناسیاوی خەڵکی گوندەکەمان بەناوی (کاك حمە سعید وەسمان) لەئاوایی حەمەی کەرەم بوو بەسواری ماین لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ئەوێ هەر ئەوڕۆژە کەسێك لە گوندی خۆمان کۆچی دوایی کرد بەناوی مام فتاح لەئاوایی سەرەتا لەگوندی (فەقیرە) کەخزمی ئەوی تیابوو لە دۆڵێکی سەرچیای بەرانان لەبەری قەرەداغ لاماندا و دواتر بۆ شەو گەیشتینە ئاوایی حەمەی کەرەم، شەو لە ماڵی زڕبراکەی ئەو ماینەوە و بۆ بەیانی من خواحافیزیم کرد لەگەڵ کەسێکی شارەزا لەچەمی دێوانە پەڕینەوە بەرەو ڕۆژهەلات بۆ شارۆچکەی قەرەداغ کە بارەگای هێزی پێشمەرگەبوو کە گەیشتم لای یەك دوو ڕۆژ تەیارە قەسفی بنکەو بارەگاکانیان کرد لەبەردەم شوێنی کۆنە خەستەخانەکە کەبارەگای بڵێین ئێمە بوو ناپاڵمێکی دابوو بە زەویدا ئاوی دەرهێنابوو، کەبۆردومان تەواوبوو بەڕێز ئامرهێز کە عەقید (نوری مەلا مارف) بوو ناسراو بە (نوری کەڵەشێر) بانگی کردین و تێی پێچاین ئەگەرچی

بۆردومانەکە هیچ زیانی گیانی لە پێشەرگە نەدابوو، بەڵام لەهەندێ گوندی دەوروبەر زیانی گیانی دابوو، بۆیە لێی هەڵپێچاین ووتی هەبێ و نەبێ ئێوە جاسوستان تیایە و خەبەرتان داوە بۆیە تەیارە هاتە سەرمان، ئێمە لە سوێند خواردندابووین ئەویش لە توڕەیدابوو، ناکاو مامۆستا (عزیزی خەفاف) لەگەڵ مامۆستا (حسن حسین) پەیدا بوون و زۆر بەدڵ گەرمی و ڕێزەوە هاتن بۆ لامان چونکە ئەوان لێپسراوێتی یەکیەتی قوتابیانی سلێمانی بوون هەرلەبەر هەمان هۆی سەرەوە هەڵهاتبوون، لەوێ لێپرسراوبوون کەئەویان ناسی بە هەڤاڵ عەقید نوری یان ووت ئەمانە چالاکترین و دڵسۆزترین کەسانی یەکیەتی قوتابیان بوون لەبەر گرتن هەڵاتوون مامۆستا عزیز ڕەیکردە من و ووتی بەتایبەت ئەم لاوە گەنم ڕنگە خوێن گەرمە هەڤاڵ (بازووبەندە) ەکەی لەمەڕخۆمانە، ئیتر عەقید نوری ساردبۆوەو داوای لێبوردنی لێ کردین، مەڕیان لە جاشەکان سەندوو وەك دەعوەت مەڕێکیان سەربڕی و کردمان بە سەیران، ئەگەرچی خواردنەکەی دوێنێمان لە لە نشێویەکدا بەجێهێشتبوو لەبەر بۆردمان من خزابوومە ژێرداره مێوێك لەبرساندا ئەوەندەم بەرسیلە خواردبوو ناوی خۆم لەبیرچووبوو، چونکە ترێ تازە ئاڵ و بۆڵ دەبوو، بەڵام ئەم دەعوەتەی ئەمڕۆ دوێنێی لەبیر بردینەوە.

ماوەیەك لەوێ مامەوە دوایی ناردمیان بۆ بنکەی (نەوتی) کەلەسەرەوە باسمان کردووە لەوێ بوومە بەرپرسی پێشمەرگەو لاوەکانی ئەو ناوە لە ئاوای (حەمەی کەرەم و نەوتی) بووم هەتا نقڵ بوونەوەکەم بۆ ناوچەی وارماوا کەلەسەرەوە باسمان کردووە وەك

ووتومـه ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ پێش نزیکـەی دە سـاڵ لەمەوبـەر لـە شۆڕشی ئەیلولدا سەرەتای شەستەکان پێش ئەم گەشتە کە سەرەتای حەفتاکانە لەسەدەی بیستەم.

دێی باخچە

نزرگەی کەلەپوری کوردییە

باخـچە گونـدێکی بـچوکی سـەربە ناوچـەی (تانجـەرۆ.عربـت) ە ناوەکەشی لە جوانی و خۆشی هەڵکەوتنی شوێن و شاخ و دارستان و ئـاو و هەواکەیـەوە هـاتووە، (باخـچە) دەکەوێتـە بـەردەم زنجـیرە چیاکانی بـەری ڕۆژهـەڵاتی (بـەرانان)ەوە، ئـەم زنجیرە چیایە لـە هـەر ئاستێکدا ناوێکی تایبـەتی هەیە....بەگشتی پێـی ئەوترێ (بـەرانان)، لەبەرامبـەر سلێمانی بە هـەزارمێرد و لـەلای گڵـەزەردەو ڕگوێـزەوە بـە (چـــیای گڵــــەزەردە) وە (دەربەنـــدی زرگوێـــز) و لەدەوروبــــەری ئاوەکەڵەشـــەوە بـــە (دەربەنـــد فـــەقرە) بەناوبانگـــەو لای ســـۆڵە و دەربەندیخانەوە بە (گەورەقەڵا) ناوئـەبرێ جگەلـەوەش لەهەندێ جێدا (پاشـارێ) و هەنـدێ شـوێن (هـەرۆژاوی) و زۆرنـاوی تـریش. ..لێـرەدا مەبەسـتمان شـوێنی دێی باخـچەیە کەنزیکـەی (٢کـم) لـەڕۆژ هەڵاتـی (هەرۆژاوێ) دایە.

ئەم گوندە وەك دەماودەم گێراویانەتەوە لە سەردەمی پیر خدری شاهۆوە (خوا لێی خۆش بێت) دروست کراوە یان ئاوەدان کراوەتەوە، چونکە بنەماڵەکانی خەڵکی ئەم گوندە ئەڵێن ئێمە بە بنەچە ئەچینەوە سـەرئەو زاتـە، هەرچـەندە ئەشـڵێن کـە ئـەو بنەماڵەیـە ئەچـنەوە سـەر

مەولانا خالید (خوا لێی خۆش بێت) ئەمەم لە کاك شێخ برهان قەرەداغی بیست کەئەیوت ئێمە لە خاڵوانی ئەو بنەماڵەیەی باخچەین، بەڵام زۆر بۆچون هەیە کەلە وەچەی پیرخدری شاهۆیین ڕەگەزنامەی بنەماڵەکە لای (خاڵە شێخ عارف) ی ڕیش سپی دێبوو کەلە لولە قامیشێکدا پارێزرابوو... خوا لێخۆش بوو پیاوێکی سوور و سپی چوارشانەی پڕگۆشت بووە زۆر قسە خۆش و موسوڵمان و لەسەرخۆ بووە لە سلکی پۆلیسدا کاری دەکرد، سوارچاکێك و ڕاوچیەکی فۆلکلۆری بەناوبانگ بوو، تەمەنی لە(٩٠) ساڵ تێپەڕیبوو مامە (سەی علی) کەبە (سەی علی باخچە) ناسراو بوو تەمەنی لە (١٠٠) ساڵ تێپەڕی کردبوو لەسەرخۆ و خێرۆمەند بوو، بەکاری کشتیاری یەوە خەریك بوو باوکی معاون سید ئەوڕەحمانی باخچەبوو، (خاتوو زینەی خێزانی مام سید علی) ئافرەتێکی شاژنی ناوچەکەبوو، پورە خاتونی خوشکیشیان کەناسراو بوو بە حاجی خاتون ئافرەتێکی دەست ڕەنگین و خێرخوا بوو، خێزانی (مامە حەمە) بوو، کەبە (پیرە) ناسرابوو، کشتیارێکی لێهاتووبوو، لە هۆرەی جافیشدا خاوەنی دەنگ و ئاوازبوو، دێکە زۆر کەسایەتی تریشی تیابوو، بەڵام لێرەدا بۆ ناسنامەی بنەماڵە سەرەکیەکان ئەو ناوانەم هێناوە، خەڵکی ئەم ئاوای یە شێخن هەرچەندە بەهۆی ژن و ژن خوازی یەوە خەڵکی تر لەناویاندا هەبوون، باخچەماڵی کەم تیابوو هیچ کاتێك لە ٢٠ماڵ تێ نەپەڕیوە...ئەم گوندە بەر ڕاگوێزانە شومەکەی بەعس کەوت و لەئازادیدا دوبارە ئاوەدان کراوەتەوە،

دێیەکـە پـشتی داوە بـە ڕیــزە گردۆلکەیــەکی ڕوتەنــەوە و بەردەمیـشی نیمـچە دۆڵێکـی ڕەقەنـە، کۆتـای زنجـیرە گردۆلکەکـە گۆڕسـتانێکی کۆنینەیـەو بەشـی خـوارەوەش تـا ئێـستاش بـەردەوام بەکارئـەبرێ بـۆ ناشـتنی مردووەکانیـان، لەسـەر لوتکـەی کۆتایـی گردەکە لە پشتی گۆڕستانەکە، دارە گەورەیە.

کەلەپور و ئاسەوارەکان

١. (دارە گەورە) دار بەڕویەکی کۆنە ساڵە و تەمەنی ئەوەندەیە پشتاوپشت باسکراوە، وە ئەگێڕنەوە کە نزرگای (پیر خدری شاهۆ) بووە، چونکە چەندین جار لەژێریدا دانیشتوە و حەواوەتەوە، بەرزی ئەم دارە لە زەوی یەوە هەتا قەلاپۆپە نزیکەی (٢٥م) ئەبێ، پەلوپۆی وەکو تۆپ خڕەو تیرەکەی (٧٥م) ئەبێ، بەرزی قەدەکەی (٣م) ئەبێ و ئەسـتوری تـیرەی قەدەکـەی لـە (٣م) زیـاترە، ئـەم دارە بـێ بـەرە و سـەروهەیکەلێکی زۆر دڵگیرو جوانـی هەیـە و بەشـێکە لـە کەلـەپوری (دێی باخچە) لەگەڵ گۆرستانە کۆنینەکەی.

٢. (کانی چێوێ) واتە کانی یە ساردەکە: ئەم کانی یە کارێزێکە بە پلیکانە نزیکەی (٢م) ئەچیتە خوارەوە، ئاوەکە لە لەغەمێکی ژێر زەمینی یەوە دێتە کانیەکەو ئاوێکی ڕوون و شیرین و ساردی هەیە نزیکەی سەرێك ئاوی هەیە (بەشی ئاودێرانی دۆنمێك زەوی)، بۆیە زەویەکـەی بـەردەمی کەلـە دۆنمێـك کـەمترنی یـەو هـەموو سـاڵێك بـە (کالەك - خەیار. توتن)، دائەچێنرێ.

٣. (کاریزی دراوی دێ)(ناودێ): لەناو دێ یەکەدایەو کەوتۆتە بەردەم مزگەوتەکە، نزیکەی سەرێك ئاوی هەیە کەبۆ کاروباری پێویستی ئاوایی وەك خواردنەوە و شتن و ئاژەڵ ئاودان بەکاردێ هەندێجار لەکاروباری قوڕەکاری و دیوارکردندا ئەبرێ، چونکە شوێنەکەی واهەڵکەوتووە کە زەوی و زاری لەبەردا نی یە.. ئەم کاریزە بە (٧بیر) لەبەردەم (قەدەغەی بەرداوێ) کەلە ڕۆژئاوای ئاواییەوە بە لەغەمی ژێرزەمینی بیر بە بیر بەیەك گەیەنراون، ئاوەکەی لەناو دێکەوە دەرئەچێ، ئاوێکی شیرین و سارد و ڕونە.. لەغەمەکە بە تاشەبەردی درێژ و پان و ساف هەڵچنراوە کە (٧٠سم) پانەو نزیکەی (١,٥م) بەرزە ئەملا و ئەولای لەغەمەکە و بنمیچی سەرەوەشی بەو بەردە تاتانە هەڵبەستراون، ئاوەکەشی بە جۆگەیەکی زیخاوی گەشو سپیدا نەرم نەرم بەرەو خوار ئەبێتەوە، لە درزی تاتە بەردەکانی بنمیچەکەیەوە چلورە شۆڕبۆتەوە کەهەردانەی نیومەتر درێژە و بەقەد مەچەکێکیش ئەستورە، ئەگەر ساڵەکەی سارد بێ ئەوا ساڵ و ساڵ ئەمێنێتەوە، لە (١٠٠مەتری دا) هەوایەکی ساردو بۆندار بە ڕووتدا دێ بەڵام لەوە بەولاوە هەواکەی قورس ئەبێ و تاریك و قوڵترئەبێ و ئەکەوێتە مەترسی، بۆیە کارێزکەنی شارەزا نەبێ ناتوانێ لەوە زیاتر بچێتە ژورەوە، بەندە تا سەد مەتر چوومە ژوورەوە.

٤. کانی گەورە و ئەستێڵی کانی گەورە: ئەم کانی یە لەژێر بەردێکی گەورەدایە کەبە قەوارەی هۆدەیەك خانوی(٢بە٣م) ئەبێ، لەژێر بەردەکەدا حەوزێکە چواردەوری بەردی سروشتی یە زیاد لە یەك مەتر قوڵە، ئاوەکەی سەوزباوەو بۆگەنێکی ناخۆشی لێوەدێ زۆر

کەمە پڕبەپڕی لولە قامیشێکە ئەڕژێتە حەوزەکەوە کە لە چاڵێکدایە کە پڕبوو، ئەچێتە ئەستێڵێك[٣٢] بە درێژایی ساڵ ئەو ئاوە لە ئەستێڵەکەدا کۆئەبێتەوە و لەبەردەمیدا نزیکەی (پێنج دۆنم زەوی هەیە) کەهی بنەماڵەی خاڵە شێخ عارفەو بە خەیار - کاهو - کاڵەك و تەماتە دائەچێنرێ بە ئاوی (بەربەندەکە) ئاو ئەدرێ، هەر ئاوی ئەستێڵەکەش بە گردەکەی پشتی ئاوایی دا هەڵئەزنێ و لەوێوە شۆڕئەبێتەوە بۆ خشت بڕین و قوڕکاری و پێویستی تر، هەڵزنانەکەشی بە گردەکەدا دیارە لەسەر ئاستی بەرزی ڕووی سەرچاوەی ئاوەکەیە چونکە بەردەمی ئاوەکەو دێکە دۆڵ و خڕە، توانای پەڕینەوەی ئەو ئاوەی نیەو ڕێگای پردیش نی یە، بۆیە بە گردەکەدا هەڵی ئەزنێنن.

٥. (تلە قوچ) واتە بەردە درێژ: ئەم بەردە لە شێوەی قوچەکدایە لە زەوی چەقیوە لە شێوەیەکی سێگۆشەیی کەمێك ناڕێکدا بە بەرزی نزیکەی (٢٥م) وەك منارە چووە بە ئاسماندا، سەرەتا یەك دوو مەتری لەسەر زەوی یە وە کەمێك باریکترە و لەوەودوا ئەستور ئەبێ نزیکەی بیست مەتر بە ئەستوری بەرز ئەبێتەوە بە شێوەیەکی سێگۆشەیی ناڕێك، لەوە بەدواوە (٣م) یٚکی باریك و تیژ ئەبێتەوە ئەم بەردە شێوە قوچەکە بەتەنیشتەکانی درزی تیایە لە بەهاردا گیای بەرەزا کەلەشویت ئەچێ و ڕوەکێکی پزیشکی یە پیا شۆڕئەبێتەوە وەك پرچ و شێوەیەکی دڵگیری هەیە، ئەم ئەم بەردە ئەکەوێتە ناو(قەدەغە) (پاوان) بەرداوێوە.

٦. (بـــەردەپان): ئـــەم بـــەردەش بـــەردێکی پـــان و گـــەورەو چوارگۆشـەیە سیان لـە گۆشـەکانی یـەکی نزیکـەی (٥م) ئـەبێ کەمێك نارێکـە و گۆشـەکانی یـەکی نزیکـەی پێنـج مـەتر بـەرزە و پێنـج مەتـر پانە، بەڵام لای چوارەمی نزیکـەی (٢م) بـەرزە و (٥م) یـش پانـە شـێوە پلیکانەیـەکی نارێکـە و بـە ئاسـانی ئـەتوانی بچیتە سـەری، ڕووبـەری سەرەوەی پان و تەخت و ڕێکە (٥,٥م) ئەبێ لە گۆشەیەکی دا درزێکی تیایە کە دەوەنێکی قـەزوان و بەڕووی تیا ڕواوە دیمـەنێکی نازدار و سـەر سـوڕهێنەرە، لاپاڵەکانیـشی بـەلاڵۆك و هـەنجیری پیـا شۆڕبۆتەوە ... ئەم بەردە ئەکەوێتە ناو قەدەغەی قارەمانەوە.

٧. (هـەڕۆژاوێ) واتـە داڕوخـاو: لـە ئـەنجامی بـەفر و بـاران و سـەرما و سـۆڵەیەکی زۆردا کـە ڕەنگـە بومەلەزەیـشی لەگەڵدا بووبێ، شاخەکەی ڕۆژئاوای باخچە هەرەسی هێناوە و داڕوخاوەتە خوارەوە بە بەرزی چیاکە لەزەوی یەوە تا لوتکەی چیاکە نزیکەی (٥٠٠٠پێ) بـەرزە وە لاپاڵەکەشـی بـە درێـژایی زیـا لـە (١,٥کـم) ە هـەروەك چـۆن شۆفلێك لە لاپاڵێك چەند کێلەیەك خۆڵ لابات کەلی ئەکات، ئاوەها ئـەو چـیایەش کـەل بـووە، هەرچـی گابـەرد و شـاخی زەردە و کاوەکانـە داڕوخاونەتـە پـێ دەشتـەکەی بەردەمی، بەتێپـەڕینی زەمانـە ڕووبـەری ئەو چیایە بەدرەخت داپۆشراوەتەوە بەڵام بەهۆی هـەرەس هێنانیـەوە ڕێگـای هاتوچـۆ بـۆ هـەڕۆژاوێ کـەمێك نالـەبارە تـەنها ڕێگەیـەك بـە پێـچاوپێچ بـە پـشتی هەڕۆژاوێـدا تێپەڕئـەبێ، لـە لوتکـەوە ڕێگاکـە ئەکەوێتە پشتی هەڕۆژاوە و لەوێشەوە بەرەو دۆڵی قەرەداغ ئـەڕوات و بە سەرچاوەی (تلە زەیت) دا تێ ئەپەڕێ، بۆ هاتوچۆی ئەم دیو و ئـەو

دیـو و بـۆ هێنـانی دار و مـازو و بنێـشت و گـەڵا و ڕوەك و بەروبومـی دارسـتان و پێویستی یەکانی تـری جووت بـەکار دەهێنرێ...جارێك لەسـەر کەوتنمـدا بـۆ سـەرەوە پێـم هەڵخلیـسکا دەسـتم گـرت بـە دەوەنێکەوە و قاچم لە بەردێك گیرکرد باشبوو دەستم بە دەوەنەکەوە بوو چونکە بەردەکە لە ژێرپێم ترازا و بەناڵەناڵ تلۆر بووەوە تا لە چاو بڕا، دوای هەر ناڵەی ئەهات و شاخەکە دەنگی ئەدایەوە.

وتیان جارێك ولاخ بە بارە گەڵاوە کەوتووەتە خوارەوە لەو هەزار بـە هـەزارە لـەت و پـەت بـووە...گزگـل و مـازو و بنێـشتی ئـەو دارە ڕەسـەنانەی هـەڕۆژاوێ زۆر بـاش و بـە کـەڵکن (بەنەتـەق) (بەنەمـشك) کەجۆرێکـە لـە فەریکـە قـەزوان زۆر خـۆش و بەتامـە لـە وێـدا زۆرە. ...لەبەشـی بـاکوری ڕۆژئاوایـەوە سـێ گردۆلکـە لـە تـەوقی سـەری چـیاکەن. .(بەسـێ کلکـان) یـان (سـێ کلکـە) یـان (سـێ کوچـکە) ناسراون.ئەوەی ناوەراستیان قوچەکێکی ئاسویی یە بۆ بەدی کردنی مانگی یەك شەوە.

٨. قەدەغـەی بـەرداوێ) (پـاوانی بـەرداوێ): ئـەم قەدەغەیـە هـی بنەماڵەی (خاڵە شێخ عارفە) ڕووبەرەکەی زیاد لـە (٥٠) دۆنم ئـەبێت، پـڕە لـە دەوەنـی تـازە پێگەیـشتوو (بـەڕوو، گوێـژ، بـەلاڵۆك، هـەنجیر، چواڵە، زریسك کە بۆ پەرژین باشە ...) ئەم قەدەغەیە پڕە لـە گابـەردی زل زل، وەك وتمان شاخەکە داڕوخاوە و هەموو بەردەکانی کەوتونەتـە ئـەو زەوی یـە، هـەر بۆیەشـە ئـەم قەدەغەیـە کـەمێك کۆڕپەیـەو، کاتـی خۆشـی بـەر سـوتانێکی سەرتاسـەری کـەوتووە دەڵێـن گوایـە لەکاتـی شۆڕشـی شـێخی نـەمردا (شـێخ محمـود) ئـەوناوە بـەهۆی بۆردمانـی

تـەیارەوە، کـە فتیلـەی نـەوتی فڕێداوەتـە ئـەو دارسـتانە، پاوەنـەکان سوتاون، وەك دەماودەم وتراوە ئەگونجێ (ئەشکەوتی شەممە) بنکەی شۆڕشـگێڕان بووبـێ سـوارە شۆڕشـگێڕەکان لـەناو ئـەو قەدەغانـەدا بـووبن، هەرچـەندە ئـەم دەنـگ و باسـە زۆر ڕوون نـی یـە، مـن خـۆم گـاڵۆنێکی قورسـم بیـنی کـەوەکو ئاسـن وابـوو شـێوەی جلیکانـەی نـایلۆنی ئێستای هـەبوو بـە شێوە و قـەبارە، (پـیرە) ووتـی ئەمـە لـەو فتیلـە نەوتیانەیـە کـە (تـەیارەی ئینگلـیز) ئەیخـستە خـوارەوە بـۆ سـوتاندن، ئـەم قەدەغەیـە و بەشـێکی زەویـەکانی بـەردەمی و ئەستێڵەکەی و کانی گەورە هی بنەماڵەی خاڵە شێخ عارفن هەرچەندە بەخشراون بۆ کاروباری گشتی خەڵکی دێ.

٩. (قەدەغـەی قارەمـان): ئـەم قەدەغەیـە ئەکەوێتـە بـاکوری ڕۆژئاوای ئاوایی یەوە و کەوتۆتە سەروی بەرداوێ و لەسەر سنووری یـەکن، ڕووبـەری ئـەم قەدەغەیـە (٧٥دۆنم) ئـەبێ و لەقەدەغـەکانی تـر زەوی کشتوکاڵی زیاتر تیایە و تەختانی ترە، دارستانی ئەم قەدەغەیە زۆر چـڕ و پـڕە کەبریتیـە لـە (بـەڕوو، گوێـژ، بـەڵاڵوك، هـەنجیر، چواله لوسـەو بادام و گـەڵێ دەوەنـی تـر) بەڕوی ئـەم زەوی یە بەناوبانگە بە سـوورە بـەڕوو جەوتەکـەی بـە جەوتـە خڕنوکـە ناسـراوە و باشـترین جەوت و بەڕووە دارەکەشی باشترین داری دارە ڕاوو عاسەڵای جووت و بەرەیـە، بـەردەپان کـە باسمـان کـردووە ئەکەوێتـە نـاو ئـەم قەدەغەیە...ئەم قەدەغەیە بۆچی بە قارەمان ناوبراوە؟!... چونکە وەك لەسـەرەوە وتمـان سـوارە شۆڕشـگێڕەکان لـەو دارسـتانەدا بـوون و بۆردومان کراوە و ئەم ناوەی وەرگرتووە. .. بەڵام ڕای باشتریش هەیە

بۆ ئەم نازناوە چونکە لەوەئەچێ لەو مێژووە کۆنتربێ، لە (م.شێخ برهان) قەرەداغیم بیست کە خۆیی و بنەماڵەکەی بە خاڵوانی بنەماڵەکانی باخچەیی ئەزانێ، ووتی لە زەمانی شێخی نەمردا، بەڵێ بۆردمانی ئەو ناوە کراوە بەڵام شەڕی تێنەکەوتووە، هەرچی نازناوی قارەمانیشە لەڕووی ئەم دیوو ئەو دیوو واتە بە ڕووی قەرەداغ و شارەزووردا، ئەگەڕێتەوە بۆ سەر (یۆنا) کوڕی (ماری) کە منداڵێکی جوولەکەی لێقەوماوبووە لە ماڵی زەردی بەگی قەرەداغدا گەورە بووە و ناوی ناوە (قارەمان)، ئەم قارەمانە گەلێ کاری کوردانەو قارەمانانەی کردووە (وەچە دوای وەچە) موسڵمان بوون (قارەمانی یەکەم و دووەم و. ..هتد)، جاهەرچی ناوێکی قارەمانی پێوەیە لەو ناوچانەدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو قارەمانەو ئەم قەدەغەیەش لەوەوە نزیکە بۆ ئەم نازناوە بگەڕێتەوە، ئەم قەدەغەیە هی بنەماڵەی (مامە سەی علی باخچەیە)، لە ڕۆژئاوادایە و ئەکەوێتە سەر سنوری دارە ڕەش و کەمالان.

١٠. (قەدەغەی خروکاوی) یان (بەلەکای) یان بە (کەڵەکاوی ناسراوە): ئەم قەدەغەیە ئەکەوێتە بەردەم (ئەشکەوتی شەممە) لە ڕۆژئاواوە دەکەوێتە سەر سنووری دێی شەممە، کەوتۆتە خوارووی ڕۆژئاوای دێی باخچە...هەروەك قەدەغەکانی تر پڕە لە داری بەڕوو، گوێژ، بەلاڵوك، هەنجیر، چواله، بەلك، زریسك. .. قەدەغە بچکۆلەیەکی شاخ و داخ و ڕەقەن هەیە، دارستانەکەی پڕە لە ڕووەکی خڕنوك کە ڕووەکێکی سروشتی کێویلەیە، بەرەکەی بۆ صابون باشە ... جا بۆیە ناوی خڕنوکاویشی پێ ووتراوە، سوتانەکەی قەدەغەی بەرداوێ

ئەڵێن گوایە لە بۆردمانی تەیارەی ئینگلیز بە خستنەخوارەوەی ئەو گالۆنە فتیلانە کە نەوت بوون ڕوی داوە.

١١. (ئەشکەوتی شەممە و کاوەکان): ئەم ئەشکەوتە ناسراوە بە ئەشکەوتەکەی (شەمە و وێڵەکە) هەرچەند لە باخچەشەوە بەقەد شەمە نزیکە، ئەشکەوتەکە کەوتۆتە خوارووی ڕۆژئاوای باخچە و ڕۆژئاوای شەممەوە، لەناو قەدەغەکانی بەلەکاویەوە بەرەو بنار نزیکەی نیو کیلۆمەتر ئەڕۆیت کەگەیشتیتە بنار نزیکەی (٥٠٠ م) بەلاپاڵێکی دارستان و کەمێك لا لێژدا سەرئەکەوی ئەگەیتە ئەشکەوتەکە و کاوەکان، ئەشکەوتەکە ئەشکەوتێکی سروشتیە ئاسەواری دەستکاری پێوە دیارنیە ئەوەندە هەیە گەورە و قوڵە و لەچەند سەردەمدا وەك باسکراوە بنکەی چەند شۆڕشێکی کورد بووە، ئەو ئەشکەوتە جێگای شەواژۆی ئاژەڵی دێکانە لە کۆتایی زستاندا، کە شەوانە ڕانە مەڕ ئەبەن بۆ شەو لەوەڕ لە شاخ و داخ گەر بیکاتە تەرزە و باران ئەوا شوان ڕانەکە ئەکەنە ئەشکەوتەکە...بە تەنیشت ئەشکەوتەکەوە زەردە و دیوارێکی هەزار بە هەزاری بەردینی زۆر پانە کە زیاد لە (٥٠٠م) پانە و نزیکەی (١٥٠م) بەرزە.کون و درزی زۆریان تیایە کەلەو کونانەوە دەوەن شۆڕبۆتەوە کەزۆر دڵگیر و جوانن.

١٢. (زۆنگەکانی ئاودێری و نێرگزەجارەکان): لەسەر سنووری دێی گورگەچیا لە ڕۆژئاواوە و لە ڕۆژهەڵاتی دێی باخچەوە زۆنگ و نێرگزە جاڕێکی زۆر جوان و دڵگیر و پڕ لە گژوگیای بۆنخۆش و کەنێرە و نێرگز هەیە، زۆنگەکە بە هاوین ئەکرێتە گۆل بۆ ئاودانی ئاژەڵی ئاوایی (کە پاراویشی پێ ئەووترێ).

١٣. دانەوێڵە و گژوگیا و ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی و کێڵگەیی و کێویەکان:

دانەوێڵەو بەروبوم و سەوزەواتە کێویەکان: گەنم، جۆ، توتن، کاهو، کاڵەك، خەیار، .. هەرچی ڕووەکە کێویەکانیشە گرنگەکانی: گنۆر، کاردو، کنگر، پیشۆك، هەڵەکۆك، مالیونجە، کەئەمانە گیای خواردن و پزیشکین.

ئاژەڵە ماڵی و کێویەکان: ئەسپ، گوێدرێژ، مانگا و گا، مەڕوبزن، سەگ، کێویەکانیش: وەك کەرویشك، ژیژك، چالەکە، ڕێوی، گورگ، خشۆکیش هەموو جۆرەکانی مار ئێجگار زۆرن و بزن مژە (قۆڕی) ی گەورە زۆرن. .

باڵندە کێوی و ماڵیەکان: مریشك و کەڵەشێر، قەل، کۆتر و کەو، کێویەکانیش: کەو، سوێسك، بازۆڕی، خومەکەوەلە،قولتە چۆلەکەکان، کۆتر، (مێشە سی) چێرك، دووبراله[٣٣].

لە مامە (حەمەی پیرەم) بیست کە ئەیووت: لەم دارستان و شاخەدا کاتی خۆی پڵنگ و کەمتیار هەبووە، وە جارێکیش کوڕە شوانێك لە نزیك مەکۆی دزەکانەوە شمشاڵی لێداوە لەناکاو (وێز) ێك نوساوە بە ملی یەوە تا خوێنی نە نەچنیوە بەری نەداوە، ئیتر کوڕە شوانەکە مردووە، پرسیم (وێز) چۆنە ووتی سەری لە مار ئەچێ و لاشەی لە کەو ئەچێ و باڵی هەیە.پێی دەڵێن کەومار ،چەشنێك لە پڵینگیش وێزەی پێ دەڵێن.

١٤. (سنوری دێی باخچە): لە ڕۆژهەڵاتەوە دێی (گورگەچیا)...لە ڕۆژئاواوە ئەو چیایەی کە باسمان کردووە (بەرانان)

بەشی هەرۆژاویێ... لە باکورەوە دێی کەمالان و لە باشوریشەوە دێی شەممە. .. قەدەغەو دارستانەکانی باخچە ئەکەونە ڕۆژئاواو زەوی یە کشتوکاڵیەکانیش ئەکەونە رۆژهەلات و مەگەر هەندێ پارچە زەوی زۆر کەم و بچوك کەلە نزیك ئاوایی و ناو قەدەغەکاندان. .. مەڕ بەخێوکردن گرنگترین کاری خەڵکی دێی باخچەیە بەدوایدا کاری کشتوکاڵی کێڵگەی. ..

تێبینی:

شەجەرەی نەسەبی بنەماڵەکانی (باخچە) بە دەستی (مەولود تاوگۆزی) نوسراوە، ئەم بنەماڵەیە ئەچنەوە سەر سەیدی تاوگۆزی و لەوێشەوە بۆ سەر (پیرخدری شاهۆ) دوایش بۆسەر (فاتیمەی زەهرا)

جگە لەو ئاسەوارانەی کە باسمان کردون ئەمانەی خوارەوەش بەشێکی ترن لە ئاسەوارەکانی باخچە:

- گردەکەی بەرامبەری ئاوایی لە خواروی رۆژهەلاتەوە لەسەر رێگای (شەمە و شارەزور) کە دوو داری کۆنە ساڵە بە دارەکەی (پیر محمود) ناسراوە.

- گردەکەی پشتی ئاوایی بە (پشت ملە) ناسراوە.

- زەوی گەورە کە پارچە زەویەکە لە ناو زەویە کشتوکاڵیەکاندا کە باسمان کردون.

- قەدەغەی (قارەمان) م بە هی مام سید علی، (کانی گەورە) م بەهی خالە شێخ عارف ناوبردوە چونکە وام بیستون.

- بەردە کوناوی و کەللە سەرە بەردینە زەبەلاحەکەی نزیك تلەقوچ، هەروەها گولەکەو مەکۆی دارەکە هەروەها کانیەکەی

(سیاسەر) لە نزیك بەرکەل و ئەشکەوتەکان سیٚ ئاسەواری ترن لە باخچەدا.

.٣

أ. قەدەغەکەی بەرامبەر ئاوایی لە باشورەوە کە بەشیٚکە لە قەدەغەی کەڵەکاوی کە باسمان کردوە بە گردە بۆر ناسراوە.

ب. دارەکەی سەرکەل (داری میریاسی) کە باسمان کردوە بە دارەکەی (پیرداود) ناسراوە.

٤. زۆر سوپاسی کاك (شیٚخ حسینی باخچە) و کوڕەکانی دەکەم کە هەندیٚ زانیاریان لەبارەی باخچە بۆ پەیدا کردم، ناوبراو لە بنەماڵەی سید نوری کاك ئەحمەدە کە باسمان کردوەکە لە بنەماڵە ناسراوەکانی ئەم گوندەن. شیٚخ سعیدی گەورە کە باپیرەی باخچەییەکان بوە پیاویٚکی ئاینی و بەهیٚز و زانا بوە، لە شەڕیٚکی قارەمانانەدا بەسەر روسە غازییەکاندا سەرکەوتوە.

***

بەستی حەوتەم

گەشتی شارەزوور

ناوچەی وارماوا

پێشەکی گەشتەکەی وارماوا

وەك لـەلای هـەموان ڕون و ئاشـكرایە لـە دێرزەمانـەوە، هەرلـە سەردەمی عەرەب ئیسلامەوە بگرە هەتا عوسمانیەکان و فارسەکان و داگیرکاری یەکانی ئینگلیز و ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عیراق هەتا ئەمڕۆ متمانەیان لـەلای خـەڵکی گونـدەکانی کوردسـتان نەهێشتووە چونکە ئەوەندەیان بینیوە لە ژێر ناوی هەندێ ئاوەدانی و سەرژمێری و ئـەو شـتانەدا ئاکـامی خراپـی لەدواکەوتۆتـەوە بۆیـە تەنانـەت متمانەیان بە گەڕیدەیەکی خۆماڵیش نی یە کە ئەگەر لێیان بپرسی سەرژمێری و شتەکانی وەك خۆی پێ بڵێن.

هەڵبـەت منیـش لـەم كـارەدا بـۆ پرسـیارەکانم لـەو ڕووەوە زیاتـر پەنام دەبردە بەر نزیك بونەوەیەك لە شتەکان، بۆیە لە هەرگوندێك لە شێوەیەکی نزیك بوونەوەدا وەك خوارەوە ژمارەی ماڵـەکان و ژمارەی دانیشتوانم تۆمارکردون، بونی شتەکانی تریش هەڵبەت بە بینینی خۆم وەك لەباسەکەدا دیارە و لە پرسیار لـەو کەسانەی ناوم هێنناون لە باسەکەدا وەرگرتووە.

ئـەم گەشـتەم لەسـەرەتای حەفتاكانـەوە دەسـتی پێکـردو لـە کۆتایی حەفتاوسێ کۆتایی هات ئەگەرچی کەمێك لە گەشتەکە کەوتە بەهاری حەفتاوپێنج هەندێ بیرەوەری سەرەتای شەستەکانیشم بەیاد هێناوەتەوە، وە بۆ ئەم گەشتەش تەنها پشتم بە کاڵە و پێتاوی خۆم و قەڵەم و دەفتەرێك بەستووە بۆیە ڕەنگە لاوازێتی پێوە دیاربێت.

ئەم کارەشم بۆیە ئەنجامدا چونکە وەك دەیزانین مێژوو زۆرجار دوبارە دەبێتەوە لەبەرامبەر گوند و شوێنەکاندا، کەزۆرجار بەر کاولکاری دەکەوێت و زۆرجاریش بەر گەشە و پێشکەوتن دەکەوێت، منیش کەلەم مێژووەدا ئەم گەشتەم کرد بەم ناوچەیەدا کەباسم کردووە بۆ مەبەستی ئەوەیە گە ئایا لە دوا ڕۆژی نەوەیەکی تردا چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت؟ بەچاك یا خراپ؟ ئایا وەك ئێستا دەمێنێتەوە؟ ئایا کاول دەبێت ؟ ئایا گەشەدەکات؟ ئەمەیان دەدەینەوە دەست قەدەر.

وا لەخوارەوە نزیك بونەوەیەك لەژمارەی ماڵەکان و دانیشتوانی ماڵەکانی ئەم ناوچەیە تۆمار دەکەم:

- گوندی میرەدێ: ٤٠ ماڵ.
- قلـــــیجە: ٣٠ ماڵ
- کانی بەردینە (کانی کوێر): ٧ ماڵ
- ئـــــالان: ٧ ماڵ
- حـــــاسڵ: ٧٥ ماڵ
- کانی کەوەی کۆن: ٣٠ ماڵ
- کانی کەوەی چوخ: ٣٥ ماڵ
- ئاوایی شێخ حسین: ٢٠ ماڵ
- محمودخانی سەرو: ١٦ ماڵ
- محمودخانی خوارو: ١٤ ماڵ
- ئاوایی حمە عزیز: ١٢ ماڵ

- مالوانی برایم: ۹ ماڵ
- مالوانی حمەڕەشید: ۱۰ ماڵ
- تەپەکەل: ٥ ماڵ
- داری قەلان: ۱۲ ماڵ
- یەخشی حاجی دارا: ۹ ماڵ
- یەخشی حمەی عەول قایر: ۲۷ ماڵ
- زەڕایـــــــەن : ۱٥۰ ماڵ
- کانی مـــــیل: ۸ ماڵ
- بێـــــــدەن: ۱۱ ماڵ

کۆی گشتی: ۲۰ گوند ۲۹۰ ماڵ

ژمارەی دانیشتوان ۲۹۰ ۱٤٥۰ = ٥ X

- وەك لەســـــەرەوە ووتومانـــە ئەمـــە مامناوەنـــدی نزیـــك بونەوەکەیە(٣٤)

ناوچەی واماوا ناوچەیەکە دەکەوتە سەر قەڵەم ڕەوی قەزای دەربەندیخان لە سەردەمی گەشتەکەمدا سەنتەری ناوچەکەش گوندی چنارەبوو، لەکاتی خۆیدا سەر بە قەزای هەڵەبجە بووە، وارماوا دابەش دەبێت بە سێ بەشی سەرەکی یەوە، یەکەمیان دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی دەربەندیخان یاخود ڕوباری سیروان، لە سیروان و دەربەندیخانەوە دەست پێدەکات بە ناوچەیەکی نیمچە سێ گۆشەدا هەتا دەگاتە گوندی شێخەدێی سۆڵە، ئەو بەشە دەکەوێتە نێوان لە باشوورەوە چەمی دێوانە و لە باکورەوە چیای دەربەندیخان لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕوباری سیروان، گوندەکانی ئەم بەشە بە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە ئەمانەن (بانی خێڵان، دێوانە، حەسەنە کاڕێ، باوە خۆشێن، چرچە قەڵا، سۆڵە، فەقێ جنە، کانی سارد) بەشی دووەم دەکەوێتە ناوەندی ناوچەکەوە کە ئەویش شێوەی سێ گۆشەییە لە تونێلی دەربەندیخانەوە بەرەو کوردەوان تا گوندی سیارە، لە چیای دەبەندیخانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات تا گوندی بێسەڵمێن و گۆلی دەربەندیخان، گوندەکانی ئەم بەشە ئەمانەن (بیلکێ، سیارە، قاشتی [٣٥]، وازۆڵ، ئەحمەد بڕنە، عازەبان، دەق و قەڵبەزە، بێسەڵمێن ، تۆو قوت، نێرگزەجاڕ) ئەم بە شەش دەکەوێتە سێ گۆشەی نێوان لە ڕۆژئاواوە چیای دەربەندیخان، لە ڕۆژهەڵاتەوە گۆلی دەربەندیخان باکوریشی چیای بەردی گلانە.

بەشی سێهەمیش بەشی شارەزوور و ئەو ناوچەیەیە کە تەوەری باسەکەمانە، لە گوندی میرەدێ وە دەیت پێدەکات لە باشوورەوە بەرەو باکوور هەتا شێخەدێی ئاوایی شێخ حسین، لە ڕۆژئاواشەوە لە

جادەی (عەربەت / دەربەندیخان) شۆڕدەبێتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات هەتا گوندی تەپەکەل و ئەویش لە نەخشەیەکی سێ گۆشەییدا، ئەم بەشەش دەکەوێتە نێوان جادەی دەربەندیخان لە ڕۆژئاواوە ڕوبارۆچکەی تانجەرۆ لە باکورو ڕۆژهەڵاتەوە چیای بەردی گلان لە باشوورەوە، بە بۆچون و دەماودەم (وارماوا) لەوەوە هاتوە کە دەورمان ئاوە، چونکە باشوری دەکەوێتە چەمی دێوانەوە باشوری ڕۆژهەڵاتیشی ڕوباری سیروانە، ڕۆژهەڵات و باکوریشی گۆلی دەربەندیخان و ڕوبارۆچکەی تانجەرۆیە، (دەورمان ئاوە) بۆتە (وەرمان ئاوە) یان (بارام ئاوە) کە لەسەر شێوە ئاخاوتنی ناوچەکە بارام دەبیتە وارام، بۆیە ووتویانە (وارام ئاوە) لە کۆتایدا بۆتە (وارماوا) پێدەچێت ئەو ناوچەیە لەلایەن بارام ناوێکەوە بۆ یەکەم جار ئاوەدان کرابێتەوە، ئەمەشیان بۆچونی دەماودەمە.

ئێستاش گەشتەکەمان لە شارەزوور بەری بەشی وارماوادا کە بەشی سێهەمی ناوچەکەیە کە باسمان کردووە، هەڵبەتە گەشتیش ماندوبونی زۆری دەوێت، ئەو گوندانەی کە دەتوانرێت بە ماتۆڕ یاخود جار بە جار بە ئۆتۆمبیل پیایدا گوزەر بکەیت پشویەك دەدات بە ماندوبونەکەت، ئەگەر چی لەو سروشتە بەهاریەدا سود لە جوانی سروشت و ئاسەوار و کەلتور نابینی بە پیادە نەبێ، ماندو بونیش بە فیڕۆ ناڕوات، مەبەستی سەرەکیم لەم گەشتە لە بەهاری سەرەتای حەفتاکاندا زانینی ناوی گوندەکان و ناوەکانیان لە چیەوە هاتون و سەرچاوەی ئاویان و سەرچاوەی ژیانیان و هۆز و تیرەیان و کەلتور و ئاسەوارە سەرەکیەکان، زۆر بە هەژاری ئەم گەشتەم ئەنجامدا، نە

هۆکاری وێنە گرتن و نە سەرچاوە و نە پشتگیریەکی باش هەتا گەشتەکەم بە وردتر ئەنجام بدەم، دەست لە دەست و قوەت لە خوا و توانای هێز و هزرم بەم شێوەیەی خوارەوە دەستم پێکرد، ئەوەمان بیر نەچێت تاکە گوندێك کە دەکەوێتە پشتی جادەی دەربەند لە بناری گەورە قەلا کە گوندی (بێدەن)ە جگە لەم گوندە سەرجەم گوندەکان دەکەونە رۆژهەلاتی جادەکەوە.

سەرەتای گەشتەکە لە گوندی (میرەدێ) لە باشوری ناوچەکەدایە و کەوتۆتە سەر جادەی دەربەندیخان نیوان چیای بەردی گلان بەشێوەیەك کە پالی داوە بە کۆتایی بەشی ڕۆژئاوای چیای بەردی گلان، ئەو گوندە لەسەر جادەیە و حەوزو کانی یەکی تا ڕادەیەك ئاودارو سەرچاوەی ئاوی ئەو گوندەیە، چەند دۆنمێك زەوی لەبەر ئاوەکەدایە دەکرێتە کشتوکاڵ زۆرجار دەکرێتە توتن، ئاژەڵداری و کشتوکالی دێمە کار سەرچاوەی سەرەکی ئابوری گوندەکەیە، دانیشتوانی ئەو گوندە لە هۆزی (میران بەگین) کە هۆزێکی ناوداری کوردایەتین، لەگەڵ دانیشتوانی گوندی قلیجە لەیەك بەرەبابن، دانیشتوانی ئەو گوندە بە شێوە ئاخاوتنی (وارماوایی) قسە دەکەن کە شێوەیەکی تایبەتی یە، بۆ نمونە: ئەگەر بڵێن لەوێ دەڵێن (لە وێنە) ... هتد، ئەم گوندە ناوی خۆی بە خۆیەتی (میرەدێ) لە میران بەگی هاتووە، دوای تەواو کردنی ویستەکەم، ئیتر بە نیازی بەردی گلان بەڕێ کەوتم بۆ گوندی (قلیجە) بە بنارێکی بەردەلان و هەلەت و بەرز و نزمیدا کەمێکیش دورە، لەبەر ئەوە دەبێ بە ناچاری ورە بەر نەدەیت بەهێزەوە ڕێگا ببڕیت، بەلام جوانی سروشتی بەهاری شاخ و

داخ و سەوزایی و گوڵو دەوەنە تازە پێگەیشتوەکان و دەنگی جۆراوجۆری باڵندەکانی قەدپاڵ و پێدەشت هیلاکیەکەت بیر دەچێتەوە، کە سەوزاییەکان بەدەم شنەی شەماڵەوە کەرویشکە دەکەن و لەلایەکی تر دەوەنە تازە پێگەیشتوەکان بەدەم کزەباوە دەشنێنەوە فێنکیەك دەدەن بە دەرونت، کە سەرێکیش هەڵدەبڕی لە باعەی ڕانە مەڕێك لەو نزیکانە کاکەی شوانیش بەشمشاڵ دەیان لاوێنێ، منیش بە بیانوی ئاو خواردنەوە بەرەو لای ڕۆیشتم، خوا قوەتت بات کاکەی شوان، ئەویش ووتی خۆت بە خێربێیت کاکی ڕێبوارفەرموو، من دەمویست فەرموم لێ بکات بۆیە یەکسەر ڕۆیشتم. مەڕمان تازە زاوە ئەبێت پارویەك فرۆم لەگەڵ بخۆیت (فرۆ شیر یاخود ژەکی مەڕی تازە زاوە کە دەیخۆیت وەك پەنیر وایە زۆر خۆشە) منیش زۆرم پێخۆش بوو، چونکە هەرلە منداڵییەوە حەزم لە فرۆ بوو.

کەسەیرێکی پەنای گاشە بەردەکەم کرد چەند کارو بەرخێکی تازە لە دایك بوو لە ناو دەفرێکدا بوو، لە پرسیارێکمدا بۆ کاکەی شوان سەبارەت بەو کارو بەرخانە، ووتی :ناردومە بەدوای خاوەنەکانیان، ووتم: بەچیا دەزانی کامە هی کێیە؟پێکەنی!! ووتی: سەد کارو بەرخم بۆ تێکەڵ بکە هەر یەکەم جاری زەحمەتە کە بزانم هی کام مەڕەیە، ووتی: کوڕەکەم ناردووە کە خاوەنەکانیان ئاولەمە بدەن پێی وەك مژدانە (ئاولەمە هەرشتێك کە لەدەستیان بێت بیدەن بەو کەسەی کە مژدانەکە دەگەیەنێت)

دوای ئەوەی کە کاکەی شوانم بەجێهێشت، بەڕێگا لاپاڵ و باریك و بەردەلانەکەدا بەناو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکاندا ڕێگام

دەکرد بەرەو گوندی (قلیجە) سروشتە جوانەکە ڕایکێشام بەلای شعرێکدا، هەربەدەم ڕێوە بەشعرێك تابلۆیەکی دیمەنەکەم کێشا:

لەلاپاڵی ڕەنگین و جوانەوە بۆنی سوێسنە و هەڵاڵەیە
لە ڕێدا چاوشارکێی چاوی جوانی گوڵاڵەیە
بەدەم شنەی باوە کسپەی دەوەنە دێ
کەروێشکەی سەوزە گیایە لەملاشەوە بەدەم کزەی شەماڵەوە
قاسپەی کەوە لەبناری یاڵەوە
لەپێدەشتەوە چریکەو ئاوازە لە پۆڕی لاڵەوە
باعەی ڕانە مەڕە بەدەم لەوەڕەوە
کاکەی شوان دەیلاوێنێ بەدەم نەرمە نەغمەی شمشاڵەوە

– لەم کاتەدا دەنگی کەڵەشێرێك لە شعرەکەی دابڕیم و سەری پێ هەڵبڕیم بینیم لە گوندەکە نزیك بومەتەوە.

لە ڕۆخی گوندەکەدا مێرد منداڵێك لەوناوەدا گیای دەکرد بۆ کارژۆلەکانی هەلێکی باش بوو بۆ من، ڕووم تێکردوو ووتم کاکی بچکۆل نەبادا سەگێك پیامدا هەڵوەڕێ و ماڵی کاك (سعید بەگ) نازانم دەتوانی لەگەڵم بێیت ؟ لەوەڵامدا ووتی وەی بەسەرچاو، کەگەیشتینە بەرماڵ کاك سعید بەگ لەدەرگاماندا کەسێك هات بەدەممەوە کە زاوای ماڵی کاك سعید بوو وە خەڵکی گوندی کانی کەوەی (چوخ) بوو ناوی (کاکە حەمە) بوو ناسیاوێکی زۆرنزیکی خۆم بوو زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم، چونکە کاك سعید بەگ لە ماڵ نەبوو ئەو میواندارییەکی چاکی لێکردم لەدوای حەوانەوە و نان خواردن کاتی نوێژی نیوەڕۆهات پێکەوە چوین بۆ مزگەوت، مزگەوتەکە لە شوێنێکی بەرزایدابوو حەوز و ئاوێکی جوان و فراوانی هەبوو کەهەر ئەو ئاوە سەرچاوەی ئاودێری کشتوکاڵە بەراوی یەکانیان بوو کە کشتوکاڵی دێمەکاریشیان ئێجگار زۆربوو، وە بەبەخێوکردنی ئاژەڵیشەوە خەریك بوون، خەڵکی ئەم گوندە لەهۆزی میران بەگین وەك لەسەرەوە ووتمان، بێینەوە سەر مزگەوتەکە، کە دەست نوێژمان گرت بۆ نوێژکردن چوینە مزگەوت سەرم هەڵبڕی لەناو هەیوانی مزگەوتەکەدا بەسەر دەرگا سەرەکیەکەوە تابلۆیەك نوسرابوو (بنیاتینا میران بەگی باپیرمان - ڕوخا نەما تاق و هەیوان - جارێکیتر والی باپیرمان بنیاتی نایەوە - بەم شێوەیەی ئێستا هەڵیسانەوە) ئەو تابلۆ دێرینە کاریگەریەکی گەورەی لام پەیدا کرد

بۆیـه پرسـیارم کـرد، کـاك شـێخ عبداللـه ناسـراو بـه عبداللـه کـوڵ کەناسیاوێکی خۆم بوو لەوەڵامدا ووتی: ئەمە لە مێژودا ئەم مزگەوتە زۆر قەشـەنگ بـووە و مـیران بـەگ بنیـاتی نـاوە دوایـی لەسـەردەمی تورکەکاندا کە گوندەکە بەر وێرانکاری دەکەوێ جارێکی تر ئاوەدان دەکرێتـەوە، والی بـەگ جـارێکی تـر بنیـاتی دەنێتـەوە، مـەلا ڕەسـوڵ ناوێــك کەمــەلای مزگەوتەکــە بــووە لەهــەمان بنەماڵــە بــووە لــە دایانیشمانەوە بە باپیری ئێمە دەژمێردرێت ئەو شیعرەی نوسیوە، خـەڵکی ئـەم گونـدە هەرلـەدێر زەمانـەوە پلـەو پایـەی شارسـتانی و ئیـداریان هـەبووە لـەدام و دەزگاکـانی مـیردا. ئـەم گونـدە کـە پێـی دەووتـرێ (قلیجە) لەچەند ووتەیەکی دەماودەمدا وتراوە کە وشەی قلیجە وشـەیەکی تورکیـە، بـەڵام قلیجە لەتورکـەکان کۆنترە بۆیـە پێـی ووتـراوە قلیجـە، چونکە کەوتۆتـە شـوێنێکی چەپەك و پاڵی داوە بـە چیاکەوە، ووشـەی قلیج لەکوردەواریدا واتـە خێل یـان چەپەك دوورە دەست هاتووە کە ئەم واتایەیان زۆر ڕاستە بۆ ئەم گوندە.

دوای ماڵئـاوای لـە کاکەحەمـە بەڕێگاپیادەکـەدا بـەرەو بـاکور ملمـان نـا سـەرەتا یـەك ڕێگـا بـوو هـەتا گەیشتە دۆڵـی ژاڵـەکان لـەوێوە بوبە دوڕیانە، ڕێگایەکیان دەچوو بۆ کانی کـەوەی چوخ یەکێکیشیان دەچوو بۆ گوندی کانی کوێر، کاکە حەمە زۆر خوڵقی کردم کە لەگەڵی بـچم بـۆ کـانی کـەوە، بـەڵام مـن لەبـەر پێویـستی گەشـتەکەم داوای لێبوردنم لێکرد، دۆڵـە ژاڵەکە هەرچەندە جوان بوو دەتووت چەپکێك گوڵـەو لـە ئینجانەیەکـدا دانـراوە بـە گوڵەژاڵـە ڕازاوەتـەوە ئەگەرچـی دەمزانـی گوڵەژاڵـە ژەهراوییـە بـەڵام گوڵێکـی جـوان هەسـتی ڕاکێشام،

لێی نزیك بومەوە و كاكەحەمە زۆربەتوندی هاواری كرد بكشێ دواوە، وامزانی بۆ ژەهراویەكە دەڵێت، بەڵام سەیرم كرد بەردێكی تیژی ١٠ كیلۆیی بەرزكردۆتەوە هەتا هێزی تیابوو كێشای بە نزیكی شوێن پێكەی مندا سەیرم كرد ماربوو كە سێیەم جار بوو لەژیانمدا ماری واگەورەو توكن ببینم، خۆشبەختانە هێشتا مار هەر سڕبوو سەرەتایی بەهاربوو بۆیە نەیگەستم و خۆی دابوو بەر بەخۆرەكە ئیتر مارەكەمان كوشت و لێك جیا بوینەوە، ئەو بۆ كانی كەوە و من بۆ گوندی كانی كوێر، بەڵام بەدەم ڕێگاوە لەدڵی خۆمدا بەترسەوە دەموت خەریك بوو خەیاڵی ئەم گەشتەم سەرم بخوات، ئیتر لەگوندەكە، گوندی كانی بەردینە كە چوارپێیج ماڵ بوون دانیشتوانی لەهۆزی گەلاڵی بوون لەهەرەگوندە كۆنەكانی ناوچەكەیە، ئاخاوتنیان بەزمانی گەلاڵەییانەبوو بۆنمونە ئەگەر بڵێین: بۆ كوێ دەچی؟ (ئەڕای كۆرا ئەچی؟)، ئەم گوندە بە كشتوكاڵی دێمەكارەوە خەریكن لەگەڵ ئاژەڵداریدا، سەرچاوەی ئاویان كانیەكی بچكۆلە كەناوی گوندەكە خۆی بە خۆیەوەیەتی پێی دەڵێن كانی كوێر، دوای هێنانەدی مەبەستەكەم لە گوندی كانی كوێر، بەڕێگایەكی سەرەوخوار دا داكشامە خوارەوە بەرەو ڕۆژهەلات بە پیادە ڕێیەكی تەسكدا كەدەچوو بۆ گوندی (ئالان) ڕێگاكە زیاد لە دووكیلۆمەتر دەبوو، كە گەیشتمە گوندەكە، گوندێكی گەورە لەناو نیمچە دۆڵێكدا هەڵكەوتبوو، كانی و ئاوێكی تاڕادەیەك بەرفراوانی هەبوو، خەڵكی ئەم گوندە ئاوەدانە بە كشتوكاڵێكی دێمەكارو بەراوێكی بەش بەحاڵی خۆی زۆرەوە خەریك بوون، تا بڵێی ئاژەڵداریش بوون، خەڵكی ئەم

گونده لەهۆزی بەگزادەی گەلاڵی بوون، لەماڵی ناسیاوێکم لامدا بۆ حەوانەوەو وەرگرتنی هەندێ زانیاری کە ناوی محمودی حمە ئاغا بوو، بۆم دەرکەوت ئەمانە زۆردەمێك نابێت لێرەدا نیشتەجێن پێیدەچێ لەدوای نیشتەجێ بوونی کۆچەرییەوە لەدۆڵی گەلاڵەو ئالانەوە کەوتونەتە ئەم دەڤەرە.

ئەمانە لەبەرە بابی (ئینجا ئاغای گەلاڵین) کە شاعیرێکی گەورە و ناوداری ئەو هۆزە بووە، ناوی گوندەکە کەناوی (ئالانە) لەناوی دۆڵی ئالانەوە وەرگیراوە، ئەم گوندە ئەکەوێتە نزیکەی دووکیلۆمەتری گۆلی دەربەندیخانەوە کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی گوندەکە بۆیە هەندێك لەخەڵکەکەی بەڕاوە ماسی یەوە خەریکن، لەگەڵ ناسیاوەکەمدا چوین بۆ سەربەحرەکە و کەمێك سواری بەلەم بوین و ریافەتێکی ماسیشمان خوارد کە گەڕاینەوە گوند ئیتر من دوای ئامانجی مەبەستەکەم دەبێ بچم بۆ گوندی (حاسڵ) کە دەکەوێتە نزیکەی دووکیلۆمەتری ئالانەوە بەرەو باکور، گوندی حاسڵیش دەکەوێتە نیمچە دۆڵێکی بەرفراوان و گوندێکی ئاوەدان و گەورە پڕکانی و ئاوێکی تاڕادەیەك ناوداری باشی هەبوو، چواردەوری ئاوەکە بەداری بی چێنرابوو، خەڵکی ئەم گوندە سەربەهەمان هۆزی گوندی ئالانن، وەهەر لە هەمان زەمەندا لێرە نیشتەجێ بوون ناوی گوندەکەش کە حاسڵە لەدوو واتا پێکهاتووە یەکەمیان (کە نیشتەجێ بوون ووتویانە مەراممان حاسڵ بوو) دوهەمیشیان (بەڕاستی شوێنی بەروبومێکی زۆری دێمەکارو بەراوە و ئاژەڵدارییە) کە ئەمەیش لە کوردەوایدا حاسلاتی پێ ئەڵێن واتە بەروبومی زۆر.

ئەم گوندەش وەك گوندی ئالان و كانی كوێر بەشێوە ئاخاوتنی گەلاڵی زمانی ڕەسەنی باپیرانیان ئاخاوتن دەكەن، ئەم گوندە مزگەوت و بنكەی تەندروستی و قوتابخانەی سەرەتایی هەبوو،

دوایی تەواو بونی مەبەستەكەم لەم گوندەیش دەبێ بەرەو باكور بەڕێگایەكی كە هاتوچۆی سەیارەیشی تێدایە بڕۆم بۆ گوندی (كانی كەوەی كۆن) كەنزیكەی (٥ كم) لێرەوە دوورە.

هەڵبەت گەشتەكە بە پیادە زیاد سود لە سروشتەكە دەبینرێت، بەڵام هیلاكیش وات لێدەكات كە ئەگەر ئامێری هاتوچۆ دەست كەوێ جارجار بەوە گەشتەكەت تەواوكەیت بۆ كەمێك دەرچونی هیلاكیت، بۆیە پیكابێك لە گوندەكەدا بوو بەو پیكابە چووم بۆ كانی كەوەی كۆن، كە گەیشتم ڕاستەوخۆ چومە ماڵی ناسیاوێكی زۆرنزیكم كەپیاوێكی بەدین و مریدێكی بەتەمەن بوو ناوی (سۆفی كەریم) بوو، كەلە دەرگامدا خۆیی و كوڕەكەی زۆر بەسنگ فراوانیەوە پێشوازیان لێكردم كەچوومە بەرەوە هاوڕێیەكم لەوێ بوو دوای بەخێرهاتن، لەبەرئەوەی ماڵەكە ئافرەتیان نەبوو كوڕەكەی مام سۆفی قەیسی و ڕۆنێكی بۆ كردین دوای خواردنی سەرم كەوتە ئازار بە هاوەڵەكەی خۆمم وت كەئەویش ناوی (احمد) بوو، دەنكێك قەیسی لە مێشكمدا گیری خواردووە كاك احمدیش هەربەو قسەیە پێكەنی هەتا مام سۆفی ووتی دەبێ پێم بڵێن هۆی پێكەنینەكەتان چی یە؟ ئێمەش پێمان ووت و ووتمان ئەمە هەربۆگاڵتەیە ئەگینا هەر خواردنێكی ئێوە موفەڕكە مام سۆفیش ووتی دوعایەكتان بۆ دەكەم كە دەنكە قەیسی یەكە بێتە دەرەوە ئیتر بەدەم پێكەنین و خۆشی یەوە چامان خواردو

ئازارەکەی سەرم چاك بوو، مام سۆفیش ووتی دوعاکەم گیرابوو؟ کتێبێکی (بەهار و گوڵزاری) م.عبدالکریم مودەڕیسی پێشکەش کردم چونکە دەیزانی من لە خۆزیاری خوێندنەوەو دوور لەو کردارانەم کە سۆفی پێی ناخۆشە، ئەم گوندە دانیشتوانی لە هۆزی گەلاڵین و کۆنترین گوندی ناوچەکەیە، کەوتۆتە ناو دۆڵێك کە پاڵی داوە بە یاڵی کانی کەوەوە، سەرەتا ئەم گوندە هۆزێکی تریان لەگەڵدا ژیاوە کە تەرخانی بوون، دوایی ئەوان جیابونەتەوە گواستویانەتەوە ئەودیوی یاڵەکە ئەوان بوون بە کانی کەوەی (چوخ)، ئەمانیش بوون بە کانی کەوەی (کۆن).

وشەی کانی کەوەی کۆن لەوەوە هاتووە تەنیا حەوزێکی بچوکی نیمچە شین کە لە کوردەواریدا کەوەی پێدەڵێن سەرچاوەی ئاوی گوندەکەیە، گوندەکە بەوەوە ناو نراوە، هۆکاری ژیانی ئەم گوندە بەروبومی دێمەکارو بەروبومێکی زۆری بەراوە لەگەڵ ئاژەڵداری ئیتر دوای ماڵئاوای بە بناری یاڵەکەدا بەرەو کانی کەوەی چوخ کەوتمەڕێ لەگەڵ هاوەڵەکەم کەئەم دوو گوندە ئەمدیوەودیون.

دوایی ئەوەی کەلەماڵی سۆفی کەریمی ئاشنام لەگەڵ کاك ئەحمەدی هاوەڵمدا وەك لەسەرەوە باسمان کردووە لە (کانی کەوەی کۆن) ەوە بەبن گردە سروشتی یە بەرزەکەی کە گوندەکە پاڵی پێوەدابوو بەڕێگا نیوەگۆ بەردەلانیەکەدا بەرەو (کانی کەوەی چوخ) کەنزیکەی کیلۆمەترێك لەوێوە دووربوو بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێ کەوتین، سەرەتا گەیشتینە ناو نشێویەکەی کە کانیەکەی دراوی دێ، کانیەکی بەرپان و گەرماو و زەلکاو بوو کە جێگای پێویستی ئافرەتانی کانی

کەوەی چوخ بوو، لە نشێوی کانیەکە سەرکەوتین هەتا ناو کەلاوە کۆنەکان کەپێشتر ئەوێ گوندی کانی کەوەی چوخ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەسەر کانی دراوی دێدا ڕوانیویەتی بۆیە گوندەکەیان گواستۆتەوە بۆ نشێویەکەی (٢٠٠م)ێك ئەولاتر کەپاڵیداوە بەگردێکی پان و پۆڕی نیمچە بەرز کەهەندێ کەس پێیان وایە کە ئەو گردە سروشتی یەو هەندێکیشیان پێیان وایە ئاسەوارییە، کە گەیشتینە ناو ئاوایی ڕومان کردە ماڵی کاك (حەمە سەعیدی حاجی فرج) کەئاشنایەکی خۆشەویستم بوو لەوێوە کاك ئەحمەدی هاوەڵم بەرەو گوندی خۆیان خواحافیزی لێکردم و منیش چومە ماڵی کاك حمەسعید زۆر بەڕێزەوە میوانداریان لێکردم و پاش کەمێك حەوانەوە بەرەو مزگەوتە پەڕپوتەکەی گوند کە کەوتبووە لاپاڵی بەری ڕۆژئاوای گردەکە سەیرم کرد ئاوێك بۆ مزگەوتەکە ڕاکێشراوە، دوای پێویستی مزگەوت ئەو ئاوە بەبەرزی لاپاڵی گردەکەدا بەرەو بەرجۆگەیەك بۆ ئاودێری ئەوێ ڕکێشرابوو[١] بۆ کشتە بەراویەکانی زەویەکانی کانی کەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کەلە چەم و نشێویەکی زیاد لە بیست مەتر خواروتر لەوێ ئەو جۆگەیەی لێ ڕاکێشرا بوو، چەم و نشێویەکەش ناسراوە بە (چەمی چوخ) کە ئەو چەماوە لە گەورە قەڵاوە سەرچاوە دەگرێ و پێی دەووترێ زستانە چەم، چونکە هەرلە سەرپەڵەوە هەتاکو کۆتای بەختەباران ئەمە ئاوێکی زۆر بەخوڕو فراوانی پێدا تێدەپەڕێت کە هەندێجار ئەوەندە زۆرە کە بوارنادا، ئەم چەمە کەپێی دەوترێ چوخ هەندێ کەس ڕایان وایە کەناوێکی تورکیە و لە داگیرکاری عوسمانیەکاندا ئەمناوەی بەسەردا براوە، بەڵام ئەوەی

کـــه ڕاســـتی یـــه نـــاوی ئـــەم چـــەمە زۆر لـــەپێش داگیرکـــاری عوسمانیەکانیـشەوە هـەر ئـەو نـاوەی هـەبووە و نـاوێکی کـوردی ڕەسـەنە، چـونکە لـە کوردەواریـدا ئاوێـك بکەوێتـە کۆتـایی یـان ووشکهاتن پێی دەوترێ چۆقەی لێبڕاوە، ئەم چەمەیش لەبەر ئەوەی لەهاویندا ئەکەوێتە چۆڕەچۆڕ بۆیە بەتێپەڕینی دەوران بووە بە چوخ، هەرلەهەمان ناوچەی سلێمانیدا شوێنی ترمان هەیە کەناوی وایان وەرگرتووە چونکە زستانە چەمن و لە هاویندا دەکەونە چۆڕە وەك (چـەمی چـەقان لـە سیدسـادق) و (چەقـچەق لـە سەرچـنار) دا کـە ئەمانیش هەر لە چۆقەوە وەرگیراون.

کـە چـوینە مـاڵی کـاك حەمەسـعید خـاتوو تەلیعـەی خێزانـی خواردنی بۆ ئامادەکبووین و دەیووت وادەزانم کە تاقە براکەم هاتۆتە سـەردانمان[١]، دانیـشتبووین لەسـەر بانیجەکـە بەسـەر دەشـتەکانی ئەوبەردا دەیڕوانی کە ئەو دەشتانە بە چالگە ناسراو بوون کەسەیرم کرد، لە کاك حمەسعیدم پرسی ئەوانە خێڵەکین؟ لەوەڵامدا ووتی بەڵێ کۆچەری تەرخانی قەومی خۆمانن دوێنێ هاتونەتە ئەوهۆبەیە، من بەنیازبووم پێش هاتنی ئێوە بچمە خێرهاتن و سەردانیان، ووتم جا مردوو لەمە پاکتر دەشۆرێ؟ من زۆربەئاواتەوەم کە سەردانێکی ئەو خێڵەکیانە بکەم تا لە کەلتورو داب و نەریتیان شتێك وەرگرم، کاك حمەسعید ووتی جاکەواتە ئێستا ئێمە دەچین بۆهۆبەکە هەتا دێینەوە تەلیعە نیوەڕۆژەکەمان بۆئامادە دەکات، هەڵساین و ڕۆیشتین هەتا سەدمەترێك لە ڕەشماڵەکان نزیك بوینەوە سەگەکانیان ویستیان پەلامارمان بدەن بەڵام خێرا زەلامێك پاشەی لێکردن کە ئەوە

ووشـەیەکە خێڵەکیـەکان لەگـەڵ بەسـەگەکانیان ووت (پـاش) یەکسـەر لەسەر سنگ دەکەون و بە کلکە لەقەو نوزە نوز ئیتر پەلاماری کەس نـادەن چـونکە ئـەوە داب و نـەریتێکی ڕاهێـنراوە بـۆ سـەگەکانیان کـە واتـای هـاتنی دۆسـتێك دەگەیـەنێت، خـۆ ئەگـەر هـاتنی کەسـانی دژوارودوژمـن ڕویـان تێکـەن سـەگەکان یـەك (کـس) یـان بەسـە بـۆ پـەلاماری دژوارەکـان، کـە ووشـەی کـس واتـای پـەلامار بردنـی سەگەکانە، هەر لە سەرەتاوە ئەو کەلتورە ڕایکێشامە ناو کۆمەڵێ داب و نـەریتی جوانـی کـوردەواری و خێڵـەکی تـر لەبـەر هەردەوارێکـدا سێپاو مەشکە هەڵدرابوو ئافرەتێك یان دوان دەیـان ژەن ئـەوەی کـە یەك ئافرەت دەیژەن بە مەشکەکە دەوترا (بزنەوەس) ئەوەشی کە بە دووکەس دەیانژەن گەورەبوو پێیان دەووت (گاوەس) ماناکانیشیان دیـارە ئـەویان پێـستی بزنـەو ئـەویان پێـستی گایـە، لەتەنیـشتی دەوارەکانـــەوە چـــیخ لێـــدرابوو کاروبـــەرخی کۆرپـــەوبزن و مـــەڕی نەخۆشیان تێکرابوو باعەباعێکی خۆش لە ناویەوە دەهات بەوشوێنە دەوترا (کۆز)، لەنێوانی ڕەشماڵەکاندا کوڕوکچی ووردیلە بەزاق و زیق و جل و بەرگی خێڵەکیەوە یاری و چاوشارکێیان دەکرد.

کەچووینە بەرەوە دەوارێکی حەوت ستونی ماڵی سـەرۆك خێڵ و ڕیـــش ســـپی هۆزبـــوو فـــەرمومان لێکـــراو چـــوینەژورەوە مـــافور لەمبەروبـەری دەوارەکـەوە کـە دەسـتکردی جافایـەتی خۆیـان بـوو زۆر ڕەنگاڵە و جوان لبادی نەرم بەسەریاندا ڕاخرابوو بەیناوبەین سـەرینی لەپـەڕ دروسـتکراو دانرابـوو لای سـەرەوە (لالـۆ) دانیـشتبوو بەرزەپـێ هەستایە سەرپێ و بە پۆشاکی کەواو سەڵتەو پشتوێنی قۆقۆی شاڵ

لەپـشتداو مێزەرێكـی مـشكی و جامانـە تێكـەڵ كـراو بەرسـەریەوە ڕیشێكی سپی داناردانـاری جوان و جووتـێ سمێڵی بادراوی جوان لەپشتیەوە بڕنەوێكی درێـژ هەڵواسرابوو بە ستونی دەوارەكـەدا كاك حەمەسعید یەكسەر پەلاماری دەستی داو ماچی كردو لالۆش دەستی ئەوی ماچكرد كەلەكوردەواریدا دەس ماچێنی پێدەڵێن، منیش چاوم لە كاك حەمەسعید كردوو هـەروامكرد، لالۆ كاك حەمەسعید ناسی و بۆ من لێی پرسی :ئـەم كـوڕە خاسـە قـەوم خۆمانـە؟ وەڵامـی دایـەوە شناسمانەو ئەویش عەشایەرە و فەرقی نی یە هەرقەوم خۆمانە، كاك حمەسـەعی لای ئـەوان هـەر بـەئاخافتنی خێڵەكیانـە قسەی دەكـرد منیش ئەوەی دەمتوانی هەروام دەكرد، لالۆ زۆر ڕێزی لێگرتین هەركە دانیشتین خێرا ئادەی كوڕە دۆ بێرن و دۆ پێنەگەیشتبوو ماستاویان هێنا چی هێنانێك كاسەیەكی دارینـەی گەورەی سپی شەكری دیوی دەرەوەی نەخـشێنراو بـە چـاوە ماسـی و باڵنـدەی جۆراوجـۆر كەوچكێكی دارینـەی كلك پـان و درێـژ لەلكەلەلكـە كـراو كـە كۆتایـی بەسەهمێك هاتبوو ڕووەكەشی بەچاوە ماسی و ئاژەڵ نەخشێنرابوو بەدوایدا یەكسەر بانگی چای كرد چا لەسەر سینیەكی ناسكی زەردی ئـاڵتون ئـامێز، ڕیزێـك پیاڵـەی زەڕلـی و ژێرپیاڵـەی فنجـان دانرابـوو، قۆریـەكی شوشـەو سـەماوەرێكی وەرشـاوی زیـوی جـوان لەتەنیـشتی سینیەكەوەبوو، شەكردانێكی بەرز لەلكەلەلكەكراو كەبە چاوە ماسی و باڵنـدەی وورد نەخـشكرابوو، لەناوەڕاسـتی كاسـەی شـەكردانەكەدا گۆیەك هـەبوو كەسـەرەوەی پارچە ئاسنێكی پێوەبوو چەسپ كرابوو بـۆ ئـەوەی بـە شەكرشـكێن شـەكرەكەی لەسـەر بـشكێنرێت شـەكر

شکێنێکی زەردی جوان دەم تیژ و بەشی سەرەوەی دوو شاخی وەکو شاخی ئاسکی هەبوو کلکەکەشی وەك هەڵمات وابوو، دوای چا خواردن کاك حمەسعید ووتی ئێمە لە خزمەت مەرەخەس دەبین، خەریك بوو هەستین لالۆ سوێندی خوارد هەتا نیوەڕۆژە نەخۆین هەڵناسین، بەپەنجە ئاماژەی بۆ دەرەوە کرد بەرخێکی سەربڕاو بە چڵی دەوارەکەوە هەڵواسرابوو لالۆ ووتی ئەم کوڕە خاسە هەموو ڕۆژێك لای من میوان ناویٚ ئیتر چۆن ئیزنتان دەدەم، پاش کەمێك نانهات لەسەر سینیەکی قورسی گەورە و نەخشێنراو کەلە مس دروستکرابوو، ناوەڕاستی سینیەکە نانی پێدا ڕاخرابوو لەسەر نانەکەوە پلاو هەڵڕێژرابوو کەژێرەکەی پڕبوو لەنەرمە گۆشت، ڕیزێك قاپی مسی جوانیش بەشێوەی پاقلاوەیی دانرابوو گۆشت و گۆشتاوی تیابوو، هەریەك کەوچکێکی دارینی ناسکی تیابوو، هەموو شتەکان فۆلکلۆری و سەرنج ڕاکێش بوون، نان خورا، پاشان کەسێك دەست شۆرێکی هێنا کە سەرقاپێکی کونکونی لەسەربوو شوێنی سابونی لیٚ دروست کرابوو لەمس، مەسینەیەکی مسی گەورەش کە ئافتاوەیان پێدەوت پڕبوو لەئاو، کەسەکەش خاولیەکی پێبوو دەستی پێڕادەگرتین لەسەر دەست شۆرەکە بۆ شتن، پاش کەمێك چامان خواردوو پاشان هەستاین بەشێوازی ڕەوەندەکان دەست ماچێنیمان کرد و خواحافیزیمان کرد، ئەوەی شایەنی باسە ڕوم نەهات بپرسم لالۆی ڕیش سپی خێڵ ناوی چی بوو، ئیتر بە کاك حمەسعیدم ووت با بچین بۆ گردی مالوان.

لەوبـــــــــەر ڕاچین بەچین ڕەش دەوار هەڵدراوە
ڕیش سپی خێڵ لەولاوە بەبڕنەوێکی درێژەوە وەستاوە
زاق و زریقی منـــالانە لەسەر گۆڕەپانی هۆبە
قەلا قەلای کوڕ و کیژە یەك بەیەك نۆبە بەنۆبە
گەورە کچی جافە لەبەرمالان گاوەسیان هەڵداوە
شلـــــــقەی مەشکەیە هەڵواسراوە بە بەرسێپاوە
قەیرە ژنـــی خێڵـــــــە تەونی هەڵـــــواسیوە بەدارەوە
باعـــــەی ڕانە مەڕە بەدەم شمشاڵی شـــــوانی دڵدارەوە
باعە باعی کـــــــــارژۆڵەو بەرخە کۆرپەیە لە نێو کۆزەوە
گەردەتوانی لێرەدا کەلتوری ڕەسەنی خـــۆت بدۆزەرەوە

لەگـەڵ کـاك حەمەسـعید بـەرەو ڕۆژهـەلات ڕۆیـشتین نزیکـەی کیلۆمـەترێك هـەتا گەییـشتینە سـەر گـردی مـالوان کـە گردێکـی ئاسەواری کۆنە کە پێدەچێت بنەماکەی هی گۆتی و لۆلۆییەکان بێت، گردێکـی قـوت و بـەرزبوو گـەورەو بەشـی سـەرەوەی کـەمێك پـان بـوو کەچوینە سەرەوە هەموو دەڤەرەکەمان لێوە دەرکەوت چواردەوری ئەو گـردە بـە بەربەسـتێکی خـۆڵین دەورە دراوە کـە کـاتی خـۆی ئـاوی تێکراوە بۆ پارێزگاری لە دوژمن.

زۆر دیمـەنی ئاسـەواری کۆنمـان لـەوێ بینـی وەك قوڵتـە گـۆزە و شتی وا، کە گەڕاینەوە ماڵەوە خاتوو تەلیعە بە پێکەنینـەوە دەیـووت زیافەتەکـەتان پێـدەژمێرم ئێـوە خواردنتـان بـە مـن کـرد و لەماڵـی جافـەکان نیوەڕۆژەتـان خـوارد، ئێمـەش هەربـە پێکەنیەنـەوە ووتمـان

نەچووە بچێت ئێوارە دەیخۆین کەواتە ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوە، خەڵکی ئەم گوندە لەهۆزی (تەرخانی) ین ژێواری خەڵکی ئەم گوندە کشتوکاڵی دێمەکاری بەرفراوان، کشتوکاڵی بەراوی بەرفراوان و ئاژەڵدارییە، ئاسەوارەکانمان لەسەرەوە باسکردووە، دوای تەواوبوونی کە کارەکەم لە گوندی کانی کەوەی چوخ کۆتاییهات ماڵئاوایم لەماڵی کاک حەمەسعید کردوو لە بەرئەوەی کە لێرەوە دەتوانیت لە هەندێ گونددا بەماتۆڕ هاتوچۆ بکەیت منیش ماتۆڕێکم لەوناوە دانابوو پێی ڕۆیشتم، ئیتر ئەوەبوو بەجادە خۆڵینەکەی گوێ جۆگاوی مالواندا بەرەو باکور بۆ ئاوایی شێخ حسین کەنزیکەی سێ کیلۆمەتر دەبوو ڕۆیشتم و گەیشتمە گوندی ناوبراو کەگوندێکی مامناوەندییە دانیشتوانەکەی وەك بە ناوی خۆیەوە دەڵێن ئاوایی شێخ حسین چونکە ئاوایی یەکە شێخە دێیە.

ئەم ئاواییە کەوتۆتە سێگۆشەی بەری سەروی دەڤەری وارماوای شارەزوور لەسەر ڕۆخی کەندی تانجەرۆ لەسەر جۆگای مالوان سەرچاوەی ئاوی بەکارهێنانیشیان چ بۆ کاروباری ماڵ و چ بۆ کشتوکاڵ چ بۆ ئاژەڵداری ئەگەرچی هەندێکیان بیریشیان هەیە پشت بەجۆگەی مالوان و چۆمی تانجەرۆ دەبەستن.

سەرچاوەی ژیانی ئەم گوندە ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دێمەکاری بەرفراوانە بەر جۆگەشیان هەیە هەرچی بوونی ئاسەواریشە تەنها ئەوەیە کە ئەگەر بەرەو باکور نزیکەی کیلۆمەترێك بڕۆیت لەو شوێنەی کەجۆگەی مالوان لە تانجەرۆ هەلگیراوە بۆ بەرجۆگە هەرە بەرفراوانەکەی مالوان کەلە کوردەواریدا واباوە دەڵێن ئەڵێی (دەڵێن و

مـالوان)ە لـە سێگۆشـەی تانجـەرۆ و جۆگـەی مالوانـدا ئاسـەواری گونـدێکی زۆر کـۆن بـەدی دەکـرا کەخـەڵکی ئـەو گونـدە کـاتی خـۆی لوڕەکانی پشت کۆ کەلە دەست ستەمی سەفەویەکان پەرتـەوازەبوون هەنـدێکیان هاتونەتـە ئێـرە بۆیـە بەوگونـدە ووتـراوە مـالوان کەئەمـە ووشەیەکی دەماودەمە کەلە ووشەی مەلەوانانەوە وەرگیراوە، چونکە خـەڵکی ئـەو گونـدە هـەمویان مەلـەوان بـوون و لـەکاتی پێویـستدا خەڵکیان پەرانۆتـەوە لـەزۆری ئـاوی ئـەو سـەردەمەی تانجـەرۆدا ئەمـە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ووتراوە (ماڵ لە ئاوان) چونکە گوندەکە کەوتۆتە سێگۆشەی تانجەرۆ و جۆگەی مالوانەوە.

نـاوی جۆگـەی مـالوان و دەشـتە بـەراوەکانی مـالوان لـەوناوەی سـەرەوە وەرگـیراوە، خـەڵکی ئـەو گونـدە بەبـەخێوکردنی مانگـای ڕەسەنەوە خەریك بوون کەهەتا ئێستاش لە کوردەواریدا واباوە کەهەر ڕەشـە وولاخێك ڕەسـەن و چاك بێت ئـەڵێن: ئـەڵێی مانگـای مالوانـە لەکۆتایـدا بـە تێپـەڕبوونی زەمـەن ئـەو هـۆزە لـەناو خـەڵکی ناوچـەکەدا تواونەتەوە و تا ئێستاش بنەمایان لە گوندەکانی (قەرەگۆل - خاك و خۆڵ - نیسکەجۆ - داری قەلان - ساردکەو سۆیلەمیش - کەڵوڕان. بەژن و ژن خوازی لە هەندێ گوندی شارەزووردا هەن) وەچەیان ماوەو پێیان دەڵێن کەلهوڕ.

لە گەشتەکەمدا لە ماڵی کاك شێخ جەبار لام دابوو دوای تـەواو بوونـی مەبەسـتەکەم ماڵئـاوایم لێکـردن و لـە ئـاوایی شـێخ حـسینەوە بـەرەو باشـور هەربـەماتۆڕ گەڕامـەوە نزیکـەی کیلۆمـەترێك هەتـا گەیشتمە (محمود خانی سەرو محمودخانی خوارو) کە دوو گونـدی

بچوکن کاتی خۆی محمودخان ناوێك دوای نیشتەجێبوونی ڕەوەندە جافەکان ئاوەدانی کردونەتەوە ئەم دووگوندە هەردوکیان کەوتونەتە ناو چەماوێك تەنها ڕێگای پیادە ڕێی هەیە لەم گوند بۆ ئەو گوند ئەگەرچی لەیەکەوە نزیکن و لە جادەی ئاوایی شێخ حسینیشەوە نزیکن سەرچاوەی ژێواری ئەم دووگوندە لەسەر زەوی و زارێکی بەراو دەژین کەبەجۆگەیەکی سەربەخۆ ئاودێر دەکرێت بەناوی (جۆگەو بەراوی محمودخانی) سەرچاوەی بەکارهێنانی ئاویشیان هەرئەو جۆگەیەیە.

هیچ ئاسەوارێك لێرەدا بەدی ناکرێت ئەگەرچی گوندەکان کۆنیشن، محمودخانی سەرو ناسراوە بە هەلاجەکان و لە هۆزی ڕۆخزایین، هەرچی محمودخانی خواروشە ناسراوە بە گردی عەول، دانیشتوانی لە هۆزی تەرخانی و ڕۆخزایین، ئەم دوو ناوە هەلاجەکان لە پیشەی هەلاجییەوە هاتووە و گردی عەولیش لەسەر بەرزییەك عەول ناوێك یەکەم جار خانووی دروست کردووە بۆ ئەوەی ڕون بێت لەلای خەڵك ئەمانە وەچەی محمودخانییەکانی سەرەوەن کە باسمان کردووە.

ژێواری ئەم دوو گوندە لەسەر زەویە بەراوەکانی محمودخانی یە کە ئێستا بە موڵکیی بەشێکی گرێبەستی کشتوکاڵیەو بەشێکی هی بنەماڵەی حەمە نەجیمە کەلە سلێمانی دادەنیشن و بە ئیجار داویانە بە خەڵکی ئەم دوو گوندە، پێدەچێ بنەماڵەی حەمەنەجیم لە بنەماڵەی محمودخانییەکانی قەدیم بن.

ئیشەکەشم لەوێ تەواو بوو گەڕامەوە سەر ڕێگاکەو ماتۆڕەکەم

کەلەوێ بوو سواری بووم و بەرەو باشور بۆ (ئاوایی حەمە عەزین) کەوتمە ڕێ لە ماڵی خەلیفە حەمە حسن لامدا کە ئاشنام بوو، خەڵکی ئەم گوندە لەهۆزی باوەیس ناسراون گوندەکە کەوتۆتە سەر جۆگەی مالوان هەموو پێویستیەکی ژیان و ژێواریان بۆئاو لەسەر جۆگای مالوانە، ئەگەرچی لە هەندێ ماڵیشدا بیر لێدراوە، سەرچاوەی ژیانیان ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دێمەکاری و بەراوە ئەم گوندە گوندێکی تازەیە، فەرمانگەی کشتوکاڵ کە (بەناوی دوجەیلەکە دەناسرێت) لەم گوندەدایە و گوندەکە کەوتۆتە شوێنێکی تەختایی.

ئاسەوارێك لەم گوندەدا بەدی دەکرێت کەپێی دەووترێ (کۆردەرەی گەورە قەلا) کەبە زستان ئاوی پێدا دەڕوات بەتایبەت ڕۆژانی لافاو بەڵام لە کەشە ووشکەکاندا یان هەرئاوی تێدانی یە یان یەکجار کەمە.

کۆردەرە بەواتای دەرەوەی گوند کە کوێراوە[١] کەلەوێش کارەکەم تەواو بوو ماڵئاوایم کرد و هەرلەوێش سەرمدا لە ماڵی کاك ئەحمەدی هاوەڵم کەلەسەرەوە باسمان کردووە لەماڵی ئەوان ڕیش سپی گوندی مالوان میوانیان بوو کەناوی ئەحمەد ڕەشیدی ڕەمەزان بوو ئیتر سێ ئەحمەد کەوتینە یەکو بەرەو مالوانی برایم کەریم و ڕەشید ڕەمەزان بەناو ڕێگا باریك و شەغەڵ و قوڕ و قوڕاوەکەدا کە بە پێنج کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێ کەوتینە ڕێگا، هەڵبەت ماتۆڕەکەم لە دائیرەی زراعە بەجێهێشت، کەکەبەڕێگادا دەڕۆیشتین توشمان بوو بە مارێکەوە کاك ئەحمەدی هاوەڵم ووتی ئێمە چوار ئەحمەدین[٢] بزانین کاممان دەتوانین ئەومارە بگرین، دیارە مارەکە ئەجەلی هاتبوو من

کردم بە کورتەناموسی و لەپڕدا وەك هەڵۆ پڕم دایە ناوقەدی مارەکە و پێش ئەوەی بیەڵم بجولێتەوە هەڵمدا بە ئاسماندا کە مارەکە کەوت یەکسەر مرداربووەوە بەپێکەنینەوە ووتم من لە هەرچوارمان ئازاتربووم، ئیتر ڕۆیشتین تا گەیشتینە گوندەکان سەرەتا چووینە ماڵی لالۆ برایمی کەریم قوباد کەڕیش سپی مالوانی سەرووە دواتر چوینە ماڵی ئەو کاك ئەحمەدەی کەلەگەڵمانبوو (واتە ماڵی کاك ئەحمەدی ڕەشیدی ڕەمەزان ڕیش سپیی مالوانی خواروو) ئەم دوو گوندە تا ڕادەیەك تێکەڵ بەیەکن، دانیشتووەکانی لە هۆزی (گەلاڵی) ین کەسەرەوە پێیان دەووترێ گەلاڵی قوبادیەکان، خوارەوەش پێیان دەووترێ گەلاڵی پشدەریەکان.

ئەم دوو گوندە تازەن دەکەونە سەر لێواری شوێنێکی تەختایی ڕوباری تانجەرۆ، هیچ ئاسەوارێك لێرە بەدی ناکرێت، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاژەڵ و بەکارهێنانیان ڕوباری تانجەرۆیە هۆکاری ژێواریان بەشێکی بەرفراوانی زەویە بەراوەکانی مالوانە[٣] لە کوردەواریدا باوە هەچ شوێنێك بەپیت و بەرەکەت بێت دەڵێن ئەڵێی مالوانە کە دەیکەنە کشتوکاڵی بەراوی وەك (مەرەزە و لۆکە و گوڵە بەڕۆژە و توتن و کەمێکیش دانەوێڵە) هەروەها بە بەخێوکردنی ڕەشە ووڵاخەوە خەریکن کەهەمووی مانگای ڕەسەن و چاکە (مانگای مالوان) ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دایکی کاك ئەحمەد تەونێکی بەدارەوە بوو (دایە ڕەعنا) ئافرەتێکی بەسالاچوو نەخوێنەواربوو کەچی مافورەکانی کەدەیچنین تەیرو تەواڵ و تەنانەت ناوی کوڕو شتەکانی کەبۆیان دەنوسی لەسەر تەونەکە دەیچنی، تا ڕادەیەك

یەکێك لە مافورە نایابە دەسکردەکانی برا بۆ پێشانگای کارە دەسکردەکان لە بەغداد لەلایەن بەرپرسێکی زەراعەوە کەناوی فازیل علی بوو بە کەفالەتی من مافورەکەیان دایە بۆ پێشانگاکە بردی و هێنایەوە، دواتر سەرمدا لە ماڵی ناسیاوێکم کە خێزانەکەی خزمی دایکم بوو ناسیاوەکەم ناوی حاجی حەسەن بوو[٤]، کەلەم گوندانەش کارەکەم تەواو بوو بەرەو ڕۆژهەڵات بە چەم و ڕێگای زەبەند و قوڕوقوڕاودا نزیکەی سێ کیلۆمەتر بەرەو ئاوایی تەپەکەل ڕۆیشتم ڕێگاکە زۆر ناڕەحەت بوو قوڕ و قوڕاو چەم و دڕوەڵان بوو لێرەولەوێ چەقەڵم دەبینی کە لەملاولامەوە ڕایان دەکرد.

کە گەیشتمە لێواری گۆمێکی تانجەرۆ کە قامیشەڵان بوو (باڵندەی قەڕەمیلە) کەباڵندەیەکی بۆرباوە بە قیرەقیر دەخوێنن، لەقەوارەی ڕیشۆڵەدان، لە نێوانی پەلە قەڕەمەکاندا هێلانەیان کردووە و هەرلەناو قەڕەمەکاندا مێروەکان دەگرن و دەیخۆن و دەیدەن بە بەچکەکانیان هەربۆیەشە پێیان دەووترێ قەڕەمیلە، لەناو گۆم وقامیشەڵانەکەدا زۆر پارێزراون چونکە نەدەستی منال نە دەمی چەقەڵ و مار و ئەوانەیان پێدەگات، کەمێك ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندەکە، چومە لای حاجی علی گەلاڵی کە ڕیش سپی گوندەکەبوو، گوندەکە شەش حەوت ماڵ بوو کەهەموو براو مام و ئامۆزا و کەسی یەك بوون.

گوندەکە کەوتبوە ناو دەروەڵانێك لەسەر گردێکی مات کەلایەکی کەمێك کەلبوو بۆیە گوندەکە بە ناوی تەپەکەل ناودەبرا، پێدەچێت گردەکە ئاسەواری بێت.

خەڵکی ئەم گوندە لەهۆزی گەلاڵین، جۆگەو بەرئاوی تایبەتی خۆیان هەیە کە دەیکەنە مەرەزە و لۆکە کە ئاو و زەویەکان بونەتە سەرچاوەی پێویستی ژیان و ژێواریان، بە بەخێوکردنی ڕانە مەڕیشەوە خەریکن لەو گوێ چەمەدا.

ئەم گوندە خۆی لە خۆیدا بەر گۆلی دەربەندیخان دەکەوێت لە نەخشەدا، بەڵام تا ئێستا گۆلەکە نەیگرتۆتەوە ئیتر نازانرێ داهاتوی چی دەبێت، لەوێش کارەکەم تەواوبوو بەهیلاکی و کولەمەرگی گەڕامەوە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ئاوایی حەمەعزیز کەلەسەرەوە باسمانکردووە.

ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئاوایی حەمەعزیز گوندێکی تازەیەو لەلایەن پیاوێکەوە (حەمەعزیز) ی هۆزی تەرخانی باوەیس لەسەر لێواری تەخاتاییەکی جۆگەی مالواندا دایمەزراندووە[٣٦].

ئیتر لێرەوە بەرو ڕۆژئاوا بەماتۆڕ بەرەو گوندەکانی یەخشی و داری قەلان کەوتمەڕێ، کەبەمەزەندەی کیلۆمەترونیوێك لەوێوە دوورە، سەرەتا لوتت دەتەقێت بە نشێوییەکدا کەناو نشێویەکە حەوز و ئاو و زەلکاوێکە دەوری بە کۆمەڵێك دارە ڕەشی کۆنەساڵ دەورە دراوە کە مێژوویان ئەوەندە دوورە دەماودەم و پشتاوپشت دەیگێڕنەوە کە هەرهەبوون وەلەسەر ئەو دارانە هێلانەی قەلەڕەشکە و داڵ هەیە کەئەوانیش پشتاوپشت هەرهەبوون بۆیە بەم کانی و ئاوە و گوندەکە دەووترێ داری قەلان، ئەم ئاوە سەرچاوەی بەکارهێنانی خواردنەوە و ئیشی ماڵانی ئافرەتانی گوندی داری قەلان و یەخشی حاجی دارایە، هەندێك لەو نشێوی ئاوە سەردەکەوێتە سەر بەرزییەك

و دادەكـشێت بـە نـشێویەكی تـردا كـە گونـدی داری قـەلانی گرتۆتـە باوەش، لـە ناوەڕاسـتی ئـەم گونـدەدا حـەوز و ئاوێـك كـە پیـاوان وەك شوێنی نوێژ بەكاری دەهێنن.

خەڵكی ئەم گوندە بەزۆری لە هۆزی تـەرخانین ژێـواری خەڵكی ئـەم گونـدە لەسـەر ئاژەڵـداری و بەروبوومـە كشتوكاڵی یـە دێمەكانـی دەشتی باشووری گوندەكەیـە چـەند جوتیارێكیـشیان لەبـەر جۆگـەی مـالوان و یەخـشی حـاجی دارادا كـشتوكاڵی بەراویـشیان هەیـە، ئـەم گونـدە یەكێكـە لەهـەرە گونـدە كۆنـەكانی ناوچـەكە، ئـەوەی ئاسـەوارە تـەنها كـانی و دارەكانـە كـەباسمان كـردووە، لـەماڵی كـاك شێخ صـالح لامدابوو بۆ مەبەستەكەم دوای تـەواوبوونی كارەكـەم چوومە ئەوبـەری جۆگەی یەخشی یـەوە كەچـەند سـەد مـەترێك لـەوێوە دوورە و چوومە گوندی یەخشی حـاجی دارا و چوومە مـاڵی حسین حـاجی سعید كـە ناسیاوێكم بوو.

ئـەم گونـدە گونـدێكی تازەیـە و بـە نـاوی جۆگـەی یەخشی یـەوە نـاونراوە، بنیادنەرەكەیـشی حـاجی دارا بـووە بۆیـە بۆتـە یەخـشی حـاجی دارا، زەویـە بـەراو دێمـەكانی بەگزایـەی جافیـان كڕیـوە و لەسـەری نیـشتەجێ بـوون كـشتوكاڵی بـەراو و دێمـەكار و ئاژەڵـداری هۆكاری ژێواری ئەم گوندەیە، ئاوی بەكارهێنانیان بۆمـاڵان لـەكانی و زەلكاوی داری قەلانە كە باسمان كردووە، خەڵكی ئەم گوندە لـەهۆزی تەرخانین، هیچ ئاسەوارێك لەم گوندە تازەیەدا نی یە، چەمی یەخشی كە ئاوێكی مامناوەندی یە لـە گونـدی یەخـشی حەمـەی ئەوڵقادرەوە كەلـە دوو كیلۆمـەتری ڕۆژئـاواوە بەچـەم و دۆڵێكـدا یەتـەخوارەوە و

زەویــە بــەراوەکانی یەخــشی حــاجی دارا ئاودێردەکــات، کەلــەویٚ کارەکـەم تـەواو بـوو پەڕیمـەوە بـۆ داری قـەلان و بەماتۆڕەکـەم بـەرەو یەخشی حەمەی ئەوڵقادر کەلە ڕۆژئاواوە دووکیلۆمەتر لەوێوە دوورە.

گوندی یەخشی

ئـەم گونـدە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆرکـۆن کـە حمـەی ئـەوڵقادر ناوێـك شـان بەشـانی گونـدی زەڕایـەن ئـاوەدانی کردۆتـەوە، دانیـشتوانی ئـەم گونـدە لـە هـۆزی ڕۆخـزایین، بۆیـە پێـی دەووتـریٚ یەخشی چونکە چەم و ئاوەکەی لە دۆڵێکەوە سەرچاوە دەگریٚ کە بەزستان ئاوەکەی ئێجگار ساردە، یەخ (بەواتای ساردی و سەهۆڵ بەندانە شیوەکەش کە لێوەی سەرچاوە دەگرێت بۆیە ووتراوە شیوی

یەخ ئیتر بووە بە یەخشیو پاشان یەخشی ئەم گوندانەش بەو ناوەوە ناو نراون یەخشی)، سەرچاوەی ئاوی ئەم گوندە ئەو سارداوەیە کەباسمان کرد سەرچاوەی ژێواری دانیشتوانەکەی لەسەر کێڵگە ووشکە دانەکانی زەڕایەن و یەخشی کە دەیکەنە دانەوێڵەو لەسەر لەوەڕگاکانیشی ئاژەڵداری دەکەن، ئەم گوندە پاڵی داوە بە بەری باشووری ئەو گردە سروشتیانەوە کە بەری باکوری دۆڵی زەڕایەنە لەم گوندەدا چالاوی پاکژکردنی ئاژەڵ بۆ لەناوبردنی مێروە زیان بەخشەکان بە ئاژەڵ هەیە کەپێی دەووترێت (حەوزی دەرماناو)، بۆ گەشتەکەم بۆ ئەم گوندە لە ماڵی کاك ئەحمەدی ئەمین لامدابوو کەکەسێکە لە وەچەی حمەی ئەوڵقایر.

ئاسەوار لەم گوندەدا ساردا‌وەکە کە بە کەلتورێك دەژمێرێت و قەبرسانە کۆنەکەی تەنشت قەبرسانە نوێیەکەی یەخشیش هەر کەلتورێکی ترە، ئاسەواری هەرە دیاریش لەم گوندەدا گردی یەخشی یە کەدەکەوێتە ڕۆژهەلاتی گوندەکە گردێکی بەرز و پانە هاوشێوەی گردی مالوانە کەلەسەرەوە باسمان کردووە تەنانەت دیاردەکانیشی هەمان دیاردەن، کەویستم بچم بۆسەر ئەو گردە لوتم تەقی بەلوتی جەباری حەمەی حاجی قادردا کە مامۆستایەك بوو خەڵکی گوندی کانی کەوە بوو، پێکەوە چوین بۆسەر گردەکە، لەسەر گردەکە بەشێك لە پانتایی شارەزوور دەردەکەوت، ئاسەواری قولفە گۆزە و پارچە گۆزە بەدی دەکرا کە هەڵبەت ئەم گردە لە بنەرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گۆتییەکان، ئیتر لەگەڵ مامۆستا جەبار لێك بڕاین و ئەو بۆ گوندی خۆیان و منیش بەماتۆڕ بەرەو گوندی زەڕایەن ڕۆیشتم.

ئـــەم گونـــدە گونـــدێکی زۆر گەورەیـــە یەکێکـــە لـــە گونـــدە هەرەکۆنــەکانی دەڤەرەکــە کەوتۆتــە دۆڵێــك لەبــەری بــاکوری گــردی یەخشی کەباسمان کردووە، بەناوەڕاستی ئەم گوندەدا جادەی عربت دەربەندیخان تێدەپەڕێت، لە دۆڵەکەدا بەری ڕۆژئاوای گوندەکە پاڵی داوە بە بەرزاییەکانی پیرمحمەدەوە بەری ڕۆژهەڵاتیشی پاڵی داوە بە گردی یەخشی و گردی زەڕایەنەوە کە پێدەچێت ئاسەواریی بێت، لەم گونــدەدا دوکــان و چــایخانە و مزگــەوت و بنکــەی تەندروســتی و فەرمانگـەی کـشتوکاڵی و قوتابخانـە هەیـە، دانیـشتوانی ئـەم گونـدە ئەگەرچی تێکەڵاون بەڵام بەگشتی لەهۆزی ڕۆخزاین، هۆی ژێواری ئەم گونـدە کـشتوکاڵی بـەرفراوانی دێمـەکار و بـەراوە کـە بـەزۆری گـەنم و توتنـە، هەندێکیـشیان بـە ئاژەڵداریـەوە خـەریکن، نـاوی ئـەم گونـدە لـە زەڕئاینەوە هاتووە واتە پارە خۆشەویست، ئیتر بووە بە زەڕایەن، لەم گونـــدەدا ئاســـەواری پیرمحمـــد کـــەکانی و کـــۆڕە دارو مـــەزار و گۆڕستانێکی زۆر کۆنینەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکاری عـەرەب کەدەکەوێتـە بەرزاییـەکانی ڕۆژئـاوای گوندەکـە، سەرچـاوەی ئاوی ئەم گوندە کانی و زەلکاوێکی نێوان بەرزاییەکانی یەخشی و گردی زەڕایەنە، هەروەها کانی و زەلکاوە گەرماوەکەی باکوری گردی زەڕایەنــە کەئەمــەیان بــۆ کــشتوکاڵی بــەراو ســوودی لێــدەبینرێت، بۆســەردانەکەم لــە چــایخانەی عمــر لامــدابوو دوای تــەواو بوونــی ویستەکەم سەردانی ماڵی هاوەڵێکم کرد بەناوی کاك ئەحمەد ناسراو بە (ئەحەی نەجە) ئەو شەوە لە ماڵی ئەوان مامەوە پاشان بە ماتۆڕ بە جادە قیرەکەدا بەرەو باکور نزیکی کیلۆمەترێك ڕۆیشتم بەرەو گوندی

کانی میل کە گوندێکی مامناوەندییە پاڵی داوە بە بەرزاییەکانی بەری باکوری زەڕایەنەوە، دانیشتوانی ئەم گوندە بەگشتی لە هۆزی ڕۆخزاین، کاروپیشەی دانیشتوانەکەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دێمەکارە لە زەویەکانی دسکەرەدا، سەرچاوەی ئاوی ئەم گوندە کانی و حەوزێکە لە دراوی دێ کە ناسراوە بە کانی میل ناوی گوندەکەش هەر لەوەوە هاتووە، لەسەر ئەم کانیە میلێکی منارە ئاسا هەبووە کە بەرزییەکەی نزیکەی ٢م بووە ئەستوریەکەشی نزیکەی ١م بووە کە پێدەچێت لە سەردەمی داگیرکاری عرب ئەو شوێنە وەك مزگەوت بەکار هاتبێت چونکە کەرەستەی ئەو میلە و شێوازەکەی وەك بە دەماودەم دەڵێن لەشێوەی منارەکەی خورماڵ بووە، بەدەماودەم دەڵێن ئاسەواری ئەم میلە کەمێك مابووە، پاشان سەردانی ماڵی بنەماڵەی ناسیاوێکی دێرینم کرد بەناوی کاك (حمە ئەمینی ئەحمەدی شاسوار) لە گەڕانەوەمدا مریشکێك کە لەگەڵ جوجەڵەکانیدا بوو لە ترسی ماتۆڕەکە بەڕومدا هەڵفڕی خەریك بوو وەربگەڕێم، ئافرەتێك بەڕومدا هەڵگشا بەڵام کوڕێك مەردانە ئەوەی ووت کە من هیچ خەتام نەبووە پاشان بە بڕێك پارە قایلمان کرد، ئیتر پێش ئەوەی خۆم ئامادە بکەم بەرەو گوندی بێدەن کەلە بناری گەورە قەڵایە دەبێت لەباشووری زەڕایەنەوە بە پیادەڕێ ڕەقەنەکەدا بۆی سەرکەوی بەرەو نزیکەی(٦ تا ٧)کم ئیتر گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

دوای ئەوەی کە دوو ڕۆژێك لە سلێمانی حەوامەوە دوایی بەنەقڵیاتی دەربەندیخان گەڕامەوە لەسەر ڕێگاکەی گوندی بێدەن دابەزیم کەدەکەوێتە نزیکەی دوو کیلۆمەتری باشووری گوندی

زەڕایەن لەسەر جادەی گشتی لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا بەپیادە ڕێگا ڕەقەنەکەی گوندی بێدەندا بەرەو ڕۆژئاوا کەوتمە ڕێ کە نزیکەی(٥کم) ە، کاتەکەی بەهار کەمێك پیر بووبوو گوڵ و گژوگیای دەوروبەری ڕێگا گەورە بووبوو بنچکە کنگرەکان پەل و پۆیان کردبوو گەڵا دڕکاویەکانی و گۆپیتە دندانۆکەکانی بە دڕك داپۆشرابوون، سەری پەل و پۆکانیان گرتبوون، سەد مەترێك لەدووری ڕێگا باڵندە زەردیوەڵی یەکان کەلەقەوارەی پاساریەکدان باوکانەکانیان زەردەو دایکانەکانیان بۆرن، باوکانەکانیان بە دەنگێکی خۆش لەسەر تۆبزە کەرتەشیەکان دەخوێنن و دایکانەکانیش کوللەو مێرویان بە دەنوکەوەیە و دەیبەن بۆ بێچوەکانیان کە لەنێوانی پەلە کنگرەکانا هێلانەیەکی سەبەتە ئاسایە کەلە پوش و پەلاش دروست کرابوو زەڕنەقوتە لغاوە زەردەکانیان بەرەو ئاسمان بە زیکە زیك بەرز کربۆوە چاوەڕوانی خواردنیان دەکرد لە دایکیان.

کەمێك بەرەو ژوورتر بومەوە باڵندە شوان خەڵەتێنەکان کە ڕەنگیان بۆرە و لە قەوارەی (کۆترە باریکە) دان، ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە کەلە هێلانەکانیان نزیك دەبیتەوە دەتخەڵەتێنن و خۆیان دەکەن بە باڵشکاو لێرەو لەوێ پێشت دەکەون بۆئەوەی تۆ بە دوایدا بڕۆیت و هێلانەکەی بەجێبهێڵی بەو چەشنە بێچوەکانیان کەلە بنچکەکاندا لە هێلانەدان لە مەترسی ڕزگار دەکەن نهێنی ئەم سروشتە لەوەش گەورەتر بەدی دەکرێت کە ئەمە سووننەتی حەیاتی گیانەوەرانە، دوو قۆلانچە بەدی دەکەی کە بەقەد پانی دینارێکی ئاسن ڕیخی ئاژەڵیان پان کردۆتەوە و دایکانەکە کەمێك گەورە ترە لە

باوکانەکە، هێلکەکان دەکاتە سەر ڕیخەکە دوایی پان کراوەکە خردەکەن و لەبەر هەتاوەکە لە ڕەشی دا بریسکەیان دێت پاڵ بە ڕیخە خڕکراوەکەوە دەنێن تا ڕەق دەبێ و لە بنەخڕنوکێکدا دەیخەنە چاڵ و بەجێی دێڵن، هەڵبەت پاش بەینێك گەراکان دەتروکێن و ووردە ووردە ڕیخە خڕکراوەکە بە ئیفرازاتەکانیەوە نەرم دەکەنەوە و دەیخۆن تا گەورە دەبن و دێنە دەرەوە و ئەوانیش دەچنە سروشتی ڕابردووی خۆیان کەمێکی تر دەڕۆی لەمبەروبەری ڕێگاکەوە شارە مێرولەکان پانتاییەکیان تەخت کردووە و وەك خەرمانە شارەکەیان لە ژێریدایە بە چواردەوریدا چەند ڕێگەیەکی پانی دوو سانتی مەتری دەبینی کە بەرەو کێڵگەکان دەڕۆن بە دووسایتدا گروپێك دەڕۆن بۆناو کێڵگەکان و گروپێکیش دانەوێڵەیان بەشانەوەیە و بەرەو شارەکەیان دەگەڕێنەوە ئەگەر سەیری دەوروبەری شارەکە بکەی پێستی دانەوێڵەو پێستی گەراو پاشەڕۆ ووردوورد کراوە و لە چواردەوری شارەکە بەدیدەکرێ کەئەمە پیتێکی زۆر دەدات بە زەوی.

ڕێگاکە دوورە و هەڵبەتە کەمێکیش دنیا گەرمە بەلام مرۆۃ ئەوەندە ئەم سروشتی کردگارە دەبینێ هەست بە هیلاکی ناکات کە دەگەیتە گا بەردەکان کە لە زەویدا چەقیون باڵندەی بازۆڕییەکان کەلە قەوارەی پاساریدان ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە و بازوون مانای (ڕەش وسپی) کونێك لە ژێر گاشە بەردەکاندایە و هێلانەکانیان لە قولایی ئەو کونەدایە بێباکانە دێن و دەچن، چونکە دەستی هیچیان پێناگات، کەلە شاخ نزیك دەبیتەوە باڵندەکانی خوومەکەوەلا کە ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی و ڕەنگیان شین و سەوز دەنوێنێ بە قیژە قیژ

دێن و دەچن قەوارەیان بەقەد کۆترێکە و زۆر دەچوێنە توتی، کە دەگەیتە بنار دۆڵکەی ئەوبەرت هێشتا ئاوی زستاناوی تیا ماوە بەخوڕ بەرەو پێ دەشتەکان دەڕوات کە دیمەنێکی زۆر جوان و دەنگێکی زۆر خۆش تێکەڵ بە کسپەی دەوەنە کێویلەکان دەبێت بەمپێیە ئەو سروشتە دڵ گیرە بەجێی هێشتم، یان زیاتر بڵێین من ئەوانم بەجێهێشت، گەیشتمە گوندەکە گوندێکی مامناوەندییە لەکەم و زۆریدا پاڵی داوە بە چیای گەورە قەڵاوە لەبەرزیدا حەوز و ئاوێکی فراوانی سارد و سازگاری بەو بەرزییەوە هەڵکەوتووە جیاکراوەتەوە بەدوو بەش، بەشێکی بۆ کاروباری ژنان و بەشێکیشی بۆ پیاوان بۆ مزگەوتە پڕپوتەکەی گوند، دانیشتوانی ئەم گوندە لەهۆزی ڕۆخزاین، ژێواری خەڵکی ئەم گوندە بەزۆری ئاژەڵدارییەو لە دێمەکارە پێدەشتەکانیشدا دانەوێڵە دەکەن، ئاسەوار لەم گوندەدا دۆڵی بێدەن و پیرە ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی بێدەنە کە بە دۆڵ و دەربەندەکەدا بەلاڕێ لاپاڵە تەسکەکەدا بەرەو ڕۆژئاوا چەند سەد مەترێك بەرەو ژوور دەبیتەوە دەگەیتە نزیکەی کۆتایی دەربەندەکە لەوێدا دەگەیتە سەر گۆڕەپانێکی نزیکەی پێنج سەد مەتر دووجا کە دەکەوێتە بەردەمی ئەشکەوتەکەوە لەڕوی باشوور، وە دەکەوێتە سەر ڕۆخی دۆڵ و ئاوەکە لەڕووی باکورەوە ئەو دۆڵە سەرچاوەی ئەو ئاوە زستانییەی کە پێشتر باسمان کردووە، سەیری بەرامبەرت بکەی لە تەنیشتی ئەشکەوتەکەوە تاوێرەکانی بێدەن نزیکەی سەد مەترێك لەزەوییەوە بەشاخەکەدا هەڵزناون بە پانی دوو سەد مەترێك، لێرەو لەوێ بە تاوێرەکەدا دەوەنە قەزوان و هەنجیرە کێویلە بە درزەکاندا

شۆڕبونەتەوە، کونی بچوك بچوك بەدی دەکرێت لەبەرزی کە پێدەچێت هێلانەی قاژووە کێویلەکانبن، هەڵبەت قاژوو ڕەنگیان ڕەشە بەڵام ئەم قاژووە کێویلانە بۆرن بە قاژەقاژ دێن و دەچن تاوێرەکان دەنگەکانیان بە زوڵاڵی دەنگ دەدەنەوە لە درزی دەوەنەکانیشەوە هێلانە قوڵتەکان کەلەخوری و بنێشتەتاڵ دروست کراون بەو بەرزیەوە قوڵتەقوڵت دەکەن ناوی ئەم باڵندیە لە دوو شتەوە هاتووە، یەکەمیان بە قوڵتەقوڵت دەخوێنن، دووەمیان کلکیان نیە کەلە کوردەواریدا پێی دەڵێن قوڵتە، ئەم باڵندەیە جۆرێکە لە باڵندە دار کونکەرەکان، خۆراکی ئەمانە مێرووی ناو دار و بنێشتەتاڵە زۆر بە خێرایی لە تاوێرەکانەوە خۆیان هەڵدەدەن و باڵیان دەنوقێنن ئەوەندەی یەك و دوو لەچەند کیلۆمەتری ئەوبەردا دەخوێنن، ئەمانە بۆرن و لەقەبارەدا لە ڕیشۆڵە گەورەترن، لەبن تاوێرەکانیشدا هێلانەی سوچەر و چالەکەکان بەدی دەکرێت کەلەبەر پاراستنی بێچوەکانیان دەرگای هێلانەکانیان گرتووە بەشەو دێنە دەرەوە، لە کەوەلەکانی لاپاڵی دۆڵەکاندا بنچکە گەوەن بەدی دەکەی کە گەڵا و دارەکەی بۆرە و کەمێك دڕکاوییە، ڕەنگەکانیان رایزومیە کە دەڵێن لە زودا بەکارهاتووە لەگەڵ بەرە خڕنوکەدا لەباتی صابون، ئەگەر بە دۆڵەکەدا سەرکەوین بەرەو لوتکەی چیا حەوز و گۆڕستانێکی کۆنینە و کۆرەدارێك بەدی دەکەین کەئەمە شوێنێك بووە وەك نیمچە قەڵایەك لەلایەن پیاوێکی زۆرلاوازەوە کە زۆر بەجەرگ بووە بەناوی پاشا (چرچە) کەهەتا ئێستاش گوندێك لە باشووری ئەو چیایەوە بەناوی چرچە قەڵاوە ناودەبرێت کە کاتی خۆی شوێنی نیشتەجێی چرچە

بووه، ئەو حەوزو کانیە ناوی حەوزی گەورە قەلاّ بوە، هەڵبەت لە ئەشکەوتی بێدەنیش کە ئەگەر بچینە سەربانی ئەشکەوتەکە شوێنێك بەدی دەکرێت وەك شوێنێکی سەربازی ناوچەکە بوبێت لەژێر قەڵەم ڕەوی پاشا چرچەدا، بەردەمی ئەشکەوتەکە وەك لە سەرەوە باسمان کردوە گۆڕەپانێکە کەئەوەی پێوەدیارە کە بەدەست تەخت کراوە بۆ شوێنی حەوانەوە و مەشقی سەربازی بە گوێرەی مێژوو نارامسینەکان لە دەربەند فەقرە و دەربەندی بێدەنەوە هاتونەتە شارەزوور کە دەربەندی فەقرە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای بێدەنەوە نزیکەی بە پانزە کیلۆمەترێك لە هێرشەکانی گۆتییەکاندا بۆسەر نارامسینەکان لە دەربەندی بێدەنەوە (شارکاڵی) کوڕی نارامسینیان ڕاوناوە لە مێژووی نوێشدا وەك دەڵێن ئیسلام عرب هەرلەهەمان ڕێچکەی نارامسینەکان هاتونەتە شارەزوور و ئەم سەردەمە پاشای چرچە کە لەسەر ئاییینی زەردەشت بووە تێکشکاوە لەپاش بەرگریەکی زۆر. لەهەردوو دەربەندی ناوبراودا گۆڕستانە کۆنینەکان و کۆڕەدارەکانی گەورە قەلاّ لە بێدەن و پیرداود لە دەربەند فەقرە گەواهی ئەو بەرگریە دەدەن.

بێینەوە ئەشکەوتی بێدەن کە ئەم ئەشکەوتە پانی دەرگاکەی نزیکەی دە مەتر دەبێت، بەرزییەکەی نزیکەی پانزە مەتر دەبێت، قوڵی یەکەی لە پەنجا مەتر زیاترە لە دەرگاکەوە تا دەچینە بنی ئەشکەوتەکە وورد‌ە ووردە ئەشکەوتەکە باریك دەبێتەوە و ناوەکەی تا بەرەو قولایی بڕوات بەرەبەرە بەرزتر دەبێتەوە لە بنی بنەوە لەشوێنێکدا لەلای ڕاستی بدەی تەپەی دێت بەلاّم لەلای چەپی

زرنگەی دێت، کە بە دەماودەم دەڵێن ئەم ئەشکەوتە بەلای چەپیدا زۆر قوڵتر دەڕوات بۆ ناو شاخەکە، بەڵام پێدەچێت ئەو تاوێرە خزابێتە بەردەم دەرگاکەی ئەوبەر و ناو ئەشکەوتەکە پێدەچێت کە ئەو دوژمنانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە پڕیان کردبێتەوە، چونکە خۆڵەکەی ناوی زۆر شی یە و ئەو بەردانەی کە تیایەتی جێگیرنین.

ڕاستە مێژوو خول دەخواتەوە ئەم ئەشکەوتە لەشەستەکانی سەدەی بیست بارەگاو بنکەی لقی بێدەن و ئیدارەی ڕێخستنەکانی وارماوابوو هەرچۆن لە مێژوودا بارەگا بووە وەك لەسەرەوە باسمان کردووە، بەندە وەك پێشمەرگەیەکی بەشی ڕێکخستن لەگەڵ پێشمەرگەیەك بەناوی عەریف برایم مامۆستای مەشقی پێشمەرگەکان بوو، داوامان لەسەروی خۆمان کرد کە ئەو پێشمەرگانەی لەپشوودان و بە هاریکاری لاوانی گوندەکان ناو ئەشکەوتەکە تەخت و ڕێك کەینەوە، ئەوەبوو داواکەمان وەرگیراو دەست بەکار بووین ناو ئەشکەوتەکەمان کرد بە سێ بەشەوە وەك پلیکانە یان وەك تەلان سێ ژورمان لێ دروست کرد و ئیتر شوێنی حەوانەوەی زۆر خۆش و ئاسان بوو، ئەوەی شایەنی باسە هەر تەلانەی بە چەند پلیکانەیەك بۆی سەردەکەوتی زیاد لە مەترێك، ئەمە یادەوەریەکی لەمەو پێشی پێشمەرگایەتیمە کەلەم گەشتەدا لەم چەند دێڕەدا بەسەرم کردەوە تا نوسینی ئەم چەند دێڕەش ئاسەواری ئەو چاککردن و ڕێکخستنەی پێوە دیارە وەك یادگارێکی ئەوکاتەی پێشمەرگایەتیم .ئیتر بزانین قەدەر چی بەسەر ئەم ئەشکەوتەو ئەم بارودۆخە بەچاك یان خراپ دێنێت، ئەوە ماوە بڵێین ناوی بێدەن لە چی یەوە هاتووە، بێدەن واتە

بێدەنگ، چونکە هەموو تاوێرو ئەشکەوتەکان بە دەنگێك زۆر دەنگ دەدەنەوە بەڵام ئێرە دەنگ دانەوەی کەمە، هەروەها ئەم گوندە کەوتۆتە شوێنێکی بێدەنگ و چەپەوە بۆیە بە بێدەن ناودەبرێت،

تێبینی: لە گەشتەکەمدا ئەم دابونەریتانەی لای خوارەوەم لە چەند گوندێکدا بەدی کرد:

١. لە گوندی کانی کەوەی کۆن، رۆژێك شایی و زەماوەندێکی زۆر قەشەنگم بینی کە بە شمشاڵ و گۆرانی و رەش بەڵەك، سێ چین دەست گیرابوو، کچ و کوڕی گوندەکەو گوندەکانی دەوروبەر بە جل و بەرگی ئاڵ و والاو هەندێك کەمەرەو هەیاسەو نەریتی کوردەواری بە کچەکانەوە دەبینرا، کورەکانیش جل و بەرگی کوردی رەسەن و هەندێکیان خەنجەر و دەمانچەو بە قەدیانەوە دەبینرا، پیاو ماقوڵانی گوند و ئافرەتە سەرەکان خەریکی خزمەت گوزاری بوون، سێ ڕیزە دەوار هەڵدرابوو، لەناو دەوارەکاندا راخەرو سەرین دانرابوو میوانی گوندەکانی دەوروبەر بەریز دانیشتبون، لە یاڵەکەی بەرامبەردا نیشانەیان نابۆوە، لەبەر ماڵی زاوادا مەنجەڵی گەورە گەورە شلەو پلاو و گۆشت لەسەر ئاگر بوو، لەو کاتەی بوکیان دەهێنا لە گوندێکی ترەوە بە سواری ئەسپ لەدوای کەژاوەی بوکەکەوە غارغارێن و تەقە دەکرا. پیاوێك جڵەوی ئەسپەکەی بوکی رادەکێشا پێیان دەوت برا زاوا، ژنێکی بە ئەزمون بە سواری ئەسپێکەوە لە تەنیشتی بوکەوە دەرۆیشت و کولیچەی دابەش دەکرد بەسەر سوارەکاندا، جل و بەرگێکی قەشەنگی لەبەردابوو، پوشینێکی ئاوریشمی گەورەی

بەسەرەوە بوو پێیان دەوت پیێ خەسوو، ئا لەو کاتەدا یەکێك لە سوارەکان بە کلاشینکۆفێکەوە تەقەی دەکرد تفەنگەکەی بەرەو خوار بۆوە خەریك بوو بەر سەری ئەسپەکەی بکەویێ و خەریك بوو ریزێکیش بەناو خەڵکەکەدا بکات بەڵام ئەژنۆی ئەسپەکەی کەوتە زەوی و کۆنترۆڵی خۆی کردوو هەموو گوللەکانی نا بە زەوی بەردەمی خۆیەوەبەلاّم زەرد هەڵگەڕاو بیێ تاقەت بوو لە شەرما و لە ترسی ئەوەی کەسێکی پێکابیێ، بۆیە دایان گرت و دڵخۆشیان دایەوە، شایی و زەماوەندەکە گەرم بۆوە، بوك گەیشتەوە بەر ماڵی زاوا، زاوا لەسەر بەرزیەکەوە بە قامیشێك دەیکێشا بە سەری بوکەکەدا بە هێواشی کەسوکاریان نوقڵ و پارەی وردەیان هەڵدەدا بەسەریاندا بۆ منداڵان، شاییەکی زۆر قەشەنگ بوو لە ژیانمدا یەك جاری تر بە منداڵی شاییەکی تری وا قەشەنگم بینی بوو لە گوندی بێستانسور کە (عومەری فەقیێ علی) کچە شێخێکی ووجاخ زادەی خواستبوو.

٢. لە گوندی کانی کەوەی چووخ رۆژێك لەویێ بووم ئافرەتێکی وجاخ زادە کۆچی دوایی کردبوو، خەڵکی گوندەکەو دەوروبەریش لە ناسیاو و خزمان کۆبوبونەوە، پیاوان بانگیان هەڵدەدا بە گریانەوە، ئافرەتانیش بەدەم لاواندنەوەوە قوڕیان دابوو بەسەرو مێزەرەکانیانەوە، کاروباری جەنازەکەیان ڕێکدەخست بە دابونەریتێکی کوردەواریانە کە گەیشتە ئەوەی بیبەن بۆ سەر قەبران، پیاوی دەوروبەرو لەگەڵ هەندیێ ئافرەتی نزیك بە مردوەکە بە سواری ولاّخ بە پیادە جەنازەکەیان بەسەر شانەوە گرتبوو، هەڵیان گرت و بردیان، پرسیم: بۆ کویێ ی دەبەن؟ ووتیان: بۆ گوندی ئەحمەد بڕنە

که گوندێکه دەکەوێته دیوی باشوری چیای بەردی گلان که باسمان کردوە، کانی کەوە لە روی باکورەوە بەرەو ئەوێ زیاد لە ٢٥ کیلۆمەتر جگە لەوەی کە بە چیاکەدا ڕێگاکە هەڵدەزنا تا دەچویتە ئەودیو لەوێ مـــەزارێکی لێبـــوو مـــەزاری ئیمـــام ئەحمـــەد مـــردووە ناودارەکانـــی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بۆ گۆڕستانی ئەو مەزارە دەبرا، منیش کە چوبوم لـە گـەڵیان لـە نـاو مەزارەکـەدا سـێ بـەردم بینـی کـە بـەبێ هیچ جیاوازیەك لە هەموو رویەکەوە سێ کاڵەك بوون، پرسیم ئەمە چی یە؟ لەوەلاّمـدا بیـستم کـە کـاتی خـۆی زیوانـی ئـەو مـەزارە لـە تەنیـشتی گۆرستانەکەوەبێستانێکی کاڵکی هەبوە، شەوان بەجێ ی هێشتوە بە بـێ بـاکی داویەتیـە دەسـت مەزارەکـە بـە ووتـەی ئەوانـەی کـە بیـستم لێیـان، شـەو لـە ناوێـك کابرایـەکی فـەقیر حـاڵ ووتویـەتی فرسـەتە ئـەو بێـستانە کەسـی بـە دیـارەوە نیـە دەچـم بارێـك کاڵـەکی لێ دەبـەم و دەیفرۆشم، کە لە کاڵەك رنین لێدەبێتەوە دەیەوێت لـە گـوێ درێژەکـەی بار بکات دەستی گوێ درێژەکەی وشك دەبێت و قاچـی خـۆشی وشـك دەبێت ئیتر پاڵ دەدات بە بارە کاڵەکەکەوە خۆی دەداتە دەست قەدەر، ئەو سێ کاڵەکەی کە دایناوە بە جیا بیباتـەوە بـۆ منداڵـەکانی دەبێتـە بەرد.بەیانی کە خاوەنی بێستان کارەساتەکە دەبینێت تێدەگات ئیـتر کاڵەکە بەردینەکان دەخاتە مەزارەکەوە و دوو رکات نوێـژ دەکـات و لـە خوا دەپارێتەوە کە کابرا و گوێ درێژەکـەی چاك ببنـەوە و کاڵکەکـەی بۆ بار دەکاو بەڕێ ی دەکات.

٣. رۆژێك لە گوندی (محمود خانی) چومە ناو کۆڕی زیکرێکـی دەروێـشانی (تەریقـەتی شـێخی سـۆڵە) کـە دێوانـە عـەباس ناوێـك

پیاوێکی دێوانەو شپرزە بوو، زۆر بە قولایی بە یەقیندا ڕۆچوبوو شمشێرێك و دەستەسڕێکی سوری گەورەی لە ملدا بووئەم دێوانەیە لە کاروباری موریدەکاندا دەسەلاتی شێخی هەبوو هەرچی بیویستایەدەیکردو دەیوت، لە ناو دەروێش و موریدەکانیدا، دەرۆیشەکان بە تەپڵ و دەف زکری جۆراوجۆریان دەکرد، دەروێشێکی گەنجباوم بینی بەردی بەقەدەر گوێزێکی قوت دەدابەڕوی دەروێشەکانی هاوڕێیدا دەیهاویشت و راوی دەنان، یەکێکی ترم بینی تەزبیحێکی قوت دەداو دەری دەهێنایەوە بە ساغی. دوو دەروێشم بینی ژن و پیاوێکی بە تەمەن بە دەم حاڵچ لێهاتنەوە بە کوتەکە سورەکانی دەستیانەوە شەڕە شیریان دەکردو سەرنجی خەڵکیان ڕادەکێشا.مامۆستای گوندی حەمە عزیز لەوێ بوو پێکەوە کوڕەکەمان بەجێ هێشت مامۆستاکە دەستی مۆسیقای هەبوو پێی ووتم کە ئەو تەپڵ و دەفە ئەوان زۆر بە هونەرێکی مۆیسقی دەیژەنن، لەسەر زانستی خۆی کە من هیچم لێ نەدەزانی ئەو ووتی ئەوە بە نۆتەی موسیقیی لێیدەدەن.

٤. ڕۆژێك هەر لە کانی کەوەی کۆن لەگەڵ کوڕێکی گەنج هاوتەمەنی ئەو سەردەمەی خۆم دا کە خوێندەوار بوو، هاوڕێیەتیەکی کاتیمان پێك هێنا ئەویش ناوی ئەحمەد بوو پێی ووتم حەز دەکەم بچینە ماڵی خۆمان لای باوکم کە پیاوێکی پیرە ناوی (حاجی عزیز گەلاڵی) چایەك دەخۆین، کە باسی پیرە باوکەکەی کرد زۆر حەزم کرد چونکە دەمزانی هەندێك زانیاری کۆن و فۆلکلۆری لێ وەردەگرم، کە چومە خزمەتی بە شێوە زارەکی گەلاڵەییانە دەئاخاوت وەك بڵێین

دەیوت (لە کۆرە را تەشریفت هاورد)؟ کەوتمە پرسیار لە مام حاجی بۆ بیستنی هەر شتێك کە بیزانێت، لە وەڵامدا بە شێوە زاری خۆی فەرموی: من گەنج بوم کە باوکم چوو بوو بۆ حەج ناوی (حاجی ئەمین گەلاڵی) بوو ماوەیەکی زۆر دیار نەما چونکە ئەو کاتە خەڵك بۆ حەج بە کاروان دەچوو، لەوە بوو دەستی لێ بشۆین لەناکاو گەڕایەوە جوتێ سۆڵی سوری ئەو عەرەبستانەی لە پێدابوو جبەو عەبایەکی عەرەبی بەشانەوە بوو پێی وتین کە لە حەج خەوی بینیوە کە دەبێتە (حەکیمێکی میلی) لە کارێکی دروستیشدا گیانی دەبەخشێت، بۆیە دەستی کرد بە گرتنەوەی هەموو شێوەکانی شکانی ئێسقان لەهەموو جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵدا، بۆ نمونە جارێك ئافرەتێك لە پەیژە کەوتبوە خوارەوە سمتی دەرچووبوو کە ئەو کاتە زۆر عار بوو کەس بچێت بە دەوری ئافرەتدا، ئافرەتەکە پەکی کەوتبوو، کە حاجی بیستی وتی هەرچۆنێك بێت بیگەیەننە دەستم کە هێنایان وتی ئەسپێك سێ شەو و سێ رۆژ لەبەر هەتاو راگرن و بیبەستنەوە و چاوی ببەستن، ئەو کارەیان کرد، لەپاش سێ رۆژەکە هەرچۆنێك بوو ئافرەتەکەیان لە ئەسپە تینو برسیەکە سوار کرد، هەرچەند قاوقیژی کرد هەردوو قاچیان لەژێر سکی ئەسپەکەوە بەست بەیەکەوە، لە سەریشەوە قایم بە ئەسپەکەوە بەستیان، ئیتر ووتی دوو تەشتی زۆر گەورە یەکێکیان ئالف و یەکێکیان ئاو لە دوری گوریسێك لەبەردەم ئەسپەکەوە دابنێن و لەپڕ ئەسپەکە بەر بدەن و چاوی بکەنەوە، لەخۆشی ئاو و ئالیکەکە پەلامار دەدات، ئەوجا دەبینن چی رودەدات، کە ئەسپەکە هەموو ئاوەکەی هەڵ لوشی سکی بەر بوەوە ئینجا پەلاماری ئالیکەکەی دا

سمتی ژنەکە رەویەوە و بەقەد بەردێك بدەی بە بەردێکدا تەقەی بێت ئاوا سمتی تەقی ئیتر ووتی لێی گەڕێن تا تۆزێك ئارەق دەکاو بە هێواشی دایگرن با لێرە دوو رۆژ ئیسراحەت بکات دوایی بە پێی خۆی دەگەڕێتەوە، چۆنی ووتبوو وا دەرچووبوو.

جارێکیش ئەسپێکی زۆر رەسەنی کابرایەکی ناودار لە غاردا کەوتبوو سمتی دەرچووبوو کابراکە ئەسپەکەی زۆر خۆشدەویست بەڵام نەیدەزانی چی لێبکا، حاجی ئەمین کە دەبیستێت ئەڵێ بیگەیەننە دەستم، کە دەیهێنن ئەڵێ پێ خوێیەك قوری گەورەم بە ماوەی شەو و رۆژێك بۆ بشێلن، کە ئەوە دەکەن دەڵێ ئەسپەکەم بۆ راگرن و چاوی ببەستن و قایم بۆم بگرن نەجوڵێت، بە بەرزی دوو باڵ و پانی دوو باڵ بە چوارگۆشەیی یان هەر چۆنێك بێت بە چواردەوری ئەسپەکە چین بنێن ئیتر دوو رۆژ ئالیك و ئاوی لێ بگرنەوە لەبەر هەتاو لەناو قورەکەدا، پاشان لە دوری سێ گوریس لەبەردەمی ئەسپەکەدا ئالیك و ئاو دابنێن و لە پڕ بەری بدەن و چاوی بکەنەوە، لە تونێتی و گەرماو برسێتیدا خۆی رادەپسکێنێت بچێت بۆ ئاوەکە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە سمتی دەرچوە لەپڕ خۆی لە قورە خەستەکە رادەپسکێنێ پەلاماری ئالیك و ئاوەکە دەدات، بەم خۆراپسکانی سمتی بەقەد دوو بەردی گەورە بدەی بەیکدا تەقی و سمتی چۆیەوە شوێنی خۆی، دوای پێی وتین لەبەر سێبەرێك جاجمێکی گەورەی پیا بدەن بۆ ئەوەی مێش و مەگەز پێوەی نەنیشێت و قاچ بدات بە ئەرزدا. هەتا دوو رۆژ ئەسپەکە ئیسراحەتی کرد و بە پێی خۆی بردیانەوە. ئەمە نمونەیەك بوو لە چەندان نمونەی لەو جۆرە لە حەکیمیەوە،

لەروی کارە خێرەکەیشەوە، لە جەنگی جیهانی یەکەم روس هاتونەتە ناوچەی پێنجوین کاری زۆر قێزەونیان بەرامبەر بە خەڵکی بێ دەسەڵاتی کورد ئەنجام دەدا، بۆیە خەڵکیش کەوتونەتە جەنگ لەگەڵیاندا کە پێیان وتوە غەزای روس، حاجی ئەمین سەرکردەی هۆزەکەی خۆی کردوە، لەو جەنگەدا شەهید بوە، خەوەکانی هاتەدی، ئێستاش گۆڕەکەی لە ناوچەی شلێرو ناوخوان کە تا ئەم دواییەش ئەناسرایەوە.

***

بەستی نۆیەم

ناوچەی تانجەرۆ لەڕووی مێژووییەوە

لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی دەربارە بە شارەزوور و
ناوچەی تانجەرۆ و عەربەت

پێشەکی:

لەبەر گرنگی ناوچەکە، لەڕووی مێژووی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی یەوە بە پێویستم زانی کورتەباسێکی لەسەر بنوسم، بۆئەم مەبەستەش گشت دێهات و شوێنەوار و ڕێگاکان و چەم و ئاوەکانی ناوچەکە گەڕام.

لەڕووی جوگرافی و داب و نەریت ..کەبۆ بابەتەکە بشێ کۆمکردەوە و داواشم لە کەسانی شارەزاکرد لەم بوارەدا چی دەزانن یاریدەم بدەن، وە لە پرسیار لە پیرەکان و شتەدەماودەمەکان زۆرم کۆکردەوە، دوایش کەوتمە پشکنینی نوسراوەکان کە لەسەر شارەزوور و ناوچەی تانجەرۆ بوون، چیم توانی وەرم گرت و کردمە سەرچاوە بۆ باسەکە.ناوچەی شارەزوور بەگشتی و ناوچەی تانجەرۆ بەتایبەتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا تیشکێکی دەخەمەسەر:

١. پێناسەی ناوچەکە لەڕووی مێژووییەوە: ناوچەی (عەربەت)، (تانجەرۆ) لەناوچەکانی دەڤەری شارەزوور سەربە قەزای مەرکەزە لەپارێزگای سلێمانی، ناوچەی (عەربەت) (ناحیە) بەناوچەی (تانجەرۆ) ناسراوە بەو سۆرخەوە کە روبارۆچکەی تانجەرۆ بەناوەڕاستی ناوچەکەدا کشاوە، ئەم ناوچانە لە دێرزەمانەوە جێگای دیاریان هەبووە لە ئاستی مێژوودا، لەڕووی شارستانیەوە لە دەڤەری شارەزووردا، وە شارەزوور بەگشتی هەر لەسەردەمی (لۆلۆ) یەکانەوە بگرە، نیشتەجێی فەرمانڕەوایی (زاموا) بووە هەتا دەگاتە ئەو سەردەمەی کە ناوچەی (نامرۆ) ناودەبرا، وەهەتا دامەزراندنی فەرمانڕەوایی شارەزوور و هەتا سەردەمی حکومڕانی ئیماراتەکانی

(٣٧) ئەم ناوچەیە هەردەم خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بووە هەتا دوای شەڕی (چاڵدێران) و پەیمانی (سعد اباد). هەر بەسەربەستی و بوونی گیانی سەربەخۆیی پاراستووە، لەوەش بەدواوە ناوچەکە بەسەربەرزی ژیاوە و مل کەچی قبوڵ نەکردووە.

٢. ناوچەی (شارەزوور) و (تانجەرۆ) لەڕوی مێژوویی یەوە: کاتێك کە شارەزوور وەك دەوڵەتێك فەرمانڕەوا بووە لەسەردەمی گۆتی و لۆلۆییەکان دا بەناوی دەوڵەتی (زاموا) پایتەختی ئەم فەرمانڕەوایی یە لەوگردەدا نیشتەجێ بووە کە ئێستا پێی ئەڵێن (یاسین تەپە) یەکەم پاشای (زاموا) ناوی (ئەتیلا) بووە، ئەم گردە دەکەوێتە سەر ڕۆخی روبارۆچکەی تانجەرۆ لەلای گوندی (خاك و خۆڵ) ەوە کەلەباشوری گوندی (بێستان سوور) ەوەیە.

أ . پێدەچێ کاتی خۆی گردی یاسین تەپە ناوی (ساموا) بوبێ کە ناوێك بووە لە ناوەکانی شارەزووری کۆن، زۆرجار بەر هێرشی دوژمنان و داگیرکەران کەوتووە، دووجار (نارامسین) و کوڕەکەی کەناوی (شار گشتی شار) بوە و بەناوی کوردەوە ناوی نابوو واتە (پاشای پاشایان) ئەم ناوچەیان وێران کردووە (سندۆر) (سنۆفی) کەپاشای ناوچەکەبوو کوشتویانە، ئاشوریەکانیش چەندجار کاولیان کردووە، هەروەها ئەسکەندەری گەورە، تورکە ئەتابەگی (ئۆزبەگی) یەکان، ئێرانیەکان، مەغۆلەکان،خەواریجەکان تورکە بیزەنتیەکان، قزڵباشی عوسمانیەکان چەندین جار پەلاماریان داوە و کاولیان کردووە، عوسمانیەکان ناوی ئەم گردەیان گۆڕیوە بۆ ئەم ناوەی ئێستای (یاسین تەپە) وەك بە دەماودەم بیستومە دەڵێن

ئەم گردە لەدوای ئەوەی کە ناوی (ساموا) بوە بە سۆرخی خوشك و برایەکەوە، کە ناویان (یاسین و تەمین) بووە لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەوا بوون (یاسین) لە یاسین تەپە دانیشتووە، تەمین لە گردی (سەراکۆن) کە دەکەوێتە (گوندی بێستان سوور) کە عوسمانیەکان دەستیان گرتووە بەسەر ناوچەکەدا ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ (یاسین تەپە) لەناوی (یاسین تەمین) ەوە [38].

ب. گردی (عەربەت) لە کاتێکا لەناوچەی شارەزووردا دوو هۆز ژیاون هۆزێکیان (بت) پەرستبووە و هۆزێك (ئاگر) پەرست، زۆرجار ئەم دوو هۆزە کێشەو ئاژاوەی ئاینی و کۆمەلایەتی کەوتۆتە نێوانیان، بەلام لەناوچەی (کارداخ) کە ناوچەی قەرەداخی ئێستاکە بووە، کە بەمانای وولاتی کوردان دێت، هۆزێك هەبووە لەسەر ئاینی مەسیح (د.خ) بوون، سەرۆکی ئەم هۆزە کەناوی (قەشە کەیباب/مار کەیباب) بووە پیاوێکی نیشتمانی و دلسۆز بووە، هاتۆتە سەر گردی عەربەت پەیکەرە بتێکی دروست کردووە کەناوەکەی (کورە) بوە و ئاگری تێدا کردۆتەوە هەردوو هۆزی ئاگر پەرست و بت پەرستەکەی بانگ کردووە کە (تقوس) ە ئاینی کۆمەلایەتی یەکانیان ئەنجام دەدەن و پێی وتون ئەوە (بت) ئەوەش (ئاگر) ئیتر واز لە شەڕو شۆڕ و کێشە بێنن و پێکەوە یادەکانتان بکەنەوە بەم شێوەیە گیروگرفتەکان چارەسەر بوون لەوڕۆژەوە ئەو گردە بووە بە گردی (ئاروبت) / (ئاگروبت) دواتر لەسەر زمان کورت کراوەتەوە بووە بە (ئەربت) ئەم شارۆچکەیەش هەرلەو سۆرخەوە ئەم ناوەی وەرگرتووە، کە ئێستا بووە بە عەربەت دوای هاتنی عەرەب / ئیسلام.

ج. روبارۆچـکەی تانجـەرۆ نـاوە کۆنەکـەی و ڕیـشەی ناوچـەی تانجەرۆ: ئەڵێن کاتێك ئەم نەهرە لەسەردەمی (لۆلۆ)ی یەکاندا بەناوی (سـاموا) نـاوبراوە دواتـر بـە (نـامڕو) بـەناوی ناوچـەی (نامـار) ەوە کەسـنوری ناوچـەی نامـار لـە بـاکورەوە زنجـیرە چیاکانی ئـارارات لـە باشـوورەوە نزیـك سـنوری خانـەقینی ئێـستا لـەلای (شکـسیدان) واتـە شـەمیران و کێوەکـانی پـشکۆ، پـشت کـۆ، پـشتەی شـاخ واتـە بـەمۆی ئێـستا هـەتا سـنوری (عیـلام) خـواروی مەنـدەلی.. وە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە چیاکانی (ڕێزو) (ڕێژۆ) کە ناوچەی هەورامانە ئەو سنورە درێژبۆتـەوە تا (ئەکپاتان هەمەدان) ی ئێستا وە لە ڕۆژئاوایشەوە زنجیرەچیاکانی (کەمەرزەنـد) یـان (زەردە کەمــەر) کـە چـیای بـەرانان و گڵـەزەردی ئێستایە هەندێ جار ئەم سنورە هەتا (ئەربەئیلۆ/ئەربیل) وە (ئاراینا/ کـەرکوك) و چیای (حـەزبین) کە (حـەمرینی ئێـستایە) (نهـرۆ) (ندرو) (نەوەر) کەبە مانای نەهر دێت بەناوەڕاستی ئەم ناوچەیە داکشاوە کە تانجەرۆ و سیروانی ئێستایان پێکهێناوە. .. دەڵێن شـەڕی (تالوت و جالوت) کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دەکات، لەم ناوچەیەدا بووە، ئەم نەهرەش کەلە ئایەتەکەدا هاتووە (ندرو) تانجەرۆی ئێستا بووە.

ووشەی تانجەرۆ لە چی یەوە هاتووە:

١. پاشایەکی ئەو سەردەمە بۆ ڕاوشکار و گەشت لەگەڵ دەست و پێوەندیـدا دەچێتە سـەر روبارەکە دەم و چاوی بشوات تاجەکـەی دەکەوێتە ئاوەکەوە و دەست و پێوەندەکەی چەند هـەوڵ دەدەن بۆیـان گل نادرێتەوە، ئیتر دەڵێن پاشا تاج ڕۆی، بۆیە لەو ڕۆژەوە (تاج ڕۆی) ووردەووردە بووە بە (تانجەرۆ)[39].

٢. ئەڵێن کاتێ سلێمانی هێشتا نەبووەتە شار (سلێمان پاشای بابان) بۆ گەشت و ڕاو لەدەشتی (مەڵکەندی و کانی ئاسکان) لادەداتە ماڵی (مەڵکە) کە ئافرەتێکی دەم سپی ناوچەکەی ئەو سەردەمەی دەوروبەری سلێمانی ئێستا دەبێ، دوای حەوانەوە دەچنە ڕاو. کەروێشکێك هەڵدەسێنن بۆیان ناگیرێ هەتا سەرچەمی تانجەڕۆ، کە تانجی کەروێشکەکە دەگرێ یەکەم کەس دەگاتە سەری پاشا دەبێ، دادەنەوێتەوە بۆ سەربڕینی کەلە ڕۆخی ئاوەکەدا دەبێ تاجەکەی دەکەوێتە خوارەوە و ئاو دەیبات هەرچی دەیکات بۆی گل نادرێتەوە، کە دەست و پێوەندیش دەگەنە لای ئەوانیش هیچیان پێناکرێ و بەڕێکەوت تانجیەکەشی ماندودەبێ دەچێتە سەر ئاوەکە ئاوبخوا ئەویش دەکەوێتە ئاوەکە و بەهەزار حاڵ بەمەلە دەپەڕێتەوە ئەوبەری ئاو، لەوێوە بە قۆزەقۆز ناوێرێ بێتەوە ئەمبەر، دەست و پێوەندیش ئەڵێن قوربان (تاج و تانجی) ڕۆی، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو نەهرە بووە بە (تاج ڕۆی) و وردە وردە لەسەر زمان بووە بە (تانجرۆ) [٤٠].

ج. ڕیشەی ووشەی (قلیاسان)[٤١] یش لە (گڵی ئاسان)ەوە هاتووە، چونکە گڵی ئەو چەمە بۆ کاری گڵکار و خشت زۆر چاکە.

٣. (شارەزوور) و ڕیشەی ئەم ووشەیە و دامەزراندنی:

دەڵێن (قوبادی کوڕی فەیروزی ساسانی) دای مەزراندووە، دەشڵێن (زووری کوڕی زوحاك) دایمەزراندووە، شارەزوور لە مێژوودا زۆر ناوی هەبووە وەك: (شار/ زۆر)، (شهرزور)، (شەڕ/ زوور)، (شار/ گوڕ) و... هتد کە ئەم ناوانە لە نور و پیت و بەرەکەت و جوانی و هێز و تواناوە هاتووە، لە دوو بڕگە پێکهاتووە وەك: (شار/ زوور) (شهر/

زوور) و (شار / گۆڕ). .. هتد، وشەی (شەڕ / زوور) لە ئاوێستاوە وەرگیراوە بە مانای شار، پاشا، ملك، هاتووە ووشەی (شویتر) یش کە هەر لە ئاوێستاوە هاتووە بەمانای (مەلیك دار) یان (موڵك دار) یان نشێوی هەرێمەوە هاتووە. دەڤەری شارەزوور هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگای مرۆڤەوە هەتا ئێستاش شوێنی خۆی لە مێژوودا گرتووە و دەشتوانرێ بوترێ لانکی شارستانی بووە، لە کوردستان دا.

٤. شارەزوور لە ڕووی جوگرافییەوە

أ. ئەم دەڤەرە کەوتۆتە نشێویەکی شێوە بەلەمی و دەشتێکی پان و بەرینەوە، کەبە پانتایی شارەزوور ناو دەبرێ، جگە لە هەندێ بەرزایی زۆر کەم (کلکەی عەربەت، یاڵی مامەڕەحمان) لە گوندی بێستان سوور، وە بەشێکی (کلکەی چەناخچیان و خرابە) لە نزیك گوندی خەرابە و چەناخچیان، هەروەها (یاڵی سەراو، سەیدصادق، کلکەی موان و بەرزاییەکانی چایخانەی خەراجیان)، ئیتر ئەوە دوای ڕوبەری پانتاییەکە هەموو زەوی کشتوکاڵییە زەوی بەردەڵانیش هەیە کە ڕوبەری ئەم زەویانە بە گشتی نزیکەی (٧٥٠,٠٠٠ دۆنمە)، بەڵام زەویەکانی ناوچەی تانجەرۆ نزیکەی(١٥٠,٠٠٠ دۆنم دێم) و (٢٥,٠٠٠دۆنم بەراو) وە (٧٥,٠٠٠ دۆنمە بەردەڵان) کۆی هەمووی دەکاتە (٢٥,٠٠٠ دۆنم) کە نزیکەی سێ یەکی زەوی شارەزوورە.

ب. سنوری شارەزوور لە باکورەوە (بەشێك لە زنجیرە چیای گۆیژە شاری سلێمانی) یە لە باشوورەوە زنجیرە چیاکانی گەورە

قـەڵای پـشتی دەربەنـدیخان و چـیای بـاڵانبۆ، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە زنجیرەچیاکانی هەورامانـە، لـە ڕۆژئـاواوە زنجـیرە چیاکانی بـەرانان (گڵەزەردەیـە)، لـەناو ئـەم سـنورەدا سـنوری ناوچـەی (عەربـەت / تانجـەرۆ) لـە بـاکورەوە شـاری سـلێمانی، لـە باشـوورەوە گـۆلی دەربەندیخان و ناوچەی زەڕایەن و هەڵەبجەو مالوانە، لە ڕۆژهەڵاتەوە ناوچەی شارەزوور (سیدسادق) و لە ڕۆژئاواوە زنجیرە چیاکانی گڵە زەردەیە.

ج. بەناوەڕاستی ڕووبەی شارەزووردا وەك لەسەرەوە ووتومانە روبارۆچکەی تانجرۆ دەکشێ ئەم لقانەی دەچێتە سەر، سەرەتا چەمی خێوەتەی دەچێتە سەرو لە سەرچاوەی سەرچنار هەردوکیان دەڕژێنە چەمی قلیاسان لای گوندی بابە علی یەوە، قلیاسان لە خوارووی دۆڵـەکانی گونـدی عەواڵـەوە دەڕژێتـە تـانجرۆ. .. لە گونـدی بێـستان سووریش (چەمە گەورە / چەمەڕەش) شۆڕ دەبێتـەوە و لە تەنیـشت گوندی خاك و خۆڵ گردی یاسین تەپە دەڕژێتە تانجرۆ.

د. چەمی (چغان) ئەمە لە کۆندا وای پێوتراوە و ئیستا پێی دەووترێ چـەمی (چـەقان)، دەبـێ ڕیـشەی ئـەو ووشـەیەش لـەوەوە هاتبێ کە لەم چەمەدا ڕووەکی (نەیجە) و (تەرکە) زۆرە کە ئەمە دوو ڕووەکن چیغی کوردەواریان لێدروست دەکرێ، ئەم چەمە لە دۆڵەکانی (چەوتان)ەوە سەرچاوە دەگرێ و شۆڕدەبێتەوە بەناو شارۆچکەی (سیدسـادق) سـەنتەری ناوچـەی (شـارەزوور) دا تێدەپـەڕێ و لـە خواروی گوندی تەپەڕەشەوە دەڕژێتە تانجرۆ.

پێدەچێ ئەم ناوچەیە بە (مزڵجە) ناسرابێ کە لە هەوارگەوە هاتووە چونکە هەر لە کۆنەوە خێڵە کۆچەرەکان لەم سەرچاوەدا لایان داوە. هەروەها ئەم چەم و دۆڵە لە سەردەمێکدا هێڵێکی نێوان ئێرانیەکان و عوسمانیەکان بووە دوای زاڵبونیان بەسەر ناوچەکەدا.

هـ. زەڵم لە (ئەحمەد ئاوا) کە بە سەرچاوەی زەڵم ناودەبرێت لە پیشتی خورماڵەوە سەرچاوە دەگرێ و لە (دووئاوان) لە نزیکی گوندی تەپەکەل دەڕژێتە تانجەرۆ لە (تووەقوت) تانجرۆش دەڕژێتە گۆلی دەربەندیخان. ئەم ناوچەیە بەهۆی ئەو ئاوە زۆرەوە زەویەکە زۆر ئاودێر دەکەن بەروبومێکی باشیان هەیە ،لەلایەکی تریش ئاوهەواو سروشتی ناوچەکەی جوان کردوە.

و. لەروی رێگاوبانەوە بەم رێگایانە بە یەکەوە بەستراوەتەوە: رێگای سلێمانی هەڵەبجە، رێگای عەربەت دەربەندیخان، تانجرۆ چەناخچیان، عەربەت دوکانیان، سلێمانی قەرەداغ، ئەمانە جادەی قیرن ، نێوان هەموو گوندەکانیش بە رێگای خۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، دیارە ناوچەی عەربەت تانجرۆش هەر بەو رێگایانەوە بەستراوەتەوە. ئەم رێگایانە رادەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سروشتی و شارستانی و سیاسی ناوچەکەیان زۆر بەهێز کردوە.

ناوچەی تانجرۆ لە رووی شوێنەوەرەوە

گردی یاسین تەپە: یەکێکە لە گردە هەرە بەرزو پانەکانی ناوچەکە ، کەوتۆتە شوێنێکی پارێزراو بەهۆی ئەو چەم و ئاوانەی کە دەوریان داوە بە حەشارگە ناوبراوە، سەردەمێك حەسنەویەکان دوای

ئـەوەی کـە فـەرمانڕەوا بـوون لـە ڕۆژهـەلأت، لـە یاسـین تەپـەش لـە شارەزور فەرمانڕەوا بون دەڵێن ئەم حەستەویانە لە بنەچەدا کورد نـەبون، هـەروەها دەشـڵێن خوارزمـەکان دوای تێکـشکانیان لـە ناوچەکانی خۆیانەوە هاتونەتە ئەم ناوچەیە.

ئەمانە چەند قەبیلەیەکی (پزیشمار) بون کە لە بنەچەدا کورد نین ، هەتا تورکە (زەبکیەکان،ئەتابەگەکان،ئەربەیلۆ) لە سەردەمی (موزەفەر الدین کوکبی) دا بەسەر ناوچەکەدا سەرکەوتون هاتونەتە ناوچەکە.

گۆرستانێکی کۆنی ئەو سەردەمەی قەلأکە هەیە لە بەشی سەرەوەی قەلأکەوە ئەویش ئاسەوارییە.

– بە دوری چەند کیلۆمەترێك بەهەر چواردەوریدا چەند گردێك هەیە:

(گـردی عەربـەت، سـەراکۆن، کـاژاو، بێستانـسور، گۆمـەڕەش، گۆڕی گەوری) کە سەرجەمیان باس کراون لەم کتێبەدا ، لە باکوری گـردی یاسـین تەپـەوەن نیـشتەجێ و خـاڵی پارێزگـاری قەلأکـە بـون لەبەشی باکورەوە.

– گردی مالوان کەوتۆتە ئەوبەری تانجرۆوە لە نزیك گوندی کانی کەوەی چوخ ، گردی دزکەرە هەر لەوبەری تانجەرۆیە لە گوندی دزکـەرە ئـەمان خـاڵی پاراستنی ئەوبـەری ئـاو بـون بـۆ یاسین تەپـە، هەرچی گـردی(مـارف)ە نزیك گوندی زێڕینجۆ لە باشوری یاسین تەپەوە بۆ پاراستنی بەشی باشوری قەلأکە بوە.گردی خاکوخۆڵ و گـردی قـەڕاڵی و بەرزاییـە سروشـتیەکانی گورگـە چیاو گـردی گۆمـە

ڕەش پاراستنی بەشی ڕۆژئاوای قەڵاکە بون. هەروەها گردی موان لە کانی پانکە ئەمیش لەگەڵ بەرزاییەکانی چەناخچیان پاراستنی ڕۆژهەڵاتی قەڵای یاسین تەپەبوون.

– ئاسەواری شوێنێك کە بە سەترەکە ناسراوە کەوتۆتە بەردەم گوندی بێستانسور ، بەربەندێك بوە کە بە لەغەم لەژێر زەوییەوە ئاوی لێوە راکێشراوە بۆ دەوری گردی گۆمەڕەش، کە ئاسەواری گۆلەکەی دەوری گردەکە دیارە هەروەها بۆ ئاودێری زەوییەکانی دەوروبەری گردەکەش بون.

- گۆمەڕەش کە گۆمێکی گەورەیە کەوتۆتە بەردەم گردی گۆمەڕەش کاتی خۆی زۆر قوڵ بوەو ئاسەواری ماوە لەوە دەچێت دەستکرد بێت چونکە وا دیارە ئەو شوێنە هەڵکەنراوە زۆر قوڵ کراوە ئاوی لێ دەرچوەو بوە بە گۆم.

- گۆرستانی دارەڕەش ئاسەوارێکی ترە ، گۆرستانی (بەرامبەرەکەی) لە لاپاڵی سەراکۆن. ئەم گۆرستانە زۆر کۆنە هی سەردەمی گردەکانە.

- لە باشوری زەوییە دێمەکارەکانی گوندی بێستانسورەوە (دوو دۆڵە) هەیە کە دوو دۆڵی قوڵن. بە دەماودەم دەڵێن سەرچاوەی ئاوەکانی بێستانسور لە دوو دۆڵەوە سەرچاوەی گرتوە بەڵام بەهۆی بومەلەرزەوە شوێنی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەو جێگایەی ئێستای ، لەدەوروبەری بێستانسوردا خڕەبەرد هەیە کە بە (گۆ ئاسن) ناودەبرێت خۆم زۆرم دیوە دەڵێن گوایە ئاسەواری ئەو بومەلەرزەو نیمچە گرکانەیە کە لە بەرزاییەکانی کلکەی عەربەتو گردو قەڵبەزەکانی کە ناسراون بە گردی مامە رەحمان یان گردی کچان روی داوە.گۆڕی گەوریش گردێکی بچوکەو گۆرستانێکی زۆر کۆنی تیدایە لە بێستانسور.

- سێ ئاشە: ئەمە شوێنەواری کۆمەڵێك ئاشی ئاون کە بە بەرداش گەڕاون و مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەڵاکان.

٥. شارەزورو ناوچەی تانجرۆ لە روی ئابورییەوە

لای هەوان رون و ئاشکرایە کە شارەزور خاوەنی زەوی و

زارێکی زۆر بە پیت و بەرەکەتە یەکێکە لە بە پیت ترین زەویەکانی جیهان، کە بۆتە مایەی بەروبومێکی زۆر بۆ هەموو کوردستانی باشور، ئەم زەویانە بەشی زۆری دەکەوێتە ناوچەی (عەربەت / تانجرۆ)کە سالآنە لە بەروبومی: گەنم، جۆ، نیسك، نۆك، پاقلە، ترۆزی و کاڵکی دێمی، هەروەها چەڵتوك و لۆکەو کونجی و گوڵەبەرۆژە و پیاز،هەروەها داری بی و چنار و هەنار و هەنجیر و مێو.. هەروەها ئاژەڵ داریش بەشێکە لە بەروبومە ئابوریەکان وەك مەڕ، بزن، گاو مانگا، بەرزە ولآخ و باڵندەی ماڵی وەك قەل و مریشك و مراوی و قاز.

٦.لەروی کۆمەلآیەتی و فەرهەنگییەوە:

خەڵکی ئەم ناوچەیە هەموو کوردن عەشایەری کوردەوارین، لە عەشیرەتەکانی(ئالی بەگی،مکایەلی، رۆخزایی، شێخ سمایلی، کەلهوڕ، بێسەری ...) جل و بەرگ و ئاخاوتن و کەلەپورو فۆلکلۆر یەك شێوەیە.خەڵکە ناوچەکە لە خۆشی و ناخۆشیدا بەدەم یەکەوە دەچن ئەگەر کێشە لە نێوان تیرەکانی ناوچەکەدا رۆی دابێت زوو چارەسەر کراوە، لە بۆنەو یادو جەژن و شین و شایدا هاوکاری یەك دەکەن، زۆربەیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن کەمێکیش بە بازرگانی و دوکانداریی‌یەوە خەریکن بە تایبەت لە عەربەت.

٧. لەروی شارستانییەوە

خەڵکی ناوچەکە هەموو خاوەنی خانوەنی خانون، هەموو گوندەکان مزگەوتی تیدایە، زۆربەیان کارەباین هەیە، قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لە زۆربەی گوندەکان هەیە، لە زۆر شوێن دوکان و

بازاری تێدایه، دیوەخان و تەکیٚ و جێگای کۆڕو کۆبونەوە لە زۆربەی گوندەکان هەیە ، ئاین لە ناوچەکەدا زۆر بە پیرۆزی سەیر دەکرێت، ئەدیب و شاعیری تێدا هەڵکەوتوە، هەروەها گۆرانیبێژو شمشاڵ ژەن و هۆرە وێژ و هەڵپەرکیٚ زانی چاکی تێدا هەڵکەوتوە، حیکایەت خوان و پەند زان و سوار چاك و راوچی و سەنعات کاری زۆری تێدابوە، دەم سپی ئاواییەکان توانای بڕیاردانی هەبوە، حەکیمی میلی و کەش ناس هەبوە.

٨. لە رووی سیاسییەوە

لەسەرەتای مێژوەوە بگرە هەتا ئێستاش ئەم ناوچەیە لە ناو کێشەو ململانێی دوژمن و داگیرکەراندا بوە بەلاٚم خۆڕاگرانە توانیویەتی خۆی بپارێزێت، داپلۆسینی (٣٠٠) ساڵەی ئاشوریەکان ، دوو جار کاولکاری هەردوو سەردەمی (نارام سین) و (شارگشتی و شارگۆڕی) ، فارسەکانچ هەخامەنشی چ ساسانیەکان چ سەفەویەکان چەندین جار ئەم ناوچەیەیان کاول کردوە، ئەسکەندەری مەکەدۆنی (تەتەر و مەغۆلەکان) یەك لە دوای یەك کاولکاریان کردوە،بێزەنتیەکان و تورکە عوسمانیەکان لە تالاٚن و سەرانە و سەفەر بەلك و داگیر کردنی ناوچەکە و گۆڕینی ناوی یاسین تەپە و ناوی زۆر گوند، ئەمانە جگە لە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەر لە کۆمەڵ کوژی و راگوێزان و کیمیاباران کردنی پایتەختی شارەزور (هەڵەبجەی شەهید) بوو بەلاٚم خەڵی خۆراگر بون بەرامبەر هەموو ئەو دوژمنکاریانە و پشتیوانی هەموو راپەرینەکانیان کردوە.

٩. له رووی (ناو) ەوە

کورد خاوەنی ناوی تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لە پێناسەی هەر نەتەوەیەك، خەڵکی شارەزور هەر لە سەرەتای مێژووەوە ناوەنی ناوی رەسەنی خۆیان بون چ ناوی مرۆڤ چ ناوی ناوچە و هۆز ، ناوی ئاژەڵ و باڵندە..بۆ نمونە لە کۆندا ناو بەم شێوەیە بوە: زاموا، تاشور،مامی،سندۆر... کە ئەم ناوانە مۆرکی رەسەنایەتی کوردەواری سەردەمی خۆیان پێوە دیارە، دواتر ناو گۆڕاوە بە (خوسە،زاڵ،گیوو،زور،خاوەر،رۆستەم،خورشید....) هەتا ئێستاش وردە وردە ناوەکان گۆڕاون بە ناوی نوێ کە لەگەڵ رەسەنایەتی کوردەواریدا دەگونجێن.

١٠. گوندەکانی ناوچەی تانجرۆ

أ. گوندەکانی بەشی باکور: نێوان سلێمانی و عەربەت.

(چوارتاق، عەربەتی خواروو، باریکە، قڕاڵی، یەخیماڵی، گەڵباز، خراجیان، کۆزە ڕەقە، یەك ماڵە، دەمرکان، رازیانە، عارف ئاوا، فرج ئاوا، شێخ وەیس ئاوا، کۆڵەبی، ژاڵەی سەروو، ژاڵەی خواروو، هوانە، قرگە، سولەکان، هۆمەرەکوێر (گوندێکی مێژوییە)، وێڵەدەر.

ب. گوندەکانی بەشی باشور: نێوان و عەربەت و روبارۆچکەی تانجرۆ.

(خاکوخۆڵ، نیسکەجۆ، زێڕینجۆی سەروو، زێڕینجۆی خواروو، زێڕینجۆی ئاشەکە، قازاو، کاژاو، بێستانسوری گەورە، بێستانسوری بچوك.

ج. گوندەکانی بەشی رۆژهەڵات: نێوان عەربەت و شاربازێڕ.

(پوشێن، خرابە، بادارە، دێ کوێر، چەناخچیان، هەنجیرە.

د. گوندەکانی رۆژئاوا: نێوان عەربەت و چیای گڵەزەردە (بەرانان)

(ناوگردان، چەقەڵ ئاوا، بەردەکەڕ، شێخ ئەوڵا، سەماوات، سەدوبیست، زڕگوێز، زڕگوێزەڵە، کانی شاسوار، دێی ئەلی، دێی حەمەی بارام، سولەکان، کانی هەنجیر، دارەڕەش، گەدان، کەماڵانە سەروو، کەماڵانی خواروو، باخچە، گورگە چیا، شەمە، وێلەکەی خواروو، وێلەکەی سەروو، قسرتی سەروو، قسرتی خواروو، نەمەڵ ، قەرەگۆڵی سەروو، قەرەگۆڵی خواروو.

***

سەرچاوەی زانیاری بۆ ئەم بابەتەم:

خۆم خەڵکی ناوچەکەم سەرجەم گوند و شاخ و چەم و ئاو رشێگاوبانەکانی ناوچەکەیە گەڕوم، پرسیارم زۆر کردوە لە پیرەکان ، بۆ گردی عەربەت سودم لە کاک شێخ بورهان قەرەداغی وەرگرت، بۆ چەمی تانجرۆ و قلیاسان سودم لە کاک کەریم زەند وەرگرت.

بەستی دەیەم

لە پێدەشتی گەرمیانەوە لەبەرکۆوە هەتا کەرکوك

مێروو شاهیده

کە گەشتێك بەرەو رۆژئاواو باشووری رۆژئاوای (باشوری کوردستان) دەکەی توشتدەبیٚ بەپێدەشتێکی تونکەتونکاوی و بەرفراوانی و شێوە کەوانەیی ووشك و کەم ئاوو گەرمەسێرەوە، کە بەهاوین ووشك و گەرم زەویەکی کەم سەوزایی و نەرمە شەپۆلی تینی گەرما لەدوورەوە لەپێش چاوت شنەدەکات، هەلبەت ئەمە لە کەشە گەرمەکەی کوردستاندایە هەرچی کەشە ساردەکەشە هەمان دەشتە و تونکەکان زۆرفێنك و هەندێجار مەوجەیەکی ووشکە سەرمای هەیە،بەکەمیش بارانی لێدەباریٚ، ئەو دەشتایە سەراپا سەوزە بە کێلگەی گەنم و جۆو کشتوکاڵی تریش، کە گەنمی ئەویٚ باشترین گەنمی جیهانە کە ناسراوە بە (گەنمی قەندەهاری) مەزرای جۆ، ئەویش یەکێکە لە کشتوکاڵە بە ناوبانگە بە بەروبوم و بەڕێژەنەکانی دونیا و(ناسراوە بە جۆڕەش) کە قەڵەو و بەناوبانگە بۆ دەرهێنانی بیرە، هەروەها جۆی سپی شەشت پەڕ کە ئەویش گوڵەکەی شەش ڕیزە و کەمێك لاوازە و بەرێژەنە و باشترین ئاڵفی ئاژەڵە.

هەڵبەتە گوندەکانی ئەو پێدەشتە خاوەن ڕانەمەڕێکی ئێجگار زۆرن،مەڕی گەرمیان بەناوبانگە لە گۆشت و خوری و بەروبومی شیر و زاوزێیدا. خاکی ئەوپێدەشتە ناسراوە بە (گەرمیان)و هۆزەکانی ئەم دەڤەرە بریتین لە: (گەلاڵی - ڕۆغزایی - مکایەڵی. ئاڵی بەگی. باجەلان - دەلۆ. زەنگەنە - هەمەوەند - تەرخانی و هەندێکیشان رەوەندن). لەسەر ڕوبەری ئەو زەویە چەند نیمچە چیایەك وەك (حەمرین، شاخەسپی لای دوزخورماتوو، گردۆلکەکانی بناری گل).

هەروەها لەسەر ئەو زەویە چەند خروچەم و چەماو هەیە لەگەڵ چەندین کوێرە کانیاوی کەمئاو کە دەکەونە دراوی ئاوایی یەکانەوە، کە خڕوچەم و چەماوەکانیشی ئەمانەن: (خاسە - ئاوەسپی - ئاوەخوێڕی - چەمی حەویجە و چەم و خڕی قادر کەرەم - خڕی پشتی کەلار و هی تر).

ئەو پێدەشتە گەرمە سێرە بە درێژایی مێژوو زۆر گیروگرفتی گرانی و ووشکە ساڵی و شەڕوشۆڕ و داپڵۆسینی بەسەردا هاتووە و زۆر بزوتنەوە و ڕاپەڕینیشی بەخۆیەوە دیوە، وەك: (شۆڕشی ابراهیم خانی دەلۆ ساڵی (١٩٢٠)، بزوتنەوەی باجەلانەکان، هی ترو شۆڕشەکانی ئەم دواییەش)، پایتەخت و ناوەندی ئەم دەشتی گەرمیانە شاری مێژووی کەرکوکە و گەلێ شارۆچکەشی هەیە وەك: (خانەقین، جەلەولا، بەدرە، کفری، کەلار، دوزخورماتوو، تازە خورماتوو، حەویجە، داقوق، چەمچەماڵ، سەنگاو، قادر کەرەم و لەیلان هی تر) ئەو دەشتە بەدرێژایی مێژوو ئاوەدان و دەڤەرێکی دیارو ناسراوی کوردستان بووە، گەر بگەرێینەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش مێژوو کە ئێرە ناوچەیەك بووە لە کوردستان و لێرەدا تەنها لەدوو هەزارەی پێش زاینەوە کورتەیەك دەدوێین لەسەر ئەم دەڤەرە کە لە پێشتردا لەسەردەمی دەوڵەتی سۆبارتۆ دا پایتەختی بەشێکی ئەو دەوڵەتە بووە و کە بە (ئاراپخا) ناسراوە دواتریش پایتەختی گۆتی و(لۆلۆییەکان) بووە کە بە باپیرانی کورد ناسراون، کە ئەو سەردەمە دەوڵەتی شارەزوور، بەناوی (زاموا، ساموا) ناسراوە.

(ئاراپخا) کە ناوەند و پایتەختی دەشتی گەرمیان بووە، بەڵام شارەکە ناسراوە بە شاری (ئارپا یان ئەرەپا) کە مانای گۆڕەپان، یان پێدەشت دێت، ئەو شارە واتە (ئەرەپا) کە شوێنی یەکێك لە گەڕەکەکانی ئێستای کەرکوکە و کە عەرەب دەستی گەیشتە کوردستان و بەناوی ئیسلامەوە داگیریان کرد ناویاننا (عەرەفە) کە هەتا ئێستا ئەو گەڕەکە هەر بە (عەرەفە) ناسراوە کە ئەویش هەر مانای گۆڕەپان یان پانتایی دەگرێتەوە، جا ئەو شارە بووە بە گۆڕەپان یان لەشکرگای کیاکسار (کەی خوسرەو) کە (٦١٢پ.ز) کاتێك کە نەینەوای گرت و ناوچەکەی لەدەست چەوسانەوەی ئاشوریەکان ڕزگار کرد.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئاراپخا ئەوا دەبێت باس لە شاری قەڵای (کاکوك) بکەین کە ئەمە بنیاتنراوێکی مێژووی باپیرانی گەلی کورد بووە، (ئانۆبانینی) پاشای گۆتی و لۆلۆییەکان کاتێك کە لوتی ئەکەدیەکانی شکاند (نارامسین) و (شارکاڵ) ی کوڕی کە پاشای ئەکەدیەکان بوون و زاموایان داگیر کردبوو، دەریان پەڕاند لێرەوە دەسەڵاتی ئەکەدیەکان پاککرایەوە لە ناوچەی میزۆپۆتامیا، پاشای گۆتی (ئانۆبانینی) قەڵای (کاکوك) ی کردە پایتەخت بۆ دەوڵەتی (زاموا)، کاکوك بەمانای تۆکمە دامەزراو دێت لە ووشەی کوردیدا یاخود (کاکە)ی کوردی.، (زاموا)ش بە مانای (زیم) کە لە زمانی کۆنی کوردیدا بە ووڵاتی (ساردەسێر) ناوبراوە، ئاشوریەکانیش دەوڵەتی (زاموا) یان بە (علیاتم) ناوبردووە کە بە واتای ووڵاتی بەرزایی دێت، ئەم واتانەی سەرەوە بە هەموو ئەو ووڵاتە ووتراوە کە ئێستا

کوردستانە. دامەزرێنەری (ئارابخا) ئەلوڵوميش پاشای (ئەلوڵو ميش) (زامـوا) بـووە، ڕوبـەری کوردسـتانی گـەورە لەشـێوەی دەمانـچەدایە و کەهەر چوارلای بەنجیرە شاخێك دەورە دراوە، ئەمـە جگەلـەوەی کە لـە ناویشەوە زنجیرە چیای تێدەکـەوێ کەهەمووشـی کوێستان و نیمچە کوێــستانە جگەلــە ناوچــەی (ئارابخــا) گەرمەســێرە، کــە تــەوەری باســەکەمانە، هەڵبەتــە لــەلای خــواروو خــوارووی ڕۆژئــاواوە نیمــچە چیایەك کەوتوّتـە کۆتـایی سـنوری کوردسـتان بـە (حـەزبین) دواتربـە (هـەرمین) و کـە ئیسلام هاتـە ناوچـەکە ناویـان نـا حـەمرین هەڵبەتـە حـەزبین و هـەرمین یـەك مانایـان هەیـە کـە ئـەویش ووشـەی (جـوان)ە چونکە ئەگەر یەکێك چووە سەر چیاکە ڕووکاری کوردستانی لەڕووی جوانـی و سروشـت و ئـابووری یـەوە جیـاوازی زۆرە لـە ڕووکـاری ئـەو دیو، لە مێژودا بە ناوچەی (ئارابخا) ووتـراوە (باگرمـێ) کە بـە واتـای (ئــاران) یــان (گەرمەســێردێت)، ئــابووری وجوانــی کوردســتان وایانکردووە کە هەردەم دوژمنان چاویان تێ بڕیوە، باری تۆبۆغرافی و سـتراتیجیش کاریگـەر بـووە بـۆ چاوچـنۆکی دوژمنـان، ئەگەرچـی زیانیان گەیاندبێت هەردەم زۆرجار لوتیشیان شکاوە، هەرچی خڕی خاسەشـە لـەڕوی مێژوییـەوە، ئـەو چـەمە لـەدێر زەمانـەوە یـەکێك لـە چەمە بەناوبانگەکانی کوردستان و سەردەمەکانی دەولەتی شارەزوور (زاموا)ی گۆتی و لۆلۆییەکان بووە و بەناوشاری (ئەرەپا) لە ناوچەی ئاراپخــادا لــە شــوێنی ئێــستای کەرکوکــدا تێپــەڕیوە، ئــەو چــەمە بەپێچەوانەی هـەموو چەمەکانی کوردستان بەپێچەوانەوە بەرەوژوور دەڕوات، بۆیە بە (خێس) یان خڕی خێسە (واتـە پێچەوانە) نابراوە و

ئەو ناوەی دواتر بۆتە خڕی خاسە، کەئەو ناوەش لە (خڕو بەردەڵان و چەوی خڕ و زیخ)پێکهاتووە [42]، هە ندێ بۆچونیش ڕایان وایە کە گوایە پاشایەکی فارس هاتۆتە ئە و ناوە داوای ئاوی کردووە هەرئاوێکیشیان بۆ هێناوە وتویەتی خاس نیە، بەڵام ئاوی خاسە یان بۆ هێناوە وتویەتی خاسە بۆیە ناوی ئەو چەمە بۆتە خاسە، ئەم بۆچوونە لە وەناچێ دروست بێت چونکە یەکەم: پاشایانی سەفەوی و عوسمانی بەو لەهجە قسەیان نەکردووە، دووەم: ناوی خاسە زۆر لەسەردەمی عوسمانی و سەفەوی یەکان کۆنترە.. . بۆیە هەر (خیس) ە کە ڕاستە کە لەچەوت یا پێچەوانەوە هاتووە لە زۆر کۆنەوە بەوناوە ناوبراوە، هەم چەوو بەردەلانەکەشی کەهەمووی بەردی هیلکەییە لەقەوارەی هێلکە چۆلەکەوە هەتا هێلکە قەل گەورەترە، ئەو بەردەڵانە ژیربۆش و خڕەکە ئەو واتایەش (خن) یان (خسە). ئەو چەم و بەردەڵانە زۆر بەپیتە بۆ سەوزە و شوتی و پشت بە ئاودان نابەستێ چونکە بەتەری ژ ێر بەردەڵانی و خڕەکە نەش و نمادەکات..

بابگەڕێینەوە سەرکۆنیی (ئاراپا) با و کوردستانیەتی و کوردبونی (شاری ئەراپا) و (دەڤەری ئارابخا)، لەودیوی (حەزبین) واتە (هەرمین) یان حەمرینی ئیستاوە هۆزێك لە ناوچەی تکریت و ڕومادی ئێستادا هەبووە بەناوی (تاکری تابین) کەپێدەچێ خەڵکەکەی (ئارامی) بووبن لە ژێر چاودێری و فەرمانڕەوایی ئارابخا دا شێوە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی یان هەبووە، هەروەها لەنێوان نەینەوا و ئەربائیلۆ و ئارابخاشدا هۆزێك ژیاون لەسەردەمی (هیلینی) دا ئەمانە بە جولەکەی ئەساتیس ناسراو بوون، بەناوی

ســەرۆکەکەیانەوە کــەناوی ئەســاتیس بــووە، ئــەمانیش شــێوە ئۆتۆنۆمیــەکیان لــە ژێــر دەســەڵاتی ئاراپخــا هــەبووە، کەکــچی ســەرکردەکەیان نــاوی هیلینــا بــووە لــەدوای بــاوکی ســەرکردایەتی هۆزەکــەی گرتووەتــە دەســت و بەتــەبایی لەگــەڵ کــورددا ژیــاون، ئــەو چەند دێڕەی سەرەوە لەقوڵایی مێژوودایە و بەڵگەنامەی کوردستانی بوونــی کــەرکوك و کــورد بونــی خەڵکەکــەی بــووە، ئــەو دەڤــەرە کەبۆتــە (کەرکوك) بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ (گەڕگەڕ) گەڕگەڕ بووبە گوڕگوڕ و دوایش بوبە کەرکوك و وەك شار ناسراو و ناوچەیەکی هەر بەوناوەوە مایــەوە کــە بابــەگوڕگوڕی ئیــستایە یــان لەقــەڵای (کــاکۆك) یــشەوە هاتووە.

بالاپەڕەیەکی نوێش لەسەر شاری کەرکوك و کوردستانی بوونی و کــورد بوونــی بخوێنیــەوە، لەســەردەمی عوسمانیەکانــدا کــە بونــە ئیمراتۆری ناوچەکە جەندرمەکانیان شۆڕکردەوە بەرەو کوردستان و پــشتوێنەیەکی جەندرمــەیان لەموســڵەوە بــۆ خانــەقین دامــەزران کــە لەســــەدا ٧٥٪ تورکومــــان بــــوو زیــــاتر هۆکــــارێکی سیاســــی بــــوو کەتورکمانــەکانیان لــەکۆڵ خۆیــان دەکــردەوە ڕەوانــەی دەوروبــەریان دەکردن بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی قەڵەمڕەوەکەیان.

ئیــتر ئــەو تورکەمەنانــە نیــشتەجێ بــوون لەناوچــەکەدا و تێکــەڵ بــوون وژن و ژنخــوازی لەگــەڵ کوردەکــان پەیــدابوو، بــەو پێیــە بــوون بەدانیــشتوانی ناوچــەکە لەوهێڵــەدا کــە لەســەرەوە باســمان کــردووە، ئەگەچــی هــەر لەکۆنــەوە تورکومــان لەناوچــەکەدا هــەبووە جگــە لــەو هاوردانە بەڵام ئەو هاوردانــە بونــە برابــەش و ئەکەرچــی ناوچــەکە هــەر

کوردستانیی خۆی پاراستووە، تەنانەت کوردستان بوونی کەرکوك و ناوچەکە لە بەڵگەنامەکانی خودی عوسمانی یەکان خۆیشیاندا هاتووە، ئەوە مێژووی تورکمانە لەناوچەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت کەرکوك، کەجەنگی جیهانیش کۆتایی هات و ئینگلیزەکان هاتنە ناوچەکە زیاتر متمانەیان بەمەسیحی یەکان هەبوو کە کورد پێی دەوتن (فەلە) بۆ کاربەدەست بونیان لەشەریکەی نەوتدا بەکاریان دەهێنان، کە ئەمە لەدوای ساڵی (١٩١٩)ەوە دەست پێدەکات بۆ بوونی مەسیحی یەکان لەوشارەدا.

کە بابە گوڕگوڕ لەلای خۆمان وەك پیر و مشایخ سەیر دەکرا کە گڕی لێ بەرز دەبۆوە دەووترا نورە و دەچونە زیارەتی و دەووترا (بابەگوڕگوڕ لە پڕهاتین بۆکوڕ هاتین) هەرچی لای ئینگلیزەکانیش بوو بووبەئالتونی ڕەش و شەریکەی نەوتیان تیا دامەزراند، چونکە بابەگوڕگوڕ لەپڕتەقی و (٢٣م) نەوت چوو بە ئاسماندا وەك فوارە، ئیتر ئەو جێگەیە نەوتی لێ بەرهەم هێنرا کەساڵی (١٩٢٧) بوو وەك شەریکەی نەوتی کەرکوك لەوکاتەدا.

کاتێك ڕاپەڕینی کرێکارەکانی نەوت بەناوی ڕاپەڕینی (گاوربـاغی) ڕویدا بۆ زیاد کردنی موچە و خزمەتگوزاری باشتر و دەرنەکردنی کوردەکان لەشەریکەکە چونکە دەوڵەتی عیراق دەیویست وورده وورده سیمای کوردەکان بسڕیتەوە لە کارگەکەدا بەڵام ڕاپەرینەکە ڕۆڵی خۆی هەبوو، چونکە ساڵی(١٩٣٦) ووشکە ساڵی یەك لە خێڵە عەرەبەکانی دەوروبەری ناوچەکە داڕویداو سەرۆك هۆزە عەرەبەکان پەنایان هێنا بۆ سەرۆك هۆزە کوردەکان کە لە دەوروبەری

چۆمی حەویجە ئاژەڵەکانیان بلەوەڕێنن و دەوارنشینبن تا کۆتایی بە ووشکە ساڵ دێت، سەرۆك هۆزە کوردەکانیش هەم بە ساویلکەیی و هەم بە دڵسافی ڕێگەیان پێدان ئەوانیش وورده وورده کۆچڕەویان کرد بۆ ناوچەکە و بەتەواوەتی نیشتەجێ بوون تەنانەت شارەدێیەکیش کە ئیستا پێی دەڵێن (ناحیەی ریان) بنیادنرا ئیتر بوون بە خاوەن ماڵ ڕۆژدوای ڕۆژ زیاد دەبوون تا وورده وورده گەیشتە کەرکوك و ناوچەکەش.

حەویجەش لەوەوە هاتووە کە خەڵکەکەی بوو بە حەوت لەهجە، وەك (کورد، تورکمەن، عەرەب، مەسیحی و هەڵبەت چەند لە هجەیەکی شێوازی عەرەب).

تاوایان لێهات خەڵکی بە عەرەبە ڕەسەنەکان ناوی دەبردن، کە ئەوە ڕەسەنایەتیەکەیانە کە لەسەرەوە باسمان کردووە، ئیتر ئەمانە کەوتنە تەعریب کردنی ناوچەکە و زۆرجار لەگەڵ تورکمانەکاندا یەکیان دەگرت بۆ فشار خستنە سەر خەڵکی کورد، هەڵبەت دەوڵەت لە پشتیان بوون، بائەوەمان لە یاد نەچێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بوونی تورکمان و عەرەب ئەوەندە کەم بوون لە کەرکوك هەموو ئیش و کاریان بە کرێکاری بو ماڵە کوردەکان بوو.هەندێ کاری پیشەیی لاوازو بچوکیان هەبوو، تەنانەت منالآن لەیاری یەکانیاندا دەیان ووت (ئاخ چی بوخچی دایە و بابە سنجوق چی) کەواتە ئەوە بەڵگەی ئەو ئیشە لاوازانەیە، کە کریکارە عەرەبەکانیش بۆ خانوو دەگەڕان بۆ کرێ کوردەکانیش پێیاندەوتن شوێنی ئێوە ژێر پردەکانە کە ئەمە مانای زۆرە. کە هێدی هێدی عەرەبەکان زۆر بوون بە پشتیوانی

دەوڵـەت و پـشتگیری تورکمانـەکان دەیـانخوڕی بەسـەر کوردەکانـداو دەیانووت: (احنا البدو وین العدو) ئیتر لەو ڕۆژەوە کنە لە سڕینەوەی دیموگرافی کەرکوك دەکەن.

ئـەوەبوو لەسـەر ژمێـری یەکـەی (١٩٥٧) ژمـارەی کـورد (٥١٪. ٥٩٪) دەرچوو ئەگەرچی ڕێژەکەی لە ڕابردوو (٢٥٪) هاتۆتـه خـوارەوە بەڵام هێشتاش زیاد لەبەهاو بەرابەری تیرەکانی تر بوو.

بۆیە تورکمان و عەرەبەکان یەکیان گرت لـە دژی کـورد شـەڕێکی لێکەوتـەوە سـاڵی (١٩٥٩) کـە لـە ئەنجامـدا شـێخ معـروف بەرزنجـی تیایدا لە سێدارە دراو شەهید کەوت.

لەو سەرژمێرەدا کە زیاد لە ٥١٪ کوردبوون ٣٦٪ تورکمەن بـوون و ئـــەوە ودواشـــی عـــەرەب و مەســـیحی تێکـــەڵاو بـــوو، ئائەمەیـــە ڕەسەنایەتی تیرەکانی غەیرە کورد لە کەرکوك.

ئیـتر لـە شەسـتەکانی سـەدەی پێشوشـەوە سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگەزیی دەستی پێکرا بەتایبەت سەردەمی بەعسی یەکان کەعەرەبی هـاوردە خزێنرایـە کـەرکوك و ناوچـەکەو خـەڵکی کـورد دەربـەدەرکرا کەسایەتیەکی ڕۆژنامەنوسـی عـەرەب دەچێتەسـەر چیای حـەمرین و سەیری ئەم دیو و ئەودیوی دەکا، پشتگیری لـەوەدەکات کەئـەم دیـوی کوردستانە بەدیاردە سروشتیەکەیدا. شاعیرێکی گـەورەی عەرەبیـش کەپێدەچـێ (جـەواهیری) بـێ لەشـیعرێکدا دەڵـێ (کـەرکوك بووکـی کوردستانە) ئەم دوو کەسایەتی یە بەویژدانەوە ڕاستی یان ووتوە.

لـــە ســـاڵی (١٩٧٤) داشۆڕشـــی ئـــەیلول لەســـەر ســـڕینەوەی کوردســتانیەتی کــەرکوك دەســتی پــێ کــردەوە، ئیــتر لــەوە بــەدواوە

گەورەترین تاوان لەجیهاندا کرابێت تاوانی ئەنفال و کیماباران بوو کە بەشی شێری بەم ناوچەیە بڕا، تا ئیستاش کێشەکانی ناوچەکە هەر بەردەوامە، هەڵبەت تا کوردیك بمینیٚ، دەست لە کوردستان بوونی کەرکوك هەڵناگرێت [٤٣].

ئەم زانیاری و میژووانەم لە گەشتێکمدا بۆ رون بوەوە.

***

پەراوێز

١. (سەعید کاباری) هەنەرمەند و فۆلکلۆرناس دەڵێ وشەی (وەروەر) لای یەزیدییەکان بە واتای (بەهێز و ورە و توانا) دێت کە ئەمە لە کوردەواریدا بڵاوبۆتەوە، دەشێ وشەیەکی زەردەشتی بێت. بە رەچەشکێنی بەفریش دەوترێت وەروەر.

٢. ژن و ژنخوازی بەهۆی کچی حەمە ئەمینی قادرەوە هەبووە.

٣. ناحیەی عەربەت

٤. چەق: مرکز

٥. جادە: ڕێگا

٦. دەشتەکانی سنووری عەربەت

٧. ملك خاص

٨. عقد

٩. ناوی ئەو کوڕانەی (قەرەوەیس) لەسەر گردی گۆمەڕەش بوون (کریم، محمد، مامك، ستار)

١٠. بێستان سووری بچوك

١١. (بێستان سوور) لەسەر بنەمای (هور) نور و ڕوناکی و جوانی ئاوەدانی و باخ و بۆڵاخ.

١٢. بەرەبەند: سەد

١٣. سوراکۆ: بێستان سوور ، لەسەرەوە باسکراوە .

١٤. واتە سەرەتای بەربەندەکە.

١٥. تەنورەیی: هەڵوەشێنەر

١٦. واتە گۆری کەدوەکان، یان گۆڕی گاورەکان.

١٧. وەروەر: واتە ئازایی و خاوەنی دەست و تفەنگ .

١٨. مەلا قادرێکی سۆفی تری زاهد و عالم لەم دواییانەدا لە ناوچەی وارماوادا هەبووە و ئەم دوو مەلا قادرە لە یەك جیان گەرچی لە پلەو پایەدا وەك یەك ناویان بەرز بووە.

١٩. دەفرێکی یەك مەنییە.

٢٠. بەیار ئەو شوێنەیە کە نەکێڵراوە .

٢١. ئەگەر لە باشورەوە بای وا بە تەوژم هەڵبکات لە کوردەواریدا پێی دەڵێن (با فیتنە) ، خۆ ئەگەر لە شەماڵەوە بایەکی وا بە تەوژم هەڵبکات بە تایبەت لەسەر ئاگر کەوتنەوە ئەوە پێی دەڵێن (بای قورەت و ئاگری قورەت) .

٢٢. دۆڵی دوکانیان کەوتۆتە شتی شارۆچکەی عربت و گوندی چوارتاق .

٢٣. مەبەست لێرەدا لە جادەی چوارتاوە بۆ دوکانیانە.
٢٤. هەندێ واتا:
یاڵ: بەریزە گردێکی کەمێك نزم کە ڕێگەیەکی پێدا تێپەڕێت .
کلکە: بەڕیزەشاخێك دەوترێ کەلە کۆتایی شاخەکەدا هێلکەیی وردە وردە بەرەو زەمین دابەزێ .
قوتە: بە لوتکەیەکی بەرز و تیژ دەوترێ ، لوتکەشی پێدەوترێ .
٢٥. شاری سیلۆنا: لە ڕۆژنامەی ئازادی ژمارە (٩) و ڕۆژنامەی وولأت ژمارە (٣١٦) وەرگیراوە .
٢٦. أ. ئەزیز: لە وتووێژێکی مێژوویی و نووسینێکی لاوی نووسەر (کاك حیدر بابان) خوالێخۆش بوو وەرگیراوە،لەسەر کتێبی فەروخ شا .
ب. بنەی ئەزمیرە: لە وتووێژێکی مێژوویی لەسەر دەست نوسەکانی کاك (ئەحمەد میرزا) ڕۆستەم لەسەر بنەی ئەزمیرە لەناوچەی بتوێن کە پایتەختی فەروخ شا بووە و بەناوی ئەزمیرەی خوشکی شاوە بووە ، وەرگیراوە.
٢٧. قڕگە: واتە شوێنی قڕبوون.
٢٨. گوندی وێڵەدەر : کەوتۆتە ناو دۆڵێك ،ناوی ئەم گوندەش لەوەوە هاتووە لە دێرزەمانە بۆ چەند جارێ لافاو بردویەتی زیانی لێداوە و پەرتەوازە و وێڵی دەر و دەشت بوون و بۆتە (وێڵەدەر) لەو سنورەشدا بە شاخەکەش دەڵێن شاخی وێڵەدەر .
٢٩. خراجیان : لە کاك (اکرم حیدر) خراجیانی کەلە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرە،وەرگیراوە (هۆزێك لە دیوی ئێران هەبوون و سورکار و چاو شین و بزێو هەمیشە خەرجوباجیان وەرگرتووە و خەرجوباجیشیان لێ سەنراوە)،بۆیە هاتوون بەدیوی عیراقدا (کوردستانی باشوور) لەسەر کانی و ئاوی حاجی سەمین نیشتەجێ بوون،بەلأم لەبەر ئەووەی ئەو شوێنە ڕەقەن و بێ لەوەڕ بووە گواستویانەتەوە ئەو شوێنەی ئێستای خراجیان،ئەو ناوچەیە لەو سۆرخەوە ناونراوە (خەرجیان) دواتر بۆتە (خراجیان) هەر لە شوێنی چاخانەی جارانی حاجی سەمیندا خاڵێکی باج وەرگرتن هەبووە کە خەرج و باجیان لە کاروان چیان وەرگرتووە وەك گومرکی ئێستا ،بەو سۆرخەشەوە ئەو ناوچەیە بەناوی (خراجیان) ناونراوە .
٣٠. کۆزەرەقە: لە کۆزەڕەقە یان کۆز : هەواری ڕەقەنەوە هاتووە .
٣١. سوتانەکانی گۆیژە و بوونی دارستان لە کۆندا لە گەلێك زانا و ڕیش سپی وەرگیراوە وەك (حمە ئەمین قالە عاسێ بێستان سوری،خاڵە حەمەی چاومار/سلێمانی،م.کەریم زەند،محمد صالح سەعید/سلێمانی،کاك عزیز محمد/سلێمانی تەمەن ٦٨ساڵ و هی تر) .
٣٢. ئەستێڵ: بەربەند

٣٣. دووبراله جۆرێکه له داڵ کەروێشك ئەخۆن .
٣٤. سەرچاوەکان :
١. تێبینی و گەڕانی خۆم بە دوو قۆناغ:
أ. له پەنجاکاندا که تەمەنم مێردمنداڵ بوو بۆ ماوەیەك له باخچە ژیاوم.
ب. له شەستەکانیشدا بە کارێك ڕێمکەوتە (دارە ڕەش) کە گوندێکی نزیکی باخچەیە لەسەرئاو و حەوزەکە توشم بوو بە توشی (خاڵە شێخ عارف) ەوە بە ڕەحمەت بێ کە زۆر پیر بوو بوو لەتەکیا سەردانی باخچەم کرد لە پرسیار و وەڵام کەڵکم وەرگرت.
٢. کەڵکم لە مامۆستا (شێخ بورهان قەرەداغی) وەرگرت کە وەك لە سەرەوە ڕوونم کردۆتەوە.
٣. له هەموو گەشتەکەی ئەم کتێبەدا پشتم بەهەمان بیرۆکە بەستووە .
٣٥. قاشتی ئەو گوندەیە کە زەعیم صدیق خەڵکەکەی قەتڵ و عام کرد.
٣٦. بینینی سەرجۆگەکەی کەلەو چاڵیەوە بەو بەرزیەدا هەڵگیرابوو کەجێی سەرسوڕمان بوو دوایی بۆم دەرکەوت لە ڕێگای بۆریەکانی هاوکێش بە شێوەیەکی فیزیاوی لەبەرزییەوە هەڵگیراوە بۆیە دەتوانێت ئەو ئاوە بەو گردەدا هەڵزنێ و بەرەو کێڵگەکان بڕوات .
٣٧. ئەردەڵان و بابان .
٣٨. دەماودەم هاتووە
٣٩. بە گوێرەی شێوە زمانەکە بۆچونەکە ڕەنگە هەڵە بێت ، نوسەر.
٤٠. ئەم ڕوداوەش پێدەچێ تازەتربێ، چونکە دەگونجێ ناوی تانجڕۆ لە پێش بابانییەکانیشدا هەبووبێ جا ئیتر یەکەمیان بێ یان دووەمیان یان ڕوداوێکی تربێ گرنگ ئەوەیە ئەم ناوە لە ئاوبردنی تاجی پاشایەکەوە هاتووە، نووسەر (دەماودەم).
٤١. قلیاسان: لە قەڵی ئایشانیشەوە هاتوە کە ئایشێ ناوێك قەڵی باشی هەبوە و لەوێ بەخێوی کردوە

٤٢. بەردەڵان، خێس = چەوت یان پێچەوانە
٤٣. بۆ ئەم چەند دێرە کەڵکم لەمانەی خوارەوە وەرگرتووە :
١. بینین و بیستن و دەماودەم و پرسیار
٢. ئەم کتێبانە:
أ. دەوڵەتی سوبارتۆ
ب. میدیا

سەرچاوە و سوپاسگوزارییەکان:

ئەو بابەتانەی کە کەڵکم لێ وەرگرتون بۆ ئەم کتێبە لەگەڵ هەر بابەتێکدا ئاماژەم پێکردوە.

سوپاسگوزاری:

سوپاس گوزاری سەرجەم تاکەکانی خێزانەکەمم (منداڵەکانم و زاواو بوکەکانم) بۆ هاریکاریان لەروی پاك نوس کردن و هەر کارێکی تر کە پێویستم پێیان هەبوبێت، هەروەها سوپاسی (ئارام) ی برازام دەکەم کە پاکنوسی نزیکەی ٤٠ لاپەرەی بابەتەکەی بێستانسوری بۆ کردم، هەروەها سوپاسی بنەماڵەی حاجی ئەمین دەکەم (کوڕانی ئەبوبەکری کویخا عومەر) بۆ هەندێ زانیاری لەسەر بنەماڵەکەیان وە بۆ ئەرکی تایپ کردنی ئەم کتێبە لە دەست نوسەوە.

ئاماژەیەك بۆ چالاکییە ئەدەبیەکانم، لە سەرەتاوە هەتا

کۆتایی ساڵی ٢٠١١

ئەو کتێبانەی کە بە چاپم گەیاندوون:

نشرة زراعیة، لەسەر روەکی سیر، دوو ژمارە ڕۆژنامەی جوتیار بەراورد کاری لە نیوان ڕۆژنامەی کوردی و زاپینیدا بەنامیلکە ،دیوانە شیعری کلپەی هەناسە ،ئەم کتێبەی بەردەست و چەند کتێبێکی ئامادەکراو ئامادەنەکراو بۆ چاپی تر هەروەها لە ١٢ کاسێتی تەسجیلدا رومانی(شیرین یان دورسی) و چیرۆکی (بیرەوەریەکانی خەبات و بازوبەند) و چیرۆکی (مارە رەش) م تۆمارکردوە.

ئەو بلاوکراوە جۆراوجۆرانەی کە لەم گۆڤارە جوراوجۆرانەی خوارەوەدا بلاوم کردونەتەوە:

سنبلە ٢ ژمارە ، شۆرشی کشت وکاڵی ١ ژمارە،شنروەیٔ ١ ژمارە، ڕەوشەن ژمارە٢،ڕوناهی ١ ژمارە،هەلوێستی نیشتمانی ٣ ژمارە، خوێن ڤانان ١ژمارە، پەیام ژمارە٢، گوڤاری کەلەپور ١٥ ژمارە ، پەپولە ٢ ژمارە، سوسیالیست ١ ژمارە،گۆڤاری سلێمانی ٤ ژمارە، بژۆین ١ ژمارە .لەکتیبێکی تایبەت بەشاعیراندا دوو شیعرم بلاوکراوەتەوە ، کۆی گشتی ٣٨

ئەو ڕۆژنامە جۆراوجۆرانەی کە بابەتی جۆراوجۆرم تیابڵاوکردۆتەوە.
کە ٨٥ بڵاوکراوەن :

وڵات، ژیانی ئازاد، ژنانی ئازادی، گڕی نەورۆز، ڕۆژی گەل، ئاڵای ئازادی، سلێمانی نویێ، کوردستانی نویێ، ڕێبازی ئازادی.

ئەو کۆڕو بۆنانەی کە بابەتم تێدا پێشکەش کردون:

کۆڕێـک بـۆ یـادی ٩ی ئـەیلولی ڕەش لـە حـەفتاکان لـە زەرایـەن ، دوهـەم یـادی ڕاپەرین ،دووهەم یادی هەڵەبجەی شەهید، کۆڕێك لە ڕۆشینبرانی نەتەوەیی بۆ یادی پێنجەم ساڵی هەڵەبجەی شەهید ،کۆڕیکی کۆمەڵەی کەلەپور فەرهەنگی ئاژەڵداریم پێشکەش کرد، یادی چوارسەد ساڵەی شەرەف خانی بەدلیسی لە کۆری رۆشنبیرانی نەتەوەییدا ، کۆڕێك بۆ یادی حەفتا ساڵەی مەلیك مەحمود ، کۆڕێك بۆ یادی ئەفسەری مەهاباد حمەساڵح ژاژڵەیی ، کۆریك بۆ کۆچی دوایی جەلال کۆچەر، کۆریك بۆ چلەی ماتەمینی شاعیرەی کۆچ کردو خورشیدە بابان ، کۆریك بۆ چلەی ماتەمینی جەلال تەقی ، کۆریك بۆ چلەی ماتەمینی عبدوالمجید ماواتی، کۆڕێکی شیعری لە نووسینگەی پەیام، لە یادی چلەی ماتەمینی مامۆستا حەسیب قەرەداغی لە سەر قەبران.

یادی نەورۆزێکی کۆمەڵی کەلەپور لە گۆرەپانی وەیس شیعرم خویندەوە. بۆ چلەی ماتەمینی علی شارەزوری و مامۆستا عمر عبدولرحیم بابەتم پیشکەش کرد بەڵام لەبەر بارودوخی نەخۆشی تەنها ئاماژە بە بابەتەکانم کرا ،بۆ یادی ساڵ رۆژی ئەلف با هەوری بابەتم پیشکەش کرد لەبەر درەنگی کات تەنها ئاماژە بە بابەتەکەم کرا. ساڵێکیش بەرنامەی فۆلکلۆرم لەڕادیویی سوسیالیست پێشکەش کردوە. وە ئەندام بووم لە کۆمەڵەی کەلەپور ،یەکێتی نووسەران ، کۆمەڵەی هونەرو ویژەی نەتەوەیی ، یەکێتی ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی لەمەی دواییدا ئەندامی دەستەی کارگێرو دەستەی گوڤار بووم. ، لە چەند تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەدا چاو پێکەوتنم ئەنجام داوە ، لە کۆمەڵەی کەلەپوریش خەڵات کراوم.

بۆ ئەم چالاکیانەی سەرەوە یشم ئەرشیفەکەم باشترین بەڵگەیە

●●●●